محمد فتح الله گولەن

ئیرشاد و تەبلیغ

منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

وەرگێرانی
حبیب محمد سعید

سۆز
کتێبخانەی

التفسیر

لتحميل كتب متنوعة راجع: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

بۆدابه‌زاندنی جۆره‌ها كتێب:سه‌ردانی: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ,عربي ,فارسي)

منتدى اقرأ الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

بەشی یەکەم

شیکردنەوەی تەبلیغ

23

بەشی دووەم

چەند بنچینە و

یاسایەك

لە تەبلیغ دا

142

بەشی سێهەم

وێنەکێشانێکی

ڕۆحی تەبلیغکار

261

بسم الله الرحمن الرحيم

ئیرشاد و تەبلیغ

ئیرشاد و تەبلیغ

نووسەر
محمد فتح الله گولەن
وەرگێڕانی
حبیب محمد سعید
بڵاوکردنەوەی
نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن
نەخشەسازی ناوەوە
زەردەشـت کاوانـی
خـــەت
نـەوزاد کۆیـی
بـــەرگ
تـرایـــزۆن
قەبارەی کتێب
٢١×١٤- (٣٠٦)لاپەڕە
نۆرە و ساڵی چاپ
سێیەم ١٤٣٦ ك - ٢٠١٥ز
تـــیراژ
٢٠٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی
سپاردنی (٦٣٠) ی ساڵی ٢٠٠٥ی پێدراوە

هەمـوو مافێکی لە بەرگرتنەوە و بڵاوکردنەوەی پارێزراوە
Copyright©Tafseer Publishing

نوسینگەی تەفسیر
بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن
هەولێر - شەقامی دادگا - ژێر هوتێلی شیرین پالاس
+964 750 818 08 66
www.al-tafseer.com
tafseeroffice@yahoo.com
/TafseerOffice

ئیرشاد و تەبلیغ

نووسەر

محمد فتح اللّە گولەن

وەرگێڕانی

حبیب محمد سعید

کورتەیەك لە ژیانی دانەر

مامۆستا (محمد فتح الله) گولەن لە ساڵی ١٩٣٨دا لە گوندی (کوروچك)ی سەر بە قەزای (حسن قلعە)ی سەر بە پارێزگای (أرزروم) لە دایك بووە و، لە خێزانێکی دینداردا پەروەردە بووە. (رامز ئەفەندیی) باوکیشی پیاوێك بووە کە بە خاوەنی زانست و ئەدەب و دین ناسراوە. (رافیعە هانم)ی دایکیشی بە ئافرەتێکی دیندار و ئیمانی پەیوەست بە خوا ناسراوە . هێشتا تەمەنی موحەممەد لە چوار ساڵیی تێنەپەڕیی بوو، دایکی دەستی کرد بە فێرکردنی قورئان. ئەوەبوو لە نیوەشەودا کوڕەکەی هەڵئەستاند و دەرسی قورئانی پێ ئەوت.

باوکیشی هەردوو زمانی عەرەبیی و فارسیی فێر کرد و، ماڵەکەشیان باوەشی بۆ زانایان و تەصەووف کارە ناسراوەکانی ئەو ناوچەیە کردبووەوە، بۆیە مامۆستا موحەممەدیش هەر بە منداڵیی ڕاهات تا لە کۆڕی پیاوی گەورەدا دابنیشێ و گوێ لە قسە و باسیان بگرێ.

سەرەتای خوێندنی:

بە منداڵیی لە قوتابخانەی دینیدا خوێندوویەتی و، هاتوچۆی تەکیەشی دەکرد، بۆیە شان بە شانی زانستە دینییەکان، کە لە دیارترین فەقیهی ئەو ناوچەیە وەری دەگرتن، کە ئەویش (عثمان بکتاش) بوو، پەروەردەیەکی ڕۆحییشی وەرگرت، ئەوەبوو لای ئەو مامۆستایەی نەحو و، بەلاغە و، فیقهـ و، ئوصوولی فیقهـ و، عەقائیدی خوێند، لە هەمان کاتدا وەنەبێ زانستە دانراوەکان و فەلسەفەشی پشت گوێ خستبێ. لە ماوەی ساڵانی خوێندنیدا لە (پەیامەکانی نوور) و

بزووتنەوەی قوتابیانی نوور شارەزا بوو و، زۆر چاك بە دڵیدا چوون، چونكە لە ڕاستییدا بزووتنەوەیەكی نوێخوازیی و زیندووكاریی بەرفراوان بوو، كە زانای پایەبەرزی هەڵكەوتووی زەمانە و، دانەری (پەیامەكانی نوور)، مامۆستا سەعیدی نوورسیی دەستی دایێ و فەرماندایەتیی كرد. كە تەمەنی مامۆستا موحەممەد بەرەو پێش چوو، خوێندنەوەی زیادی كردو، ڕۆشنبیریشی جۆراوجۆر و فراوانتر بوو، چونكە سەرەڕای شارەزابوونی لە فەلسەفەی خۆرهەڵات، لە ڕۆشنبیریی و فیكر و فەلسەفەی خۆرئاواش ئاگادار بوو و، بەردەوام خەریكی خوێندنەوەی زانستە دانراوەكانیش بوو، وەك فیزیا و كیمیا و زانستی فەلەك و زیندەوەرزانیی .. هتد.

مامۆستا موحەممەد فەتحوڵڵا :

كە تەمەنی مامۆستا موحەممەد گەیشتە بیست ساڵان لە مزگەوتی (ئووچ شەرەفلیی)، لە شاری (ئەدرنە) بە ئیمام دامەزرا، كە نەوەبوو ماوەی دوو ساڵ و نیوی لەو مزگەوتەدا لە جەوێكی زوهد و پەروەردەی نەفس دا بەسەر برد، بەڕادەیەك كە بڕیاری دابوو شەویش لە مزگەوت دا بمێنێتەوە و، بۆ پێویستی نەبێ نەچێتە دەرەوە.
كاری بانگخوازی لە ئەزمیر، لە مزگەوتی (كستانە بازاری)، لە قوتابخانەی لەبەركردنی قورئان، كە سەر بەو مزگەوتە بوو، دەست پێ كرد. پاشان دەستی دایە كاری بانگخوازی و ئامۆژگاری بە شێوەیەكی گەڕۆك. ئەوەبوو بە سەرانسەری ناوچەی خۆرئاوای ئەنادۆڵدا گەڕا.
لە ساڵی (١٩٧٠)دا دەستی دایە ڕێكخستنی چادرگا (مخیمات) بۆ لاوان. ئەوەبوو لەو چادرانەدا و بە وتارەكانی دەروونەكانی پەروەردە كردن و، لە چڵك و چەپەڵیی پاكی كردنەوە و، بەدیهێنەر و پەروەردگاری هێنانەوە یاد. چونكە دەروونەكان و ڕۆحەكان بۆ وەها ڕابەرێك تینوو

بوون، تا ڕێی بەردەمیان بۆ لای خوای گەورە و پێغەمبەرە بەڕێزەکەی (صلی الله علیه وسلم) بۆ ڕووناك بکاتەوە.
له ١٩٧١/٣/١٢دا، دوای ئاڕاستەکردنی ئاگادارکردنەوەیەکی سەربازیی بۆ حکوومەتی ئەو کاتە، مامۆستا فەتحوڵڵا دەستگیرکرا، ئەویش بە تاوانی: ((هەوڵدان بۆ گۆڕینی بنچینە کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و ئابوورییەکانی ڕژێمی دەسەڵاتدار و، وەبەرهێنانی هەستی دینیی گەل، ئەویش بە پێکهێنانی کۆمەڵەیەکی نهێنیی بۆ گەیشتن بەو ئامانجە)).
گرتنەکەی شەش مانگی خایاند، کە بریتیی بوو لەو ماوەیەی کە دادگا بۆی بڕیبوو و، پاشان ئازادکراو، دوای ئەوە گەڕایەوە سەر کاری خۆی و، ڕەوانەی شاری (ئەدرمیت) یان کرد و، پاشان لەوێوە گوازرایەوە بۆ (مانیسا) و، لەوێشەوە بۆ (بورنوفا) لە پارێزگای ئەزمیر، کە ئەوەبوو هەتا ساڵی ١٩٨٠ لەوێ مایەوە.
لەم ساڵانەدا مامۆستا بە وێنەی ئامۆژگاریکارێکی گەڕۆك بە وڵاتدا ئەگەڕا و، لە مزگەوتەکاندا وتار و ئامۆژگارییەکانی پێشکەش بە خەڵك دەکرد. هەروەها وانەی زانستیی و دینیی و کۆمەڵایەتیی و فەلسەفیی و فیکریی ڕێك دەخستن و، کۆڕ و کۆمەڵ و چاوپێکەوتنی تایبەتیی ئەبەست و، وەڵامی ئەو پرسیارانەی تێدا دەدانەوە کە بە مێشکی خەڵکدا ئەهاتن، بە تایبەت لاوان، کە وەڵامیان نەدەزانین و، سەرەنجام دەکەوتنە چاڵی گومان و ئیلحادەوە. ئەوەبوو وەڵامەکانی دەرمانی شیفابەخش بوون بۆ مێشك و دڵی لاوەکان، بە شێوەیەك کە خەڵکەکە دەورەیان لێ دەدا و، داوای ڕێنماییان لێ دەکرد.
ئەم کۆمەڵە -بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی هیچ کەڵك و قازانجێکی ماددی یان دنیایی بکەن- لە سنووری ئەو یاسایانەدا کە لە تورکیا بەڕێوە ئەچوون، دەستیان دایە دامەزراندنی چەندین قوتابخانە و،

بەشی ناوخۆ و، دەرکردنی چەندین ڕۆژنامە، دامەزراندنی چەندین چاپخانە و، دانانی چەندین کتێب و، وێستگەیەکی ڕادیۆ و، کەناڵێکی تەلەفزیۆنیی . دوای دارمانی یەکیەتیی سۆڤیەت ئەو قوتابخانانە لە هەموو جیهان دا بڵاوەیان کرد، بە تایبەت لە وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست دا کە بۆ ماوەی حەفتا ساڵ لە ژێر داگیرکاریی ڕووسیی و، ئیلحادی شیووعییەتدا دەیان ناڵاند.

وتـووێـژ:

مامۆستا فەتحوڵڵا دەستی دایە بزووتنەوەیەکی پێشەنگ -بە تایبەتیی دوای ساڵی ١٩٩٠- بۆ وتووێژ و لە یەك گەیشتن لە نێوان دەستە و تاقمە جۆر بە جۆرەکان و، خاوەن ڕۆژنامەکان و، ڕۆشنبیراندا، هەروەها لە نێوان دینەکان و بیر و بۆچوونەکانی تردا، ئەمەش بە نەرم و نیانیی و، دوور لە دەمارگیریی و گرژیی.

ئەم بزووتنەوەیە لە تورکیادا، پاشان لە دەرەوەی تورکیاش دا پێشوازیی لێ کرا و، لەو کۆبوونەوەیەشدا گەیشتە چڵەپۆپە، کە لە ڤاتیکان لە نێوان مامۆستا فەتحوڵڵا و پاپادا گرێ درا، ئەویش بە بانگهێشتی پاپا بۆ مامۆستا. مامۆستا بڕوای هاتە سەر ئەوە کە جیهان، دوای پێشکەوتنی هۆیەکانی گەیاندن، وەك گوندێکی لێ هاتووە. لە بەر ئەوە هەر بزووتنەوەیەك پشت بە دوژمنایەتیی و ناکۆکیی ببەستێ هیچ ئەنجامێکی ئیجابیی نابێت. بۆیە پێویستە بە سنگێکی فراوانەوە ڕوو لە هەموو جیهان بکرێت و، ئیسلامیش وەها بگەیەنرێت کە لەسەر تۆقاندن نەوەستاوە ـ وەك دوژمنەکانی وەهای پیشان دەدەن ـ بگرە بوار و دەرفەتی فراوان هەیە بۆ هاوکاریی نێوان ئیسلام و لایەنەکانی تر.

بەرهەمەکانی :

أ- هەزارەها کاسێت و کاسێتی ڤیدیۆ کە بریتیین لە وتار و ئامۆژگاریی و موحازەرە و نەدوەکانی.

ب- کتێبە چاپ کراوەکانی:

١- أسئلة العصر المحيرة (٤ بەش).

٢- الموازين أو أضواء على الطريق (٤ بەش).

٣- العصر والجيل.

٤- الإنسان في تيار الأزمات.

٥- نحو الجنة المفقودة.

٦- صفحة الزمن الذهبية.

٧- أنفاس الربيع.

٨- ونحن نقيم صرح الروح.

٩-النور الخالد: مفخرة الإنسانية محمد (صلى الله عليه وسلم) (٢ بەرگ).

١٠- في ظلال الإيمان (٢ بەش).

١١- تلال القلب الزمرديه (٢ بەش).

١٢- براعم الحقيقة في جيل الألوان (٢ بەش).

١٣- تأملات في سورة الفاتحة.

١٤- من فصل لفصل (٤ بەش).

١٥- المنشور (٤ بەش).

١٦- روح الجهاد وحقيقته في الإسلام.

١٧- الحياة بعد الموت.

١٨- القدر في ضوء الكتاب والسنة.

١٩- طرق الإرشاد في الفكر والحياة.

٢٠- البعد الميتافيزيقي للوجود. (٢ بەش).

٢١- ريشة العازف المكسورة (ديوانى شيعر، ٢ بەش).
٢٢- تربية الأطفال.
٢٣- أضواء قرآنية.
٢٤- ترانيم روح وأشجان قلب.

زۆرێك لە كتێبەكانیشی بۆ سەر زمانی ئینگلیزیی و ئەڵمانیی و بولغاریی و ئەلبانیی و ئەندەنووسیی و ڕووسیی و كۆریی و هی تریش وەرگێڕراون.

ئەو كتێبانەشی كە بۆ سەر زمانی عەرەبیی وەرگێڕراون ئەمانەن:

١- القدر. ٢- الموازين. ٣- الأسئلة. ٤- الجهاد. ٥- طرق الإرشاد. ٦- أضواء قرآنية. ٧- ونحن نقيم صرح الروح. ٨- ترانيم روح وأشجان قلب. ٩- التلال الزمرديه. ١٠- النور الخالد. ١١- حقيقة الخلق ونظرية التطور. ١٢- شد الرحال لغاية السامية. ١٣- الموشور.

بە كۆمەكیی خوا ئەوانی تریشی بۆ سەر زمانی كوردی وەرئەگێڕرێن و، بە پێی تواناش چاپ دەكرێتن.
شایانی زانینە كە ئەم كتێبەی بەردەستمان بریتییە لە كۆمەڵە ئامۆژگارییەكی سەرپێیی كە لە مزگەوتدا پێشكەشی كردوون، یان وەڵامی پرسیاری قوتابیەكانی، یان میوانەكانیەتی و، لەو كۆڕە زانستیانەدا كە بۆ بەستنیان ڕاهاتووە، پێشكەشی كردوون. لەبەر ئەوە شێواز و ناوەڕۆكی كتێبەكە لەگەڵ ئەو جەووە تایبەتیە گونجاوە. بۆیە شێوازی وتاری پێوە دەبینین. قوتابیەكانیشی ئەم ئامۆژگاریی و وەڵامانەیان كۆ كردوونەتەوە و، دوای ڕەزامەندیی دانەر و ڕاست كردنەوەی پێویست، بە چاپ گەیەنراون.

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

سەرەتا

* هەتا دڵت لە تاسە و، ڕۆحت لە سزا و، مێشکت لە خەفەت دا گڕ نەگرن قسە مەکە، ئەگینا کەس گوێت بۆ ناگرێ.
* ئەگەر ئەوە لە هەستتدا بە تەواوەتیی جێگیر نەبووە کە بانگەوازەکەت دڵی بوونەوەرە و، ڕۆحی بوونە و، ترازووی جیهانە و، دەرگای ئاسایش و هێمنییە بۆ جیهان، چۆن ئەتوانیت پێ بە جەرگی خۆتدا بنێیت و ڕووبەڕووی هەموو جیهان ببیتەوە؟!
* ئەگەر دەمارێکی پاڵەوانانەی توند و تیژیش لە خوێنتدا گڕ نەگرێت، بە شێوەیەك کە بۆ بەربەرەکانێی کۆمەڵە توانایەك کە لە تواناکانی خۆت مەزنتر و، کۆمەڵە لێهاتنێك کە لە لێهاتنەکانی خۆت مەزنتر بن، پاڵت پێوە بنێن، ئەوا چۆن ئەتوانیی کۆسپەکان ببڕیت و، کاری سەیر و سەمەرە ئەنجام بدەیت؟!
* کاتێکیش کە هەست بە لێپرسراویی ناکەیت بۆ ڕزگارکردنی ئیمان لەو مەترسییە گەورەی کە لە هەموو جیهاندا دەورەی داوە، ئیتر کەواتە چۆن ئەتەوێ ئەو جیهانە گوێت لێ ڕابگرێ؟!
* کاتێکیش قسەکانت تێکەڵ بە دڵسوتان و سۆز نەبن بەرانبەر بەوانەی کە لە ڕۆح و ناخدا نەخۆشن، ئەوا قسەکردنت لەگەڵیاندا لەو چەنەبازییە زیاتر نابێت کە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر هیچ کەس نەبێت.
* کاتێکیش هەست نەکەیت کە هەناسەی فریشتەکان وا تێکەڵ

به هەناسەکانت دەبن و، فڕەفڕی باڵەکانیشیان بە نەرمیی بەر دەم وچاوت دەکەون، تا لەسەر ئەوەی کە زمانت دەری ئەبڕێ شاهێد بن، ئەوا بۆنی ئەو ڕاستگۆیییە ناکەیت کە بەبێ ئەوە دڵ و مێشکی خەڵکیی بۆ قسەکانت ناکرێتەوە.

* کاتێکیش کە لێپرسراویی بانگەواز پاڵت پێوە نەنێ بۆ زیادکردنی پەیبردن و، تێگەیشتن لە خواستە ڕۆحیی و فیکرییەکانی جیهان و، دۆزینەوەی ئەو زمانەی کە دەگونجێ لە ڕێیەوە جیهان لێت تێ بگات، ئەوا تۆ گاڵتەجاڕی و دڵ کار نیت. خۆ دیارە بانگەوازکاری گاڵتەجاڕیش زیانی هەیە نەک کەڵك و، دواخەری کارە نەک پێش خەر.

* کاتێکیش کە ڕۆحت تووشی سارد و سڕیی دەبێت و، پلەی گەرمای دڵیشت دائەبەزێت و، گەرم و گوڕیی فیکریشت کز دەبێت، ئەوا تۆ ڕۆحت تووشی (تا) بووە و، لەسەرت پێویستە بێدەنگ بیت. چونکە لێرەدا بێدەنگ بوون لە هەموو قسەیەکی مردوو، کە تۆ بیکەیت، کاریگەرترە.

* ئەگەر ئەو نەفسەیشت، کە تەنگت پێهەڵ ئەچنێ و سزات دەدا، فڕێی نەدەیت و لە خۆتی دوور نەخەیتەوە، چۆن قسەت پاك و، کردەوەت بێگەرد دەبێت؟!

* ئەگەر خۆری یەقینی سەرکەوتنیش لە ئاسمانی بوونتدا هەڵ نەیەت، چۆن قسەت گەرم و، دەنگت بەهێز دەبێت؟!

* ئەگەر لە پێشەوە کاروباری دەروونی خۆت ڕێك و پێك نەکەیت، چۆن ئەتوانیی کاروباری دەروونی کەسانی تر ڕێك و پێك بکەیت ؟!

* ئەگەر دەروونی خۆت جوان نەبێت، چۆن ئەتوانیی دەروونی کەسانی تر جوان بکەیت؟!

* * *

ئەمانە هەندێ ڕوخساری گشتیین کە دەتوانرێ لەم کتێبە بەنرخەدا هەڵ ببژێررێن. دانەری کتێبەکەش بانگەوازکاری گەورە، مامۆستای بەڕێز (فتح الله گولەن) - خوا تەمەنی درێژ بکات - لە بواری بانگ کردن بۆ لای خوای گەورەدا ڕەنج و تەقالا و تاقییکاریی و ڕووداوی زۆری هەن، کە بانگەوازکارانی هەموو شوێنێك دەتوانن کەڵکیان لێ وەر بگرن و، لەو بارەشەوە شتی تازە و جوانی داهێنراوی هەن، کە لە بیناکردنی کۆشکێکی ئیمانیی مەزن دا، لەسەر هەردوو ئاستی ماددیی و مەعنەویی، بەڕادەیەك بەشدارییان کردووە، خەریکە نەخشەی تورکیای نوێ بە خۆرهەڵات و خۆرئاوا و باکوور و باشوورەوە داپۆشێ، سەرەڕای چەندین کاری چاکی هاوچەشنی ئەوانەی پێشەوە لە وڵاتانی تری دەرەوەی تورکیا.

کاتێکیش کە ئێمە ئەم کتێبە ئەخوێنینەوە هەر ئەوەندە بەس نیە بە تەنیا شوێن هەنگاوەکانی پێنووسەکەی نووسەر بکەوین، بەڵکو سەرەڕای ئەوەش پێویستە شوێن هەنگاوەکانی ڕۆحیشی بکەوین، چونکە پێنووس ئاماژە و پەلەفرتێ بۆ ئەم هەنگاوانە دەکات، بەڵام توانای دەربڕینیانی نیە.

چاکترین شتێکیش کە دەربارەی هەنگاوەکانی ڕۆحی دەربخرێ و ئاشکرا بکرێ، ئەو کۆشکە ئیمانییە مەزنەیە کە هەردوو پێی لە زەوییدا گیر کردوون و، لووتکەکەشی خەریکە لە کەشکەشەی ئاسمان بدات، ئەوکاتەش ئەتوانین پەی بە گەورەیی ئەو ڕۆحە و، بەهێزیی ئەو ئیرادەیە بەرین، کاتێك کە لە بانگەوازکاردا یەك دەگرن، کە دەتوانن چ کارێك ئەنجام بدەن .

کتێبەکەش - دوای ئەمەی کە دەربارەی وتمان - لەم بوارەدا کتێبێکی ناوازەیە، چونکە هاوشێوەی ئەو کتێبانە نیە کە لە هەمان باسدا

خوێندومانەتەوە، بەڵکو دەگونجێ ناونیشانێکی تری بۆ دابنێین و، بڵێین : ئەمە کتێبێکە دەربارەی (فیقهی ڕەنج و تەقالا و ئێش و ئازار) لە پێناوی بانگەوازدا، سەرباری ئەوەش ئەم کتێبە چەخماخەیەکە بۆ ڕۆشن کردنەوەی ناخی قووڵی مرۆڤ و، پڕیەتی لە تاسەی ئیمانیی فیکریی قووڵ . هەروەها کتێبەکە خەریکە هەر هەمووی ببێتە کارێکی بزوێنەر بۆ ئەم فیترەتە هۆشیارە و، لێکدەرەوەی بۆچوونەکانی و، دەربڕینی ئامانج و مەبەستەکانی. هەروەها ئەم کتێبە دژی ئەو ئاژاوەگێڕیی ڕۆحیی و فیکرییەیە کە بانگەوازەکان پێوەی ئەناڵێنن . ئامانجیشی ئەوەیە یاسای بنەڕەتیی ڕێك و پێکی (کاری بانگەوازی) وەها بچەسپێنێ، کە نەهێڵێ بانگخواز بەرەو لایەنی تری بێ سەروبن و ناڕێك بڕوات . بەمەش بانگەوازەکان هێز و توانای خۆیان ئەپارێزن و، ناهێڵن ئەو هێز و توانایەیان لە دەست دەرچێت و، بێکەڵك و پەرش و بڵاو بێت.

مامۆستا وای دەبینێ: هەروەك ئەم ژیانەی کە ئێمە بە سەری ئەبەین و، هەناسەکانی هەڵئەمژین، کارێکی هونەریی و جوانیی و بەدیهێنراوە، کە بەدیهێنەری مەزن دایهێناوە، هەروەها پێویستە (بانگەواز)یش ژیانێك بێت بە هەناسەکانی بانگخوازان بژیی و، بە دینامیێتیی ڕۆحەکان ببزوێت و چەندی ئەوان لە ژیانیان پێشکەشی دەکەن و، لە ڕۆح و عەقڵەکانیان هێز و وزەی دەدەنێ، ئەوەندەش گەشە دەکات و، گەورە و، فراوان دەبێت و، چەندێکیش ڕووی بەندایەتیی دەکەنە خوای گەورە و، داوای مەدەدی سۆز و ڕەحمەتی دەکەن و، لێی ئەپاڕێنەوە و، بە زەلیلیی لە دەرگاکەیدا ئەوەستن، ئەوەندەش بانگەوازەکەیان پاك و، پیرۆز و، بێگەرد و، جوان دەبێت، تا وای لێ دێت هەر هەمووی دەبێتە چێژ و، ڕەوشت و، ئەدەب و، مۆرەکەشی مۆرێك دەبێت کە لە نێوان مۆری بانگەوازەکاندا هەموو کەسێك ئەیناسێتەوە.

ئیمانیش بە لای مامۆستا فتح الله وە - وەك لەم كتێبەدا دەری ئەخات - جووڵە وزەیەكە و، پێویستە بە هەموو بارێكدا و، بە هەموو لایەكدا بخولێتەوە. چونكە ئەم وزەیە لە كاتێكدا كە مرۆڤ بۆ ئاسمانی بڵندی هۆشیارییە ڕۆحییەكان بەرز دەكاتەوە، لە هەمان كاتدا زەوییش ئەپشكنێ و، خۆی دەگەیەنێتە جومگە و دەمارە خوێن بەرەكانی ئەویش، تا ژیان بكاتەوە بەر ڕۆحە قورسەكەی و، خوێنە بەستووەكەی . كەواتە مەزنیی ئیمان مەزنییەكی هەسارەیی بوونەوەریی بزواوە، كە ئەگەر لە خولانەوە بكەوێ، ئەوا ئەكوژێتەوە و ئەمرێت، وەك هەموو بوونەوەرییەكی تری بوونەوەرییەكانی ئەم جیهانە كە بەدیهێنەری ژیانی ئەم جیهانەی لەسەر خولانەوەی وەستاندووە.

مەزنیی ڕۆح و بەهێزیی ئیرادەش كە هەردووكیان لە كەسایەتیی مامۆستا فتح الله وە هەڵئەقوڵێن، وەك چۆن تیشكەكانی بەرە بەیان بەرەو پاشماوەی تاریكایی شەو دەرئەپەڕن. بەڕاستیی مامۆستا هاوبەشی ژیانی قوتابییەكانیەتی و، ئەوانیش هاوبەشی ژیانی ئەون. ئەو سیفەتی پەیپێبردن و وریاییان تیا ئەڕوێنێ و، ئەوانیش ڕەنج و، وردبوونەوە و، تاسە و، شەفەقەت لەودا ئەڕوێنن . ئەو گەر قسە بكات یان بێدەنگ بێ، ئەوا ویژدانی ئەوانە و، گەر ئەوانیش قسە بكەن یان بێدەنگ بن، ئەوا ویژدانی ئەون. ئەو فرمێسكی خەمبارییەكانی ئەوانە و، ئەوانیش فرمێسكی خەمبارییەكانی ئەون. ئەو كاتێ كە بە خەمبارییەوە ویرد ئەخوێنێ دڵی ئەوانە و، كاتێك كە ئەوانیش خەم و خەفەتیان سەر ڕێژ دەكات دڵی ئەون. ئەوان لە دووتوێی خەم و خەفەتی مامۆستاكەیاندا جیهانێك لە هێزی ڕامالەر دەبینن كە هیچ شتێك لە بەردەمیدا خۆی بۆ ناگیرێ. ئەویش لە دوو توێی خەم و خەفەتی ئەواندا جیهانێك لە هێزی ئیمان دەبینێ كە هیچ

شتێك خواری ناكاتەوە و، گەورەترین بەڵاش ساردی ناكاتەوە. دەستی ڕۆژگاریش كۆتایە و بەوان ناگات و، ئیرادەی خراپكارییش لەسەر بڕبڕەی پشتی ڕەق و پتەویان تێك ئەشكێت.

ئەوان نهێنییەكی خوایی شارراوە لە مامۆستادا بەدیی دەكەن، كە ئەگەر هەندێكی بۆیان دەركەوتبێ، ئەوا هێندێكی تری هێشتا دەرنەكەوتوون و، لەوانەیە كات و ساتی دەركەوتنی دواتر بێ، بۆیە ئەوان هەرچی لە ویژدانی ئەو بێتە دەرەوە و، لە هزر و بیری دەرچێت و، لە دڵیەوە دەر بپەڕێ، بە هەموو ئیحترام و ڕێز و پشتگیرییەكەوە، وەری دەگرن.

هەروەها لەبەر ئەوەش كە مامۆستا بە چەپكە گوڵی حەق دەبینن، تەنیا ساتێك لە گرتنە بەری دەریا و بیابان دوودڵ نابن، لە پێناوی ئەو ئیمانەدا كە ژیان و بوونی خۆیانیان بۆ خزمەت كردنی تەرخان كردووە. چونكە بە لای ئەوانەوە ژیان، وەك مامۆستاكەیان فێریان دەكات، بریتییە لە چاوترووكانێك لە نێوان دوو ماوەی هەتاهەتاییدا و، بریتییە لە ساتێكی جووڵاو كە هەتاهەتایی ڕابوردوو و هەتاهەتایی ئاییندە لێك جویێ دەكاتەوە، كە زۆر بە ئاسانیی ئیمان بەلای ئەو ژیانەدا گوزەر دەكات، بێئەوەی ژیان قووڵایی ئارامە بنەڕەتییەكەی بشێوێنێ .

* * *

ماموٚستاش لێرەدا پاڕانەوەی لە فێرکردنی زیاترە . لێرەدا ئەو ڕوٚحێکە بە وێنەی ڕوٚحی شمشاڵ لە دڵەکان ئەپاڕێتەوە و، ناڵە و شیوەنی خوٚی هەڵ ئەڕێژێتە ناو ڕوٚحەکانەوە. بە ڕاستیی ئێش و ئازاری ئیسلام هەر هەمووی لە شەش سەدەی ڕابوردوودا، لە ڕوٚحی ئەودا کوٚبوٚتەوە، بوٚیە خەمی ئەو ئێش و ئازارانەی چەشت و، خەفەتەکانیانی پوٚشا و، بە تاڵییەکانی خەمبار بوو. بەڵام ئەم داخ و خەفەتە، داخی دەست لە خوٚشوٚردن و، خەفەتی دەست لە خوٚ بەردان نین، بەڵکو ئەمە داخێکە لە نێو چەپکێك تیشکدا و، خەفەتێکیشە لە نێو خەرمانەیەك هیوادا. ئەمە خەفەتێکە هێزی بینین تیژ و قووڵ دەکات، تا بتوانیٚ قووڵترین و دوورترین ببینیٚ. دیارە لە ناو قووڵترین و دوورترینیشدا هیوا خوٚی حەشار داوە و، خوای گەورە دەروو دەکاتەوە.

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين، والصلاة والسلام
على رسولنا الأمين.

أديب إبراهيم الدباغ

پێشەکی

مرۆڤ دروستکراوێکە، بە بۆنەی ئەو لاوازییە جۆراوجۆرانەوە کە تێیدا بوونیان هەیە بۆ خوار خواروو نزم دەبێتەوە و، بە هۆی کارچاکیی و سیفەتە جوانەکانیشیەوە لە فریشتەکان بەرزتر دەبێتەوە. جا هەموو بۆچوونێکی پەروەردەیی، کاتێ کە مرۆڤ هەڵئەسەنگێنێ، ئەگەر ئەو سیفەتە جوانانە و، لاوازییە جۆرا و جۆرەکانیش پێکەوە بەرچاو نەگرێ، ئەوا بە ناتەواو و کەم و کورت دەمێنێتەوە.
ئیسلامیش وەها تەماشای مرۆڤ دەکات کە یەکە یەکە و بەش بەش نابێت. بۆیە لایەنە لاوازەکانی بە شێوازی هەڕەشە و ترساندن وەردەگرێت و، بە شێوازی هەڵنان و هاندانیش لەگەڵ لایەنی کارچاکیی و سیفەتە جوانەکانیدا کار دەکات. بۆیە دەبینین باسەکانی ترس و ئومێد و، بەهەشت و ئاگر و، سۆز و تووڕەیی یەك لە دوای یەك و، بە شێوەیەکی ڕێك و پێك لە قورئانی پیرۆز و فەرموودە شەریفەکان دا دێن. کەواتە نموونەی مرۆڤ لە ئیسلامدا، نە ئەو کەسەیە کە لە ترسان دا دەستی لە خۆی بەر دابێ و، هێزی لێ بڕابێ و، لە جووڵە کەوتبێ. نە ئەوەیشە کە بە بۆنەی هیوا و ئومێدی زۆرەوە لە سنوور دەرچووبێ و دەستی دابێتە ستەم و خراپە .
ژیانی دینییش بە ئەحکام و یاساکان دێتە دیی و بەردەوام دەبێت. بۆیە لە کاتێکدا کە مرۆڤ بە بەهێزکردنی ژیانی مەعنەویی خۆی، دەچێتە ناو جیهانی مەعناوە، لە لایەکی ترەوە ئەخرێتە ژێر چاودێریی

هەندێ حوکمی سزاییەوە، تا لەسەر ڕاستیی بەردەوام بێت و، لە پێخلیسکان و لادان لە ڕێی ڕاست بپارێزرێت. ئەوەندە هەیە ڕواڵەتی فەرمانەکانی ئەم حوکمە سزاییانە وا دەردەکەوێ بێزارکەر و پڕ ئێش بن، بەڵام کاتێك کە سەیری ئەو ئەنجامانە دەکرێت کە لێیانەوە دەستگیر دەبن، ئەوا بە لایەنی کەمەوە ئەوە دەردەکەوێ کە ئەو حوکمانە بۆ بەرژەوەندیی مرۆڤن، وەك حوکمەکانی (تەرغیب و تەرهیب)، ئەو کاتەش لە ژێر ئەو دەم و چاوەوە کە تاڵ و ناشیرین دەردەکەوێ، دەم و چاوێکی گەشاوەی ئێسك سووك، بە وێنەی حۆریی بەهەشت، دەردەکەوێت.

هەموو ئەو ڕژێمانەی کە لە یەك لایەنەوە لە مرۆڤ ئەکۆڵنەوە مایە پووچ بوون و، ئەوانەش کە هێشتا نابووتیی خۆیان ڕانەگەیاندووە بەرەو ئەو نابووتییە هەنگاو ئەنێن، چونکە ئەو ڕژێمانە لە (حەقیقەت) و (واقیعییەت) و، لە ژیانێکی ڕێك و پێك بێبەشن . دیارە سەرەنجامی حەتمیی ئەو بێبەش بوونەش مایەپووچیی و هەرەس هێنانە.

کەواتە ئێمە لەم لایەنەوە، کاتێ کە مرۆڤ هەڵ ئەسەنگێنین، ناچار دەبین لە گۆشەنیگای ڕەوشتە خواییەکانەوە، کە ڕەوشتی قورئانن، سەیری حوکمە ئیسلامییەکان بکەین. پێویستە مەبەستی بنچینەییشمان ئەوە بێت کە ڕێگای وەرگرتنی بەرزترین ڕەوشت، کە ئەو ڕەوشتانەن سەرداری هەموو جیهانەکان (صلى الله علیه وسلم) خۆی پێیان ڕازاندەوە، پیشانی خەڵکیی بدەین. ئەی گوایا مەبەستی گەیشتنی مرۆڤ بە پلەی (کەماڵ) خۆڕازاندنەوە نیە بەو ڕەوشتە بەرزانە؟

حوکمە ئیسلامییەکان سەرەتا دەتوانرێ لە دوو کۆمەڵەی بنچینەییدا کۆ بکرێنەوە. لەوانەیە کورترین دەربڕینیش کە بگونجێ بیبڕین بەسەریاندا ئەوە بێ: حوکمە (أنفسی) و (آفاقی) یەکان .

لە یەکەمدا: ئەو حوکمانە هەن کە پێویستە مرۆڤ لە کاتی بیناکردنی رۆحی و، ئاوەدان کردنەوەی جیهانی ناوەوەیدا ئەنجامیان بدات.
لەوی تریشیاندا: ئەو حوکمانە هەن کە پێویستە مرۆڤ ڕوو بە دەرەوەی خۆی ئەنجامیان بدات.
یەکەمجار لەسەر هەموو تاکێك پێویستە لە سنووری (ئیستیقامەت) دا ژیانی مەعنەویی تایبەتیی خۆی بەڕێوە بەرێت، چونکە هەموو پایەکانی ئیمان بەوە پەسەند دەبن کە ئەو تاکە ئەم ڕەوشت بەرزییە بە دەست بهێنێ، کە لە هەموو کەسێکدا، کە ئیمانی بە خوا و فریشتەکانی و کتێبەکانی و پێغەمبەرەکانی و ڕۆژی دوایی و قەدەر هەبێت، بە ڕاستیی و بە ئاستێکی دیارییکراو هەن. بەڵام ئەم ڕەوشت بەرزییە پێویستە (کۆمەکیی و پشت گیریی لێ بکرێ) بەو خواپەرستییانەی کە پێیان دەڵێین ((کردەوە چاکەکان))، تا ببێتە سەلیقە و سروشتێکی وەها کە لەو کەسە جیا نەبێتەوە. ئەو کاتەش ئەو کەسە لە سنووری تایبەتیی خۆیدا بە خواپەرستییە فەرزەکان لە نوێژ و ڕۆژوو و زەکات و حەج، ئەوەی لەو ئەحکامە ئیسلامییانەی کە لە سەری پێویستن جێ بەجێیان دەکات. سەرەڕای ئەوەی کە بە (سوننەت) ەکان ژیانی ڕۆحیی خۆی بەهێزتر دەکات و، جیهانی ناوەوەشی ئەڕازێنێتەوە.
جا پێویستە لێرەدا ئەوە باس بکەین کە ئەم ئەحکامانە هەر تەنها لەسەر ئەو کردەوانە نەوەستاون کە پێویستە ئەو کەسە ئەنجامیان بدات، بەڵکو لە سەر ئەو کردەوانەش وەستاون کە پێویستە ئەنجامیان نەدات . بەو مانایە کە بەهەشت وا لە سەرێکی ئەم ئەحکامانەدا و، دۆزەخیش وا لە سەرەکەی تریاندا. یان بە شێوەیەکی تر لە سەرێکی ئەو ئەحکامانەدا پاداشت و، لە سەرەکەی تریشیاندا سزا دەردەکەوێت. ئەمەش ئەوپەڕی هاوسەنگییە.

لە سەریشمان پێویستە کە باسەکە لە ڕوانگەی ڕاستییەکان و واقیعی مرۆڤەوە وەر بگرین. جا بەدیهێنەر - پاك و بێگەردیی بۆ ئەو - ئێمەی بە مرۆڤ بەدیهێناوە، کە لە چەندین جۆری ناتەواویی و، چەندین شێوازی ڕەوشت بەرزیی پێك هاتووە. بە مەرجێ ئەم تایبەت مەندییە کە بە ئەندازەیەك لە مرۆڤدا هەیە، لە بەدیهێنراوەکانی تردا نیە. جا ئاژەڵەکان ناتوانن لەو سنووورە بترازێن کە بۆیان کێشراوە و، بە بۆنەی ئەوەشەوە کە لە هیچ ئیرادەیەکی هەندەکیی چێژ وەرناگرن، هیچ لێپرسراوییەکیان لەسەر نیە.

جنۆکەش، لە بارەی لێهاتنەکانەوە، زۆر لە مرۆڤ لەدواترن . خۆ دیارە کە پێك هاتەی شەیتانەکان ئەوەندە لەگەڵ کاری خراپەدا تێکەڵە، ئەوان تەنها کاری خراپە ئەنجام دەدەن .

بەڵام فریشتەکان ئەوانیش لێهاتنەکانیان سنووردارن. وشەی (سنووردار) یشمان بۆیە بەکارهێنا بۆ تێگەیشتن لەوە کە، لە چاو مرۆڤدا، ڕێی کامڵ بوون لەبەردەم فریشتەکانیشدا داخراوە. جا لە کاتێکدا کە فریشتە لە یاخیبوون بە دوورن، دەبینین شەیاتینیش لە گوێڕایەڵیی بێبەشن. بەڵام مرۆڤ بە پێی کۆمەڵە لێهاتنێك بەدیی هێنراوە کە بە هەمان ڕێژە توانای چاك کردن و خراپ کردنی هەیە. بۆیە هەروەك بۆ بەرزبوونەوە بۆ بەرزترین پلەی بەدیهێنراوان پاڵێوراوە، دەگونجێ بۆ نزمترین پلەیشیان نزم بێتەوە.

لە ڕاستییدا ئیسلام، بە هۆی ئەو ئەحکام و فەرمانانەوە کە هێناونی، هەردەم لە چالاکییەکی بەردەوام و، هەڵنانێکی بەردەوامدایە بۆ بنەبڕکردنی خراپکارییەکان بەبنبڕکردنێکی تەواو. بۆیە سەلامەت ترین ڕێی هەمیشەیی بۆ خۆپاراستن لە مێشوولە بریتییە لە وشك کردنەوەی زەلکاوەکان. هاوار و دادیش بە دەست ئەژدیهایەکەوە هیچ کەڵکی نیە،

دوای ئەوەی کە هەوڵی لەناوبردنی نەدراوە، کاتێك کە بچووك بووە و لەناوبردنیشی ئاسان بووە. بڕوایشمان وەهایە کە وەرگرتنی باسەکە لەم گۆشەیەوە، کاتێك کە لە حوکمە ئیسلامییەکان ورد دەبینەوە، دەبێتە هۆیەك بۆ باس کردنی مەسەلەکان بە شێوەیەکی گشتگیر و فراوانتر.
یەکێکیش لەو ڕێ و بنچینانەی کە ئامانج و مەبەستی حوکمە ئیسلامییەکان جێ بەجێ دەکات ئەوەیە کە ترساندن لەگەڵ دڵخۆش کردندا و، فەرماندان بە چاکە لەگەڵ ڕێگریکردن لە خراپەدا و، پاداشتی حەق لە پاڵ سزا و تۆڵەدان. جا بەکارهێنانی سزا بەرانبەر بە کارە خراپەکان و ئەو کارانەش کە سەر بۆ خراپەکاریی ئەکێشن - واتە وشك کردنەوەی زۆنگاوەکان - ئەوە هەوڵێکە بۆ بنەبڕکردنی یەکجاریی خراپەکان.
جا لەم کتێبەدا کە لەبەر دەستتان دایە هەوڵ دەدەین کە فەرماندان بە چاکە و، دوورەپەرێزیی کردن لە خراپە بە لایەنە جیاوازەکانیەوە و، گۆشە جۆرا و جۆرەکانیەوە وەر بگرین. ئەوەش کە لێرەدا گرنگە ئەوەیە دەستپێکردنی لێکۆڵینەوە و بناغەی توێژینەوەمان وەها لێ بکەین کە فەرماندان بە چاکە و دوورەپەرێزیی کردن لە خراپە یەکێکە لە ئەحکامی ئیسلام و، ئەوەش هەمیشە لەبەرچاوماندا بێ و، هەموو مەسەلەکانیش بەم ڕاستییە هەڵئەسەنگێنین.
هیوادارین لەم هەڵسەنگاندنەدا چەندین لایەنی نوێ و زۆرمان لە ((بنچینەکانی ئیرشاد و تەبلیغ لە ئیسلامدا)) دەست کەوتبێ.

بەشی یەکەم

شیکردنەوەی تەبلیغ

١

تەبلیغ مەبەستی بوونمانە

(فەرماندان بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە) ڕێگایەکە بە مەبەستی بەدیهێنانی بوونەوەرمان دەگەیەنێ. بە ڕاستیی خوای گەورە کۆشکی بوونەوەری لە پێناوی ئەم ئەرکە بەرز و فەرمانبەرییە مەزنەدا بەدیهێناوە و، پلەوپایەی خەلافەتیشی لەو کۆشکە مەزنەدا هەر لەو پێناوەدا بە مرۆڤ سپاردووە و، زنجیرەی پێغەمبەرانیش هەر لەبەر ئەم هۆیە دامەزراوە. جا ئادەمی سەردارمان سەلامی لێ بێ یەکەم مرۆڤ و یەکەم پێغەمبەرە لە زەوییدا و، هەر کە منداڵەکانی چاویان بە دنیا هەڵهێنا، دەبینن وا باوکیان پێغەمبەرە و، فەرمان بە چاکە دەدات و، دوورەپەرێزیی لە خراپە دەکات. بەم شێوەیە مرۆڤایەتیی کە دەستپێکرد بە پێغەمبەرایەتیی دەستی پێ کرد و، لە ئەنجامدا درەختی پێغەمبەرایەتیی سەرداری هەردوو دونیا، ئەو پێغەمبەرە مەزنەی کە یەکەم تۆوی ئەو درەختەیە، بە شێوەی بەرهەم پێشکەش کرد و، هەموو گەردوونەکانیش لە پێناوی ئەو پێغەمبەرەدا (صلى الله عليه وسلم) بەدیهێنران . بێگومان مەبەست لە ڕەوانەکردنیشی تەبلیغ و بانگخوازی بۆ لای خوا و ئیرشادە. دیارە ڕۆحی تەبلیغ و ئیرشادیش فەرماندان بە چاکە و، ڕێگریکردن لە خراپەیە. بەو مانایە کە بوونەوەر تەنها لە پێناوی ئەم مەبەستەدا هێنراوەتە بوون و، بێگومان کارێکیش کە هۆی بەدیهێنانی بوونەوەر بێت، ئەو کارە مەزنترینی هەموو کارەکانە.

بەڵێ، منداڵەکانی ئادەم سەلامی لێ بێ سەرنجیان دا کە باوکیان لە هەموو ئان و ساتێك دا چاو ئەبڕێتە جیهانی بەرزوباڵا و، لەوێوە فەرمان وەردەگرێ و، لە بەردەم ئەو فەرمانانەدا بە خشووعەوە خۆی بە دەستەوە دەدات، بگرە ترس و شەرمی ئەو جیهانانە لێی دوور ناکەوێتەوە، تا وای لێ هات ئەم ((پێغەمبەرە)) باوکەیان لە ئاسمانی ئەواندا وەك ئەستێرەی قوطبی لێهات و ڕێی ڕاستی پیشان دەدان. کەواتە ئادەمی سەردارمان یەکەم مرۆڤ و یەکەم پێغەمبەرێکە کە ئەرکی ((فەرماندان بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە)) ی ئەنجام دابێ. سەرسوڕمانیشی ناوێ، چونکە ئەمە ڕێیەك نیە بۆ تەنها جارێك بکرێتەوە و پاشان دابخرێ، بەڵکو دوای ئادەمی سەردارمان سەلامی لێ بێ، چەندین پێغەمبەری مەزن، یەك لە دوای یەك، هاتن و هەمان ڕێیان گرتە بەر، چونکە بەردەوام مرۆڤایەتیی پێویستیی بە پێغەمبەران هەبوو، لە بەرئەوەی کە هەرچەندە مرۆڤ ڕەوشتە بەرزەکانی بەلاوە بن، ئەوا ئەو ڕەوشتانە، بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار و، بە هۆی کاریگەریی ڕووداوەکانەوە، لاواز دەبن و ئەبزرکێن و، کۆتاییان پێ دێت . قورئانی پیرۆزیش ئاماژەی بۆ چەندین چەرخ کردووە کە ماوەیەکی زۆر بە سەر خەڵك دا تێ پەڕیوە، بێئەوەی دینیان بۆ تازە بکرێتەوە، سەرەنجام ئەوە بۆتە هۆی دڵ ڕەق بوونیان و، ئەو کاتەش چاوی مرۆڤ لە ئاستی ڕاستیدا دائەخرێن و، دیدگای چەواشە دەبێت و، پێی ئەخلیسکێن، ئیتر مرۆڤایەتیی ڕاستیی خۆی لە دەست دەدات. بۆیە پەروەردگاری بەخشندە یەك لە دوای یەك پێغەمبەرانی ڕەوانە کردوون، بە بۆنەی ئەوەوە کە زانستی تەواوی بە بارودۆخی مرۆڤایەتیی هەیە و، لەبەر ئەوەش کە سۆز و بەزەیی خوا لە پێش خەشم و تووڕە بوونیەوەیە . بەمە هەموو پێغەمبەرێك ئەرکی

فەرماندان بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپەی بە پێی سەردەمی خۆی ئەنجام داوە.
ئادەمی سەردارمان سەلامی لێ بێ بەم شێوەیە ژیانی خۆی بەسەر برد و، هەمیشەش ئامۆژگاریی منداڵەکانی دەکرد بۆ ئەنجام دانی کردەوە چاکەکان و دوورکەوتنەوە لە کردەوە خراپەکان. ئەوەبوو تا ماوەیەکیش دەنگدانەوەی هاوار و ئیرشادەکەی بەردەوام بوو، کاتێکیش کە بڵندیی ئەو دەنگە کز بوو و هێزی تێدا نەما، خوای بڵند و بێگەرد ئەرکی پێغەمبەرایەتیی خستە ئەستۆی یەکێك لە کوڕە هەڵبژێرراوەکانی ئادەمی سەردارمان سەلامی لێ بێ. بەم شێوەیە هەر هەموو ئەو ئەرکە مەزنەیان بە تەواوترین شێوە ئەنجامدا. هەر کە خۆری یەکێ لە پێغەمبەرەکانیش ئاوا ئەبوو، دوای ئەوەی ئاسمانی مرۆڤایەتیی تاریك ئەبوو، خۆری پێغەمبەرێکی تر هەڵ ئەهات. جا هەرچەندە وەلییە گەورەکانیش ئەو ئاسمانە تاریکەیان، بە وێنەی ئەستێرەی بریسکاوە، پڕ لە نوور کردبوو، بەڵام نووری ئەوان، ئەوەندەی کە لە نووری خۆری پێغەمبەرایەتیی چاوەڕوان ئەکرا، گەشاوە نەبوو .

هەروا چەرخەکان بەسەر چوون تا سەردەمی سەردارمان نووح سەلامی لێ بێ، هاتە بەرەوە، ئەو کاتە دەنگە زوڵاڵەکەی کە شیاوی پێغەمبەرێکی گەورەی (أولو العزم) بێت دای بە گوێی مرۆڤایەتییدا، وەك قورئانی پیرۆز دەری ئەبڕێ :

﴿ أُبَلِّغُكُمْ رِسَٰلَٰتِ رَبِّي وَأَنصَحُ لَكُمْ وَأَعْلَمُ مِنَ ٱللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴾.

(الأعراف : ٦٢).

بەومانایەی دەفەرموێ: هەر کەسێك گوێم لێ بگرێ و، فەرمان بەردارم بێ و، سواری کەشتییەکەم ببێ سەرفراز دەبێت و، ئەم

سەرفرازییەش سەرفرازییەکی ظاهیریی و باطینیی دەبێت . چونکە ئەو کەشتییەی کە لێشاوی شەپۆلە لە یەك دەرەکان بە وێنەی چیا لەت دەکات، لاشەتان ڕزگار دەکات و، لە نوقوم بوون لەناو شەپۆلەکانی ژیانی دنیایی و قیامەتیی سامناکدا ڕزگار دەبن و، ئەگەنە کەناری سەلامەتیی، ئەگەر دڵەکانتان وابەستەی من بکەن و، گوێ بۆ قسەکانم بگرن، ئەگینا کۆتاییتان پێ دێ و، بە ماددە و مەعنا و، ظاهیر و باطین ئەپووکێنەوە..

هەروا نووحی سەردارمان سەلامی لێ بێ نزیکەی هەزار ساڵی تەمەنی خۆی بەم شێوازە بۆ بانگەواز بەسەر برد . پاشان خوای پاك و بێگەرد، دوای ئەو، سەردارمان هوودی سەلامی لێ بێ ڕەوانە کرد و، ئەویش هەمان فەرمایشتی دوبارە کردەوە:

﴿... وَأَنَا۠ لَكُمۡ نَاصِحٌ أَمِينٌ ﴾ (الأعراف : ٦٨).

ئەویش داوای لە مرۆڤایەتیی کرد تا ئەو کارە ئەنجام بدەن کە لەگەڵ مەبەستی بەدیهێنانیان دا دەگونجێ. ئەو مەبەستەی کە مرۆڤی لە پێناودا بەدیهێنراوە. ئەوەبوو پێغەمبەران سەلامیان لێ بێ یەك لە دوای یەك هاتن تا ئەم ئەرکە وەبیری مرۆڤ بهێنرێتەوە. واتە تا پەروەردگاری خۆی بناسێت و ئیمانی پێ بهێنێ و، لە ویژدانیدا هەست بەوە بکات کە ئیمانی پێ هێناوە. بە ڕاستی دوای هوودی سەردارمان سەلامی لێ بێ گەلێك پێغەمبەری مەزن ڕەوانە کران و هەمان ئەرکیان بەجێ هێناو، هەمان ڕێگاشیان گرتەوە بەر.

بەم شێوەیە، هەرچەند شوێنەواری فەرمایشتەکانی پێغەمبەری پێشوو لە مێشکی خەڵك دا ئەشۆڕرایەوە، مرۆڤایەتیی نزم دەبوویەوە و، لە ژیانی مەعنەویی خۆیدا چەندین شۆکەی توندی تووش ئەبوون، هەتا ئەو ڕادەیە کە ژیان ئەبووە زەوییەکی ڕووت و قووت کە هیچ ژیانێکی

تێدا نەبوو. ئیتر بە تەواویی شنەی ئەو دڵ کرانەوەیەی کە لەو جیهانە بڵندەوە ئەهات کۆتایی پێ ئەهات و، مرۆڤایەتییش دا ئەڕووخا و، بەم لاو بەولادا پەرتەوازە ئەبوو.

کاتێك، کە سەردارمان ئیبراهیم سەلامی لێبێ بە پێغەمبەریی ڕەوانەکرا، مرۆڤایەتیی لە شەوەزەنگدا ئەژیا، ئەویش بە هەناسەکانی ((فەرماندان بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە)) وە کە مایەی بەخشینی ژیانن، خۆی بە ناو ریزەکانی خەڵك دا کرد و، بە پەلە خۆی گەیاندە هەر شوێنێك کە ئەیبینیی کۆمەڵێك خەڵکی لێیە و، بانگی کردن بۆ لای خوا و حەق و حەقیقەتی پێ ڕاگەیاندن، جا ئەوانەی کە گوێیان بۆ گرت و، شوێنی کەوتن گەیشتنە لووتکەی بڵندیی کەمالاتی مرۆڤایەتیی و، لەو چڵەپۆپەیەدا هات وچۆیان بوو.

بەڵام دوای ماوەیەك جارێکی تر مرۆڤایەتیی چڵەپۆپەی بەجێ هێشت و، بەرە بەرە وەك جارانی بەرەو خوار کشایەوە. ئیتر ئەوەبوو بیری ماددییەتی ڕەق و تەق مێشکی خەڵکی داگیرکرد، بەڕادەیەك کە مرۆڤایەتیی کەوتە هەوڵی دەست خستنی ئاواتەکانی لە ماددییاتدا. جا ئەم کارەساتەی کە چۆکی دایە سەر سنگی مرۆڤایەتیی تا ئەم چەرخەی ئێستاشمان هەر بەردەوام بوو، بگرە ئێمە زیاتر شارەزای بەلا و سەرەنجامە بەزیانەکانی ئەوین.

ئەوەتا سەردارمان مووسا سەلامی لێبێ لە وێنەی ئەو ئاووهەوا ماددیییەدا، لە دەلتای نیلی میسردا و، لەناو قەومێکدا کە دڵیان بە وێنەی بەرد، یان زیاتریش، ڕەق ببوو، هەڵکەوت. ئەویش وەك برا پێغەمبەرە پێشینەکانی فەرمانی بەسەردا دراوە تا فەرمان بە چاکە بدات و، دوورە پەرێزییش لە خراپە بکات. ئەویش ئەو ئەرکە گرانەی گرتە ئەستۆ و، دەستی قەومەکەی خۆی گرت تا جارێکی

تر بەرەو لووتکە بەرزیان بکاتەوە. ئەوەبوو تا ڕادەیەك لەم هەوڵەیدا سەرکەوت. جا هەرچەندە ئەو ڕووی وتاری ڕوو بە قەومێك کرد کە فەرماندەیەتیی و هیدایەتیان هەروا ئاسان نەبوو، بەڵام هێشتا خۆی لە ژیاندا بوو زۆرێك لە بەرهەمی بانگەوازە پیرۆزەکەی و، دەست هاتی هەوڵ و کۆششە بەردەوامەکەی، لە فەرماندان بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە، بە چاوی خۆی بینیی.

ئەوەش کە گومانی تێدا نیە ئەوەیە کە دەست گرتنی مرۆڤایەتیی و، بەرز کردنەوەی بۆ لووتکە هەرە بەرزەکان و، وەهای لێ بکرێ کە پەی بە مرۆڤایەتیی تەواوی خۆی بەرێت، هەروا کارێکی سووك و ئاسان نیە. لە ڕاستیدا پێغەمبەری زۆر لەو پێناوەدا شەهید بوون، هەتا سەردارمان زەکەریا سەلامی لێ بێ بە مشار دووکەرت کرا و، سەردارمان یەحیاش سەلامی لێ بێ هەر لەو پێناوەدا شەهید بوو و، (صەلیب) یش هەر بۆ ئەو مەبەستە بۆ سەردارمان عیسا سەلامی لێ بێ دانراوە ..

لەگەڵ هەموو ئەوەش دا هێشتا ئەو زەحمەت و مەینەتەی کە هاتە ڕێی پێغەمبەری بەڕێز (صلی الله علیه وسلم) لە هەموو ئەوانە نارەحەت تر بوو، چونکە هیچ سزا و نارەحەتییەك نەما کە ئەو نەیچەژێ، هەتا ئەوەبوو بە دایکە عائیشەی خوا لێی ڕازیی بێ فەرموو: ((لَقَد لَقِيتُ مِن قَومِكِ ما لَقِيتُ))[1]. لەم فەرمایشتەدا ناڵینی دڵێکی شکاو لە پێغەمبەرێکی خەمبارەوە ئەبیسترێ. ئەم فەرمایشتە وەربگرن و بیگەیەنن بە هەموو پێغەمبەرێك هەتا ئەگاتە سەردارمان ئادەم

(١) البخاري، بدء الخلق : ٧، مسلم، الجهاد والسير : ١١١ . دەری ئەبڕێ کە سزای سەختی لەلایەن قورەیشەوە پێ چەژراوە .

سەلامی لێ بێ و، بە ئەندێشە چاودێریی کاریگەریی فەرمایشتەکە بکەن، دەبینن نالینی دلی شکاوی هەموو پێغەمبەرێکە. هەروەك ببینین سەردارمان ئادەم منداڵەکانی کۆ بکاتەوە و پێیان بفەرموێ: ((لقد لقيت منكم ما لقيت)). هەروەها نووح و هوودی سەردارمان هەمان فەرمایشت بلێن. هەروەها پێغەمبەرەکانی تریش هەمان دڵ شکاویی بە قەومەکەیان ئەگەیەنن..

خۆ ئەگەر فەرمایشتی مرۆڤە بەختەوەرەکان بگوشین، کە دوای سەردەمی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) ئەو فەرمانبەرییەیان ئەنجام دا و خستیانە ئەستۆی خۆیان، دەبینین هەمان دڵشکاویی لێ ئەچۆڕێ:

((بە درێژایی تەمەنم کە هەشتا و ئەوەندە ساڵە چێژی هیچێ لە خۆشیی و لەزەتەکانی دنیام نەکرد. تەمەنم لە مەیدانی جەنگ و، زیندانەکانی دیلیی، یان بەندیخانەکانی نیشتمان و دادگاکانی وڵاتدا بەسەر برد. هیچ جۆرە ئێش و ئازار و تەنگ و چەڵەمەیەك نیە من نەم چەشتبێ. لە دادگا سەربازییە عورفییەکاندا بە وێنەی تاوانباران مامەڵەم لەگەڵ کراوە و، بە وێنەی سەرگەردانان بۆ هەموو لایەکی وڵات دوور خراومەتەوە و غەریبییم پێ چەژراوە و، لە زیندانەکانی وڵاتدا چەندین مانگ لە تێکەڵیی خەڵك بێبەش کراوم و، چەندین جاریش ژەهرم دەرخوارد دراوە و، سووکایەتیی جۆراو جۆریشم پێ کراوە و، چەندین کاتم بەسەر بردووە کە هەزار قات مردنم بەلاوە چاکتر بووە لە ژیان، خۆ ئەگەر لەبەر ئەوە نەبێ کە دینەکەم خۆکوشتنم لێ قەدەغە دەکات، لەوانەیە ئێستە سەعید خۆڵی ژێر خۆڵ بوایە))[1].

(١) سيره ذاتيه لبديع الزمان سعيد النورسی ص٤٥٧ .

ئەم وشانە شکاویی ناوکرۆکی دڵ دەرئەبڕن و، لەوانەیشە بەم فەرمایشتەی لە بری هەموو گەورە پیاوە دڵ شکاوەکان ئیفادەی دابیٚ. کەواتە ئەم حاڵەتە قەدەرێکە و لە چارەی هەموو ئەوانە نووسراوە کە ئەرکی فەرماندان بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە ئەنجام دەدەن.

جا لە پێناوی ئەوەی کە هەست بە گرنگیی ئەم کارە و، پایەداریی ئەوانەی کە تیایدا بەشدار دەبن بکرێت، ویستم بیرتان وەها بجووڵێنم تا هێڵی بە یەك گەیشتن بچنن، بە تایبەت لە نێوان ئادەمی سەردارمان و پێغەمبەری سەردارماندا (صلی الله علیه وسلم). توند هەڵچوونیشم لە پیرۆزیی باسەکەوەیە، کە خەریکە هەست بکەم و بە ئەندیشە ئاوازی ذیکری ئەو مەردانە، لە پیاوانی حەق و حەقیقەت ببیستم.

هەر هەنگاوێك کە ئادەمیزاد لە پێناوی فەرماندان بە چاکە و دوورەپەرێزیی کردن لە خراپە هەڵی بگریٚ، پاداشتی میراتگری پێغەمبەرایەتی دەستگیر دەبێت، چونکە ئەم فەرمانبەرییە مەزنە لە بنەڕەتدا فەرمانبەریی پێغەمبەرانە سەلامیان لیٚ بیٚ. بۆیە هەر مرۆڤێك هەنگاوێکی تێدا هەڵبگریٚ، مانای وایە چۆتە ژێر باری ئەم ئەرکە پڕ جوامێرییە و، پەروەردگاری بەخشندەیش بە فەزڵ و بەخشیشی خۆی ئەم فەرمانبەرییەی پیٚ بەخشیوە. بەومانایەی بە پێی نییەت و پلەی ئەو کەسە خۆی پاداشتی ئەم فەرمانبەرییەی دەست دەکەوێت..

شایانی باسیشە کە لێرەدا ئاماژە بۆ کارێکی تر بکرێت، کە ئەویش ئەمەیە: لەبەر ئەوەی کە ئەم فەرمانبەرییە فەرمانبەریی پێغەمبەرانە سەلامیان لیٚ بیٚ و، هەمووشیان لەسەر ئەو ڕێیە ڕاستەن کە خوای پاك و بێگەرد فەرمانی پیٚ داوە، کەواتە ئەوانەی کە ئەم فەرمانبەرییە (فەرماندان بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە) ئەنجام دەدەن، ئەوانیش

بە لایەنی کەمەوە، بە پێی پلەی ئەنجام دانیان بۆ ئەم فەرمانبەرییە، لەسەر ئەو ڕێیە ڕاستەن .

ئەنجامیش بەم شێوە دەبێت : لەسەر ئیماندار پێویستە بە جوانیی ئەم فەرمانبەرییە - واتە تەبلیغ - کە خراوەتە ئەستۆی، مافی خۆی پێ بدات، بۆ ئەوەی ببێتە زامنی ئەوەی کە لەلای پەروەردگاری مەزن بە ئیماندار وەر بگیرێت و، لەسەر ئیمان بەو فەرمانبەرییەش بمێنێتەوە، ئەمەش بە بۆنەی پەیوەندیی نزیکی نێوان هەردووکیانەوە.

جا تاکەکان و هەروەها کۆمەڵەکانیش ناتوانن بوونی خۆیان بسەلمێنن و بەردەوامییش بە بوونیان ببەخشن هەتا مافی تەواوی ئەم فەرمانبەرییە جێ بەجێ نەکەن.

بە ڕاستیی نهێنیی بوونی ئیماندار و، مەرجی مانەوەشی بە ئیماندارێکی ڕاستەقینە ئەمەیە: حەق و حەقیقەت لە ژیانیدا جێ بەجێ بکات و، لەبەردەم ستەمدا بە وێنەی شەیتانی لاڵ بێدەنگ نەبێت و، ژیان بە شتێکی بێبایەخ بژمێرێ و، لە مردن نەترسێ و، هەمیشە لە بازنەی تێ گەیشتنی هاوەڵە بەڕێزەکاندا بێت و، ئەم فەرمانبەرییە بڵندەش بە مەبەستی ژیان دابنێ. بە ڕاستیی ئەو ڕۆژانەی کە لە خزمەتی ئەو کارانەدا بەسەر نەبران، چاك لە دەست دەرچوون. بۆیە لەسەر هەموو ئیماندارێك پێویستە پەنا بەرێتە ژێر باڵی ڕەحمەتی خوای پاك و بێگەرد و پەنا بە خوا بگرێ لە هەر کۆمەڵێك کە ئەو فەرمانبەرییە ئەنجام نەدات.

کاتێك کە مرۆڤ ئەم فەرمانبەرییە ئەنجام دەدات، دەبینێ بە ئاسانیی دەتوانێ ئەو بیر و بۆچوونانەی -کە ئیمانی پێیان هەیە و ئامادەیە خۆی لە پێناویاندا بکاتە قوربانیی- بکاتە ژیان، سەرەڕای ئەوەش کە ئیمانەکەی لە بۆشاییدا نابێت. چونکە لە ڕاستییدا ئیسلام بریتییە لە

گوزەران پێکردن و لەگەڵدا ژیان. خۆ ئەگەر نەکرێتە ژیان کەس لێی تێ ناگات. ئەو مرۆڤەش کە ئیمان و بانگەواز دەکاتە چەقی هەموو شتێك، هەموو چالاکییەکی ژیانی بە دەوری ئەو چەقەدا ئەهۆنێتەوە. یەکەم بنچینەیەك لەو پێنج بنچینەیەی کە لە سەر ئیماندار واجبە بیان پارێزێ، دینە[1]. بێگومان مرۆڤ پارێزگاریی لە نامووس و شەرەف و سامان و، ژیان و وەچە و عەقڵی خۆی دەکات، بەڵام لەسەری پێویستە یەکەمجار پارێزگاریی لە دینەکەی بکات. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە چ بایەخ و گرنگییەك بە دینەکەی دەدات، بگرە دیارترین هەڵوێست، کە ئەوە دەربڕێ ئەو تاکە تا چ ڕادەیەك پەیوەندیی بە خوای پاك و بێگەردەوە هەیە، ئەوەیە کە ئەو کەسە چەندە هەوڵ دەدا و چەندە غیرەت دەخاتە کار بۆ پارێزگاریی لە دینەکەی. ئەوەش کە پێویستە هەرگیز لە یاد نەچێ ئەوەیە کە هەر کەسێ پارێزگاریی لە دینی خۆی نەکا، ئەوا پاێزگاریی لە چوار بنچینەکەی تریش ناکات. لەوانەشە ئەم وانەیە ڕاستترین وانەیەك بێت کە مێژوو فێرمان بکات و، لە هەموو وانەیەکیش زیاتر پەند و ئامۆژگاریی تێدا بێت.

خوای پاك و بێگەرد ئێمەی بەدیی هێناوە هەتا بیناسین و بە خەڵکیشی بناسێنین . جا ژیان بەسەربردن بە پێی مەبەست و خواستی خوایی نهێنیی بەدیهێنانمانە و، هەروەك قیامەتمان ئاوەدان دەکاتەوە، دنیاشمان ئاوەدان دەکاتەوە. بە پێچەوانەیشەوە بە زللەی تەمێکردن، لە سەر ئەم خواست و ویستە خواییە، کە زامنی ژیانی دنیایی و قیامەتیمانە، ئێمە سزا ئەدرێین، وەك ئوممەتێك و کۆمەڵگەیەك سزا ئەدرێین و، پەنا بە خوا بەرەو داوی فیتنە و فەساد پاڵمان پێوە ئەنرێت. واتە هەر کاتێك ئەم

(١) پێنج بنچینەکە ئەمانەن : دین، عەقڵ، وەچە، سامان، مرۆڤ خۆی.

فەرمانبەرییە مەزنە، فەرمانبەریی تەبلیغ، ئەنجام نەدرا، ئەوا کۆمەڵگە تووشی بەڵا و موصیبەت دەبێت، ئەوە بوو ڕۆژێکیان پێغەمبەری بەڕێز (صلى الله عليه وسلم)، کە هاوەڵان بە وێنەی خەرمانە دەوریان لێ دابوو و، هەموو ئەندامێکیان هەر گوێ بوو بۆ بیستنی فەرمایشتەکانی، ئەمەی دەربڕیی. لەو ڕۆژەدا و، لەو زمانە پاك بێگەردەوە و، لەو فەرمووده شەریفەیدا کە ئەبویەعلا و ئیبن ئەبو دونیا ئەیگێڕنەوە، چەند فەرمایشتێکی هەڕەشە و تیاچوونی فەرموون:

لە ئەبوهورەیرەوە ئەگێڕنەوە کە وتوویە: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویە: ((كيف بكم أيها الناس! إذا طَغى نِساؤكم وفَسَقَ فتيانكم ؟)) فەرمووی: خەڵکینە! بە لاتانەوە چۆنە ئەگەر ئافرەتەکانتان لە سنوور دەرچن و، گەنجەکانیشتان دەست بدەنە فیسق و فجوور؟ وتیان: ئەی پێغەمبەی خوا! شتی وەها ڕوودەدات؟ فەرمووی: (نعم وأشد منه، كيف بكم إذا تركتم الأمر بالمعروف والمنهي عن منكراً؟)[1]. فەرمووی: بەڵێ، لەوەش خراپتر. بە لاتانەوە چۆنە ئەگەر واز لە فەرماندان بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە بهێنن؟ وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا! شتی وەها ڕوودەدات؟ فەرمووی: ((نعم وأشد منه ، كيف بكم إذا رأيتم المنكر معروفاً والمعروفَ منكراً؟)). فەرمووی: بەڵێ، لەوەش خراپتر. بە لاتانەوە چۆنە ئەگەر خراپەتان بە چاکە و چاکەشتان بە خراپە دەزانیی؟

لەبەردەم ئەم فەرمایشتەدا هاوەڵان سەرسام بوون و واقیان وڕما، چونکە مێشکیان بەرگەی شتی وەهای نەئەگرت، لەبەر ئەوەی کە ئیمانیان وەها بوو ئەم جۆرە فیتنە و لە دین لادانە لە کۆمەڵێکدا، کە

(١) أبو يعلى، المسند : ١١ / ٣٤، الهيثمي، مجمع الزوائد : ٧ / ٢٨ - ٢٨١ .

تاقە ئیماندارێکی تێدا مابێ، ڕوو نادات، بۆیە پرسیاریان دەکرد و دەیان وت: (ئەی پێغەمبەری خوا ! شتی وەها ڕوودەدات؟).
ئەمەیان پرسیار دەکرد و لە هەمان کاتیشدا سەرسام ئەبوون، کاتێکیش کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: ((والذي نفسي بيده وأشد منه)). فەرمووی: بەو خوایەی کە گیانمی بە دەستە لەوە خراپتریش، بارێکی نامۆ بەسەردا هات و، چاوەکان زەق بوون و، لە سەرسامییەکی زیاتردا جارێکی تر پرسیاریان کرد: (جا چیی لەوە خراپترە، ئەی پێغەمبەری خوا؟!).
فەرمووی: (بە لاتانەوە چۆنە ئەگەر خراپەتان بە چاکە و چاکەشتان بە خراپە دەزانیی؟). جا با ئەم بەشەی ئەم فەرموودە شەریفە وەربگرین کە ئاماژە بۆ ئەم ڕۆژەمان دەکات.
بەڵێ، فەرموودە شەریفەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە (موازین)، کێشانە و پێوانەکان و، بەهاکان، بگرە هەموو شتێك سەرەو ژێر دەبنەوە. ئەو کاتە خراپە دەبێتە چاکە و، چاکەش دەبێتە خراپە و، داوێن پیسیی پەرە ئەسێنێ و، ئاژاوە و تۆقاندن بڵاوە دەکات و، گاڵتە بە ئیمان و قورئان دەکرێت و، ئیمانداران سووك سەیر دەکرێتن و، دەوڵەت بە پێی یاسا پارێزگاریی لە چەندین کردەوەی خراپ دەکات و، ئەو ڕاستییانەش کە تایبەتن بە دینەوە بە دواکەوتن و کۆنەپەرستیی ئەژمێررێن. ئەمەش سەرەو ژێر کردنەوەی بەهاکان و کێشانە و پێوانەکانە. جا مرۆڤی ئەم چەرخە چەند قات چەند قاتی ئەم فیتنە و سەرگەردانیانە ژیانی گوزەراندووە و، واش دەزانم ماوەیەکی تریش لەگەڵیاندا ئەژیی. ئەو کاتەش زەلیلیی و سووکیی جێی سەربەرزیی و ڕێزداریی دەگرنەوە، ئەگەر فەرمانبەریی (تەبلیغ) ئەنجام نەدرێ.
جا ئەگەر یاساکانی (فیطرەت) چەوت بەکارهێنران، پێویستە شان

بۆ سەرەنجامی خراپ و چارەنووسی حەتمیی شل بکرێت. هەر لە دێرین زەمانەوە کار بەم شێوەیە بووە و، مرۆڤە ژیرەکانیش جگە لەوە چاوەڕوانی هیچی تر نەبوون. لەبەر ئەوە ئەو هاوەڵە بەڕێزانەی کە ویژدانیان ئەوەی بە لاوە گران بوو جارێکی تر پرسیاریان کردەوە: (ئەی پێغەمبەری خوا! شتی وەها ڕوو دەدات؟). واتە: فەرمان بە خراپە ئەدرێت و، چاکەش بە خراپە بژمێررێت؟

(بگرە لەوە خراپ تریش دەبێت. بەلاتانەوە چۆنە ئەگەر فەرمانتان بە خراپەدا و، ڕێگریتان لە چاکە کرد؟). بەومانایەی کاتێك کە ئێوە کەس و کار و نەوە و وەچەکانتان پشت گوێ ئەخەن و، ئەوانیش لەگەڵ تەوژمی خراپەکاندا ڕابماڵرێن، تا ئەو ڕادەیە کە بە کردەوە و ڕەوشت و هەڵس و کەوتتان فەرمانی خراپەیان بە سەردا بدەن و، بەرەو لە بیرچوونەوەی خوا و لە بیرچوونەوەی پێغەمبەرە بەڕێزەکەی دەیان بەن. تیاچوون بۆ ئێوە بۆ خۆتان و بۆ ڕۆژتان!

لێرەدا سەرسوڕمان و سەرسامیی بە لای هاوەڵە بەڕێزەکانەوە گەیشتە ئەوپەڕی، بۆیە بە دەنگی پچڕ پچڕەوە پرسییان:

- ئەی پێغەمبەری خوا ! شتی وەها ڕوو دەدات؟

- (بەو خوایەی کە گیانمی بە دەستە لەوە خراپتریش ڕوو دەدات).

هەروەها فەرمووی: ((فِتَنٌ كقطَعِ اللَّيل المظلم يتبعُ بَعضها بعضاً تأتيكم مشتبهة كوجوه البقر لا تدرونَ أياً من أيٍّ))[1]. فەرمووی: چەندین فیتنەتان دێنەرێ کە وەك پارچەی شەوی تاریك وەهان و، بە دوای یەکدا دێن و، بە وێنەی دەم و چاوی مانگا وەهان لە یەك ئەچن و بۆتان جیا ناکرێنەوە.

---

(١) مسند أحمد ٢٢٢٣٩ مسند الأنصار .

جا پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بە ڕوون کردنەوەیەکی پڕ لە ئیعجاز، ئەو سەرەنجامە خراپەی کە لە پەی نەبردن بە گرنگیی ئەم فەرمانبەرییە مەزنەوە ڕوو دەدات، بۆ ئوممەت ڕوون دەکاتەوە. لە ڕاستییشدا ئێمە هەر هەمووومان ئەم فەرمانبەرییە خراوەتە ئەستۆمان. جا لە قووڵایی دڵەکانماندا ناڵین و ئاخ و ئۆفی گوناهـ و تاوانی سێ چەرخی رابردوو کۆبوونەتەوە و، تاکە چارەسەریش بۆ لابردنی ئەو ناڵین و ئێش و ئازارانە، کارکردنە بۆ ئەوەی کە ئوممەت پەی بە گرنگیی ئەو فەرمانبەرییە بباتەوە، کە پێغەمبەرە بەڕێزەکان سەلامیان لێ بێ گرتبوویانە ئەستۆ و، بڕیاریان دابوو کە ئەنجامی بدەن.

پێویستیی بە تەبلیغ و دەست کەوتەکانی

لە هەموو کاتێك زیاتر مرۆڤی ئەمڕۆمان پێویستیی بە فەرماندان بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە هەیە. چونکە پێغەمبەرایەتیی بە دوا پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) کۆتایی پێ هاتووە و، ئەو دەرگایە بە یەکجاریی داخراوە . بە هەر حاڵ ئەم چەرخەی ئێستامان کوفر و یاخیی بوونی شەپۆل دەدات و، لە کوفر و یاخییبوونی هەموو چەرخەکانی لەمەو بەریش زیاترە. لەبەر ئەمە ئەوانەی کە ئەمڕۆ ئەو ئەرکە گرانەیان گرتۆتە ئەستۆ، تووشی تەنگ پێهەڵ چنین و ناڕەحەتییەکی وەها دەبن زیاتر لەوەی کە تووشی ئیماندارانی چەرخە پێشووەکان بووە. جا ئەم بارودۆخە یەکجار سەختەیە وا مورشیدانی ئەم چەرخەمان و تەبلیغکارانی بانگەواز تیایا بەو پلەیە گەیاندووە کە پێشی ئەوانەی پێش خۆیان بدەنەوە و، هیواداریشین کە ڕاستەوخۆ لە دوای هاوەڵە بەڕێزەکانەوە جێگایان پێ بدرێت. چونکە نەفس هەرچەندە لە هەمووان نزمتر بێت، ئەوا فەرمانبەرییەکە لە هەمووان بەرزترە و، سۆز و بەزەیی خواییش بە پێی پێویستیی خەڵکیی دائەبارێت. کاتێکیش کە ڕەحم و بەزەیی خواییش بەسەر هەر هەموو خەڵکییدا دابەش دەکرێت، زیاتر بە ڕێژەیەکی پێچەوانە لەگەڵ توانا و لێهاتنی کەسەکەدا دابەش دەکرێت. جا هەر کەسێ دەستەوسان تر و لاوازتر بێت ئەوا خوای پاك و بێگەرد بەڕەحم ترە لەگەڵیدا.

ئەو تاوانانەی کە لە تێڕوانینمان لە دەلاقەی چەندین بارودۆخی جۆرا و جۆرەوە پەیدا بوون و، ئەو خوو و ڕەوشتانەی کە لە زەینماندا بەجێی دێلن، گەیشتوونەتە قووڵایی دڵمان، بگرە هێزیان لێ بڕیوین، بۆیە شەوەکانمان هیچ تاسەمەندییەکیان تێدا نیە و، میحرابەکانیشمان لە فرمێسك بێ بەشن . ئیتر نازانم چاوەڕوانیی چیی دەکەین لە کەسانێکی تووش بووی بەم حاڵەتەی ئێمە، کە لە لاشەیەکی مردووی دوور لە عیشق و خۆشەویستیی دەچێت؟ لەوانەشە ئەو موصیبەتەی کە لەو خراپتر بێت بریتیی بێ لەو دەرکردنە لە ڕەحمەتی خوا کە تووشی شەیتان بوو (پەنا بە خوا).

بەڵێ، ئێمەی مرۆڤی سەدەی بیستەم بەیانیی و ئێوارەمان لەگەڵ گوناه دا لێ دێت. خۆ ئەگەر پەردە لەسەر چاوەکانمان لابدرێ و، ماهییەتی مەعنەویی خۆمان ببینین، ئەو کاتە ئێمە یەکەم کەس دەبین کە لەو حاڵەتەمان ڕابکەین ..

جا لەگەڵ ئەوەشدا کە تاوان و داڕووخان و دواکەوتنمان لە ڕادەبەدەرن، کە پەروەردگاری بەخشندەمان فەرمانبەریی فەرماندان بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپەی پێمان سپاردووە، تەنها لەبەر ئەوەیە کە ئێمە پێویستییمان بە بەزەیی خوای باڵادەست زۆر هەیە. چونکە ئێمە لەوپەڕی لاوازیی و دەستەوسانیداین و، خوای پاك و بێگەردیش لەوپەڕی بڵندیی و بەزەییدایە. خۆ ئەگەر، بە وتنی هەزارەها جاری ((الحمد لله))، ئەوەش کە بە دڵماندا دێت دەری ببڕین، ئەوا لە بەرانبەر ئەم سۆز و بەزەیییە فراوانەی خوای گەورەدا یەکجار کەمە.

بە ڕاستیی سەدەی بیستەم بووە سەدەی داڕووخانی هەموو شتێك کە ناوی مەعنا و ڕۆحی لێ نرابوو. ئەوەبوو چاوەکان زاق بوون و، پەردەیان بەسەردا کێشرا و، پشتەکان تێك شکێنران و، مەنزڵی

فەرماندایەتیی پێچەوانەی خاوێنیی میحراب دەرچوو. جا لەگەڵ ئەم بارودۆخە نەگونجاوەشدا، هێشتا دەنگی سەرداری پێغەمبەران (صلی الله علیه وسلم) و هەناسە خاوێنەکانی، ئەگەرچیی بە چپەی نزمیش بن، ئەبیسترێن و، زایەڵەی فەرمایشتە موبارەکەکانیشی، کە پێش چەندین چەرخ بە دەمی پیرۆزیدا هاتوون، بەسەر کات و شوێندا سەر دەکەن و، ئەگەنە لامان، ئەمەش تەنها لە سۆزی پەروەردگاری سۆز فراوانمانەوەیە. ئەگینا دەبێ تەفسیری ئەم کارە چۆن بکەین؟ جا لەبەر ئەمە تەنها ئەوەندەمان لەسەرە، لەسەر ئەم لوتفە فراوانە، شوکرانە ئەنجام بدەین، ئەویش بەوەی کە قووڵایی ڕۆحمان بە هەناسە خاوێنەکانی، کە مایەی ژیانن، پڕ بکەین و، هەڵیان بمژین. ئەوانەش کە شوکرانە بەم شێوەیە ئەنجام دەدەن، بە ئیزنی خوا، سەرەنجام سەرفراز دەبن.

سەعدیی شیرازیی لە (گوڵستان)دا دەڵێت:

داخۆ چ خەم و خەفەتێ تووشی ئەو ئوممەتە بێ
کەسێ وەک تۆ لە دنیا کۆمەک و پشتیوانی بێ
ترسی ناوێ لە شەپۆلانی دەریا، کە هەڵ ئەچێ
مادەم نووح لەسەر پشتی کەشتیەکە بێ و، کەشتیەوان بێ

بەڵێ، واین بەسەر پشتی کەشتیی سەرفرازییەوە و، کەشتیەوانیش سەرداری پێغەمبەرانە و، کەشتیەوانەکەشمان بانگمان لێ دەکات و دەفەرموێ: سەرفرازیی تەنها بۆ ئەوانەیە کە سەردەکەونە سەر کەشتیەکە. ئایا پێکەوە بە دەم ئەم بانگەوازەوە نەچین؟
با ئێستەش سەرنجی ئەو ئایەتە پیرۆزانە بدەین کە باسی ئەرکی تەبلیغ دەکەن چۆن بە موسڵمان سپێرراوە و، هەر کاتێکیش ئەو ئەرکە

بە چاکیی ئەنجام بدات چ پاداشتێکی دنیایی و قیامەتیی پێ ئەدرێت؟
خوای گەورە دەفەرموێ:
﴿ وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ ۚ وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ ﴾ (آل عمران: ١٠٤).

بەومانایەی با کۆمەڵێك لە ئێوە دروست ببێ کە هەمیشە فەرمان بە چاکە بدەن و دوورە پەرێزیی لە خراپە بکەن. بانگی خەڵکیی بکەن بۆ سەر خێر و، لە خراپە دووریان بخەنەوە و، کردەوە چاکەکانیان بۆ دەربخەن و، خۆشیان نموونەی ڕاستگۆیی و ڕەوشت جوانیی بن، بەڕادەیەك کە چۆن لە مار و دووپشك بەدوور دەبن، وەهاش لە کردەوە خراپەکان بەدوور بن. بە دەربڕینێکی تریش هەر یەکەیان لەناو کۆمەڵگەدا بە وێنەی ئەستێرەی (قوطب) وەها دەبێت، تا ئەو کەشتییەی کۆمەڵگە، کە لە دەریای ژیانی کۆمەڵایەتییدا هەڵی گرتوون، بۆ سەر ڕێگەی ڕاست هیدایەت بدەن، ئەو کاتەش بەو پێیە فەرماندەکان ڕێك و پێك دەبن و لێ پرسراوییەکانیش دابەش دەبن. بەمەش تا بچووکترین ڕادەی گونجاو لادان و دواکەوتن کەم دەبێتەوە. جا ئەم کۆمەڵە پێشەنگە بەڕادەیەك لەگەڵ ئەم فەرمانبەرییەدا تێکەڵ دەبن، ئەوانەی کە سەرنجیان دەگرن، خۆیان لەبەر دەم جەستەی فەرماندان بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپەدا دەبیننەوە و، بەمەش دەبنە جێی متمانە و تەصدیق کردن. جا هەر کۆمەڵگەیەك کۆمەڵێکی تێدا نەبێت کە هەڵگری ئەم سیفەتانە بێت و، لەسەریشیان بەردەوام بێت، ئەوا دەست لەو کۆمەڵگەیە بشۆ، چونکە تیاچوون بەشیەتی. ئیتر هەتا وێنەی ئەو کۆمەڵەیان تێدا نەبێت، ئەوان ڕێی ڕاست نادۆزنەوە.

بە پێچەوانەی ئەمەشەوە ئەگەر لە شوێنێکدا کۆمەڵێك هەبوو کە فەرمانی بە چاکە دەدا و دووره پەرێزیی لە خراپە دەکرد، ئەوا خوای پاك و باڵادەست دەبێتە زامن بۆ پاراستنی دانیشتوانی ئەو شوێنە لە هەموو بەڵا و موصیبەتێکی ئاسمانیی و زەمینیی. بەڵێ، خوای پاك و بێگەرد خۆی زامنە، چونکە لە غەیری ئەو کەسێکی تر نیە بتوانێ زامنیی ئەوە بکات، ئەمەش بە پێی دەقی قورئانی پیرۆز:

﴿ وَمَا كَانَ رَبُّكَ لِيُهْلِكَ ٱلْقُرَىٰ بِظُلْمٍ وَأَهْلُهَا مُصْلِحُونَ ﴾ (هود: ١١٧)

منیش بە پشت بەستن بە ڕوون کردنەوەی قورئانی پیرۆز و، فەرمایشتی هەموو پێغەمبەران و ئەولیا مەزنەکان دەڵێم: خوای مەزن و باڵادەست موصیببەت دانابارێنێ بەسەر هەر شوێنێکدا کە کاری فەرماندان بە چاکە و دووره‌پەرێزییکردن لە خراپەی تێدا ئەنجام بدرێ. هەتا ئەگەر ئەو کۆمەڵگەیە شایانی ئەو سزادانەش بن، ئەوا لەبەر ئەو کۆمەڵە پێشەنگە، کە دڵیان بە توندیی بە خواوە بەستراوە، خوای گەورە ئەو سزایەیان لەسەر هەڵ دەگرێت، چونکە هەموو خولەکێکی تەمەنیان بە فەرماندان بە چاکە و دووره پەرێزییکردن لە خراپە بەسەر ئەبەن و، هەمیشە وان لە ترس و شڵەژانێکی بەردەوامدا، بەڕادەیەك کە ئەم کارە بەسەر هەست و نەستیاندا زاڵ بووە و، بۆتە خولیای سەریان و، ساتێك لێیان جوێ نابێتەوە. بگرە لە خواردن و خواردنەوە و خەوتن و بەخەبەربوونیاندا هەر بیر دەکەنەوە: ئەم کارە چۆن بگەیەنین؟ کەی؟ بە کێ؟ هەروەك ئەم حاڵەتە بریتیی بێ لە نهێنیی بوونیان. ئیتر هەتا لە وێنەی ئەم بەندانەی خوا، کە خۆیان بۆ خوا نەزر کردووە، لە ڕیزی هەر کۆمەڵگەیەکدا هات وچۆیان بێت، ئەوا ئەوانە لە ئەمان دان و موصیبەت و بەڵای ئاسمانیی و زەمینییان تووش

نابێت. بۆیە گەر ئێمە بمانەوێ بەرانبەر بە موصیبەتە ئاسمانیی و زەمینییەکان لە ئەمان دا بین، لەسەرمان پێویستە خێرا بگەڕێینەوە تا ئەو فەرمانبەرییەی کە لە پێناویدا بەدیی هێنراوین بگرینەوە دەست و، لەسەریشمان پێویستە کە بە قەطعیی بزانین کە ئەو موصیبەتە داباریوانە، بە هۆی وازهێنان لە فەرماندان بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپەوە دادەبارن. گەر دەشمانەوێ ئەو بەڵا و موصیبەتانە لە خۆمان دوور بخەینەوە، ئەوە بە ئەنجام دانی فەرماندان بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە سەر دەگرێ. ئیتر هیچ خواپەرستییەکی تر ئەو تایبەت مەندییەی دەستگیر نابێ. جاری واش دەبێ کە خوای گەورە کەسێك، یان کۆمەڵێك، یان قەومێك لەناو دەبات و، دەیان بات بە ناخی زەوییدا، لە کاتێك دا ئەوانە خەریکی ذیکر و عیبادەتی خوا بوون و، بە شەو و بە ڕۆژ خەریکی خوێندنی ویرد و ئەزکار بوون و، خەریکی طەوافی ماڵی خوا بوون، مەگەر ئەو کەسە، یان ئەو کۆمەڵە، یان ئەو قەومە خەم و خەفەتی ئەنجام دانی ئەرکی سەرشانیان: فەرماندان بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە، لە دڵیاندا بێت و، بە پەرۆشەوە بن بۆی. ئەو کاتە خوای پاك و بێگەرد چاودێریی ئەو شارە دەکات و، دانیشتوانیشی لە تیاچوون دەپارێزێ .

لەبەر ئەمە لە هەندێ سەرچاوەدا ڕیوایەتی ئیسرائیلیی دەبینین کە ئەوە ئەگەیەنن: لەگەڵ ئەوەدا کە قەومی لوط سەلامی خوای لێ بێ هەزارەها خواپەرست و زاهیدیان تیابوو، کە شەو بۆ شەونوێژ هەڵئەسان و بە ڕۆژیش بەڕۆژوو ئەبوون، بەڵام چونکە فەرمانیان بە چاکە نەدەدا و ڕێگریان لە خراپە نەدەکرد، تیاچوون. مەگەر هەر خوا بزانێ لە کاتێك دا کە (أصحاب الأيكة)ی قەومی شوعەیب سەلامی لێ بێ تیا چوون چەند شەونوێژکەر و ڕۆژووگر هەبوون.

بەرانبەر بەمەش بە هیچ شێوەیەك قەومێك نابینین تیاچوو بن، ئەگەر کەسانێکیان تیا بووبن کە فەرمانیان بە چاکە دابێ و دووره پەرێزییان لە خراپە کردبێ، مێژووش تاکە نموونەیەك بۆ ئەمە باس ناکات، لە کاتی لێکۆڵینەوەشماندا بۆ ئەو ئایەتە پیرۆز و فەرمووده شەریفانەی کە لەو بارەوە هاتوون، ئەو مەسەلەیە بە درێژە باس دەکەین.
ئەتوانین حەقیقەتی تەبلیغ و بانگ کردن لەسەر زەوییدا و، ئاتاجیی یەکجار زۆریش بۆی لە گۆشەیەکی ترەوە بەمەی خوارەوە هەڵ بسەنگێنین :
بە پێی ئەوەی کە مرۆڤ خەلافەتی لە زەوییدا پێ سپێرراوە، ئەوا خوای پاك و باڵادەست توانای ئەوەی داوەتێ کە دەستی بەسەر شتەکاندا بڕوا و، لە خەلافەتی زەوییشدا پلەیەکی بەرزی پێ بەخشیوە، بەوەی کە بە ویستی خۆی ویستی پێ بەخشیوە. لەناو بەدیهێنراوانیشدا تەنها مرۆڤ (خۆویستن - أنانیه)ی هەیە. ئەویش بەو (أنا) یە و، بەو تایبەتمەندییانەی کە پێی بەخشراون بە چاکیی لە حەقیقەتی خۆی تێ ئەگات، ئەویش بە ئاشنابوونی بە ناوە جوانەکانی خوا و، سیفاتە مەزنەکانی بە تیشك دانەوە جۆرا و جۆرەکانیانەوە. چونکە ئەو (من - أنا) یەی کە بەو دراوە بریتییە لە یەکەیەکی پێوانە، تا خاوەنێتیی و سەربەستیی هەست پێ بکات، ئەو کاتەش بە هۆی ئەو (من) ەوە بتوانێ پەی بە پەروەردگار و خاوەنی خۆی ببات و، لەوەش بگات کە خوا توانای بەسەر هەموو شتێکدا هەیە، بەوەی کە چەند هێڵێکی گریمانەیی بۆ موڵك و لێهاتنە ڕێژەییەکانی خۆی دابنێ، لە چاو سیفاتە مەزنە بێسنوورەکانی خواوە.
بەم جۆرە بەخشینی ئەم پەسەندیی و تایبەتمەندییە بە مرۆڤ، واتە وەرگرتنی خەلافەت هەر لە سەرەتاوە، دیارە خوای پاك و بێگەرد

دوای ئەوەی کە بە مەلائیکەتەکانی فەرموو:
﴿ وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَٰٓئِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي ٱلْأَرْضِ خَلِيفَةً قَالُوٓاْ أَتَجْعَلُ فِيهَا مَن يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ ٱلدِّمَآءَ وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ قَالَ إِنِّيٓ أَعْلَمُ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴾ (البقرة: ٣٠)

ئادەمی سەلامی لیَ بیَ بەدیی هێنا و، مافی دەست ڕۆیشتنی بەسەر شتەکان دا پیَ بەخشیی و، کردییە (خەلیفە - جێنشین) لەسەر زەوییدا. خەلیفەش ناتوانیَ لەو سنوورە بترازیَ، کە لەلایەن ئەوەوە کە خەلافەتی پیَ بەخشیوە نەخشەی بۆ کێشراوە. ئەو سنوورەی کە بەو فەرمانە خواییانەی کە تەبلیغی پێغەمبەرە بەڕێزەکان کراون دانراوە، جا هەر کاتێك مرۆڤ بە پێی ئەو ڕوون کردنەوە و ئەحکامە خواییانە ڕەفتاری کرد، ئەوا ئەرکی خەلافەتی بە چاکترین شێوە ئەنجام داوە. حەسەنی بەصریی خوا لێی ڕازیی بیَ فەرموودەیەکی (مرسل) ڕیوایەت دەکات کە ئەم تێگەیشتنە ڕوون دەکاتەوە:
(مَن أَمَرَ بِالمَعرُوفِ وَنَهى عَنِ المُنكَرِ فَهُوَ خَلِيفَةُ اللهِ فِي الأَرضِ وَخَلِيفَةُ كِتابِهِ وَخَلِيفَةُ رَسولِهِ)[1]. دەفەرمویَ: هەرکەس فەرمانی بە چاکەدا و، ڕێگریی لە خراپە کرد ئەوە خەلیفەی خوا و، خەلیفەی قورئان و، خەلیفەی پێغەمبەری خوایە، لەسەر زەوییدا.

ئەرکی سەرشانی هەموو مرۆڤێکە کە خوای پاك و بێگەرد و باڵادەست بناسیَ و، بە کەسانی تریشی بناسێنیَ و، بە هەموو چۆنیەتیی و حاڵێکیەوە دەری بخات کە ئەو بەندەی خوایە، هەروەها ئەرکی سەر شانیەتی پێغەمبەری خوا و قورئانی پیرۆز بناسیَ و بە کەسانی تریشیان

(١) الديلمي، الفردوس : ٣ / ٥٨٦ .

بناسێنێ. هەروەها فەرمانەکانی خوا و، فەرمانەکانی پێغەمبەرەکەی بکاتە ژیان لە دووتوێی ئەم فەرمانبەرییەدا. ئەوەش بزانە کە ئەم فەرمانبەرییانە مەبەستی بوونی مرۆڤن. بەومانایەی مرۆڤ بە ئەندازەی ئەنجام دانی ئەرکی فەرماندان بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە، ئەو فەرمانبەرییەی ئەنجام داوە کە خراوەتە ئەستۆی و، هەموو ئەم کارانەش هۆو ڕێگای گرنگن تا هەنگاو بە هەنگاو مرۆڤ بە ڕەزامەندیی خوای پاك و باڵادەست بگات.

دوڕڕەی کچی ئەبولەهەب خوا لێی ڕازیی بێ ئەگێڕێتەوە و دەڵێ: پیاوێك لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا (صلی الله علیه وسلم) هەڵسایەوە و، ئەویش لەسەر مینبەر بوو و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا! کێ لە هەموو کەسێ چاکترە؟ فەرمووی:

(خَيرُ الناسِ أَقرَؤُهُم وَأَتقاهُم وَآمَرُهُم بِالمَعرُوفِ وَأَنْهاهُم عَن المُنكَرِ وَأَوصَلُهُم للرَّحِمِ)[(١)]. فەرمووی: لە هەموو کەسێ چاکتر ئەو کەسەیە کە لە هەمووان چاکتر قورئان بخوێنێ و تەقوای هەبێ و فەرمان بە چاکە بدات و ڕێگریکردن لە خراپە بکات و سیلەی ڕەحم بەجێ بهێنێ.

بەڵێ، چاکترین کەس ئەوەیە فەرمان بە چاکە دەدات و، خێر و ڕەوشت جوانیی بڵاو دەکاتەوە، بەڕادەیەك کە بەو حاڵەوە بەیانیی و ئێوارەی لێ بێت و، دوورەپەرێزییش لە خراپە دەکات و، ئەوپەڕی هەوڵ دەدات بۆ نەهێشتنی کردەوەی خراپ، ئەمەش لە شەرمی پەروەردگاری بەشکۆدا و، ژیانی ڕۆژانەشی وەها لێ دەکات بەو پێیە بێ کە تێکەڵکردنی فەرمانەکانی قورئانی پیرۆز و شەریعەتی فیطریی بە پێویستیان گێڕاوە، واتە لە گۆشەی ئەو حەقیقەتانەوە

(١) المسند : ٦ / ٤٣٢، البیهقی، شعب الإیمان : ٦ / ٢٢٠ .

ئەرڕوانێته شتەکان و ڕووداوەکان کە لە قورئانی پیرۆزەوە هەڵقولاون:
لەگەڵ بەدیهێنراواندا بە شەفەقەت و، سیلەی ڕەحم بەجێ بهێنێ.
ئەمەش گرنگترینی فەرمانبەرییەکانە.
جا ئەگەر ئێمە بە ڕاستیی هەست بە پەیوەندیی لەگەڵ مرۆڤی ئێستاماندا دەکەین و، بڕوامان وەهایە کە ئێمە دڵمان بۆی ئەسووتێ و، باوەشی سۆز و شەفەقەتی بۆ دەکەینەوە، ئەوا چاکترین بەڵگەیەك لەسەر ڕاستیی ئەم هەڵس و کەوتەمان ئەوەیە کە بە جوانیی ئەو فەرمانبەرییانە ئەنجام بدەین کە لەسەرمان پێویستە بەرانبەری بیکەین. بێگومان لە پێشترین کاریش لەم بارەوە بریتییە لە فەرماندان بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە، بۆیە لەسەرمان پێویستە کە هەوڵێکی ڕاستەقینە بدەین تا ئەم فەرمانبەرییە بەرانبەر بە تێکڕای مرۆڤایەتیی ئەنجام بدەین..
پاشان هەر کەسێك، لە هەر پلەوپایەیەکدا بێت، ئەم فەرمانبەرییە بخاتە ئەستۆی خۆی، دەکەوێتە بەر ستایشی خوایی، ئەوەتا قورئان دەفەرموێ:

﴿ لَيْسُوا سَوَاءً مِّنْ أَهْلِ الْكِتَابِ أُمَّةٌ قَائِمَةٌ يَتْلُونَ آيَاتِ اللَّهِ آنَاءَ اللَّيْلِ وَهُمْ يَسْجُدُونَ ﴿١١٣﴾ يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَيُسَارِعُونَ فِي الْخَيْرَاتِ وَأُولَٰئِكَ مِنَ الصَّالِحِينَ ﴾ (آل عمران : ١١٣ - ١١٤)

بەومانایەی هەر مرۆڤێك ئەگەر ئەم فەرمانبەرییە ئەنجام بدات و ئیمانیشی بە خوا و بە ڕۆژی دوایی هەبێ ئەوا ستایشی قورئانیی دەستگیر دەبێت. بەڵێ، ئایا ئەم ئایەتە پیرۆزە و هاووێنەی بەرەو لای هیوا و ئاواتی گەورە ڕامان ناکێشن؟
مرۆڤی ئێستامان، لە بری دڵڕەقیی و توندوتیژیی و لێدان و کوشتن،

پێویستییەکی زۆری بە خۆشەویستیی و شەفەقەت و وتەی شیرین و دەنگی خۆش مەشرەفی بەسۆز هەیە. کەواتە ئەوەی کە ئەمڕۆ لێمان چاوەڕوان دەکرێت بریتییە لەوەی کە باڵی بەزەیی و شەفەقەت بۆ هەموان ڕابخەین، هەتا لە ناو دڵتدا گوێت لە ناڵەیان بێت و، لەناو دەروونیشتدا هەست بە دڵەتەپە و شڵەژانیان بکەیت و، لە خۆشیی و ناخۆشییاندا بەشدارییان بکەیت. هەر کە ئەمە جێبەجێ بوو، کەواتە کارێکی گرنگ کە مرۆڤایەتیی چاوەڕوانیەتی جێبەجێ بوو.

لەم سەردەمەدا خەڵکێکی زۆر دەبینرێن، چ لە خۆرهەڵات و چ لە خۆرئاوادا - کە سەرسامان دەکات - هیدایەت وەردەگرن و ئیسلام بە دینی خۆیان هەڵئەبژێرن. هەروەها لە ناوەوە و دەرەوەی وڵاتدا گەڕانەوە بۆ لای دین بەدیی دەکرێت کە مێشکەکان سەرسام دەکات. مزگەوتەکان و جێنوێژەکان کە تا دوێنێ بوو لەیاد چووبوون، یان لە یاد کرابوون، ئەمڕۆ بوونەتە بەشێکی ئاوێتەی ژیان . لەبەر ئەوەش کە ئەم کارە گشتیی و هەمە گیرە ئەوا بە گورجیی لە هەموو سەر زەوییدا بڵاوەی کرد. جا ئەگەر ئەمە هەمووی لەم کاتەماندا بە کارێکی بەبایەخ بژمێررێ - کە ئەمەش گومانی تێدا نییە - ئەوا بەڵگەیشە لەسەر ئەوەی کە دڵەکان بە شەفەقەت دەکرێتنەوە و دائەخرێن. هەموو ئەو کارانەش کە مایەی ڕق و کینەن، لە ڕابوردوودا هیچ چاکەیەکیان لێ دەست گیر نەبووە و، لە ئێستا و ئایندەشدا هیچیان لێ دەست گیر نابێ.

لە زۆرێك لەوانەی کە بەم زوانە هیدایەتیان وەرگرتووە بیستوومە و دیویشمە کە ئەگەر ئەوانە دوێنێ بکوژرانایە، ئەوا ئەو چێژە ڕۆحییە ناسکانەیان دەست گیر نەئەبوو کە ئەمڕۆ لە ئیمانەوە سەری کردووە. هەتا ئەوانە خۆیان چەندین جار دووپاتیان دەکردەوە و دەیان وت: ((سوپاس بۆ خوا، کە لە ڕۆژانی ئاژاوە و تۆقاندندا کە وڵاتی گرتبووەوە، ئێمە وەك کەسێکی بەرەی بەرانبەر نەکوژراین، ئەگینا دنیاش و قیامەتیشمان لە کیس ئەچوون)).

ئەوەی ئەو هاوەڵە دەیڵێ کە تازە خوا هیدایەتی بۆ سەر ئیسلام داوە، ئەوپەڕی مەبەستی قووڵ دەبەخشێ، کاتێك کە ڕووی وتاری دەکاتە هاوەڵێکی تر کە گلەیی و لۆمەی دەکات لەسەر ئەوەی کە لە سەردەمی نەفامییدا یەکێ لە هاوەڵانی پێغەمبەری (صلی الله علیه وسلم) شەهید کردووە: تۆ لەسەر ئەو کارەم گلەییم لێ ئەکەی، بەڵام خوا (جل جلاله) بە دەستی من، بەوەی کە شەهیدیی دەستگیر بووە، ئەوی خستۆتە بەهەشتەوە، ئەی ئەگەر ئەو منی بکوشتایە، کە من ئەو کاتە لەسەر ڕێبازی کوفر بووم، چۆن ئەبوو؟ بەومانایەی من بە هەتاهەتایی لە ئاگردا ئەمامەوە!

هەروەها ئێوەش ئەگەر گوێ لەوانە بگرن کە لە تۆقاندن و ئاژاوەدا ڕزگاریان بووە و هیدایەتیان وەرگرتووە، خەریکی نوێژ و خواپەرستیین، هەمان دەنگ ئەبیستن. لە ڕاستییدا من بە پەرۆشەوە چاو ئەگێڕم بزانم ئەوانەی بۆ چارەسەری کارەکان پەنایان بردە بەر بەکارهێنانی توند و تیژیی، چیی دەڵێن ئەگەر ئەو تاوانبارانەی جاران ببینن وا ئەمڕۆ بە خشوعەوە لە نوێژەکانیان دا لە بەردەمی خوادا دەگرین؟

وا لە چاك ترین سەدەیشەوە، بۆ ڕوون کردنەوەی ئەم کارە، نموونەیەکی زیندوو ئەهێنمەوە:

عەمری کوڕی عاص تەمەنێکی درێژی موبارەك ژیا. ئەم فەرماندە بەجەرگە و، سیاسییە بلیمەتە، لەوبەڕی دڵەخورپەدا ئەژیا، (ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە لە سەرە مەرگدا بوو. ماوەیەکی زۆر گریا و ڕووی بۆ لای دیوارەکەوە وەرگێڕا. ئەوەبوو زانای مەزنی ئوممەتیش عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاص دەیوت:

بابە گیان! ئەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) مژدەی ئەوەی پێ نەدایت؟ ئەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) مژدەی ئەوەی پێ نەدایت؟

دەڵێت: ڕووی وەرگێڕا بۆ لامان و وتی: چاك ترین شتێك کە ئامادەمان کردبێ شەهادەتی (لاإله إلا الله و محمد رسول الله) یە. من بە سێ قۆناغدا تێپەڕیوم: ڕۆژێك بوو هیچ کەس ئەوەندەی من ڕقی لە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) نەبوو و، هیچ شتێکیش ئەوەندەی ئەوەم بە لاوە خۆش نەبوو کە توانام بوایە و بم کوشتایە. جا ئەگەر لەسەر ئەو حاڵەتە بمردبامایە ئەوا ئەهلی ئاگر ئەبووم. کاتێکیش کە خوا ئیسلامی خستە دڵمەوە هاتمە خزمەتی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) و وتم: دەستت بێنە تا بەیعەتت بدەمێ. ئەویش دەستی هێنا. دەڵێت: من دەستم کشاندەوە.

فەرمووی:

(ما لَكَ يا عَمرو؟). فەرمووی: عەمر! ئەوە چیتە؟ دەڵێ: وتم: دەمەوێ مەرج بگرم.

فەرمووی: (تشترط بماذا ؟). مەرجی چیی ئەگری؟

وتم: چاوپۆشییم لێ بکرێ .

فەرمووی: (أما عَلِمتَ أَنَّ الإسلامَ يَهدِمُ ماكانَ قَبلَهُ ، وَأَنَّ الْهِجرَةَ تَهدِمُ ما كانَ قَبلَها ، وَأَنَّ الحَجَّ يَهدِمُ ماكانَ قَبلَهُ ؟).

فەرمووی: ئەی نەت زانیوە موسڵمان بوون هەموو گوناهێکی لەوە و پێش ئەشواتەوە و، هیجرەتیش هەموو گوناهێکی لەوە و پێش ئەشواتەوە و، حەجیش هەموو گوناهێکی لەوە و پێش ئەشواتەوە؟ ئیتر کەسێکی تر نەبوو ئەوەندەی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) بەلامەوە خۆشەویست بێ و، لە دڵمدا مەزن بێ و، ئەوەندەشم بەلاوە مەزن بوو نەم ئەتوانیی تێر سەیری بکەم و، گەر داواشم لێ بکرایە تا وەصفی بکەم، نەم ئەتوانیی، چونکە بە تێر و تەسەلیی سەیرم نەکردبوو. خۆ ئەگەر لەسەر ئەو حاڵەتە بمردبامایە بە هیوا بووم ئەهلی بەهەشت بم. پاشان چەندین کاری ترمان پێ سپێررا، نازانم حاڵم تیایانا چۆنە. کە مردم با ئافرەتی شیوەنکەر و ئاگر لەگەڵ تەرمەکەمدا نەهێنرێن. کە ناشتمتان خۆڵەکە بە سەرمدا شەن بکەن، پاشان ئەوەندەی ماوەی سەربڕینی کۆمەڵە وشترێك و بەخشینەوەی گۆشتەکەیان بە دەوری قەبرەکەم دا بمێننەوە، هەتا دڵم پێتان بکرێتەوە و، بزانم چۆن وەلامی نێرراوانی پەروەردگارم بدەمەوە)[١]..

زۆرمان دیون کە سوپاس و ستایشی خوای گەورەیان کردووە بە بۆنەی ئەوەوە کە لە کاتی بەسەربردنی ئەو ماوە تاریکەدا نەمردوون و، بە ئیمانەوە ڕوویان کردۆتە خوای پاك و بێگەرد، وەك پاڕانەوەکەی عەمری کوڕی عاص خوا لێی ڕازیی بێ و سوپاس کردنی خوا کە لەو ماوەیەدا مردنی لێ دوور خستۆتەوە. جا ئەگەر بتوانین لە سووڕی دووهەم و سێهەم دا ژیانێکی پڕ لە تاسەی ئیمانیان بۆ ئامادە بکەین، ئەوا بەسەربردنی ساتە کۆتاکانی تەمەنیشیانمان بۆ مسۆگەر کردوون تا ئەویش بە سوپاس و ستایشەوە بەسەر ببرێت..

---

(١) مسلم، الإیمان : ١٩٢ .

ئەم فەرمانبەرییە سنووری بۆ نیە، بە تایبەت بۆ کەسێك کە خۆی نەزر کردبێ تا ببێتە گیان بەخشی خۆشەویستیی. فیداکارانی خۆشەویستییش ئەوانەن کە خۆیان نەزر کردووە تا خوا بەلای هەموو مرۆڤایەتییەوە خۆشەویست بکەن. ئەوانە هیچ مەبەستێکیان نیە ئەوە نەبێ کە ئەگەڕێن ڕێی خۆشەویست کردنی خوا بەلای خەڵکەوە بدۆزنەوە و، ڕێ خۆش بکەن تا خەڵك بە ژیانی نەمریی بگات. جا لەم کاتەدا ئەو فەرمانبەرییەی کە خراوەتە ئەستۆی ئەو پاڵەوانانە ڕەهەندی پڕ چالاکیی تری وەرگرتووە، چونکە زۆربەی خەڵك ژیانێك بەسەر ئەبەن کە پەیوەندیی بە خوای پاك و بێگەردەوە پچڕاوە، هەرچەندە لە ناوچەی جۆراو جۆردا گەڕانەوە بۆ لای ئیسلام دەبینرێ و، مژدەی هیوای پێیە. بۆیە ڕزگارکردنی ئەوانە لەم گێژاوە کارێکی یەکجار سەختە و، لە هەمان کاتیش دا کارێکی مەزنە. چەندە کارێکی سەخت و پڕژانە بتەوێ قسە لەگەڵ کەسێکی تەواو شێتدا بکەیت، کە لەناو گۆمێکی گەنیوی کوشندەدا نوقوم بوو بێت و پێی بڵێی: وەك جارانت ڕێك و پێك ببەرەوە، بە هەمان شێوە یەکجار سەختە ئەم بەرەیە کە لەناو ئەم گۆمەدا ئەگەوزێتەوە بە ئاگا بهێنرێت و، وریا بکرێتەوە، تا پارێزگاریی لە پاکیی ناو دڵی بکات و، پەیوەندیی خۆی لەگەڵ خوادا پتەو بکاتەوە. بگرە لەوە سەخت ترە. بەڵام ئێمە ناچارین ئەو ناڕەحەتیی و کارە سەختانە ببڕین. جا خۆشەویستیی و چاوپۆشیی کردن لەو هۆیە گرنگانەن کە یارمەتیی بڕینی ئەو ناڕەحەتییانە دەدەن. چونکە زۆربەی خەڵك ڕووبەڕووی ئەوە بۆتەوە کە یان ژیانێکی هەتا هەتایی دەست گیر ببێ، یان لە دەستی بدات. ئێمەش دەمانەوێ ژیانە هەتا هەتاییەکەیان دەست گیر ببێ. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانە هێشتا نازانن لە ناو چ مەترسییەکی گەورەدان، بۆیە

بەلایانەوە سەیرە ئێمە ئەو هەمووە کۆشش و هیممەتە بۆ ڕزگار بوونیان دەکەین، بگرە جاری وایش دەبێ لێمان زویر دەبن، یان دژمان ئەوەستن و، سەرەنجام کارێکی لەو شێوە ئەنجام دەدەن کە ببێتە هۆی لەدەست دانی ژیانی هەتا هەتاییان. لەبەر ئەمە پێویستە هەڵس و کەوتمان پێچەوانەی هەڵس و کەوت و کردەوەی ئەوان بێت. چونکە ئەگەر ئەوان لە بارودۆخی نالەباری خۆیان ئاگادار بوونایە، ئەوا هۆی بایەخ دانی ئێمە و هەوڵ و کۆششمانیان ئەزانی و، بەرەو ئێمەش هەوڵێکی گورج و گۆڵیان دەدا و، دڵەکانی ئێمەشیان لە خۆشیی و شادمانیی پڕ دەکرد، بۆیە پێویستە لەسەر بێدارکردنەوە و وریاکردنەوە بەردەوام بین، هەرچەندە ئەوان بەلایانەوە سەیر بێت و بەرهەڵستمان بکەن . پێغەمبەرانیش و، ئەولیا و ئەصفیایانیش، کە خۆر و مانگی مرۆڤایەتیین هەر وایان کردووە. بۆ نموونە:

نووحی سەردارمان سەلامی لێ بێ، چۆن هەڵ چوو و داخ چووە سکیەوە بۆ یاخیی بوونی کوڕەکەی کە سواری کەشتییەکە نەبوو لەگەڵیا، لەگەڵ ئەوەش دا کە پێی لێ داگرت، پاشانیش چۆن لە خوای پاك و باڵادەست پاڕایەوە و، هانای بۆ برد تا لە خنکاندن دەرباز بێ، هەتا ئەوەبوو شەپۆلەکە کەوتە نێوانیان[1] ؟ جا لەم کاتەی ئێستاماندا سەدان ڕووداوی وێنەی ئەمانە هەن کە هەمان داخ بە دڵمان دا ئەبەن. ئیبراهیمی سەرداریشمان سەلامی لێ بێ زۆری بەلاوە گران بوو باوکی بتی ئەپەرست و خەو نەئەچووە چاوی. ئەوە بوو بە هەموو هۆیەکی گونجاو لێی پاڕایەوە تا حەقیقەتەکانی تێ بگەیەنێ..[2] ئەم ڕەوشتەی

(١) سەیری سوورەتی (هود)، ئایەتی (٤٢، ٤٣) بکە .
(٢) سەیری سوورەتی (الأنعام)، ئایەتی (٧٤) بکە .

پێغەمبەران شتێکی زۆر فێری گیان بەخشانی خۆشەویستیی ئەم چەرخەمان دەکات.
پێغەمبەری سەرداریشمان (صلى الله عليه وسلم) ڕووی فەرمایشتی کردە ئەو مامەیەی کە بۆ ماوەی چل ساڵ پاراستی و فەرمووی:
((أي عم ! قل : لا إله إلا الله، كلمه أحاجُّ لك به عند الله))[١]. فەرمووی: مامە گیان! وشەی (لا إله إلا الله) بڵێ تا لای خوا بیکەمە بەڵگەی بەرگریی لێت.
ئەم هەڵوێستە مەزنەی پێغەمبەری خەمبار (صلى الله عليه وسلم) کە وەختە بوو بۆ هیدایەتی خەڵك، خۆی لەناو بەرێت، پێویستە هەمیشە لەبەرچاوماندا بێت و بەجێمان نەهێڵێت . چونکە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) کە قەومەکەی ئابڵووقەیان داو، بە جۆرەها چەشن ئازاریاندا، ئەو بە خۆشەویستیی و چاوپۆشیی و بەزەیی بەرانبەریان وەستا[٢]. بە خۆشەویستیی بەرانبەریان وەستا و، سەرەنجام ئەو سەرکەوت، چونکە دوای خۆی ڕێبازێکی بەجێ هێشت کە لە پردی ئەم بەرانبەر وەستان و ڕەنج و تەقالایە ئەیکردە ئەوبەر، تا ملیۆنەها کەس ژیانی هەتاهەتایی خۆیان دەست بخەن..
بەڵێ، ئەم فەرمانبەرییە بڵندە فەرمانبەرییەکە بە تەواویی بە گیان بەخشانی خۆشەویستیی و شەفەقەت سپێرراوە. فەرمانبەریی ئەوانەیە کە پشت لە چێژ و خۆشیی ژیانی خۆیان دەکەن، تا کەسانی تر لە ناز و نیعمەتدا بژین. ئەمە فەرمانبەریی ئەو کەسەیە کە هەتا خۆشیی

---

(١) البخاري، مناقب الأنصار : ٤٠، الترمذي، تفسير القرآن : ٢٨ ـ ٢٩، النسائي، الجنائز : ١٠٢ .
(٢) الهيثمي، مجمع الزوائد : ٦ / ٣٥ ؛ علي القاري، شرح الشفا للقاضي عياض: ١ / ٢٧٩ .

لە بەهەشتدا بەدیی ناکات، ئەگەر ئەندامانی کۆمەڵگەکەی بۆ سەر ڕێی بەهەشت ڕێنمایی نەکات . بە وێنەی ئەوە کە مامۆستای شەفەقەت فەرمووی: ((تەنانەت قیامەتی خۆمم کردۆتە قوربانیی لە پێناویی دەست خستنی سەلامەتیی ئیمانی کۆمەڵگەدا. ئیتر نە بەهەشت ویستن و، نە لە دۆزەخ ترسان لە دڵمدا نیە و، با سەعید، بگرە هەزار سەعیدیش، نەك ببنە قوربانیی لە پێناوی ئیمانی کۆمەڵگەی تورکییدا، کە تەنها بیست ملیۆن دەبێ، بەڵکو لە پێناوی ئیمانی کۆمەڵگەی ئیسلامییدا کە سەدان ملیۆن دەبێ. خۆ ئەگەر قورئانەکەمان کۆمەڵێکی نەبوو لەسەر زەوییدا ئاڵاکەی بەرز بکەنەوە، ئەوا من هەتا حەزم لە بەهەشتیش نیە، چونکە ئەو کاتە ئەویش بەندیخانەیەك دەبێت بۆم. ئەگەر ببینم وا ئیمانی ئوممەتەکەمان لە چاکیی و سەلامەتییدایە، ئەوا من ڕازیم لەناو کڵپەی دۆزەخدا بسووتێم، چونکە لەو کاتەدا کە لاشەم ئەسووتێ، دڵم لەوپەڕی بەختیاریی و شادمانییدا خۆی با دەدات))[1]. ئەمە خووڕەوشتی گیان بەخشانە، بەڵام خووڕەوشتی صددیقەکانیش بەم جۆرەیە: (با لاشەم ئەوەندەی پڕ بە پڕی دۆزەخ گەورە ببێ، تا جێی یەك بەندە لە بەندەکانی خوای تێدا نەبێتەوە)..

گۆڕینی ئەم وتانە و گێڕانیان بە کردەوە یەکجار سەختە، بەڵام شیاوی ئەوەیشە، تا حاڵەتێکی هەڵ چوونی ڕۆح - ئەگەرچیی ساتێك لە زەمانیش بێ - تێ بگەیەنرێت شەفەقەتێکی ئەوتۆی هەیە کە بە وێنەی فراوانیی دەریا لێوان لێوەکان فراوانە.

ئای لە شەفەقەتی پێغەمبەری بەڕێز(صلی الله علیه وسلم) چەندە

---

(١) سیرة ذاتیه لبدیع الزمان النورسی : ٤٥٧ .

گەورەیە، کاتێك کە لە ترس و لەرزی ڕۆژی حەشردا، پەی بەوە دەبات کە کەسێك لە ئوممەتەکەی وا خەریکە بچێتە دۆزەخەوە، بە پاڕانەوە و خشووع و سەجدەبردنەوە بۆ خوا، هاوار دەکات: (أمّتی، أمّتی) و، هەتا بانگی لێ نەکرێ: (یا محمد ! إرفع رأسك، سل تُعطهْ واشفع تُشَفَّعْ)[1]. واتە: ئەی موحەممەد! سەرت بەرز بکەرەوە. چیی داوا ئەکەی ئەت درێتێ و، شەفاعەتیش بۆ کێ ئەکەیت لێت وەرئەگیرێت، سەری لە سەجدەدا بەرز ناکاتەوە. ئەمە دەربڕینی شەفەقەت و بەزەییەکی بێوێنەی پێغەمبەری مەزنە (صلى الله عليه وسلم) بەرانبەر بە ئوممەتەکەی. لە هەمان کاتیشدا ئەو نموونەی گەورەترین گیان بەخشانی خۆشەویستییە. مەگەر کەسێکیش ببێتە گیان بەخشی خۆشەویستیی کە ئارەزووە مرۆڤانەکانی و، بەختەوەریی ماڵ و منداڵەکانی و، کاروبارە دنیاییەکانی خۆی لە پێناوی خەم و خەفەت و ئێش و ئازاری خەڵکدا لە یاد بچێت و، بەسەر حەزو داواکارییەکانی نەفسیدا زاڵ ببێ. بگرە ئەگەر بە ڕاستیی یەکێ نەبێ لە گیان بەخشانی خۆشەویستیی، ناتوانێ (فەرماندان بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە) بە شێوەیەکی تەواو ئەنجام بدات.

---

(١) البخاري، التوحيد : ١٣٦، تفسير القرآن : ٥، مسلم، الإيمان : ٣٢٦ -٣٢٧، الترمذي، القيامة : ١٠.

تەبلیغ بەنرخ ترین دیارییە

ئەگەر بمانەوێ لێك چوونێك لە نێوان فەرمانبەریی تەبلیغ و دابەش كردنی دیاریی نێوان خەڵكدا ڕێك بخەین، ئەتوانین ئەمە بخەینە پێش چاو:
ئێوە لە بۆنە و شاییەكاندا لە نێوان خۆتان دا دیاریی ئەبەخشنەوە و، بێگومان بەر لە پێشكەش كردنی دیارییەكە بە جوانیی بیر لە هەڵبژاردنی دەكەنەوە كە تا چ ڕادەیەك بۆ ئەو كەسەی كە پێشكەشی دەكرێت، گونجاوە. ئەمەش كارێكی ئاساییە و لە هەمان كاتێشدا بەكەڵكە. چونكە ئێوە بەم كارەتان پێویستییەك جێبەجێ دەكەن و خۆشەویستییەكیش مسۆگەر دەكەن. هەروەها كە سەردانی ئەوانە دەكەن كە لە ژیانی كۆمەڵایەتییدا هاوشانتانن و لە هەمان ڕێگادا هاوڕێتانن بە هەمان شێوەیە، بۆیە لە سەرتان پێویستە لە هەڵبژاردنی ئەوەدا كە پێشكەشیان دەكەن زۆر ورد بن. وەك لە پێشكەش كردنی دیارییەكاندا وردەكاریی دەكەن.
لەسەریشمان پێویستە لە یادمان نەچێ كە مرۆڤی ئەمڕۆ لە هەموو شتێ زیاتر پێویستیی بە: كەمێك قسەی شیرین و ئامۆژگاریی هەیە. هەروەها بە نرخ ترین دیاریی لەم كاتەدا بریتییە لە: فەرماندان بە چاكە و ڕێگریكردن لە خراپە و، یەكەم شتێكیش لە پێناوی بەجێ هێنانی ئەم فەرمانبەرییەدا، بە تەواوترین شێوە، لەسەرمان پێویست بێت ئەوەیە كە ئەو كەسەی لەگەڵی ئەدوێین، یان ئەو كەسانەی لەگەڵیان ئەدوێین

بیان ناسین و، بە جوانییش بزانین چییان پێویستە. ئەگینا وەك ئەوە وەهایە کە تۆ بتەوێ کراسێك بکەیتە بەر کەسێك کە لەو کراسە بێزار بێت و دڵی نەچێتە سەری و، شیاوی ئەو نەبێت، ئەگەرچیی لە چاك ترین و قەشەنگ ترین قوماشیش بێت. جا هەرچەندە ئەم کارە کارێکی چاکە، بەڵام دەوری کاری خراپ دەبینێ، کەواتە ئەگەر کەسێك گیرۆدەی بیرو بۆچوونی جۆراو جۆر و گومڕا ببوو، هیچ مانایەکی تیا نابێ بۆی، ئەگەر تۆ بۆ هەموو لایەکی ئاسمانە بەرزەکان سەری بخەیت، هەتا تێگەیشتن و بۆچوونەکانی پاك نەکەیتەوە. چونکە گەر کەسێك دڵی داخرابێت و ڕۆحیشی تاریکیی دایگرتبێت، چۆن ئەستێرەکانی ئاسمان لە ئاوێنەی ویژدانی ئەو کەسەدا ئەبریسکێنەوە؟ لێرەدا گرنگترین کار بریتییە لە دۆزینەوەی پێویستیی هەر مرۆڤێك، تا قسە کاری تێ بکات و وتووێژ لەگەڵیدا کەڵکی هەبێ و، لەوانەیە بیشۆکێنێتەوە و، لەوانەشە ببێتە هۆی هیدایەت دانی. لەوانەشە ئەو هەناسە هەڵ کێشانەی ئێوە، کە پڕیەتی لە ناڵەی پڕ ئێش و ژان، ببێتە هۆی پڕکردنەوەی بۆشایی مەعنەویی و، جێبەجێ کردنی پێویستیی مەعنەویی ئەو کەسە. جا هیچ دیارییەك لەو ناڵە و هانابردنانە، کە لە خەم و خەفەت پڕن، لەگەڵ قسەی نەرم و نیان کە بیخەنە سەر باری ڕاستیی، گرنگتر و بەنرختر نیە. بگرە لەوانەیە ئەو هانابردنە ببێتە هۆیەك بۆ دەستهەڵگرتنی لە هەموو هەڵس و کەوتێکی هەڵە لە ئایندەدا و، لەگەڵ قسەی نەرم و نیاندا بەرەو ڕێی ڕاست بیداتە بەر. جا ئەو دیارییەی کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ لە کردەوە خراپەکانەوە ڕوو لە کردەوەی چاك بنێ، بە تایبەت بریتییە لە فەرماندان بە چاکە و دوورە پەرێزیی کردن لە خراپە. واش دەزانم کە ئەمە چاکترین دیارییە..

ڕۆژانی ئابلۆوقەدانی خەیبەر درێژەیان کێشا، بێ ئەوەی هیچیان لێوە دەست گیر ببێ، چونکە جوولەکەی خەیبەر بە هەموو توانایانەوە بەرگرییان دەکرد . ئەوەبوو ڕۆژێکیان پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: ((لأُعطِيَنَّ الرايَةَ ـ أو قَالَ ـ لَيَأْخُذَنَّ غَداً رجُلٌ يُحِبُّهُ الله ورسوله ـ أو قالَ ـ يُحِبُّ اللهَ وَرَسولَهُ يَفتَحُ اللهُ عَلَيهِ))[1] . فەرمووی: سبەینێ ئاڵاکە ئەدەمە دەست کەسێك کە خوا و پێغەمبەر ئەویان خۆش ئەوێ، یان ئەو خوا و پێغەمبەری خۆش ئەوێن، خوا فەتحی پێ دەکات. ئەمە گەورەترین مژدە بوو بۆ هاوەڵە بەڕێزەکان، بۆیە هەریەکەیان ئاواتی بۆ ئەو پلەوپایەیە ئەخواست، ئەوەش بزانە کە هەر یەکەشیان لە هەموو کاروبارێك دا فەزڵی برا ئیماندارەکەی بەسەر خۆیدا دەدا. هەتا هی وایان هەبوو کاتێك کە پەرداخێك ئاوی پێشکەش ئەکرا تا بیخواتەوە، سەیری ئەوانەی دەوروبەری دەکرد و، بەوەی ئەوت کە ئاوەکەی هێناوە: بێبەڵا بی! چۆن من ئاو بخۆمەوە و ئەمانەش دەورەیان لێ داوم؟ بیدە بەوەیان پێت خۆشە، جا ئەگەر کاتێك هەبێت کە (إیثار)ی دروست بێ، ئەوا ئەم کاتەیە. ئەوەبوو بە تینوویەتیی گیانی دەرچوو[2]. بەم شێوەیە فەزڵی برا ئیماندارەکەی بەسەر خۆیدا دەدا، تا بتوانێ چیی خۆشەویستیی و ڕێزی لایە پێشکەشی ئەوی بکات. بەڵام ئەو فەرمایشتەی کە ئەو ڕۆژە پێغەمبەری بەڕێز (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی مژدەی زامن بوونی خۆشەویستیی خوا و پێغەمبەرە، کە هیچ کەس پێی خۆش نیە لە کیسی بچێ و، فەزڵی کەسیش لەوەدا بەسەر خۆیدا نادات.

---

(١) البخاري، الجهاد : ١٤٣، ١٢١، فضائل أصحاب النبي : ١٩، مسلم، فضائل الصحابه : ٣٥، ١٣٢، الترمذي، المناقب : ٢٠ .

(٢) سەیری : البيهقي، شعب الإيمان : ٣ / ٦١ بکە .

کورتەکەی هەریەکەیان ئەیویست خۆی ئەو پلەیەی دەست گیر ببێ. هەتا عومەری سەردارمان کە خاوەنی فیطرەتێکی دەگمەن بوو، ئەی فەرموو: (پێش ئەو ڕۆژە ئەمیرییم نەویستووە، کەچی سەرم بەرز دەکردەوە و، خۆم دەرئەخست، بە هیوای ئەوەی کە ئاڵاکە بداتە دەستم).[١] چونکە زامن بوونی خۆشەویستیی خوا و پێغەمبەرەکەی (صلى الله عليه وسلم) تێدایە. لەبەر ئەمە هاوەڵە بەڕێزەکان هەتا بەیانیی چاویان بە یەکدا نەنا، چاوەڕوانی ئەو مژدە مەزنە بوون. هەر هەموو چاوەڕوانیان دەکرد، داخۆ ئاڵاکە بە کێ بسپێررێ؟ بەیانیی زوو بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی مژدەکە بوون و، لە ڕیزی یەکەمی نوێژی بەیانیدا جێی خۆیان گرت، چونکە دوای نوێژ ئاڵاکە تەسلیم بە خاوەنی دەکرێت. هەرواش بوو، دوای ئەوەی کە پێغەمبەری بەڕێز (صلى الله عليه وسلم) نوێژی تەواو کرد، بە چاوەڕوانییەوە هەموو چاویان بڕییە ئەو: داخۆ لە نێوان ئەو دوو لێوە موبارەکەدا چ فەرمایشتێك بێتە دەرەوە؟ بەڵێ، ئەو دەمەی کە بۆنی عەتری بەهەشتی لێ بەرز دەبێتەوە هاتە فەرمایشت و ناوی ئەو کەسەی هێنا کە لە دنیادا لە هەموان بەختەوەرتر و شانسیارترە. کاتی ئەوە هاتووە ئەو مژدە مەزنە بفەرموێ، کە ئەوەتا خرۆشانیان گەیشتۆتە چڵەپۆپە. پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) بە دەنگە ناسکە پڕ شەفەقەتەکەی فەرمووی: ((أين علي ؟)). فەرمووی: عەلیی کوا؟ لێرەدا زانرا کە ئەو مرۆڤە شانسیارە عەلیی سەردارمانە خوا لێی ڕازیی بێ. بەڵام هێشتا هیوایەك ماوە بەلای هاوەڵە بەڕێزەکانەوە، کە ئەویش ئامادە نەبوونی عەلیی سەردارمانە، بە هۆی ئەوەوە کە چاوی

(١) المسند، أحمد بن حنبل : ٢ / ٣٨٤، إبن سعد، الطبقات : ٢ / ١١٠ .

ژانی دەکرد. ئەوەبوو بەو هیوایەوە وەڵامی پێغەمبەریان (صلی الله علیه وسلم) دایەوە: ئەمەتا لێرەیە نەخۆشە و پاڵ کەوتووە. پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بانگی کرد و، دوای ئەوەی کە پەنجەی موبارەکی خستە ناو دەمی موبارەکی خۆیەوە، هێنای بە چاوی عەلی سەردارماندا و، بەڕادەیەك ئەو چاوەی چاك بوویەوە کە بە درێژایی ژیانی ئازاری نەبوو..

بەم شێوەیە ئاڵاکە خاوەنی شانسیاری خۆی دۆزییەوە. عەلی سەرداریشمان ئاڵاکەی وەرگرت و بەرەو خەیبەر کەوتە ڕێ. بەڵام لە ناکاودا وەستا و لە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) پرسیاری کرد کە لەسەر چیی لەگەڵیان بجەنگێین؟ بۆ چییان بانگ بکەین؟ (سید الکونین) یش (صلی الله علیه وسلم) وەڵامی دایەوە:

(أُنفُذ عَلى رِسلِكَ حَتى تَنـزِلَ بِساحَتِهِم ثُمَّ ادْعُهُم إلى الإسلامِ وَأَخبِرهُم بِما يَجِبُ عَلَيهِم مِن حَقِّ اللهِ فِيه ، فَوَاللهِ لإن يَهدِيَ اللهُ بِكَ رَجُلاً وَاحِداً خَيرٌ لَكَ مِن أَن يَكونَ لَكَ حُمرُ النعم)[١].

فەرمووی: لەسەر خۆ بڕۆ هەتا دەگەیتە بەر دەمیان، پاشان بانگیان بکە بۆ سەر ئیسلام و، هەواڵیشیان بدەرێ کە چ مافێکی خوایان لەسەرە. دە بەخوا ئەگەر بە دەستی تۆ خوا هیدایەتی تاقە پیاوێك بدات لەوە چاکترە کە گەلە وشتری ڕەسەنت هەبێت.

ئیتر لەو کاتەوە، سوپای ئیسلام هەر کاتێك چووبێتە شوێنێکەوە، دەنگدانەوەی ئەو فەرمانەی پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم)لە گوێی هەر سەربازێکدا زرنگاوەتەوە و، ئەویش بە واجبێکی وەرگرتووە کە پێویستە جێبەجێی بکات.

---

(١) البخاري، فضائل أصحاب النبي : ١٩، مسلم، فضائل الصحابه : ٣٤ .

جا لە سەردەمە پێشووەکان دا یاسای فەرماندان بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە بە پێی ئەم فەرموودە شەریفە و فەرموودە هاوێنەکانی لە لایەکەوە و، بە پێی ئەوەی کە پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) لە ژیانیدا ئەنجامیدا لە لایەکی ترەوە، جێ بەجێ کرا. بەومانایەی پێشڕەوانی ئیرشاد کە ئەچنە ئەو وڵاتەوە کە فەتح کراوە، حەق بڵاو دەکەنەوە و بۆ قازانجی موسڵمانان دەوروبەر ڕێك بکەن. جا ئەگەر دانیشتوانی ئەو وڵاتە بە دەم کارەکەوە هاتن ئەوا دێنە ناو دینی ئیسلامەوە و، وڵاتەکەشیان بە (دار الإسلام) ئەژمێررێ. بەڵام ئەگەر بەرگرییان کرد و، بەرهەڵستی مورشیدانیان کرد و، بوونە کۆسپی بەردەمی بڵاوبوونەوەی ئیسلام، ئەوا بە پێی ئەو یاسایانەی کە لە پێشەوە باسمان کردن، بە فەتح کردن کارەکە کۆتایی پێ ئەهێنرێ. واتە یەکەمجار ئیسلام ئەگەیەنن، چونکە بە یەقینیی دەزانن کە ئیرشادکردنی تاقە پیاوێك لە بەخشینی پڕ بە پڕی زەویی لە گەلە وشتری ڕەسەن لە پێناوی خوادا چاکترە.

لێرەوە دەبینین کە جوانترین دیارییەك کە موسڵمان بە ناوی مرۆڤایەتییەوە پێشکەشی بکات، بریتییە لە جێ بەجێکردنی فەرمانبەریی فەرماندان بە چاکە و ڕێگریکردنی لە خراپە. بەڵێ، ئەنجامدانی ئەم فەرمانبەرییە بە چاکیی و نەرم و نیانیی گەورەترین و بەنرخ ترین دیارییە.

تەبلیغ پێویستیی بە بەردەوامییە

لە ڕاستییدا فەرمانبەریی فەرماندان بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە پێویستیی بە بەردەوامیی و دامەزراویی هەیە.

جا ئەم ئایەتە پیرۆزە ئەم کارە ڕوون دەکاتەوە و دەفەرموێ:

﴿ كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ ... ﴾ (آل عمران: ١١٠) جا ئەگەر بە جوانیی لە دارشتنەکانی ئایەتە پیرۆزەکە ورد ببینەوە قورئانیەتیی ئەو کارانەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە باسمان کردن.

وشەی (كُنتُمْ) یانێ (أصبحتم) واتە: ئێوە بوونەتە، نەك لەوە و پێش ئێوە وەها بووبن. جا هەڵبژاردنی ئەم وشەیە مەبەستێکی وردی هەیە. بەومانایەی (کینونە) واتە بوون هاتۆتە دیی. بەومانایەی ئێوە ئاوەهاتان لێ هاتووە. بەڵام لە ئەزەلەوە وەها نەبوون. چونکە دیارە ئەو چۆنیەتەی کە لە ئەزەلەوە پەیدا بووە تیا ناچێت. بەڵکو ئەوەی کە تیا ئەچێ ئەوەیە کە دێتە بوون و بارودۆخی بەسەردا دێت. بەومانایەی بەردەوامیی و دامەزراویی ئەو بارودۆخە بەستراوە بە بوونی ئەو زرووفەوە کە ئەو حاڵەتە دەست ئەخات.

(كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ) واتە لەنێو ئوممەتاندا ئێوە بوونەتە چاك ترین ئوممەت. جا ئەم ڕوودانە، بە دەست هێنانی ڕووداوێکی لاوەکییە، واتە

تیاچوونیشی مومکینە. چونکە بە هیچ شێوەیەك خێر لە خۆیەتیی خۆماندا هەڵ نەقولاوە و، لە نێوان ئێمە و منداڵێکیشدا کە لە مۆسکۆ یان شوێنانی تردا لەدایك بووبێ جیاوازیی نیە و، هەر هەمووومان لە دڵۆپێك ئاو بەدیی هێنراوین و، تەنها کارمەندێکی مەعنەویی و کاریگەرییەکی لاوەکیی ڕووی کیانی مەعنەویی و ماهییەتمان دەکاتە چاکە، بە جۆرێك کە لە خەڵکیی تر جیامان بکاتەوە. لێرەدا مەبەست لە (ئێمە) هەر هەموو (ئوممەت)ە. جا ئەم ئوممەتە لە ئەزەلەوە هەروا چاکترین ئوممەت نەبووە، بەڵکو ئەم (چاکیی) یەی پێ بەخشراوە، نەك لێی جوێ نەبێتەوە. ئەوەندە هەیە چەند حاڵەتێکی بەجێ هێناوە و بۆتە چاکترین ئوممەت. واتە کە بۆتە چاکترین ئوممەت ئەوە ناگەیەنێ کە بە هەمیشەیی ئاوەها دەمێنێتەوە. جا ئەگەر ئەم ئوممەتە پارێزگاریی لەو حاڵەتانە نەکات کە لە چاکترین ئوممەتیان گێڕاوە، ئەوا ئەو ((چاکی)) یە لە دەست دەدات..

مەرجی یەکەمیش بۆ ئەو چاکییە ئەمەیە:

(تَأْمُرُونَ بِٱلْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ).

بەومانایەی ئەگەر ئێوە فەرمانتان بە چاکەدا و ڕێگریتان لە خراپە کرد، ئەوا ئێوە دەبنە چاك ترین ئوممەت. بەڵام با تێگەیشتنی پێچەوانەش بۆ ئایەتە پیرۆزەکە ببینین کە ئەمەیە: ئەگەر ئێوە کاری فەرماندان بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە جێبەجێ نەکەن، ئەوا دەبنە خراپترین ئوممەت. ئەوەش کە پشتگیریی ئەم مانایە دەکات فەرموودەی شەریفی زۆر و چەندین ڕیوایەتن کە پەیوەندییان بە هاوەڵە بەڕێزەکانەوە هەیە. بۆ نموونە:

ئەم ئوممەتە کە فەزڵی ئەدرا بەسەر ئوممەتانی تردا، بەوەی کە

ئاوزەنگیی پاڵەوانەکانی ماچ ئەکرا، هەتا فەرمانی بە چاکە دەدا و، ڕێگری لە خراپە دەکرد، خاوەنی دەسەڵات و سەری بەرز بوو. بەڵام کە دەستبەرداری ئەم فەرمانبەرییە پیرۆزە بوو، زەلیل و سووك بوو و، ئەپاڕایەوە تا ئاوزەنگیی ئوممەتانی تر ماچ بکات. لەوانەیشە هۆی سەرەکیی ئەم زەلیلیی و سووکییەی کە جیهانی ئیسلامیی ئەیچەژێ، بەڕادەیەك کە لە ئاستە کۆمەڵایەتییە جۆربەجۆرەکاندا هیچ ئاوڕێکی لێ نادرێتەوە، کەمتەرخەمییکردنی بێ لەم ئەرکە ژیانییەدا.

بەڵێ هەر بەوەی کە ئەم ئەرکە مەزنە مافی خۆی پێ نەدرێ، بەرەکەتی وەحی هەڵ ئەگیرێت و، بیر و بۆچوونەکان تاساو و نەزۆك دەرئەچن و، دادوەرییە عەقڵییەکانیش لاواز و بێپێز و بێکاریگەریی دەبن و، هەر وتەیەکیش لە دەمت بێتە دەرەوە وشك و بێکەڵك دەبێ و، جگە لەو نادیارییەی کە وا تیایا هیچ شوێنەوارێك بەجێ ناهێڵێ، بەڕادەیەك نمەیەکی حەقیقەتی تێدا نامێنێت. هەموو ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە بەرەکەتی وەحی هەڵگیراوە. هەر کاتێکیش سەرچاوەی ئیلهام لە بیرکردنەوە و تێڕاماندا بپچڕێ، ئەوا هەتا لە زانستە ماددییە تەکنۆلۆجیەکانیشدا دەست بە پاشەکشە و تێشکان دەکرێت.

موحتاج بوونی موسڵمانە بێبەشەکانی بەرەکەتی وەحی، بۆ غەیری خۆیان لە هەموو مەیدان و گۆڕەپانێکدا، هەتا وایان لێ هات بوونە سواڵکەری دەرگای ئەم و ئەو و، چاوەڕوانی دەستیان بن، بووە قەدەرێکی دیارییکراوی نەگۆڕاو. لە ڕاستییشدا سەرەتای تێك شکان و داڕمانمان لەگەڵ هەرەس هێنانی ناوەوەمان دا هاوکاتە.

لە بەشەکانی داهاتووشدا هەوڵ دەدەین ئەم مەسەلەیە بە نموونەی جۆراو جۆری زۆر ڕوون بکەینەوە. ئێستاش ئەگەڕێینەوە سەر باسەکە

بۆ ئەوەی یەکە یەکە ئەو بابەتانە وەربگرین کە لە ئایەتەکەدا هەن: باسی ئەوەمان کرد کە ئەرکی فەرماندان بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە پێویستیی بە بەردەوامیی و دامەزراویی هەیە، وەك ئایەتی پیرۆزی:

(تَأْمُرُونَ بِٱلْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ) ئاماژەی بۆ دەکات.

هەروەها ئەم فەرموودە شەریفەش پشت گیریی ئەم مانایە دەکات:

((مَن رَأَى مِنكُم مُنكراً فَليُغَيِّرهُ بِيَدِهِ ، فَإن لَمْ يَستَطِع فَبِلِسانِهِ ، فَإن لَم يَستَطِع فَبِقَلبِهِ ، وَذلِكَ أَضعَفُ الإيمانِ))[1] .

(منکر)یش بریتییە لە هەر کارێك کە ئیسلام بە ناشیرینی دابنێ. لەبەر ئەوە کاتێك کە موسڵمان بەرەو ڕووی کارێك دەبێتەوە کە ئیسلام بە ناشیرینی دابنێ، یەکەم کارێك کە لەسەری پێویست بێت ئەنجامی بدات ئەوەیە کە ئەو کارە خراپە بگۆڕێ. ئەوەی کە گرنگ بێت ئەوەیە هەوڵ بۆ ئەو گۆڕینە بدرێ، چونکە پێویستی بە بەردەوامی و دامەزراویی هەیە و، ئیمانداریش لە گۆڕینی ئەو کارە خراپەدا پێویستە لەسەری یەکەمجار بەدەست بیگۆڕێ. جا ئەگەر بە دەستی نەیتوانیی، با بە زمانی، سا ئیتر بە وتن بێ، یان بە نووسین. ئەگەر بەویش نەیتوانیی با بە دڵ، واتە ڕقی لەو کارە خراپە بێت و، ئەوەش لاوازترین پلەی ئیمانە. ئیتر لەوەش بەو لاوە ئەوەندەی تۆو خەرتەلەیەك ئیمانی نیە. چونکە ئەوە دەگەیەنێ کە بەو کارە خراپە بینراوە ڕازییە.

بەڵام ناڕەزایی دڵ و ڕق لێبوونی دەکرێت بەم شێوەیە لێی تێ بگەین: گەر کەسێك توورە بوو و ڕقی لە کەسێك هەستا، هەتا دەتوانێ هەوڵ دەدا لە کۆڕێکدا پێکەوە دانەنیشن و، هیچ بیر و ڕایەکی لەگەڵدا

---

(١) مسلم، الإيمان : ٧٨، الترمذي، الفتن : ١١ .

نەگۆڕێتەوە. چونکە خۆش ویستن و دژایەتیی لە یەك کاتدا، لە دڵێکدا کۆ نابنەوە و، مرۆڤیش دڵ نادا بە کەسێك کە ڕقی لێی بێت. جا ئەو ئیماندارەی کە لە کردەوەیەکی خراپ تووڕەیە و ڕقی لێ دەبێتەوە، توند و تۆڵیی ڕۆحیی و هێزی مەعنەویی خۆی دەپارێزێ. بەڵام ڕازیی بوون بەم بڕە هەڵچوونە، هەموو ئەوە نیە کە لە ئیماندار داوا کراوە، بگرە ئەم ڕق لێبوونە دڵییە، پێویستە کردەوەیەکی بە زمان یان بە دەستی بە دوایدا بێت. بە مەرجێ ئەو دوورکەوتنەوە دڵیە هەندەکییە لە خراپە، نیشانەی بوونی ئیمانە. چونکە هەر کارێکی خراپ کە ئیسلام پەسەندی نەکات، هەرگیز هیچ ئیماندارێکیش پەسەندی ناکات، هەتا ئەگەر ئیماندار لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە ئەو کارە خراپە ئەنجام دەدەن ژیان بداتە سەر، دەبێ ئەو ناتەواویی و کەم و کورییەیان تێدا ببینێ، ئەگینا لەوان ئەژمێررێ. بۆ ئەمە ئیماندار هەمیشە لە توند و تۆڵیی ڕۆحیی و هێزی ئیمانیی بەرزدا دەبێت. لە ڕاستییدا بەو ئایەتە پیرۆزە و فەرموودە شەریفەی کە هێنانمانەوە ئەم کارەمان فێر دەکەن.

بەڵێ، لەوانەیە هەندێ جار مرۆڤ ئەم ئەرکە بە دەست و زمان لەگەڵ ژنەکەی و منداڵەکانیدا ئەنجام بدات، ئەو کاتە دەست و زمانی دێنە گۆ. بەڵام لەو شوێنانەدا کە دەست ناتوانێ بێتە گۆ پێویستە ئەم ئەرکە بە زمان ئەنجام بدرێت. ئەم ڕێگەیەش بە زۆریی لەگەڵ نزیکەکان دا جێ بەجێ دەکرێت. خۆ ئەگەر پیاو ئەمەیشی لێ نەهات ئەوا پێویستە بە پەیوەندیی دڵ لەگەڵیان بژیی. ئەمەش دەگونجێ واتایەك لە واتاکانی دابڕینی پێ بوترێ. چونکە ئەوەی کە کاری خراپ ئەنجام دەدات پەیوەندیی لەگەڵ پەروەردگاری خۆیدا پچڕاندووە. ئیمانداریش ڕێبازی دابڕین لەگەڵ کەسێکدا دەگرێتە بەر

کە پەیوەندیی لەگەڵ خوای خۆیدا پچڕاندبێ و، بە تەواویی لە هەموو ئەو شتانە دوور دەکەوێتەوە کە ئاماژە بە ڕێز و ئیحترامی ئەو بدەن. چونکە ئەو ئیمانداره ناچارە پەیوەندیی خۆی لەگەڵ ئەو جۆرانەدا بە پێی پەیوەندییان لەگەڵ پەروەردگاریاندا ڕێك بخات. واتە پێویستە بە پەیوەندییان لەگەڵ پەروەردگاریاندا ڕێك بخات. واتە پێویستە بە پەیوەندییەکانی نێوان خۆی و ئەوانەدا بچێتەوە کە پەیوەندییان لەگەڵ خوا و پێغەمبەرەکەیدا پچڕاندووە.

هاوەڵە بەڕێزەکانیش وەها بوون و، ئەم فەرمایشتەی عومەری سەرداریشمان خوا لێی ڕازیی بێ نموونەیەکە بۆ ئەمەی کە باسمان کرد. کاتێك کە ڕاوێژکردن دەربارەی دیلەکانی بەدر بەردەوام بوو و، پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) پێی فەرموو: ((ما ترى يا ابن الخطاب؟)). فەرمووی: کوڕی خەططاب ئەی تۆ ڕات چۆنە؟ فەرمووی: نا بە خوا ئەی پێغەمبەری خوا ! من ئەو ڕایەی ئەبوبەکرم نیە، من ڕام وایە ماوەمان بدەیت بدەین لە ملیان. ماوەی عەلی بدەی بۆ عەقیل تا لە ملی بدات و، ماوەی منیش بدەی بۆ فلانەکەس، - خزمێکی عومەر خۆی - تا لە ملی بدەم، چونکە ئەوانە پێشەوا و بەجەرگی کوفرن[١].

جا هەرچەندە لە ڕاوێژەکەدا ئەم ڕایە وەرنەگیرا، بەڵام شێوازێکە شیاوی ئەوەیە، بۆ دەرخستنی ڕەفتاری ئیماندار بەرانبەر بە کردەوەی خراپ، لەبەر دەمیدا بووەستین، هەرچەندە جێبەجێ نەکرا ..

ئیمانداریش چەندێتیی ڕادەی پەیوەندیی بەرانبەرەکەی بە خواوە دەکاتە پێوانەی پەیوەندیی خۆی لەگەڵیا. ئیتر بە واتایەکی ڕاستەقینە نابێتە دۆستی گیانیی بە گیانیی ئەوانەی کە پەیوەندییان لەگەڵ

(١) مسلم، الجهاد : ٥٨، المسند : ١ / ٣٠ - ٣٢ .

پەروەردگاریاندا پچڕاوە و، پەیوەندیی پتەوی لەگەڵدا نابەستێ. لای خواڕووی نیشانەی ئەمەش بریتییە لە ڕق بوونەوەی دڵ لە کاری خراپە و، بەردەوام بوونی ئەم دڵ هەڵ چوونە. بۆیە ئێمەش ناچارین وەك هاوەڵە بەڕێزەکان بجووڵێینەوە. جا ئەگەر خۆشەویستیی خوا و خۆشەوستیی پێغەمبەرەکەی لە تایەکی ترازوودا و، خۆشویستنی خزم و نزیکی دوور لە خواکانمان لە تاکەی تریدا بوو، پێویستە لە دڵمان دا بەوپەڕی سەنگینییەوە هەست بە خۆشەویستیی خوا و پێغەمبەرەکەی بکرێت.

کارەکەش هەر تەنها بریتیی نیە لە خۆشەویستیی، بەڵکو پێویستە لە ڕێبازی فەرماندان بە چاکە و دوورەپەرێزیی کردن لە خراپەدا حەق و حەقیقەت لە ژووڕووی هەموو شتێکەوە بن و، دەست یان زمانیش بە پێی توانیین بەکار بهێنرێن، جا ئەگەر مرۆڤ بۆ ئەوە هەمووی توانای نەبوو، ئەوا پەیوەندییە دڵییەکەی ئەپچڕێنێ و، پیاچوونەوەیەکی پەیوەندییەکانی خۆشەویستیی نێوان خۆی و بەرانبەرەکەی دەکات. جا با ئەوەش بزانرێت کە ئەگەر پەیوەندیی لەگەڵ هەر کەسێکدا دژی ئەو پەیوەندییە بێت کە لەگەڵ خوا و پێغەمبەرەکەیدا بەستراوە و پێچەوانەی بێت، ئەوا بە هەمیشەیی ئەو کەسە کارەکە بەسەریدا ئەشکێتەوە و لەناوی دەبات.

لایەکەی تری ئەم کارە ئەوەیە کە کارێکی گشتگیرە. بەومانایەی بەردەوام بوونی ئەرکی فەرماندان بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپەش لە ئەرکەکانی سەرشانی دەوڵەتە. چونکە دەوڵەت وا لە جێی گۆڕینی خراپەدا بە دەست. لەبەر ئەوەی ئەو توانای هەیە کارە خراپەکان وەك داوێن پیسیی و عەرەق و قومار و ئیحتیکار و هاوشێوەیان بە دەست بگۆڕێ. هەندێ شوێن هەن هەرگیز دەستی تاکەکەسیان ناگاتێ،

بەڵام دەستی دەوڵەتی ئەگاتێ. تاکەکەس بۆی ناگونجێ سزای زیناکەر و عەرەق خۆر و قومارکەر بدات و، ناشتوانێ بە دەستی ئەو خراپانەیان واز پێ بهێنێ.
لە پێشەوە باسی مەیدانی خۆتێهەڵقورتاندنی تاکە کەسمان کرد. بەڵام لێرەدا باسی مرۆڤی جیهانی دەرەوە دەکەین. ئەم کارە لەم شوێنەدا دەوڵەت دەیگرێتە ئەستۆ، چونکە لە چوار چێوەی خراپەگۆڕینی تاکەکەسدا نیە. بەڵکو ئەمە لە ئەرکەکانی سەرشانی دەوڵەتە و، هەتا ئەو دەوڵەتە ما بێت لەسەری پێویستە ئەنجامی بدات. جا ئەگەر دەوڵەت جڵەوی ئەم کارەی شل کرد، ئەوا گەل بۆ نموونە لە هەڵبژاردندا، ئەو ئەرکە ڕوون دەکاتەوە و وەبیری دەوڵەتی ئەهێنێتەوە. ئەمەش - لەلایەکەوە - بەشێك لە فەرماندان بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە دێنێتە دیی، با لە چاکترین سەدەیشەوە نموونەیەك بهێنینەوە:
سەعدی کوڕی ئەبووەققاص خوا لێی ڕازیی بێ کە یەکێکە لەو دە کەسەی مژدەی بەهەشتیان پێ دراوە و،[1] فەرماندەی گشتیی ئەو سوپایەشە کە لە سەردەمی عومەری کوڕی خەططاب دا خوا لێی ڕازیی بێ ئێرانی فەتح کردووە، دەبێتە والیی ئەو وڵاتانەی کە فەتحی کردوون: خەڵکەکە شکاتی سەعدیان بەلای عومەری سەردارمانەوە کرد کە لە دەرگاکەیدا پاسەوانی داناوە، کە پێویستە لە نێوان والیی و خەڵکەکەدا هیچ شتێك نەبێتە ڕێگر. کاتێکیش کە عومەری سەردارمان پرسیی: ئایا شکاتی ترتان هەیە لێی؟ وتیان: سەعد نازانێ نوێژ بەجێ بهێنێ!![2] بە ڕای ئەوان، چونکە

(١) إبن الأثیر، أسد الغابة : ٢ / ٣٦٦، إبن عبدالبر، الإستیعاب : ٢ / ٥١٣، إبن حجر، الإصابە : ٣ / ٧٣ .
(٢) البخاري، الأذان : ٩٥، مسلم، الصلاة : ١٥٨، المسند : ١ / ١٨٠، ١٧٩، ١٧٦ .

ناتوانین ئەوە وەربگرین یان دانی پیا بنێین کە هاوەڵێکی مەزنی وەك سەعد نەزانێ نوێژ بە ڕوکنەکانیەوە بە جوانیی بەجێ بهێنێ، بەڵام ئەوەی ئێمە دەمانەوێ لەسەری بوەستین ئەوەیە دەری بخەین چۆن خەڵکیی توانیویانە چاودێریی دەوڵەت بکەن و ڕاستیشی بکەنەوە. کەواتە هەمیشە گەل دەوڵەت ڕاست دەکاتەوە و، دەوڵەتیش لەلایەن خۆیەوە چاودێریی گەل دەکات و، بە هۆی ئەوەوە کاری خۆیشی ڕێك و پێك دەبێت. بەمە کارەکانِ ڕێك دەبن و، عەدالەتیش پارێزراو دەبێت، چونکە هەروەك گەل لە ئەنجام دانی کردەوە خراپەکان ڕزگار دەبێت، هەروەها دەوڵەتیش لە کەوتنە ناویان ڕزگاری دەبێت.

جا ئەگەر لە ناو ئەم چوارچێوانەدا جیهانی ئیسلامیی ئێستامان هەڵ سەنگاند، ئەوا ناتوانین بڵێین دەوڵەت، هەروەها خەڵکییش ئەو ئەرکەی کە لەسەر شانیانە ئەنجامی دەدەن. کەواتە لەم کاتەدا خەڵکیی هەموو جۆرە کردەوەیەکی سووکیان لە دەست دەرئەچێ و، دەوڵەتەکانیش لە هەڵوێستی گوێپێنەدان دان و، سەیر دەکەن. هەتا بە ناو و ناونیشانی جۆرا و جۆر، بۆ پاراستنی ئەو کارە خراپانە، یاسا دەردەکەن. ڕوونترین نموونەش لەسەر ئەوە، ئەو هەموو کردەوە خراپانەن کە ئێستە لە دەوڵەتە جیاجیاکان دا ئەنجام ئەدرێن، دیارە فەرمانبەریی بنەڕەتیی ئەو دەوڵەتانەش بریتییە لە قەدەغەکردنی خراپەکان و سنووردانان بۆ بەدڕەوشتیی. جا لە پێناوی جێبەجێکردنی ئەم ئەرکەدا، واتە قەدەغەکردنی کردەوە خراپەکان، یاسای دەست کۆتاکەر بەکار ئەهێنێت، چونکە تاکەکەس ناتوانێ سزای دز بدات، یان حەدد بۆ زیناکەر جێبەجێ بکات. بگرە ناتوانێ هیچ حەددێکی جەزائیی بە ناوی خۆیەوە ئەنجام بدات. خۆ ئەگەر هەموو کەسێك (حەدد) لەسەر بەرانبەرەکەی جێ بەجێ بکات، ئەوە دەبێتە مایەی ئاژاوە و شێوانی

ڕژێم. لێرەدا ئەتوانین بگەینە ئەم ئەنجامە:
فەرماندان بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە سنوورێکی هەیە کە تایبەتە بە دەوڵەتەوە و، تاکەکەس بۆی نیە بیبەزێنێ و، سنوورێکیشی هەیە کە تایبەتە بە تاکەکانەوە و، دەتوانن بە دڵ و بە زمان ئەنجامی بدەن.
بۆ نموونە: تێگەیاندنی خەڵك لە ئاکامی پڕ لە زیانی زینا و قومار و دزیی و سوو و ئیحتیکار و، کۆشش کردن بۆ ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی ئەم جۆرە کردەوە خراپانە لە ناو کۆمەڵدا، فەرمانبەریی و لێپرسراویی کۆمەڵایەتیی هەموو تاکێکە. بەومانایەی ئەوە کە خراپەگۆڕین بە دەست، تایبەتە بە پیاوانی دەوڵەتەوە، کەچی خراپەگۆڕین بە زمان فەرمانبەریی هەموو ئیماندارێکە و، ئەم فەرمانبەرییەش زیاتر لە هەموو کەس پەیوەندیی بە زانایانەوە هەیە.
بەڵام ئەوانەی کە بە دۆخی سێهەم ڕازیی دەبن، واتە ڕق لێ بوونەوەی ئەو خراپانە بە دڵ، ئەوانە لە ئەنجامدانی ئەرکەکەدا بە شێوەی چاك دەستەوسانن. جا ئەگەر ئوممەت هەر هەمووی، بەرانبەر بەو کردەوە خراپانەی کە لە جیهاندا ئەنجام ئەدرێن، بە ڕق لێ بوونەوەی دڵ ڕازیی بێ، ئەوا ئەو ئوممەتە ئوممەتێکی دەستەوسانی کلۆڵی هەژارە.
ئەشگونجێ ئەم ئەرکە، وەك لەوەو پێش دابەشمان کرد بەسەر ئوممەتدا، بەسەر تاکەکەسیش خۆیدا دابەشی بکەین..
هەندێ شوێن هەیە کە تاکەکەس ئەرکی خۆی بە دەست جێ بەجێ دەکات. بۆ نموونە: شوێنێکی قومار کە لەلایەن دەوڵەتەوە مۆڵەتی پێ نەدرابێ، ئەگەر کەسێك بچێ بۆ لای خاوەنی ئەو شوێنە و پێی ڕابگەیەنێ کە من دەربارەی ئێوە هەواڵ بە دەوڵەت ئەدەم، ئەوە دەگەیەنێ - لە ڕوویەکەوە - کە ئەوە لابردنی خراپەیە بە دەست. بەڵام ئەگەر شوێنەکە لەلایەن دەوڵەتەوە مۆڵەتی پێ درا بوو و، ئەو کەسەش

نەیئەتوانیی ئەو خراپەیە لابەرێت، ئەوا لەسەری پێویستە بە نەرمیی خاوەنی ئەو شوێنە تێ بگەیەنێ کە ئەو کارە خراپە. خۆ ئەگەر ئەوەشی نەتوانیی ئەوا لەسەری پێویستە دەربارەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەو کەسەدا، واتە خاوەنی شوێنەکە، بە خۆیدا بچێتەوە و، پەیوەندیی دڵیی لەگەڵیدا بپچڕێنێ و کەسانی تریش ئاگادار بکاتەوە کە ئەوانیش هەمان هەڵوێست وەربگرن. ئیتر دوای ئەوە چوارەم چارە نیە.

لەمەو پێش بە جوانیی ڕوون بوویەوە کە مانای وشەی ((کنتم)) لە ئایەتە پیرۆزەکەدا واتە ((أصبحتم - ئێوە بوونەتە))، کە ئەمەش بەردەوامیی و دامەزراویی دەگەیەنێ و، لە هەموو حاڵەتێکدا هەردووکیان هەن.

کەواتە ئەگەر دەوڵەتیش و ئوممەتیش هەر هەمووی ئەو واجبە پیرۆزەیان پشت گوێ خست، ئەوا ئێمە لەسەرمان پێویستە بە زمانیش و بە دڵیش نارەزایی لە کردەوەی خراپ دەرببڕین. بەڵام پێویستە لە بیرمان نەچێت کە (سەرکەوتن بەسەر مرۆڤە مەدەنییە پێشکەوتووەکاندا بە قەناعەت دەبێت، نەك بە زۆر)[1].

(١) سعید النورسی، صیقل الإسلام : ٥٢٧ .

٥

لایەنەکانی تەبلیغ کە ڕوو لە خوای پاك و بێگەرد و، لە بەدیی هێنراوان دەکەن

ئەرکی فەرماندان بە چاکە و دووره‌پەرێزیی لە خراپە یان لە ڕێی خوادا جێبەجێ دەکرێت، یان بە پێی ئەو شەریعەتەی کە خوا ناردوویەتی بۆ بەجێ هێنانی حەق و ڕاستیی لە نێوان خەڵکدا، جێبەجێ دەکرێت..
بە ڕاستیی لێپرسراوێتیی تەبلیغ و ئیرشاد ئەرکی سەرشانی هەموو کەسێکە لەبەردەم پەروەردگاریدا. بۆیە هەموو کەسێك لەسەری پێویستە بڕوای وەها بێ کە ئەم فەرمانبەرییە خراوەتە ئەستۆی و، چۆن هەوڵدەدا بۆ بەجێهێنانی نوێژ، وەهاش بۆ بەجێهێنانی ئەو هەوڵ بدات، بە تایبەت کە ئەم فەرمانبەرییە، فەرماندان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە، بەڕادەیەك پشتگوێ خراوە کە خراپکارییەکان هەموو شوێنێکیان داگیر کردووە. ئەم ئەرکە مەزنەش گرنگییەکی زیاتری لە فەرزە کەسییەکان دەست خستووە، چونکە هەتا ئەم ئەرکە ئەنجام نەدرێ، توانای باس کردنی نوێژ و زەکات و حەج نابێت. بە تایبەت لەو سەردەمە تاریکانەدا کە ڕەواج بە خراپکارییەکان ئەدرێت و، چاکەکارییەکان قەدەغە دەکرێتن. جا لەم حاڵەتەدا ئوممەت هەر هەمووی لێپرسراو دەبێت.
لەم ڕۆژەشماندا پێنازانم ئەرکێکی تر هەبێ کە لەم ئەرکە مەزنتر بێ. لەبەر ئەوە بڕوام وەهایە کە هەر کەسێ ژیانی بۆ خزمەتی ئەم

ئەرکە نەزر کردبێ، ئەوا بە کۆمەکیی خوا، دنیاش و قیامەتیشی ئاوەدان دەبن، کەواتە هەموو کەسێك ناچارە ئەم ئەرکەی کە خراوەتە ئەستۆی بە ئەنجام بگەیەنێ، سا ئیتر بە تێگەیاندن بێ، یان بە نووسین، یان بە کتێب دانان. جا بە هەر ڕێیەك بووە با ئەنجامی بدات، بەڵام لەسەری پێویستە بۆ ڕەزامەندیی خوا ئەنجامی بدات، دوور لە مەبەستی سیاسیی. دیاریشە کاریگەریی و بەردەوامیی ئەم کارە بە پێی ڕێژەی ئەو ئیخلاصەیە کە وا لە کارەکەدا و، ئەوەندەی خۆ بەرزگرتنیشیەتی لە مەبەستە سیاسییەکان، ئیتر ناگونجێ ئەم کارە بەرز و بڵندە بەبێ ئیخلاص بەرهەمی خۆی بدات، سەرەڕای ئەوەش کە بە هۆی نەبوونی ئیخلاصەوە لە قیامەتدا کارەکە دەبێتەوە مایەی ئاکام بەدیی بۆ خاوەنەکەی. لەبەر ئەوە ئەوەی ئەم ئەرکە، ئەرکی فەرماندان بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە ئەنجام دەدات، لەسەری پێویستە بە پێی ناوەڕۆکی ئەم فەرموودەیە ئەنجامی بدات:

(مَن قاتَلَ لِتَكُونَ كَلِمَةُ اللهِ هِيَ العُلْيا فَهُوَ فِي سَبِيلِ اللهِ عَزَّوَجَلَّ)[1].

واتە: پێویستە هەموو جیهادێك کە لە پێناوی خوادا بکرێت بۆ بەرزکردنەوەی فەرمایشتی خوا بێت و، هیچ شتێکی تر تێکەڵی نەبێت. ئیتر سا ئەو کەسە کە ئەو ئەرکە ئەنجام دەدات خانوویەك، یان قوتابخانەیەك، یان شوێنێکی خەوتنی قوتابییان، یان هەر دامەزراوەیەکی تر کە بارودۆخی ئەو حاڵەتانە لە ئایندەدا بە پێویستی بگێڕێ، دروست بکات. جا مەبەستی بنەڕەتیی هەر هەموو ئەمە پێویستە لە ئاستێکدا بێت کە شایانی بەجێهێنانی ئەم ئەرکە پیرۆزە بێت.

---

(١) البخاري، العلم : ٤٥، الجهاد والسير : ١٥، مسلم، الأماره : ١٤٩ - ١٥١، الترمذي، فضائل الجهاد : ١٦ .

دروستکردنی دامەزراوەیەك و بەدیهێنانی یەکەیەکی بانگەوازیی، دەبێ بۆشایی گیانیی گەنجەکان پڕ بکاتەوە و، بینای مەعنەوییشیان بگێڕێتەوە بۆ پێناسە بنەڕەتییەکەی و ڕوونییە ڕەسەنەکەی، تا نەهێڵێ ئیلحاد و ئاژاوە و تۆقاندن بێنە ژوورەوە و، لەناو ڕیزەکانماندا بڵاوەبکەن.
جا هەموو هەڵمەتێك لەو هەڵمەتانەی کە ئوممەت لە پێناوی خوادا پێی ڕائەپەڕێت، لە ڕاستییدا تێك شکاندنی هێزی مولحیدان و ئاژاوەچییان و، وردوخاش کردنی مەبەست و نیازیانە. کەواتە ئەو هەڵمەتە تاکە چارەسەرە بۆ پەرچ دانەوەیان لە بواری فیکر و زانست و چالاکییدا، بگرە بۆ لابردنیان بە یەکجاریی، بە کۆمەکیی خوا.
جا با بۆ ئەوەش ئاگادار بین کە: ئەگەر ئێمە ئەو بۆشاییە پڕ نەکەینەوە و، بانگی حەق بە دەنگی بەرز نەدەین بە گوێی ئیلحاد و تۆقاندن و ئاژاوەدا و، پێیان نەڵێین: ئەم ڕێیە داخراوە و، ناتوانن لێیەوە تێبپەڕن، ئەوا هیچ مانایەك بۆ ئەو جیهادە نامێنێتەوە، کە باپیرانمان بۆ بەربەرچ دانەوەی ڕووس و یۆنان و فەرەنسییەکان و ئینگلیز و هاوونێەیان لە دەستەکانی خاچ پەرستان لەسەر سنووری وڵاتەکەمان ئەنجامیاندا. ئەوان سنگیان کردبووە نیشانە بۆ گوللە و گوللەتۆپ و حەربەی دوژمنان و، سەدان هەزار شەهیدیان پێشکەش کرد. واتە هیچ مانایەك بۆ ئەو قوربانییە مەعنەوییانە نامێنێتەوە. بەڵام من ئەمە دەربارەی سەرەنجامی ئێمە خۆمان دەڵێم، ئەگینا خوای پاك و بێگەرد و بەدەسەڵات بە چاکە پاداشتی ئەوان دەداتەوە و، مسقاڵە زەڕەیەك لە کردەوەکانیان نافەوتێنێ.
بەڵێ، ئەگەر ئێمە دەروازەکانی ڕەوشتە خراپەکان و بیرە ڕووخێنەرەکان و فەسادی لەو شێوەیە بخەینە سەر پشت، ئەوا جیهاد و قوربانییدانی باپیرانمان چ مانایەکی دەبێت؟ ئایا ئەم هەڵس و کەوتەمان ئەوە

ناگەیەنێ کە ئێمە خوێنی ئەو شەهیدە پیاوچاکانەمان بە فیڕۆ لە دەست داوە ؟

خۆ خوێنی سێ سەد هەزار شەهید، لەوانەی کە بە پیاو و ئافرەتەوە، بەسەر و ماڵەوە. لە (جنق قلعە) بوونە قوربانیی، بە فیڕۆ ناڕوات. جا ئەو ڕووسانەی کە وڵاتیان وێران کرد و، بەندانی خوایان لەناو بردن لە (بالان دوکن)[1] و، ئەو ئەرمەنییانەش کە پەیمانیان شکاند و، لە دواوە دایان لێمان، کە بە هۆی ئەوانەوە زیاتر لە دووسەد هەزار شەهید، بە خوێنی گەشیان بەسەر ئەو بەفرەوە کە چیا بەرزەکانی داپۆشیی بوو، تەوحیدیان نووسیی. بەڵێ خوێنی ئەو قوربانییدەرانە نافەوتێت! ئەگینا (نەنە خاتوون[2]) و (صوتجو إمام[3]) و هەزارەها پاڵەوانی هاووێنەیان بە توندیی سەرزەنشتمان دەکەن. جا لەو لێپرسراوییە گەورەیە چۆن خۆمان دەرباز بکەین؟ کەواتە ئێمە ناچارین، لە پێناوی بانگەوازی ئەوانەدا کە هێرشی بێگانەکانیان پەرچ داوەتەوە و، بەوپەڕی حەز و ڕەزامەندییەوە خۆیان کردۆتە قوربانیی، تا خاکی نیشتمان بە

---

(١) چیایەکە لە نزیک شاری ئەرزڕووم .

(٢) نەنە خاتوون: هێمای پاڵەوانێتیی ئافرەتی تورکییە، کە ئەوەبوو بە ئازایەتییەکی کەم وێنەوە، لەگەڵ سوپای عوسمانییدا و، لە جەنگی ڕووسدا، کە بە جەنگی ساڵی ١٢٩٣ ك (واتە ساڵی ١٨٧٦ ز، ئەو ساڵەی کە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووهەم ڕەحمەتی خوای لێ بێ بووە خەلیفەی موسڵمانان) بەناوبانگە، بەرگریی کردووە، لە شاری ئەرزرووم لە دایك بووە و لە (١٩٥٥/٥/٢٢) ز، لە تەمەنی ٩٨ ساڵییدا کۆچی دوایی کردووە و، لە قەبرستانی شەهیدان لە عەزیزیە نێژراوە .

(٣) یەکێکە لەوانەی کە لە جەنگی ئازادییدا دەست پێشیی کردووە، چونکە یەکەم کەسێك بوو کە لە (١٣ / ١٠ / ١٩١٩ز) دا گوللەی نا بەو کەسەوە کە بەرگی سەربازیی فەرەنسیی لە بەردا بوو و، دەست درێژیی ئەکردە سەر حیجابی ئافرەتان .

پێی بێگانەکان نەشێلرێت، قوربانیدانێکی هاوشێوە بنوێنین.
بەڵام جیاوازیی نێوان قوربانییدان و جیهادی دوێنێی ئەوان و، ئەوەی ئێمە خەریکین جیاوازییەکە لە جۆریەتییدا. باپیرانمان لە جیهاددا چەکیان بەرانبەر بە چەك بە کار ئەهێنا، ئیتر ئەوە ئەو کارە بوو کە ئەبوایە بیان کردایە. بەڵام ئەمڕۆ ئێمە لەسەرمان پێویستە بەو ڕێباز و پرۆگرامانە بەرانبەر بە دوژمنان بوەستین کە ئەوان بە کاریَ ئەهێنن. ئەمەش تاقە بێوەیترین ڕێگایە بۆ پاراستنی خوێنی باپیرانمان لە فەوتان و بەهەدەرچوون.
کەواتە، ئەی موسڵمان - بە پێی بارودۆخ و ڕێبازی هەوڵ و خەباتی ئێستا - و لە پێناوی نەش و نوماکردنی بیری ئیسلامیی و، بووژانەوەی سەرگەرمی خواپەرستییدا، لەسەرت پێویستە لە تەنیشت تەکیە و زاویەکاندا دامەزراوەی وەها بنیات بنێی کە بتوانن ئەو ئەرکانە جێبەجێ بکەن کە لە سەردەمە پێشینەکاندا جێبەجێیان دەکردن. ئەو کاتە تۆش هەڵمەت ئەدەیت تا لەو دامەزراوانەدا کۆمەکیی بەرەی تازە پێگەیشتوو بکەیت، تا بە ڕۆحی ئیسلام و هەست کردن پێی جیهانی ناوەوەی پڕ بکەیتەوە. جا با ئەوەش بزانرێت کە ئەو بەرەیەی لە مەعنەویات بێبەش بوو، توانای نابێ هیچ کارێکی ئیجابیی بنیات نەر ئەنجام بدات. چونکە پەروەردەکردنی کەسانێکی خاوەن کاریگەریی و چالاکیی مەزن بەستراوە بەم هیممەتەوە و، بەم هەوڵ و کۆششەی تۆوە. جا ئەگەر تۆ بە پرۆگرامێکی دیارییکراو و، بە ڕێبازێکی نەخشەکێشراوی ڕێك و پێکەوە هەوڵێکی خێرا و چابوکتدا، ئەوا دەگونجێ هەر لەم بەرەیەی تۆدا پیاوانێك بە وێنەی ئیمام ڕەببانی و ئیمام غەزالی و شاهی نەقشبەند و موحەممەدی فاتیح و یاووز سەلیم لە گەورە پیاوان و، بە وێنەی فارابیی و ئیبن سینا و موحیەددین

ئیبن عەرەبیی و مەولانا جەلالوددینی ڕۆمیی لە ئەستێرەی فیکر و قوطبە ئەولیاکان، هەڵ بکەون، کەواتە هیچ شتێك ناتوانێ ڕێ لەوە بگرێ کە وێنەی ئەو گوڵە بۆن خۆشانە لە باخچەکانی ئێمەشدا بگەشێنەوە، تەنها ئەوەندە هەیە کە باخەوانەکە کاری خۆی چاك بزانێ و، ئەوپەڕی هەوڵی خۆی بدات.

هەروەها دیوێکی تری فەرماندان بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە، لەوەدایە کە پێویستە بە ناوی مافی هاوبەشی نێوان خەڵکییەوە بەجێ بهێنرێ و، لە هەمان کاتیشدا لێپرسراوییەکە لە ژیانی کۆمەڵایەتییەوە هەڵقوڵاوە. جا جێ بەجێکردنی ڕەوشتە ئیسلامییەکان و فیکری ئیسلامیی تا هەستیان پێ بکرێ و، بکرێنە ژیان، ئەوە لەگەڵ ئەم بەشەی لێپرسراویی کۆمەڵایەتییە. جا وەك ئەمانە، لە دووتوێی ئەم لێپرسراوییەدا، بە کۆمەڵە ڕێسایەك ئەژمێررێن، کە بە نیسبەت موسڵمانەوە بۆ هەڵس و کەوتی ڕۆژانەی لە بازاڕ و لە شوێنی تریشدا ئاڵ وگۆڕی بەسەردا نایەت، هەروەها ئەو مافانەش کە پێویستە لە نێوان دانەکانی کۆمەڵدا بپارێزرێن، ئەوانیش وان لە دووتوێی ئەم لێپرسراوییەدا. جا با ئێستاش کارەکە ڕوون بکەینەوە:

لە بواری بازرگانیی و ئابووریدا، ئیسلام خاوەنی ڕەوشتی تایبەتیی خۆیەتی. موسڵمانیش ناچارە لە چوارچێوەی ئەم ڕەوشتانەدا ژیانی بازرگانیی و ئابووریی خۆی دابمەزرێنێ. ئیتر نە توانای هەیە موعامەلە بە ڕیبا بکات، نە شت بشارێتەوە، نە دەست بداتە سەوداکردنە بازرگانییە حەڕامەکان. کەواتە ناچارە لە دەرەوەی سنووری هەموو شتێکی بێڕەوشتیی بمێنێتەوە، وەك پاڕاستنی دەستە و کۆمەڵەیەکی دیارییکراو و، لەناوبردنی چینی ناوەڕاست و، لە سەریشی پێویستە لە هەموو سەوداکردنێکی بازرگانیی خۆیدا بایەخ بە دادپەروەریی

و هاوسەنگیی بدات. بەمە هەر شتێك لە دەرەوەی ئەو شتانەدا بێت کە ئیسلام وەری دەگرێت، ڕێ نادرێ موسڵمان بەکاری بهێنێ. هەروەها لەسەری پێویستە هەوڵبدا ژیانی بازرگانیی خۆی دامەزراو و گوزەراو بێت، بگرە ناچارە ئەو هەوڵە بدات. ئاوەها، فەرماندان بە چاکە و دوورەپەرێزیی کردن لە خراپە ئەم لایەنەشی هەیە.

بەمە موسڵمان پشتی ڕیباکاریی و ئیحتیکار و بازاڕی ڕەش و کارە خراپە بازرگانییەکانی تریش ئەشکێنێ، بەڕادەیەك کە هەر شتێ دین قەدەغەی کردبێ کەش و هەوایەکی وەهای دەست نەکەوێ لەو کۆمەڵگەیەدا نەش و نوما بکات.

بەڵێ ئیسلامیش - وەك هەر ڕژێمێکی تر - لە هەموو بوارەکانی ژیان دا یاسا و بنچینەی خۆی هەیە: لە بازرگانیی، لە خێزان، لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتییدا. هتد. بۆ نموونە: لە خێزاندا ئیسلام نیکاح کردن بە مەرج دەگرێت و، بە هۆیەوە مرۆڤ زیاد دەکات. ئیتر لەو دەوروبەرەدا کە ئیسلامی تێدا ئەژیی جێی زینا و داوێن پیسیی نابێتەوە، چونکە ئەو دوانە لەو نەخۆشییە پڕمەترسییانەن کە قەوارەی کۆمەڵگە ئەڕووخێنن، کەچی ئیسلام بەرپەرچی هەموو ئەو شتانە دەداتەوە کە هەوڵی ڕووخاندنی ژیانی کۆمەڵگە دەدەن.

لەناو خێزانیشدا، ئەو پەیوەندییانەی کە ئەندامانی خێزان پەیوەست دەکەن: پەیوەندیی نێوان باوك و دایك و منداڵەکان، بە سنووری یاسا و بنچینەکانی ئیسلام دیاریی کراون. لە هەمان کاتدا ئیسلام لە پارێزگاریی کردنی خێزان و هێلانەکەیدا وردەکاریی زۆری کردووە. لەبەر ئەوە هەر بیر و بۆچوونێك هەوڵی تێك دانی هێلانەی خێزان بدات ئیسلام بەرپەرچی دەداتەوە. دیارە ئەم بایەخ پێدانەش مەرجێکی بنچینەییە بۆ پاراستنی قەوارەی خێزان و، بەرگرتن لەوە کە وەچە و بەرە نەفەوتێ.

جا ئیماندار - وەك لێرەدا دەبینرێ ـ کاتێك کە لە لایەکەوە هەوڵی ئەوە دەدا لە ژیانی تایبەتیی خۆی و لە ژیانی ئەو کەسانەی دەوروبەریدا فەرمانەکانی ئیسلام جێ بەجێ بکات، لە لایەکی تریشەوە هەوڵی ئەوە دەدا کە لە ژیانی تایبەتیی خۆی و لە ژیانی کۆمەڵگەش ئەو شتانە دوور بخاتەوە کە ئیسلام قەدەغە و حەرامیان دەکات. ئەمەش ڕێگایەکی تری فەرماندان بە چاکە و دوورەپەرێزییکردن لە خراپەیە. کەواتە ئیماندار - لە نێوان ئەم ڕێبازە جیاوازانەدا - لە کاتێك دا کە هەرچیی ئەرکی سەرشانی هەیە جێبەجێی دەکات تا ژیانی بە کردەوەی چاك بڕازێنێتەوە، لە هەمان کات دا هەوڵ دەدا ئەو کۆمەڵگەیەش کە تیایدا ئەژیی پێیان بڕازێنێتەوە. ئیتر ئەو کاتە دەگونجێ باس لە مرۆڤی بەڕێز بکرێ، بە واتای ئەو مرۆڤە کامڵە و کۆمەڵگە بەڕێزەی کە لەو مرۆڤە بەڕێزانە و ئوممەتە بەڕێزە پێك هاتووە. قۆناغێکی تریش، ئەو دنیا بەڕێزەی کە لەو کۆمەڵگە و ئوممەتانە پێك دێت و ئەچنرێت و، بەو جۆرە. جیهان چاوەڕوانی ئەو مەخمەڵە نەخشێنراوەی دنیایە کە ئیماندار ئەیچنێ. جا بیناکردنی ئەو جۆرە دنیایە پابەندە بە کارکردنەوە، بە فەرماندان بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە. تاکەکانی ئەم جۆرە دنیایەش کە ئێمە پێمان خۆشە بنیاتی بنێین و، بە تەماین ببینین، هەریەکەیان کۆششی ئەوە دەکات کە کەڵك بە کەسانی تر بگەیەنێ و، ئەو ئوممەتەش کە ئەوان پێکی دێنن هەوڵ دەدا دنیا بۆ خۆیشی و بۆ ئوممەتەکانی تریش بکاتە بەهەشتی ناز و نیعمەت. جا لەم جۆرە دنیایەدا کاری بنچینەیی بریتییە لە پێشبڕکێ لە ڕەوشتە بەرزەکاندا. ئەو کۆمەڵگە و جیهانەش کە ڕەوشتە بەرزەکان تیایا پێشبڕکێ دەکەن، ئەوا لە بریی ((من)) ((ئێمە)) ی تێدا زاڵ دەبێ، ئیتر ئەو خۆپەرستییەی کە شاعیر دەری ئەبڕێ

کە دەڵێ: ((ئەگەر من لە تینواندا مردم، دەبا ئیتر دڵۆپێك باران نەبارێت)) تێدا ئەکوژرێ و، بە شێوەیەکیش ئەنێژرێ کە هەڵسانەوەی بۆ نەبێ، ئیتر ئەم بۆچوونە لەو کۆمەڵگەیەدا پێ ئەگات و گەشە دەکات کە دەڵێ: ((ئەگەر تاکە کەسێك لە تینواندا مرد، دەبا ئەو کەسە من بم)). ئا ئەو کۆمەڵگەیە گەشە و پەرەسەندن بە خۆیەوە دەبینێ. ((دەبا هەموو خەڵکیی بەختەوەربن، ئەو کاتە منیش بەو بەختەوەرییەی ئەوان بەختەوەر ئەبم، بەڵام با من دواهەمین بەختەوەر بم)). ئەم بیر و بۆچوونەیە وا هەمووان دەگرێتەوە و، تاکەکانیش بە یەکەوە ئەبەستێ. هەست کردنیش بە دۆستایەتیی و خۆشەویستیی هەموان دەگرێتەوە و، هەر هەموو لەو کەش و هەوایەدا دەژین و، دژایەتیی و ڕقەبەرایەتیی لە یاد ئەچنەوە.

لە ڕاستییدا هەموو ئەم قسانەی کە کران لە فیکری ئیسلامیی هەرە پیرۆزدا هەن، ئەو فیکرەی کە بینای ڕۆحییمان دائەمەزرێنێ. کاتێکیش کە خەڵکیی لەم ڕژێمە تێ ئەگا و کار دەکاتە سەر ڕۆحیان، ئەوا جیهانی ڕەوشت بەرزیی بە ڕێژەی پێژیانیان دێتە بوون.

مەرجی بنەڕەتییش لەمەدا ئەمەیە: پێویستە هەموو دنیا دەرك بەم ئەنجامە بکات و، لێی تێ بگات و، لە واقیع دا ببینێ. ئەمەش بە فەرماندان بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە دێتە دیی و، ئێستاش ئەم فەرمانبەرییە - لە بەرنامەی تاك و خێزان و کۆمەڵگەدا- چاوەڕوانی ئەو دەستە پیرۆزانەیە کە بۆی درێژ دەبن.

٦

تەبلیغ و پەیوەندیی نێـوان تـاك و كۆمەڵگە

لە فەرمودەی شەریفیدا پێغەمبەری بەڕێز (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: (المُسلِمُ مَن سَلِمَ الْمُسلِمُونَ مِن لِسَانِهِ وَيَدِهِ).[1] دەفەرموێ: موسڵمان ئەو كەسەیە كە موسڵمانان لە زمان و دەستی سەلامەت بن. لەم فەرموودە شەریفە تێ ئەگەین كە: ناگونجێ موسڵمان سووكایەتیی بە سامان یان نامووس یان شەرەف یان ڕێزی هیچ مرۆڤێك بكات. هەروەها بۆی نیە هیچ شتێك دەست كاریی بكات كە ئەوە بگەیەنێ دەستبردنبێ بۆ ژیانی هەر مرۆڤێك. جا ئەگەر مێرد بە تەنیا مافی ئەوەی هەبێ دەست بۆ هەرشتێكی ئافرەت بەرێ كە لە دیندا بە (محارم) ژمێردرابێ، ئایا بە بیردا دێت كە لە غەیری ئەو مێردە كەسێكی تر پەیوەندیی لەگەڵ ئەو ئافرەتەدا ببەستێ؟ پاشان سوورانەوەی ئافرەت بە ڕووتیی و بە دەركەوتنی قەدەغەكراوەكان (محارم) ی تاوانێكە تایبەتە تەنها بە خۆیەوە، بەڵام ئەو ڕووتییەی ڕێ بە پیاوێكی بێگانە نادا سەیری بكات. جا ئەگەر موسڵمان بەم پلە پڕ هەست و وردەكارییەوە سەرنجی ئەم مەسەلەیە بگرێ، ئایا دەگونجێ كارێ لەو دیوی ئەو نەزەركردنە حەڕامەوە ئەنجام بدا كە

(١) البخاری، الإيمان : ٤ - ٥، مسلم، الإيمان : ٦٥، أبوداود، الجهاد : ٢ .

دین بە یەکێ لە گوناهە گەورەکانی ئەژمێرێ؟ بێگومان ڕووداوی تاك تاك لە هەموو کۆمەڵگەیەك دا ڕوو دەدەن، بەڵام مەسەلەکە لێرەدا پەیوەندیی بە ئەنقەست و ڕۆچوونەوە هەیە.
جۆرە گەنجێکم ناسین کە ئەگەر لە بازاڕدا لە کاتی گەڕانیان بۆ کاری پێویست چاویان بە حەرامێك دا بخشاندایە، بۆ کەففارەتی ئەو تاوانەیان و خۆگەیاندنە دەرگای تەوبە و پەشیمانیی، ڕۆژانەکەی خۆیان دەکردە سەدەقە و دەیان بەخشیی. لە ڕاستییش دا دەبێ هەموو موسڵمانێك بە وێنەی ئەم ڕەوشتانە خۆی بڕازێنێتەوە. چونکە موسڵمان ئەو کەسەیە کە موسڵمانان لێی دڵنیا بن و، مەترسییان لێی نەبێ. بەڵێ موسڵمان ناتوانێ هەتا دەست بۆ یەك پاڕووی غەیری خۆی بەرێت و، لە بیری ئەوەشدا نیە، بگرە بە دڵیشیا نایەت کە لە یەك غرامی پڕ بە پڕی زەویی و زێڕی غەیری خۆی کەڵك وەربگرێ. چونکە موسڵمان مرۆڤی ئەمان و متمانەیە. دیارە کۆمەڵگەی ئیسلامییش لەو جۆرە مرۆڤانە جەم بووە و، هیچ کەسیش بۆی نیە لەو جۆرە کۆمەڵگەیە ترسی هەبێ. فەرموودە شەریفەکەی سەرەوەش بە تێگەیشتنی پێچەوانە ئاماژە دەکات کە: کافر ئەو کەسەیە کە خەڵکیی لە زمان و دەستی سەلامەت نەبن. بەڵێ لەم سەردەمەدا مرۆڤایەتیی حەقیەتی ئەگەر لە هەموو مرۆڤێك کە هەڵگری ئیلحاد بێت بترسێت و دڵەڕاوکەی هەبێت، هەر چۆنێك بووە، چونکە هیچ مولحیدێك هەستی ئەمان و دڵنیایی بەلاوە نیە. ئایا ڕووداوەکانی مێژوو شاهیدێکی زیندوو نین لەسەر ئەوە؟ بەڵام ئیسلام شوێن کەوتووەکانی خۆی لەسەر ڕەوشت بەرزیی پەروەردە دەکات، بەجۆرێك کە لە بینای ڕۆح و هەڵس و کەوتیاندا لە کەسانی تر جیاواز بن و، پێویستیشە کە وەها بن، چونکە ئەو کۆمەڵگەیەی کە

موسڵمانی تێدا ئەژیی هەموو دەرگایەکی ڕەوشت نزمیی، بە هەموو جۆرەکانیەوە، داخستوون و، لە دژی هەموو ئەو کارە خراپانەش کە دین بە خراپەیان لە قەڵەم دەدات هەڵوێستی وەرگرتووە. جا مادەم کارەکە وەهابێ ئەوا ئەو ئوممەت و کۆمەڵگەیانەی کە موسڵمانان بەرپایان دەکەن بۆنی گوڵ و ڕێحانەیان لێ بەرز دەبێتەوە و، ئەمان بە تەواویی لە کۆمەڵگەکانی تر، کە ڕەوشتە سووکەکانیان تێدا بڵاوە، جیاوازن. بەڵێ، یەکەم ئەرکی سەرشانی موسڵمان ئەوەیە کە یەکەمجار ئەم ڕەوشتانە لە خۆیدا جێ بەجێ بکات، پاشان بە کەسانی تریشیان بگەیەنێت..

بەو مانایە کە ئەم ئەرکە پێویستە یەکەمجار لە ئاستی تاکەکان دا جێ بە جێ بکرێ، پاشان لە ئاستی کۆمەڵگەدا و، پاشانیش لە ئاستی دەوڵەتدا. دیارە کۆمەڵگەی نوورانییش لە تاکە تاکەی نوورانیی پێك دێت. جا ئەم جۆرە پێك هاتەیە وە نەبێ تەنها تاکە تاکەی مرۆڤ بۆ لای خۆی رابکێشێ، بەڵکو کۆمەڵ و گەلانی تریش پێکەوە ڕائەکێشێت، لەوانەشە ڕوونترین نموونە بۆ ئەم حەقیقەتە هەمەکییە موسڵمان بوونی نەجاشیی بێت:

نەجاشیی پادشای حەبەشە، ئەوەبوو کۆمەڵێك لە موسڵمانان پەنایان پێ برد و ئەویش پاراستنی. ئیتر بە سەرنج گرتنی وتە و ڕەفتاریان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ و، ئەو نوورەی کە لە ناوچاوانیانەوە ئەدرەوشایەوە و، سەر ڕێژکردنی ئیمان لە سنگیانەوە هەستی کرد بەرەو حەقیقەت ڕێیان گرتۆتە بەر. بۆیە خێرا تەسلیمی پێغەمبەری خوا بوو (صلی الله علیه وسلم). جا سەرەڕای ئەوە کە ئەمە یەکێکە لە بەرهەمانی فەرماندان بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە لە کۆشکی نەجاشییدا، هەروەها سەرەنجامی جێبەجێکردنی هەرچیی ئەو وتانەیە، یەکەمجار بەسەر خۆیاندا، کە دەگونجێ بیاندا بە گوێی نەجاشییدا. یان بە

دەربڕینێکی تر: ئەوەندەی کە نەجاشیی دڵی بە وتەکانیان خۆش بوو، ئەوەندەش دڵی بەو ڕەوشتە بەرزانە خۆش بوو کە ڕەفتار و حاڵەتە ڕۆحییەکانیان دەریان ئەخست.

ئەو نامەیەی کە نەجاشیی بۆ پێغەمبەری بەڕێزی (صلی الله علیه وسلم) نارد پڕی بوو لە ئەدەبێکی پوخت . ئەوەبوو نامەکەی بەم شێوە دەست پێ کرد: ((بۆ موحەممەدی پێغەمبەری خوا، لە نەجاشییەوە)). ناوی پێغەمبەری خستە پێش ناوی خۆیەوە. واتە ڕازیی بوونی بە گەورەیی ئەو، سەرەڕای ئەو وشانەی ڕێز و ئیحتیرام کە لە ناوەندی نامەکەدا هاتبوون و، چۆن شەپۆلەکانی ئیمان لە ناکاودا لە ڕۆحیدا شەپۆلیان دەدا. هەموو ئەمانە وا دەکەن کە ئەو نامەیە شایان بێ چەندین جار بخوێنرێتەوە ..

چەند وتەیەکی مەزنە کە دەڵێت: (شاهێدیی ئەدەم کە تۆ پێغەمبەری خوایت. منیش تەنها خۆم شك ئەبەم، ئەگەر بتەوێ بێمە خزمەتت، دێم. ئەی پێغەمبەری خوا! من شاهێدیی ئەدەم کە هەرچیی ئەفەرموویت ڕاستە)[1].

ڕۆژێکی تریش بەوپەڕی داخ و خەفەتەوە دەڵێت: (شاهێدیی ئەدەم کە ئەو پێغەمبەری خوایە (صلی الله علیه وسلم) و، ئەو پێغەمبەرەیشە کە عیسای کوڕی مەریەم مژدەی هاتنی داوە و، لەبەر ئەو کاروبارەش نەبوایە کە بە دەستمەوەیە خۆم ئەهاتمە خزمەتی، هەتا سۆڵەکانی بۆ هەڵ بگرم .)[2]

ئەوەی کە پاڵی بە نەجاشییەوە نا بەرەو ئەم حاڵەتە، ژیانی موسڵمانانەی ئەو دەستە هەڵبژێرراوەی هاوەڵە بەڕێزەکان و، ئەو وتە پاك و پوختانە

---

(١) إبن كثير، البداية والنهاية : ٣ / ١٠٥ .
(٢) أبوداود، الجنائز : ٥٦، سعيد بن منصور، السنن : ٢ / ٢٢٨، المسند : ١ / ٤٦١، الحاكم، المستدرك: ٢ / ٣٣٨ .

بوون کە بە دەمیاندا ئەهاتن. ئەوانەی کە ڕووداوەکە ئەگێڕنەوە بەم شێوەیە ڕیوایەتی دەکەن: لە مەککەدا جێ بە موسڵمانەکان لێژ بوو. هیچ موسڵمانێك لە ژیان و سامان و شەرەف و نامووسی خۆی بێخەم نەبوو. ئا لەو کاتەدا ڕێ بە کۆچ کردن بۆ حەبەشە درا و، کۆمەڵێك لە موسڵمانان کۆچیان بۆ ئەوێ کرد و، زیاتر لەوەی کە چاوەڕوان ئەکرا لەوێ بە وێنەی میوانێکی بەڕێز و خۆشەویست پێشوازییان لێ کرا. بەڵام موشریکەکانی مەککە بڕیاریان دابوو کە تەنگ بە موسڵمانان هەڵ چنن. لە نێوان خۆیاندا ڕاوێژیان کرد و، نوێنەرێکیان بە سەرۆکایەتیی زۆرزانی سیاسیی، عەمری کوڕی عاص - کە لەوە و دوا خوا لێی ڕازیی بێ بووە یەکێ لە گەورە هاوەڵان - نارد بۆ حەبەشە و، هەوڵیاندا نەجاشیی لە موسڵمانەکان هەڵ بنێن تا لە پاراستنیان دەست هەڵبگرێ. بەمە جارێکی تریش موسڵمانەکان بێ هیوا دەکەن.

نەجاشیی بە وردیی گوێی لە نوێنەرانی قورەیش ڕاگرت، تا لەم کۆششەیاندا چیی درۆ و دەلەسەیان بەلاوە بوو بۆ کارکردنە سەر هەستی نەجاشیی هەموویان هەڵڕێژا. بەڵام نەجاشیی نموونەی جوامێریی بوو، بۆیە بە تەنها تاوانبار کردنێکی هیچ و پووچ پەناهەندەکانی دەرنەکردن و، ئەم بیرەی خۆیشی بۆ ئەو نوێنەرانەی کە لە لایەن قورەیشەوە هاتبون ڕوون کردەوە و، بە ڕوونیی دەری بڕیی کە هەتا گوێ لەوانیش نەگرێ هیچ حوکمێك دەرناکات. بە پێی ئەمە ژمارەیەك لە موسڵمانان بانگ کران بۆ کۆشك و، جەعفەری کوڕی ئەبوطالیب یش خوا لێی ڕازیی بێ، کە لە ماقووڵانی قورەیش و ئامۆزای پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) و برا گەورەی عەلیی سەردارمان بوو خوا لێی ڕازیی بێ، سەرۆکیان بوو و، موسڵمانان هەڵیان بژاردبوو تا بە ناوی ئەوانەوە قسە بکات، چونکە موسڵمانان

یەك ڕیز و یەكەیەكی یەكگرتوو بوون، هەروەك هەموویان یەك قەوارە بن. بە ڕاستیی ئەم پەیوەندییە پتەوەی نێوانیان سەرنج ڕاكێش بوو.
هەر كەسێ بچوایەتە ژوورەوە دەبوا بۆ ڕێزنان لە پادشا سەجدەی بۆ ببردایە و، ئەمەش بە یەكێ لە بنچینەكانی ڕێزلێنانی پادشا ئەژمێررا، بەڵام موسڵمانەكان سەجدەیان بۆ نەبرد، چونكە نابێت موسڵمان سەجدە بۆ غەیری خوا جل جلالە ببات. نوێنەرەكانی موشریكان بەم كارەی موسڵمانەكان زۆر شادمان بوون، چونكە وەها بیریان كردەوە كە نەجاشیی لێیان توورە دەبێت و لە دیوان دەریان دەكات. بەڵام نەجاشیی - وەك باسمان كرد - نموونەی ڕەوشتی بەرز بوو. خۆزگە ئەوانەی لەم ڕۆژەدا باسی دیموكراتیی دەكەن، گوێڕایەڵی ئەو دیموكراتییە بوونایە كە چواردەسەدە لەمەو پێش ئەو پادشا حەبەشییە جێبەجێی كرد و پێی ژیا، ئیتر ئەو كاتە ئەوەی ئەمان لافیان بۆ لێ دەدا شتێك لە ڕاستیی تێدا ئەبوو.
نەجاشیی هەندێ پرسیاری ئاڕاستەی موسڵمانەكان كرد و، جەعفەریش خوا لێی ڕازیی بێ وەڵامی دایەوە:
(ئەی پادشا! ئێمە قەومێكی نەفام بووین. بتمان ئەپەرست و، مردارەوە بوومان ئەخوارد، داوێن پیسییمان دەكرد و، ڕەحم بڕییمان دەكرد و، لەگەڵ دراوسێدا خراپ بووین و، بەهێزمان لاوازمانی ئەخوارد. ئەمە حاڵی ئێمە بوو هەتا خوای گەورە لەناو خۆماندا پێغەمبەرێكی بۆ ناردین كە پشت و نەسەبی ئەناسین و، ئاگاداری ڕاستگۆیی و، دەست پاكیی و، پاك داوێنیی ئەوین. ئەویش ئێمەی بۆ لای خوا بانگكرد تا بە تاك و تەنیای بزانین و، بیپەرستین و، واز لە پەرستنی ئەو بتانە بهێنین كە بە خۆمان و باو باپیرانمانەوە دەمان پەرستن. فەرمانی بەسەرماندادا كە ڕاستگۆبین و، ئەمانەت بپارێزین و، سیلەی ڕەحم بەجێ بهێنین و، بۆ

دراوسیێ چاك بین و، لە شتی حەڕام و خوێن ڕشتن دەست كۆتا بین. لە داوێن پیسیی و، وتنی ناهەق و، خواردنی ماڵ و سامانی هەتیو و، بوختان كردن بۆ ئافرەتی پاك داوێن ڕێگری لێ كردین. فەرمانی بەسەرماندادا كە خوا بە تاك و تەنیا بپەرستین و، هیچ شتێك نەكەینە هاوەڵی و، نوێژ جێبەجێ بكەین و زەكات بدەین. (هەموو فەرمانەكانی ئیسلامی بۆ هەڵدا) ئێمەش تەصدیقمان كرد و، ئیمانمان پێ هێنا و، بۆ گوێڕایەڵیی ئەوەی كە لەلایەن خواوە هێنابووی شوێنی كەوتین. خوامان بە تاك و تەنیا و بێشەریك پەرست و، هەرچیی كە لەسەرمانی حەڕام كردبوو حەڕاممان كرد و، هەرچیشی حەڵاڵ كرد بوو حەڵاڵمان كرد. بۆ ئەمە خزمەكانمان هەڵمەتیان دایە سەرمان. سزا و ئازاریان داین. هەوڵیاندا لە دینەكەمان وەرمان بگێڕنەوە بۆ سەر بت پەرستیی، تا ئەو شتە پیسانەی كە لەوەو بەر بە لامانەوە حەڵاڵ بوون بە حەڵاڵیان بزانین. جا كە زۆریان بۆمان هێنا و، ستەمیان لێمان كرد و، تەنگیان پێمان هەڵچنی و، بوونە كۆسپ بۆ جێ بەجێ كردنی دینەكەمان، هاتووین بۆ وڵاتی بەڕێزتان و، لەناو هەموانا تۆمان هەڵبژاردووە و، حەزمان لە پەنای تۆ بووە و، هیواشمان وا بووە كە لە پەنای ئێوەدا ستەممان لێ نەكرێ، پادشا!!)[1].

پاشان جەعفەر لەسەر قسەكانی خۆی بەردەوام بوو و، نەجاشییش بە وردیی گوێی بۆ گرتبوو. دەربارەی عیسای سەردارمان سەلامی خوای لێ بێ و مەریەم سەلامی خوای لێ بێ پرسیاری لێ كرد، جەعفەریش خوا لێی ڕازیی بێ بە خشووعەوە سوورەتی (مریم) ی

(١) المسند : ١ / ٢٠١ - ٢٠٢، سيرة إبن هشام : ١ / ٣٥٨ - ٣٦٢، إبن كثير، البداية : ٣ / ١٨٨، أبو نعيم، الدلائل : ١ / ٢٤٣ - ٢٥٣، البيهقي، دلائل : ٢ / ٣٠١ ـ ٣٠٣ .

بۆ خوێند و، نەجاشیی خۆی پێ نەگیرا و دەستی دایە گریان. (نەجاشیی دەستیدا بە زەوییدا و چیلکەیەکی هەڵگرت و، پاشان وتی: عیسای کوڕی مەریەمیش ئەوەندەی ئەم چیلکەیە لەوەی کە تۆ باست کرد لای نەداوە)[1]. بەڵێ، بە قەتعیی جیاوازیی نیە، چونکە ئەو وەحییەی کە دابەزیوەتە سەر هەر هەموو پێغەمبەران لە یەك سەرچاوەوە هاتووە..

نەجاشیی موشریکەکانی بە خۆیان و ئەو دیارییانەوە کە هێنابوویان بۆی گێڕایەوە و، دەری بڕیی کە موسڵمانەکان دەپارێزێ، چونکە بە چاوی خۆی تیشکێکی مەزنی ڕەوشت بەرزیی دیی بوو کە لە موسڵمانەکاندا ئەدرەوشایەوە، هەرچەندە ماوەی بە یەك گەیشتنیان کەم بوو. ئەمەش بۆ ئەو بەس بوو تا ئیسلام بە دین بۆ خۆی هەڵبژێرێ.

جا ئەگەر بگەڕێینەوە سەر باسەکەمان، دەبینین کە ئەم ئەرکە پیرۆزە بڵندە ئەگەر لە ژیانی تاکەکەسدا جێ بەجێ نەکرێ، ئەوا چاوەڕوان کردنی پەیدابوونی کۆمەڵگەیەکی ڕەوشت بەرز لە ئەندێشە بەولاوە هیچی تر نیە. ئەمەش بە بۆنەی پەیوەندیی پتەوی نێوان تاك و کۆمەڵگەوە، چونکە کۆمەڵگە لە تاکەکان پێك هاتووە. لەبەر ئەمە کۆمەڵگەی ڕەوشت بەرز ئەوەیە کە تاکەکانی خۆیان بە ڕەوشتە بەرزەکان ڕازاندبێتەوە. لەلایەکی ترەوە، هەروەك تاکەکانی کۆمەڵ ناچارن پارێزگاریی لەو ڕەوشتە بەرزانە بکەن کە بە دەستیان هێناون، وەهاش کۆمەڵگەکان ناچارن پارێزگاریی لەو ڕەوشتە بەرزانە بکەن کە لەوە و پێش بە دەستیان هێناون، هەروەها وەك لە پێشەوە باسمان کرد ئەو ڕەوشتە بەرزانەی کە مرۆڤ بە دەستیان ئەهێنێ ئەزەلیی

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو .

نین، هەروەك ئەبەدییش نین، بەڵکو کەینوونەن، واتە ئیمکانە بمێننەوە. بەومانایەی ئەو ڕەوشت بەرزیی و خێرەی کە بە دەست هێنراوە، بە مانەوەی ئەو مەرجانەی کە بە هۆیانەوە ڕەوشت بەرزییەکە بە دەست هاتووە پێویستە بەردەوام بێت. ئیتر جگە لە پێغەمبەران سەلامیان لێ بێ هیچ کەس زامنیی پێ نەدراوە. ئەوانیش ئەو زامنیەیان وەك کرێیەکی پێشکەش کراو پێ دراوە بە بۆنەی ئەو سەرکەوتنەوە کە بە دەستی ئەهێنن لە کاتی جیهادکردنیان دا، بە ویستی خۆیان، بۆ دەست خستنی ڕەوشت بەرزیی، چونکە خوای پاك و بێگەرد بە عیلمی ئەزەلیی خۆی زانیویە ئەوان لە ئاییندەدا بە چ پلەیەك ئەگەن، ئیتر پێشەکیی بە پێشکەشیی خوایی خەڵاتی کردوون. لەبەر ئەمە لە غەیری پێغەمبەران هەموو کەسێ، لە هەر پلە و مەقامێکدا بێ ناچارە پارێزگاریی لەو پلە و پایەیە بکات کە بە دەستی هێناوە، ئەگینا بە هەمیشەیی سەرەنجامی تیاچوون و تێك شکان دەبێت.

ئەو ئەنجامەش کە لەم باس گۆڕینەدا دەستمان دەکەوێت ئەمەیە: ئەو ڕەوشتە بەرزانەی کە فەرماندان بە چاکە دەستی تاکیش و کۆمەڵگەیشیان ئەخات، هەروەها بە فەرماندان بە چاکە بەردەوام دەبن و پارێزگارییان لێ دەکرێت و، بە پێچەوانەشەوە بەرە بەرە تێك شکان و پاشەکشێ دەست پێ دەکەن هەتا کۆتایی بەو کۆمەڵگە کەمتەرخەمییکەرە دێت. جا بۆ نەگەیشتن بەو ئەنجامە، دەبێ هێزی مەعنەویی کڵپەی پێ بسەنرێ و، وەهای لێ بکرێ لە زیندوویەتییەکی بەردەوامدا بێت. ئەمەش دیسان بە فەرماندان بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە دەست ئەخرێت. بەو مانایە کە ئەم فەرمانبەرییە پیرۆزە ژیان بۆ تاکیش و بۆ کۆمەڵگەیش و، لە هەمان کاتدا مەرجێکە بۆ پارێزگارییکردن لە ژیان. لەوانەشە ئەمە ئەو هۆیە بێ کە سەرداری

پێغەمبەران (صلی الله علیه وسلم) لە کاتی وەرگرتنی بەیعەتی چەند کەسێکدا فەرماندان بە چاکەی بە مەرج داناوە.
بۆ نموونە بەیعەتی لە جەریری کوڕی عەبدوڵڵای بوجەلیی خوا لێی ڕازیی بێ لەسەر ئەو مەرجە وەرگرت. ئەم هاوەڵە مەزنە دەڵێت: (لەسەر بەجێهێنانی نوێژ و زەکات دان و ئامۆژگاریی پێشکەش کردن بە هەموو موسڵمانێك بەیعەتمدا بە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم)[1]). ئەمەش بە ڕوونیی ئەوە دەگەیەنێ کە: لەسەرت پێویستە ئەرکی فەرماندان بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە ئەنجام بدەیت..
سەرەڕای ئەوەش ئەم فەرمانبەرییە پیرۆزە خێر و پاداشتی خواپەرستییەکانی تریش دەست مرۆڤ ئەخات، چونکە ئەو کەسەی کە ئەرکی فەرماندان بە چاکە و دوورەپەرێزییکردن لە خراپە ئەنجام دەدات، واتە خۆی بۆ ئەم کارە مەزنە نەزر دەکات، لە کاتی ئەنجامدانی ئەو فەرمانبەرییەدا، یەکەمجار خۆی بەو خێر و چاکانە ڕازاندۆتەوە و، خۆیشی ئامادە کردووە تا بە هەر ڕەوشتێکی بەرزی تریش خۆی برازێنێتەوە. چونکە ئەو کەسە نارەحەت ترین و قورس ترین کار ئەنجام دەدات، کاری پێغەمبەران. بگرە مەبەستی ژیانیان. بێگومان پلە و پایەشی لە ئاستێکی بەرزدا دەبێت. سەیری قورئانی پیرۆز بکەن چۆن ئاماژە بۆ قورسیی ئەم فەرمانبەرییە پیرۆزە دەکات، کاتێ کە وەسیەتەکەی لوقمان بۆ کوڕەکەی باس دەکات:
﴿ يَٰبُنَيَّ أَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ وَأۡمُرۡ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَٱنۡهَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ وَٱصۡبِرۡ عَلَىٰ مَآ أَصَابَكَۖ إِنَّ ذَٰلِكَ مِنۡ عَزۡمِ ٱلۡأُمُورِ ﴾ (لقمان : ١٧).

---

(١) البخاري، الإيمان : ٤٢، مسلم، الإيمان : ٩٧، الترمذي، البر والصلە: ١١٧، الدارمی، البیوع : ٩.

لە ئایەتە پیرۆزەکە ئەوە دەردەکەوێ کە لوقمانی سەردارمان یەکەمجار بە بەجێ هێنانی نوێژ ئامۆژگاریی دەکات، پاشان باسی ئەنجامدانی فەرماندان بە چاکە و دوورەپەرێزییکردن لە خراپەی بۆ دەکات، هەروەك بیەوێ بە کوڕەکەی بڵێ:

کوڕەکەم: هەرکەس نوێژ ئەنجام نەدات جیهادیشی ئەنجام نەداوە. جا نوێژ مەرجێکە بۆ وەرگیرانی هەموو خواپەرستییەکان. لەبەر ئەوە لەسەرت پێویستە یەکەمجار ئەم بەندایەتییەت، واتە نوێژکردن، بۆ پەروەردگارت بەجێ بهێنی، پاشان چەندەی لە تواناتا هەبێ هەوڵ بدەی ئەم چاکەیە لە دەور و بەرتدا بڵاو بکەیتەوە و، هەوڵی قەدەغەکردن و ڕێگریکردن لە خراپەش بدەی. جا لە کاتێك دا کە تۆ سەرگەرمی ئەنجام دانی ئەم کارەیت، ڕووداو و موصیبەتی جۆراوجۆر دێنە ڕێت. تۆیش هەر لە یەکەم هەنگاوەوە و، لە سەرەتای ڕێگەوە بە ئارام گرتن خۆت بڕازێنەرەوە.

لە ڕاستیدا هاتنی بەڵا و داباریني موصیبەتەکان شتێکی سەیر و کوت و پڕ نیە بەلای خاوەنی هەر بانگەوازێکەوە، بەڵکو کارێکی چاوەڕوان کراوە، چونکە هەتا ئێستا پێچەوانەکەی ڕووی نەداوە، لەبەر ئەوەی کە ئەم کارە لەو ئەرکە مەزنانەیە کە تەنها پیاوی خاوەن عەزیمەت دەتوانێ بەرگەی بگرێ و، هەر تەنها خوای پاك و باڵادەستیش دەتوانێ پاداشتی لەسەر بداتەوە. جا ئەو کارە مەزنانە ئەنجام دەرانیان وەها بەرز دەکەنەوە تا بچنە ڕیزی پیاوە مەزنەکانەوە، لێرەدا ئەو بەڵا و موصیبەتانەی کە هەمیشە بەشی پیاوە مەزنەکانە دێنە ڕێی ئەوانیش و، پێویستە ئەوانیش بەو ئارامە خۆیان بڕازێننەوە کە شیاوی پیاوە مەزنەکانە ..

پێغەمبەری بەڕێزیش (صلی الله علیه وسلم) لە فەرموودەیەکی شەریفدا گرنگیی ئەم فەرمانبەرییە مەزنە ڕوون دەکاتەوە کە دەفەرموێ: (خِيارُ أُمَّتِي بَيْنَ جُهَلائِهِم في بَلاءٍ وَجِهادٍ).[١] دەفەرموێ: پیاوچاکانی ئوممەتەکەم لە نێو نەفامەکانیان دا وان لە بەڵا و جیهاددا، واتە موسڵمانە نەفامەکان ئازاریان دەدەن.

هەروەها فەرموودەیەکی تریش پشت گیریی ئەمە دەکات: (الْمُسلِمُ إذا كانَ مُخالِطاً الناسَ وَيَصبِرُ على أَذاهُم خَيرٌ مِنَ الْمُسلِمِ الَّذِي لا يُخالِطُ الناسَ وَلا يَصبِرُ عَلى أَذاهُم).[٢] دەفەرموێ: ئەگەر موسڵمان تێکەڵیی خەڵك بکات و لەسەر سزا و ئازاریان ئارام بگرێت، چاکترە لەو موسڵمانەی کە تێکەڵیی خەڵك ناکات و لەسەر سزا و ئازاریشیان ئارام ناگرێت.

بەڵێ، ئەنجام دانی ئەرکی فەرماندان بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە لە کۆمەڵگەیەکی خراپی بۆگەندا، خواپەرستییەکە لەوە چاکترە پیاو لە گۆشەیەکی کەناردا دوور لە کۆمەڵگە کڕ بکا و خۆی بۆ خواپەرستیی یەك لایی بکاتەوە. خۆ ئەگەر ئەم فەرمانبەرییە لە خواپەرستیی کەسیی چاکتر نەبوایە ئەوا پێغەمبەری بەڕێز (صلی الله علیه وسلم) لە ماڵ دەرنەئەچوو و، لە ماڵەوە خەریکی دەست خستنی (فیوضات) و نوور و تەجەللای خوایی ئەبوو و، هەرگیز تێکەڵی کەس نەئەبوو. هەروەها ئەگەر ئەم فەرمانبەرییە لە هەموو کارێکی تر چاکتر نەبوایە، بە تایبەت کەنارگرتن لە خەڵکیی، بە ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلْمُدَّثِّرُ ۝١ قُمْ فَأَنذِرْ ۝٢﴾ (المدثر: ١-٢) فەرمایشتی لەگەڵدا نەئەکرا..

دین هەمووی ئامۆژگارییە. دین فەرماندان بە چاکە و ڕێگریکردن لە

---

(١) الديلمي، الفردوس : ٢ / ١٧٤ .

(٢) الترمذي، القيامة : ٥٥، إبن ماجة، الفتن : ٢٣، المسند : ٢ / ٤٣ .

خراپەیە. پێغەمبەری بەڕێزیش (صلی الله علیه وسلم) فەرموویە: (الدين النصيحة). فەرموویە: دین ئامۆژگارییە. وتمان: بۆ کێ؟ فەرمووی:
(للهِ وَلِكِتابِهِ ولِرَسُولِهِ وَلأَئِمَّةِ الْمُسلِمِينَ وَعَامَّتِهِم).[1] فەرمووی: بۆ خوا و، قورئان و، پێغەمبەر و، پێشەوایانی موسڵمانان و، موسڵمانان بە گشتیی..
بە پێی ئەمە، ئیماندار بەبێ وەستان خەریکی ناساندنی خوایە و، ئەم کێشەیە کێشەی بنچینەیی ئەوە، بگرە خۆی بۆ ئەو کارە وەها یەك لایی دەکاتەوە کە ئەگەر ڕۆژێك نەیتوانیی بێت خوا بە کەسانی تر بناسێنێ خەو لە چاوەکانی بتۆرێ و، دڵی نەچێتە سەر هیچ خۆراکێك و، ئەو ڕۆژەش لەسەر تەمەنی خۆی نەژمێرێ..
هەروەها ناساندنی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) خولیای سەریەتی، ئەو نارەحەتییانە ئەگێڕێتەوە و بەردەوام هەر باسیان ئەکا کە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لە پێناوی ئەم بانگەوازەدا دانی بە خۆیدا گرتووە، هەتا لەوە بێخەم ببێ کە گوێگران لە هەموو کار و کردەوەیەکیاندا پێغەمبەریان (صلی الله علیه وسلم) کردۆتە پێشەنگی خۆیان..
هەروەها ناساندنی ئەو قورئانەی کە پەروەردگاری مەزن بە شێوەی دەستوورێك و ڕێ پیشان دەرێك دایبەزاندووە بۆ کارپێکردن و، بڵندیی و ڕیزمان بەستراوە بەوەوە چەندێ پشتمان پێی بەستووە. ئێمە لە شاهێدیی مێژوو وەها تێ ئەگەین کە هەرکەی جیهانی ئیسلامیی پشتی بە قورئان بەستبێ و بە ئەحکامەکانی کاری کردبێ پلە

---

(١) مسلم، الإيمان : ٩٥، البخاري، الإيمان : ٤٢، أبوداود، الأدب : ٥٩، الترمذي، البر والصله : ١٧، النسائي، البيعة : ٣١ .

بەرزەکان مەنزڵی بووە و، بە پێچەوانەشەوە چیی دەستی لە قورئان شل کردبێ بەم لاو بەولادا پەرتەوازە بووە.
لێرەدا وای بە پێویست دەزانم شتێك ڕوون بکەمەوە و دڵیشم پڕ لە داخ و خەفەتە. دەڵێم بە داخ و خەفەت و خەمەوە، چونکە هەرچیی بیری لێ دەکەمەوە ئەوپەڕی ئێش و ئازار بە دڵم ئەگات، کە ئەمەیە:
موسڵمانانی ئەمرۆمان وایان لێ هاتووە کە هیچێ لە قورئان تێ ناگەن. ئەوان لە شیوێك دان و قورئانیش لە شیوێکی تردایە و، تەنها بە شێوەیەکی ڕووکەش پەیوەندییان بە قورئانەوە هەیە . دەبینی ئەو کەسەی کە هەڵئەشاخێ بەوەدا کە لەبەر ڕێزلێنان، قورئان بۆ سەر سنگی بەرز ناکاتەوە، خۆی لە ژیان و گوزەرانیدا بە تەواویی بە پێچەوانەی قورئان هەڵس و کەوت دەکات. جا ئەو کەسەی کە قورئان ناکاتە دەستووری ژیانی و، حوکم پێکردنی ناکاتە مەبەستی ژیانی، خاوەنی هەر ناونیشان و پلەیەك بێت، لە ئاخیرەت دا سزایەکی پڕ ئێش و ژان ئەدرێت، ئەگەرچیی لە دنیادا قورئانی لە شوێنی تایبەتییدا هەڵ گرتبێ، یان بە شوێنێکی بەرزەوە هەڵی واسیی بێ، بگرە لەوانەیە ئەو کەسەش بەو شێوەیە بە پشتا، یان بە هەردوو قاچی هەڵ بواسرێ، لەسەر ئەوەی کە پێچەوانەی قورئان جووڵاوەتەوە و لە ژیانی دنیاییدا گوناه و تاوانی ئەنجام داون.
خۆزگە ئایا دەگونجێ پەردەی غەیب، ئەگەر بۆ ساتێکیش بێ، لا بدرێ هەتا ئەو خەڵکە، هەر لە ئامۆژگار و موفتیی و نووسەر و سەرنووسەر و بیریار و خوێنەر و گوێگر و مامۆستا، چارەنووسی دووریی و پشت هەڵ کردنیان لە قورئان ببینن ؟ بەڵام ئەم کارە، واتە ئیرادەسەندن لە مرۆڤ، پێچەوانەی نهێنیی تاقییکردنەوە و ئەرك بەسەردادانە.
وتمان لادانی پەردەی غەیب بۆ بینینی تابلۆکانی ئاخیرەت. بەڵام وا

دەزانم کەمێ بیرکردنەوە بەسە بۆ بینینی عاقیبەتمان لە دنیادا . ئایا وەك خۆر لە نیوەڕۆدا دیارە وەهاش دیار نیە کە نرخی دوورکەوتنەوەمان لە قورئان بە کێ دەدەین و؟ چۆنیش ئەیدەین؟ تۆ بڵێ دوای ئەم زەلیلییە چاوەڕوانی چ زەلیلییەك دەکەین تا ببێتە هۆیەك بۆ پشت بەستنمان بە قورئان و نزیك بوونەوەمان لێی؟ بەڵێ، هەر دەبێ ئەم بارودۆخە پڕ ئێش و ژانە کۆتایی پێ بێ و، هەر دەبێ جیهانی ئیسلامییش ئەوە بزانێ کە تاکە ڕزگارکەر پشت بەستنە بە قورئانی پیرۆز و، پێغەمبەری مەزنیش (صلی الله علیه وسلم) هەر بۆ ئەوە ڕەوانە کراوە کە ئەم کارەمان تێ بگەیەنێ. ئیتر مرۆڤایەتیی چەندە لە فەرمانی قورئانی پیرۆز تێ بگات، بەو ئەندازەیە بەرز و بڵند دەبێ.

سەرەنجام مرۆڤ، لە ئاستی تاکەکەسییدا، بە بۆنەی ئەنجام دانی ئەم فەرمانبەرییە پیرۆزەوە دەبێتە هۆیەك بۆ بەخەبەرهێنانی چەندین کەس بە دەنگی ئیمان، ئەو مرۆڤە ئەوەندەی هەموو پاداشتەکانیان پاداشتی دەستگیری دەبێ. ئەمەش ئەو مانایە دەبەخشێ: لەبەر ئەوەی کە ئێوە بوونەتە هۆیەك بۆ قەناعەت پێکردنی کەسێك بە گرنگیی نوێژ و، واجب بوونی زەکات و، حیکمەتی ڕۆژوو و، پێویستێتیی ئیرشاد و، کاری تری لەو شێوەیە، ئەوا ئەوەندەی ئەو پاداشتەی کە دەست گیر دەبێ بە هۆی کارکردنی ئەو کەسەوە ئێستا و لەمەو دواش، بۆ ئێوەش ئەنووسرێ، بێ ئەوەی لە پاداشتی ئەو کەسە کەم ببێتەوە، چونکە (إِنَّ الدَّالَّ عَلى الْخَيرِ كَفاعِلِهِ)[١]. کەسێ ڕێ پیشاندەربێ بۆ خێر و چاکە وەك ئەو کەسەی کە چاکەکە ئەنجام دەدا خێری بۆ ئەنووسرێ، وەك پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه

(١) الترمذي، العلم : ١٤.

وسلم) فەرموویەتی. سەرەڕای ئەوەش ئەو پاداشتە کە دەست ئەو کەسە دەکەوێ کە بە هۆی ڕێنمایی ئێوەوە خوا هیدایەتی داوە بۆ سەر ئیمان، ئەوەندەش بۆ ئێوە ئەنووسرێ. ئەمە بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە کاری فەرماندان بە چاکە و دوورەپەرێزییکردن لە خراپە چەندە گرنگە، بەوەی کە کارێکی بچووك لەو پێناوەدا تا ئەم ڕادەیە پاداشت دەست مرۆڤ ئەخات. پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێ: (مَن سَنَّ في الإسلامِ سُنَّةً حَسَنَةً فعُمِلَ بِها بَعدَهُ كُتِبَ لَهُ مِثلُ أَجرِ مَن عَمِلَ بِها وَلا يَنقُصُ مِن أُجُورِهِم شَيْءٌ ، ومَن سَنَّ في الإسلامِ سُنَّةً سَيِّئَةً فَعُمِلَ بِها بَعدَهُ كُتِبَ عَلَيهِ مِثلُ وِزرِ مَن عَمِلَ بِها وَلا يَنقُصُ مِنْ أَوْزارِهِم شَيْءٌ) .[١]
دەفەرموێ: هەر کەسێك لە ئیسلامدا کارێکی چاکی داهێنا و دوای خۆیشی هەر کاری پێ ئەکرا، ئەوا ئەوەندەی پاداشتی ئەوانەی کە ئەو کارە چاکە ئەنجام دەدەن پاداشتی بۆ ئەنووسرێ، بێئەوەی لە پاداشتی ئەوان کەم ببێتەوە. هەروەها هەر کەسێکیش لە ئیسلامدا کارێکی خراپی داهێنا و دوای خۆیشی هەر کاری پێ ئەکرا، ئەوا ئەوەندەی گوناهی ئەوانەی کە ئەو کارە خراپە ئەنجام دەدەن گوناهی بۆ ئەنووسرێ، بێ ئەوەی لە گوناهی ئەوان کەم ببێتەوە..
جا هەرکەسێ لەبەر ڕۆشنایی ئەم سوننەتە بەڕێوە بچێ پاداشتی خۆی وەردەگرێ، ئیتر سا خزمی نزیك بێت یان دوورینە. چونکە دامەزراندنی بەرنامەیەکی تازە و، داهێنانی سوننەتێکی چاك وەك ئەوە وەهایە کە ژیانی کۆمەڵایەتیی مردوومان ژیانی بە بەردا بکرێتەوە. هەتا ئەگەر ئەم ژیانەش بەجێ بهێڵین و، لێرە کۆچ بکەین، ئەوا ئەو کردەوە چاکانە لە تۆماری کردەوە چاکەکانماندا هەر ئەمێننەوە و، ئەشتوانین چاکەکانی تریش بەو پێیە بپێوین..

---

(١) مسلم، العلم : ١٦، الترمذي، العلم : ١٥، المسند : ٤ / ٣٦١ .

پێویستە لە یادمان نەچێت کە ڕۆژێك دەبێت بە بێ ڕۆح بە جەنازەیەك هەڵمان بگرن و، بمان خەنە چاڵێکەوە و، خۆڵمان بەسەردا بکەن. هەتا نزیك ترین کەسمان لە باوك و دایك و دۆست و برا و خۆشەویستانمان لەوێ بە جێمان ئەهێڵن. ئیتر ئەو پاداشتانەی کە لەو سوننەتە چاکەوە کە دامانهێنا و بۆمان دێن، بەسەرماندا ئەبارن و، قەبرەکانیشمان نوقمی دەریای نوورەکان دەبن. ئا لەو حاڵەتەدا ئێمە هەتا ڕۆژی قیامەت، بە بۆنەی ئەو تۆوانەی کە لە دنیادا ناشتنمان، بە زیندوویی ئەمێنینەوە، هەرچەندە بە لاشە مردووین.

لە سەردارمان موحەممەد (صلى الله عليه وسلم) ورد ببنەوە کە ماوەی چواردە سەدەیە کۆچی بۆ قیامەت کردووە، بەڵام کێ وەك ئەو تام و چێژی ژیان ئەچێژێ و، کێیش وەك ئەو زیندووە ؟ چونکە ڕۆژانە تۆماری کردەوە چاکەکانی، بە هەموو لاپەڕەکانیەوە، دەکرێتەوە و هەرگیز داناخرێت، پاداشتی بۆ ئەنووسرێ . پاشان دوای ئەو نۆرەی ئەوانە دێ کە هەر یەکەیان خشتێکی زێڕی خستۆتە سەر بینای ژیانی کۆمەڵایەتیی، کە بە ملیۆنەها دەبن و، هەر یەکە لەوانیش پاداشتی خۆیان بە ڕێژەی ئەوە وەردەگرن کە بوونەتە هۆ بۆ داهێنانی سوننەتێکی چاك . بەڵێ ڕەحمەتی خوا فراوانە و، پیاو ئەوەندەی بەسە کە ڕێیەك بگرێتە بەر تا بەو ڕەحم و سۆزەی خوای بگەیەنێ..

پێغەمبەری بەڕێز (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ:

(كُلُّ مَيِّتٍ يُخْتَمُ على عَمَـلِهِ إلاَّ الْمُرابِطَ ، فَإِنَّهُ يَنمو لَهُ عَمَلُهُ إِلى يَومِ القِيامَةِ وَيُؤَمَّنُ مِنْ فَتَّانِ القَبرِ) .[1]

دەفەرموێ : هەموو مردوویەك، جگە لە (مرابط)، تۆماری کردەوەکانی

(١) أبوداود، الجهاد : ١٦، الترمذي، فضائل الجهاد : ٢ .

دائەخرێت و مۆر دەکرێت، بەڵام ئەو هەتا ڕۆژی قیامەت کردەوە چاکەکانی هەر زیاد دەکەن و، لە پرسیار و وەڵامی قەبریش سەرفراز دەبێ.
بەڵێ ئەو (مرابط)ەی کە لە پێناوی (حەق) دا خۆی نەزر کردووە و، جگە لە بانگەوازەکەی بیر لە شتێکی تر ناکاتەوە و، مەبەستی ژیانیشی ئەوەیە ئەو کون و کەلەبەرانە بگرێت کە دەگونجێ مەترسیی و شتی لەناوبەریان لێوە بێتە ناو وڵاتەکەیەوە و، تەبلیغی ئەوەش کە خوای گەورە بە فەڕ و بەرەکەتی خۆی بەوی بەخشیوە، بە کەسانی تر، بە گەورەترین فەرمانبەریی سەرشانی خۆی ئەژمێرێت. مرۆڤی ئاوەها هەرگیز تۆماری کردەوە چاکەکانی داناخرێت، بگرە هەموو ساتێك زیاد دەکات و پەرە ئەسێنێ. لە مێژووی ئیرشاد و تەبلیغیشدا هی وا بوون کە ملیۆنەها تۆوی ئیرشادیان وەشاندووە، کەچی کۆچیان کردووە بێ ئەوەی بۆنی تاقە گوڵێکیان بکەن و، هی واش بوون ئەو تۆوانەیان ئەوەشاند و، دوای پەنجا ساڵ دەوروبەر وەك بەهاری ڕازاوە سەوز و گەش ئەبوو. جا پاداشتی هەر هەموو ئەوانە قەبرەکانیانی دەکردە مەڵبەندی تیشك و سەرچاوەی نوور.
بەڵێ خوای پاك و باڵادەست کردەوەکانیان زیاد دەکات و، چاکەکانیان گەشە پێدەدات و، لە فیتنەی قەبریش دەیان پارێزێ و، لێزمەی نووریشیان بەسەردا ئەبارێنێ. بەو مانایە کە ئەوانە تەنها بە جەستە مردوون، ئەگینا بۆ پاداشت وەرگرتن زیندوون، بگرە لەوانە زیندووترن کە بە زیندوو ناو ئەبرێن، بەڵام توانای ئەنجام دانی ئەو کارە چاکانەیان نیە.

٧

ئیرشاد و ئیمان و نیفاق

ئیماندار لەو کۆمەڵەدا کە تیایدا ئەژیی، بە ناوی حەق و حەقیقەتەوە، لە نزیکترین بازنەوە دەست بە فێرکردن و یادخستنەوەی ڕەوشت بەرزیی دەکات. ئەمەش ئەنجامێکی پێویستی ئیمانەکەیەتی.

چونکە سەلامەتیی موسڵمانان لە دەستی و زمانی ئەم ئەنجامە دەبەخشێ. لەلایەکی تریشەوە ئیمانداران وەك جەستەیەك وەهان، وەك لە فەرموودەی شەریف دا هاتووە، کە ئەگەر ئەندامێکی تووشی ئازار و ناڕەحەتیی بوو ئەوا بەشەکانی تری ئەو جەستەیە تووشی خەو زڕان و تا دەبن. دیارە سەلامەتیی هەر ئەندامێك لە ناتەواویی و کەم و کورتیی دەبێتە مایەی سەلامەتیی جەستەکە هەر هەمووی. لەبەرئەوە کارێکی یەکجار فیطرییە و سروشتییە ئیماندار بایەخ بە خەم و خەفەتی ئیمانداران بدات، بەوەی کە بە ئێش و ئازاریان ئازاری پێبگات و، بە شادمانییان دڵی بکرێتەوە و، بە بەختەوەرییشیان بەختەوەر ببێت. ئەی ئەوان ئەندامی جەستەیەك نین؟ بە تایبەتیی کە ئەگەر ئەو ئازار پێگەیشتن و شادمانییە بە جیهانی قیامەتی هەتا هەتاییەوە پەیوەست بێ. ئیتر چۆن ئیماندار گوێ بە براکەی نادات بۆ بەهەشت بچێ یان بۆ ناو ئاگر؟ لەبەر ئەمە کە ئیماندار خەریکی ئەنجام دانی ئەرکی پیرۆز دەبێت، بەرانبەر بە برا ئیماندارەکەی، واتە فەرماندان بە چاکە ڕێگریکردن لە خراپە، ئەوە سیفەتێکە لێی جوێ

نابێتەوە و، لەبەر ئەم مانایشەیە قورئانی پیرۆز ئاماژە بە فەرمایشتی خوا دەکات:

﴿ وَٱلۡمُؤۡمِنُونَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتُ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٖۚ يَأۡمُرُونَ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَيَنۡهَوۡنَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ وَيُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤۡتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَيُطِيعُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓۚ أُوْلَٰٓئِكَ سَيَرۡحَمُهُمُ ٱللَّهُۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٞ ﴾(التوبة: ٧١).

بەڵێ ئیمانداران بە نێر و مێیانەوە کۆمەك و پشتیوانی یەکترن و، بە پێویستی ئەم پشت گیرییەش فەرماندان بە چاکە، واتە ئەو کارەی کە خوا بە چاکی دائەنێ و، ڕێگری لە خراپەیە، کە بریتییە لەو کارەی کە خوا بە ناشیرینی دائەنێ. لە ڕاستیشدا پیاو جگە لەم هەڵس و کەوتە لەگەڵ پشتیوانی خۆیدا هەڵس و کەوتی تر ناکات.

گرنگیش ئەوەیە کە ئیماندار لە کاتی ئەنجامدانی ئەم کارەدا، واتە فەرماندان بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە، خۆی لە بیر نەچێتەوە، بەوەی کە لەسەری پێویستە یەکەمجار ئیسلام لە خۆیدا جێ بەجێ بکات، هەتا وای لێ بکات ببێتە بەشێك لە تەبع و ڕەوشتی، ئیتر نوێژەکەی بە ڕێك و پێکیی بەجێ ئەهێنێ و، زەکاتەکەی بە جوانترین شێوە دەر دەکات. واتە لە هەموو کارێکیدا گوێڕایەڵیی خوا و پێغەمبەرەکەی (صلی الله علیه وسلم) بکات. جا ئەگەر هەموو تاکێك لە کۆمەڵگەدا بەم شێوەیەی لێ هات، ئەوا کۆمەڵگەش ڕێك و پێك دەبێت. ئیتر ئەو کاتە سۆزی خوایی بەو فراوانییەی خۆیەوە ئەو کۆمەڵگەیە لە ئامێز دەگرێ و، تاکەکانیشی لە ژێر باڵی ڕەحمەتی خوای پاك و بێگەرددا ئەپارێزرێن. ئیتر کەش و هەوایەکی ڕەحمانیی لەو دەوروبەرەدا دەردەچێت. جا لە بەرانبەر ئەو شێوازە بەرزەی کۆمەڵگە و، ئەو نموونە تاقانە و پاك و پاڵفتانەی ئیماندارانەوە قورئانی پیرۆز

دیمەنی موونافیقان بەم شێوە دەکێشێ:

﴿ ٱلْمُنَٰفِقُونَ وَٱلْمُنَٰفِقَٰتُ بَعْضُهُم مِّنۢ بَعْضٍ ۚ يَأْمُرُونَ بِٱلْمُنكَرِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمَعْرُوفِ وَيَقْبِضُونَ أَيْدِيَهُمْ ۚ نَسُوا۟ ٱللَّهَ فَنَسِيَهُمْ ۗ إِنَّ ٱلْمُنَٰفِقِينَ هُمُ ٱلْفَٰسِقُونَ ﴾ (التوبة: ٦٧) .

وەك دەریش دەكەوێ قورئانی پیرۆز وشەی (الولي) بۆ موونافیقان بەكار ناهێنێ، بەڵكو وەها هەواڵ دەدات كە (بعضهم من بعض)، چونكە كۆمەكیی و پشتیوانیی لە نێوان موونافیقاندا نیە، چونكە كەڵك و قازانج تاكە پەیوەندیی نێوانیانە كە بە یەكیانەوە ئەبەستێ. جا ئەگەر كەڵك و قازانجەكەیان تووشی كەمێك زەرەر و زیان هات ئەوا زۆرانبازییەكی توند دەكەوێتە نێوانیان. جا ئایەتی پیرۆزی: (بعضهم من بعض) حاڵەتی دەروونییان دەر ئەخات كە هەر هەموویان پیسن.. سیفەتێكی تریش هەیە كە تیایا هاوبەشن ئەویش ئەمەیە: ئەوان (يأمرون بالمنكر) واتە فەرمان بە خراپە دەدەن، بەوەی كە شتی سووك و بێئابڕوو بڵاودەكەنەوە و، بەردەوام فەساد و خراپە فێری خەڵك دەكەن و، بە وێنەی خەواندنی موگناتیسیی بەسەر گەنجەكاندا ئەسەپێنن. ئیتر خەڵكیی ملكەچی فەرمانەكانیان دەبن. چونكە هۆیەكانی ڕاگەیاندن و پەخش كردن ئەوەندە بەهێزن كار دەكەنە سەر مرۆڤ. جا ئەوانەی كە مێشكیان لە خشتە براوە و، چاوبەست كراون هۆ و نۆكەر و داردەستن بە دەست موونافیقانەوە و وازیان لێناهێنن. ئەوانە هەرچیی پیسیی و خراپییەكی نەفرەتلێكراو هەیە، بۆ درێژەپێدانی هێزی ڕەنج خۆریی خۆیان، ئەنجامی دەدەن و، لەبەر ئەوەش كە موونافیقن، لە هەر كوێیەكی جیهاندا ببن، خێرا بەم سیفەتە جیاكەرەوەیان ئەناسرێن، چونكە ئەوانە فەرمان بە خراپە دەدەن و ڕێگریش لە چاكە دەكەن..

بەڵێ، سیفەتی هاوبەشی دووهەمیان ئەمەیە: ئەوانە ناهێڵن چاکە ئەنجام بدرێت و کردەوەی چاکیش قەدەغە دەکەن. بەوەی کە هەوڵ دەدەن کۆمەڵگە بخەنە ژێر دەسەڵاتی دەروونیی خۆیانەوە و، هەر کەسێ ژیانی ڕەوشتبەرزیی بوێ بە ((دواکەوتوو و کۆنەپەرست)) عەیب داری دەکەن. لەبەرچاوی ئەوان هەموو نوێژکەر و ڕۆژووگرێك دواکەوتوو و کۆنەپەرستە و، جلی داپۆشەر و سەرپۆشی ئافرەتان نیشانەی کۆنەپەرستییەکی سامناك و، ئاماژەی چارەڕەشییە بۆیان. ئەگەر باسی خۆشویستنی ئوممەتیشت هێنایە ناو باسەوە، ئەوا لەبەرچاوی ئەواندا تۆ نەتەوەپەرستێکی توندڕەویت. ئا بەم جۆرە.

بەڵێ، هەموو جوانێك و هەموو چاکێك بەلای ئەوانەوە خراپ و ناشیرینە، هەروەك ئەوان بەرانبەر بە هەموو ئەو شتانەی کە بەلای ئوممەتەوە کردەوەی چاکن، تووشی (حەساسیەت)ێکی لە ڕادەبەدەر بوو بن. ئەمەش یەکێکە لە پێویستییەکانی ئەو نیفاقەی کە بریتییە لەو چاڵە زۆر قووڵەی کە هەر کەسێ بە ظاهیر و باطین کامڵ نەبوو بێ تێی دەکەوێ، وەك قورئانی پیرۆز دەربارەیان فەرمایشت دەکات، بگرە قورئانی پیرۆز شێوەیان بە ڕوونیی بەرجەستە دەکات کە دەفەرموێ:

﴿...بَلْ هُمْ أَضَلُّ...﴾ (الأعراف: ١٧٩).

بە پێی ئەم بناغەیە پێویستە ئیمانداران خۆیان لە کەوتنە ناو ئەو چاڵە قووڵە بپارێزن، ئەویش بە ئەنجامدانی لێپرسراوییەکانی سەرشانیان بە شێوەی خۆیان، بەوەی کە هەندێکیان فەرمان بە چاکە بدەن بەسەر هەندێکی تریاندا و، یەکتریی هەڵ بنێن لەسەری و، ڕێگریش لە کردەوە خراپەکان بکەن و کۆشش لەسەر وازهێنانیشیان بکەن. جا هەروەك خۆیان بە دوور دەگرن و ئەترسن بکەونە ناو چاڵی نیفاقەوە، هەروەها لە سەریان پێویستە لە هەمان چارەنووس بۆ دۆست و

خۆشەویستەکانیان بترسن و، لەسەریشیان پێویستە خۆیان وریا بن و، کارێکیش بکەن ئەو کۆمەڵگەیەی کە تیایدا دەژین بە وریایی ژیان ببەنەسەر. بەڵێ، وەك لە پێشەوە باسمان کرد، هەتا ئەوان ئیمانداربن ئەم سیفەتانەیان لێ جوێ نابنەوە.

لە ڕاستییشدا لە پێناوی بەرپاکردنی کۆمەڵگەیەکی ئاسوودە و هێمندا پێویستە ماوە بە بچووکترین خراپە نەدرێت . بە پێچەوانەی ئەوەشەوە ئەو خراپەیەی کە لە سەرەتاوە بە بچووك بەرچاو دەکەوێ، لە ماوەیەکی یەکجار کورت دا بڵاوە دەکات و، بە وێنەی نەخۆشیی پەتا پەرە ئەسێنێ، بەڕادەیەك کە هەڕەشە لە تەواوی کۆمەڵگەیەك دەکات و، هەندێ جاریش ئوممەتێك هەر هەمووی، بگرە هەموو مرۆڤایەتیی، هەڕەشەی تیاچوون و بەدبەختییان لێ دەکەن و، هەرچیی فەساد و لادانیش لە کۆمەڵدا پەرە ئەسێنێ لەو کردەوە خراپانەوەیە کە بە بچووك ئەزانرێن. جا ئەگەر لەم گۆشەیەوە چاوێك بە مێژوودا بخشێنین، دەبینین زۆربەی فەساد و گەنیوی کۆمەڵگەکان لە ئەنجامی دووبارە بوونەوەی ئەم کارەیە. ئەو فەرموودە شەریفەش کە لەمەو دوا، بۆ شیکردنەوەی مێژوویی ئەو جۆرە کۆمەڵگە گەنیوانە ئەیهێنینەوە زۆر گرنگە:

(إنَّ أوَّلَ ما دَخَلَ النَّقصُ على بني إسرائيلَ كانَ الرَّجُلُ يَلقى الرجلَ فيقولُ : يا هذا إتَّقِ اللهَ وَدَعْ ما تَصنَعُ فَإنَّهُ لا يَحِلُّ لَكَ ، ثم يَلقاهُ مِنَ الغَدِ فَلا يَمنَعُهُ ذلِكَ أن يَكُون أكِيلَهُ وَشَرِيبَهُ وَقَعِيدَهُ ، فَلَمَّا فَعَلُوا ذلِكَ ضَرَبَ اللهُ قُلُوبَ بَعضِهِم بِبَعضٍ ، ثم قال:

﴿ لُعِنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنۢ بَنِىٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ عَلَىٰ لِسَانِ دَاوُۥدَ وَعِيسَى ٱبۡنِ مَرۡيَمَۚ ذَٰلِكَ بِمَا عَصَواْ وَّكَانُواْ يَعۡتَدُونَ ﴿٧٨﴾ كَانُواْ لَا

يَتَنَاهَوْنَ عَن مُّنكَرٍ فَعَلُوهُ لَبِئْسَ مَا كَانُوا يَفْعَلُونَ ﴿٧٩﴾
تَرَىٰ كَثِيرًا مِّنْهُمْ يَتَوَلَّوْنَ الَّذِينَ كَفَرُوا لَبِئْسَ مَا قَدَّمَتْ
لَهُمْ أَنفُسُهُمْ أَن سَخِطَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ وَفِي الْعَذَابِ هُمْ خَالِدُونَ ﴿٨٠﴾
وَلَوْ كَانُوا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالنَّبِيِّ وَمَا أُنزِلَ إِلَيْهِ مَا اتَّخَذُوهُمْ
أَوْلِيَاءَ وَلَٰكِنَّ كَثِيرًا مِّنْهُمْ فَاسِقُونَ ﴾ (المائدة: ٧٨ - ٨١)

ثم قال رسول الله (صلى الله عليه وسلم) : (كَلاَّ واللهِ لَتَأمُرُنَّ بِالمَعرُوفِ وَلَتنهَوُنَّ عَنِ الْمُنكَرِ وَلَتَأخُذُنَّ عَلى يَدَيِ الظَّالِمِ وَلَتَأطُرُنَّهُ عَلى الْحَقِّ أَطَراً وَلَتَقصُرُنَّهُ عَلى الْحَقِّ قَصراً) .[1]

دەفەرموێ: یەکەم شتێ کە ناتەواویی خستە ناو دینی بەنی ئیسرائیلییەکانەوە ئەوەبوو پیاوێك تووشی پیاوێکی تاوان کار ئەبوو و پێی ئەوت: کابرا! شەرمی خوا بکە و، واز لەم کارە خراپە بهێنە، چونکە بۆ تۆ حەڵاڵ نیە، کە بۆ سبەینێ تووشی ئەهاتەوە و وازی لە کردەوە خراپەکەی نەهێنا بوو، هیچ باکێکی لەوە نەبوو کە نان و ئاوی لەگەڵدا بخوا و بخواتەوە و لە گەڵیشی دابنیشێ. کە ئەوان ئەوەیان کردە پیشەی خۆیان خوای گەورەش لە ئاستی یەکدا دڵی تێکدان. پاشان ئایەتەکەی خوێند کە ئەوە دەگەیەنێ خوای گەورە لەسەر زمانی داوود و عیسا سەلامیان لێ بێ نەفرەتی لە بەنی ئیسرائیلییەکان کردووە، لەسەر کاری خراپە هەرگیز قەدەغەی یەکترییان نەدەکرد و، پشتی کافرانیان ئەگرت و دژی ئیمانداران ئەوەستان.
پاشان پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) سوێند بەخوا ئەخوا کە دەبێ فەرمان بە چاکە بدەن و، دوورەپەرێزیی لە خراپە بکەن و، دەستی زاڵم بگرن و نەهێڵن خراپە بکات و، بیخەنەوە سەر ڕێبازی حەق ..

---

(١) أبوداود، الملاحم : ١٧، إبن ماجة، الفتن : ٢٠ .

لێرەدا کاتێك کە باسی هەڵوێستی بەشێکی ئەو بەنی ئیسرائیلییانە دەکات کە ڕێیان بە بڵاوبوونەوەی خراپەدا، ئیمانداران لە هەمان چارەنووس ڕێگری دەکات و، ئیمانداران ئاگادار دەکرێتن تا نەکەونە ئەو چاڵە قووڵەوە. بێگومان باس کردنی ئەم جۆرە ڕووداوانە بۆ ڕوون کردنەوەی بەشێك لە حیکمەتەکانە بۆ هەموو سەردەمێك.

ئەشگونجێ هەمان ڕووداو بەم شێوە شیی بکەینەوە:

خراپەیەکی ئەنجامدراو بینرا. جا ئەو کەسەی کە ئەنجامدەری خراپەکەی ئاگادار کردەوە، لە ڕاستییدا ئەو کەسە ئەو خراپەیەی بەلاوە خراپە و بەرهەڵستیشی دەکات. ئەوەبوو لە ڕۆژی یەکەمدا ئەنجام دەرەکەی ئاگادار کردەوە، بەڵام ئەم جۆرە کارەی کە پێویستیی بە بەردەوامیی و دامەزراویی هەیە، ئەو هەرگیز بەو پێیە هەنگاوی هەڵنەگرت. چونکە، لەبەردەم سووربوونی ئەنجامدەری خراپەکەدا لەسەر خراپەکەی، نەیتوانیی پارێزگاریی لە زیندوێتیی ڕۆحیی و مەعنەویاتی خۆی بکات، بەڵکو لێی نزیك کەوتەوە و، لەگەڵیا دانیشت و، خواردنی لەگەڵدا خوارد و، شەو لەگەڵیدا ڕایبواردو، دۆستایەتیی هەمیشەییشی لەگەڵیدا بەست. واتە هەتا بە دەربڕینی بوغز و قین لە دڵیدا، کە لەوە بەو لاوە ئیتر ئەوەندەی دەنکە خەرتەلەیەك ئیمانی نیە، نەیتوانی جووڵە بکات. جا کە بەرانبەر بەو خراپەیە کەسێك نەما بەرگریی بکات، ئەوا ناوەندێکی گونجاوی بۆ ئەرەخسێت تا لە ناو کۆمەڵگەدا پەرە بسێنێ. خوای پاك و بێگەردیش دڵی پەرتەوازە کردن بەڕادەیەك کە ناکۆکیی خستە نێوانیانەوە و، بە خراپترین شێوە پارچە پارچەی کردن..

بەڵێ، خوای پاك و باڵادەست، نیفاقی خستە دڵی جوولەکەوە، بەوەی کە ئەو دڵەی لەگەڵ دڵی خاوەنی کردەوە خراپەکەدا گونجان. ئیتر

هەرچیی شێوەیەك لە سزادان و، هەرچیی جۆرێك لە سووكیی و زەلیلیی هەبوو جیهانی نەصارا، لە سەردەمێك لە سەردەمەكانی مێژوودا، بە جوولەكەیان چەشت. لەوە و پێشیش بە درێژایی چەندین چەرخ لە بابلدا بە دیلیی ژیانیان بردۆتەوە سەر. پێش ئەوەش، لە ماوەیەكی تردا، لە سەردەمی (شاپوور)دا، جۆرەها پەنگ پێدان و سزایان چەشت. ئا بەم شێوەیە لە هیچ كاتێكدا نە حەسانەوە و، نە دڵنیاییان بە خۆیانەوە نەدیی. تاكە هۆیش كە بەم حاڵەتەی گەیاندن بریتیی بوو لە وازهێنانیان لە فەرماندان بە چاكە و ڕێگریكردن لە خراپە لە نێوان خۆیاندا. بەمە ئاژاوەی دووبەرەكیی و ناكۆكیی لە دڵیاندا گەشەی كرد، بگرە بەیناو بەین بناغەیان ئەهاتە شۆكە و لەرزین..

جا كە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئەم حاڵەتە دەربارەی بەنی ئیسرائیل باس دەكات، لە ڕاستییدا لە پێشەوە بۆ ئوممەتی ڕوون دەكاتەوە كە پێویستە چیی ئەنجام بدەن تا هەمان چارەنووس یەخەیان پێ نەگرێ و، ئەوەشیان فێر دەكات چۆن نەهێڵن لێكهەڵوەشان و دارمانی كۆمەڵایەتییش ڕوو بدات.

كە گەیشتینە ئەم هەڵوێستە پێم خۆشە چەند خاڵێك ڕوون بكەمەوە كە سوودیان تێدا بەدیی دەكەم و، لە دەرەوەی باسەكەشمانن.

بەنی ئیسرائیل - وەك لای هەندێك وەهایە - هەتا لە سەردەمی مووسای سەردارماندا سەلامی لێ بێ نەیانتوانی بگەنە ڕێككەوتن و یەك بوون. لەبەر ئەوە هەمیشە تەمێ ئەكران. جا ئەگەر لەم كاتەدا جوولەكە سەركەوتنیان بە دەستهێنا بێ - وەهایش ئەژمێررێ- ئەمە لە ئەنجامی ڕێك كەوتنە ڕواڵەتەكەیانەوەیە و، لە دەستپێوەگرتن و شانازییكردن بە بەها مێژووییەكانیانەوە پەیدا بووە، تا ئەوەبوو

دامەزراندنی دەوڵەتێکیان، بە شێوەیەك لە شێوەکان، بۆ جێ بەجێ بوو. خۆ ئەگەر لە بەها مێژووییەکانیان دوور بکەوتنایەتەوە و، بە ناکۆکییە ناوخۆییەکانەوە بپەشۆکانایە، ئەوا لە دەست دارمانی حەتمیی دەرباز نەئەبوون . بەڵێ، بەنی ئیسرائیلی ئەمڕۆ و جوولەکە بەرهەمی ڕێزگرتنیان بۆ دینێکی ئاسمانیی ئەچننەوە، هەرچەندە ئەو دینە لە هەندێ لایەنیەوە بۆ ڕاست کردنەوە و نوێکردنەوە ئاوەڵایە.

ئەمڕۆش جیهانی ئیسلامیی، بە بۆنەی ئەو نەخۆشیی و دەرد و هەژارییەوە کە پێیانەوە ئەناڵێنێ، تا ڕادەی کەساسیی شپرزە بووە. بۆیە پێویستی بە ڕاپەڕین و گەڕانەوە بۆ لای خودی خۆی هەیە. ڕۆحی گیرۆدەی زەلیلییە و، عەقڵی بە دەست کەم و کورتیی و لاوازییەوە ئەناڵێنێ و، ئەندامەکانیشی بە دەست دەرد و نەخۆشییەوە شپرزە بوون. خۆ ئەگەر بە پەلە فریاگوزاریی نەگاتێ و، خێرا برینەکانی سارێژ نەکرێن لەوانەیە زیاتر و زیاتریش نوشوستیی بهێنێ. کاتێکیش کە دەرمان دەکرێت پێویستە لە کاتی تەداویی و برینپێچییدا بزانرێت کە پەیامەکەی دەوران دەوری هەر هەموو کائیناتی داوە. ئەو کاتەش بە کۆمەکیی خوا ئیسلام هەموو ئوممەتەکانی سەرزەویی دەگرێتە باوەش و، خۆشەویستیی و ڕێکیی و کۆکیی بڵاو دەکاتەوە و، ڕۆحێکی نوێ بە بەری هەموو جیهاندا دەکات.

* * *

ڕووداوی زۆر، بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە دروشمی ئیمان بریتییە لە ئەنجامدانی کاری بانگەواز و ئیرشاد لە مێژووی ئیسلامدا. ئەم فەسڵەش بە یەکێ لەو ڕووداوانە دەست پێ دەکەم. ئەو ڕووداوەش پەیوەندیی بە سەردارمان ئەبوبەکری صدیقەوە خوا لێی ڕازیبێ هەیە:
ڕۆژێك ئەبوبەکری صدیق خوا لێی ڕازیبێ هەستایە سەر پێ و سوپاس و ستایشی خوای کرد و فەرمووی: خەڵکینە! ئێوە ئەم ئایەتە:
﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ عَلَيۡكُمۡ أَنفُسَكُمۡۖ لَا يَضُرُّكُم مَّن ضَلَّ إِذَا ٱهۡتَدَيۡتُمۡۚ إِلَى ٱللَّهِ مَرۡجِعُكُمۡ جَمِيعٗا فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ﴾ (المائدە :١٠٥)
ئەخوێننەوە، بەڵام بە شێوەیەکی تر لێی تێ ئەگەن. من لە پێغەمبەری خوام (صلی الله علیه وسلم) بیستووە کە فەرموویە: (ما من قَومٍ يُعمَلُ فيهم بِالمَعاصِي ثمَّ يقدِرونَ أَن يُغَيِّروا ثم لا يُغيروا إلاَّ يُوشَكُ أَن يَعُمَّهُمُ اللهُ مِنهُ بِعِقابٍ).[1] دەفەرموێ: هەر کۆمەڵێك تاوانیان لە ناودا ئەنجام بدرێت و، دەیان توانی گۆڕانکاری بکەن بەڵام نەیان کرد، لەوانەیە خوا هەر هەموویان سزا بدات. ئیتر ئایەتە پیرۆزەکە ئەوە ناگەیەنێ: ئاوڕ بەلای کەسانی ترەوە مەدەنەوە و، بچنەوە بەناو قابلۆغی خۆتانەوە، بەڵکو مەبەست پێی پێچەوانەی ئەم تێگەیشتنەیە، کە ئەمەیە: ئەگەر ئێوە لە گومڕایی و هەڵەی کەسانی تر بکۆڵنەوە، ئەوا خۆشتان لە یاد نەکەن، واتە ئایەتەکە هەڵنانیشی تێدایە بۆ ئەوەی تاك موحاسەبەی خۆی بکات. ئەبوبەکری صدیقی سەرداریشمان خوا لێی ڕازیبێ یەکێکە لەوانەی کە بە جوانترین شێوە دەرکیان بەم مانایە کردووە، بۆیە فەرموودەکەی پێغەمبەری خوای (صلی الله علیه وسلم) بە شێوەی دەلیلێك لەسەر تێگەیشتنە ڕاستەکەی بۆ ئایەتە پیرۆزەکە ڕیوایەت

(١) أبوداود، الملاحم : ١٧، الترمذي، الفتن : ٨ .

کردووە. لەسەر ئەم باسە فەرموودەی زۆر هەن و ئێمە لێرەدا هەندێکیان تۆمار دەکەین:

تیرمیذیی لە فەرموودەیەکدا لە پێغەمبەری خواوە (صلی الله علیه وسلم) ڕیوایەتی کردووە کە فەرموویە: (وَالذِي نَفسِي بِيَدِهِ لَتَأمُرُنَّ بِالْمَعروفِ ولَتَنهَوُنَّ عَنِ الْمُنكَرِ أَو لَيُوشكَنَّ الله أن يَبعَثَ عَلَيكُم عِقاباً مِنهُ ثِم تَدعُونَهُ فلا يُستَجابُ لَكُم) .[1] دەفەرموێ: بەو خوایەی کە گیانمی بە دەستە یان فەرمان بە چاکە دەدەن و ڕێگری لە خراپە دەکەن، یان نزیکە خوای گەورە لە لایەن خۆیەوە سزایەکتان بۆ بنێرێت، پاشان لێی بپاڕێنەوە تا ئەو سزایە لەسەرتان هەڵبگرێ، کەچی دوعاکانتان لێ وەرنەگرێ. هەروەها تیرمیذی فەرموودەیەکی لاوازی ڕیوایەت کردووە، کە ئەو فەرموودەی پێشەوەیە لەگەڵ ئەم زیادەیە: (أو لَيُسَلِّطَنَّ اللهُ عَلَيكُم شِرارَكُم ثم يَدعُو خِيارُكُم فَلا يُستَجابُ لَهُم)[2] دەفەرموێ: یان خوا پیاو خراپەکانیان بەسەرتان دا زاڵ دەکات، پاشان پیاوچاکەکانتان دوعا و پاڕانەوە دەکەن کەچی دوعاکانیان لێ وەرناگیرێت.

پیاوخراپان لێرەدا ئەو هەرچی و پەرچی و ئەلە و جەلانەن کە هیچ شتێ لە کاروبار و لایەنی بەڕێوەبردن تێ ناگەن و، دەربارەی دین و دینداریش هیچ نازانن و، ئیمانیشیان بە هیچ کتێب و پێغەمبەرێك نیە و، گاڵتە بە هەموو شتە پیرۆزەکان دەکەن و، ڕێزی شیاویان لێ ناگرن. خوای گەورەش بەسەر هەر ئوممەتێك و دەوڵەتێکدا زاڵیان بکا ئەوا هیوا بڕاوی دەکەن و سەرناکەوێ. جا جۆرێك لە جۆرەکانی ئەو سزایە زاڵ کردنی پیاوخراپانە بەسەر ئوممەتدا و، کاروبار بە دەست گرتنیانە بە زۆر و ناچارکردن، تا وای لێهات کە ئەم سزایە سزایەکی

---

(١) الترمذي، الفتن : ٩، المسند : ٥ / ٣٨٨ .

(٢) الهيثمي، مجمع الزوائد : ٧ / ٢٦٦ .

عادیلانە بێ و موسڵمانەکان شیاوی بن، چونکە خوای پاك و بێگەرد مۆڵەت دەدا بەڵام هەرگیز فەرامۆش کردنی نیە. سزای ئەنجام نەدانی کاری فەرماندان بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە دوا ئەخات، بەڵام کە ماوەی سزادان هاتە بەرەوە بەگرتنی دەسەڵاتداری بەتوانا دەیانگرێت. ئیتر لەو کاتەدا ئەگەر پیاوچاك و خواناسان مزگەوتەکان پڕ بکەن و، بە فرمێسکی زۆر و زەبەندەی گەرمەوە ئەوەندە لە خوا پاڕانەوە هەتا بەو فرمێسکانە بەرماڵەکانیان خووساند و، هەتا بەرەبەیان خەریکی ئەمە بوون، ئەوا ئەو سزایەیان لەسەر لانابرێ و، لە دەستی قوتار نابن هەتا ماوەکەی تەواو ببێ. ئەمەش یاسایەکی خواییە کە لە هیچ سەردەمێکدا نە لا دەدات و نە ئەشگۆڕرێت.

جا ئەگەر ئەم ڕستانە وەك ڕاستییەك لە واقیعی ژیاندا و، لە هەموو بەشەکانیدا بڵاو بکەنەوە، دەبینن ئەو کارە لە دێرین زەمانەوە هەر خۆیەتی و نەگۆڕاوە. حاڵی ئەمرۆشمان چەند بەشێکە لەو سووڕە مێژووییە دووبارەبووەوە.

جا ئەو دوعا بەرزکراوانە و، ئەو کڕووزانەوە و هەناسە هەڵکێشانە بەرزەوبوانە و، ئەو ئەسرینە هەڵڕێژراوانە لە نزا و پاڕانەوەکانی مزگەوتەکاندا، ئەگەر لەلایەن خاوەنی عەرشی مەزنەوە وەرنەگیرێن، کەواتە چۆن ئەتوانین ئەو کارە ڕوون بکەینەوە، بەوە نەبێ کە ئەمە کەففارەتی گوناهێکە و ئەنجام دراوە؟ ئەو گوناهەی کە زۆرێك تەئکیدمان لەسەری کردەوە، کە ئەویش بریتییە لە پشتگوێ خستنی کارێکی پیرۆز، یان بەلایەنی کەمەوە بۆ ئەنجامدانی مافی تەواوی خۆی پێ نەدرابێ.

بەڵێ، ئەو گوناهە پەیوەندی ئێمەی بە پەروەردگارمانەوە پچڕاندووە، چونکە مەبەستی بوونمان بریتییە لە فەرماندان بە چاکە و ڕێگریکردن

لە خراپە. جا پەروەردگارمان لە پێناوی ئەم کارەدا ئێمەی بەدی هێناوە. بە تایبەت بانگەوازکاران بۆ لای (حەق). ئەوانەی کە لە پێناوی (حەق)دا خۆیان نەزر کردووە. ئەو عاشقانەی کە هەتا بەهەشت ناکەنە مەبەستی هەوڵ و کۆششی دنیایان. بگرە ئەگەر بیان توانیایە و، هەڵیان بە دەست بهێنایە لەوێش دینی خوایان ئەگەیاند و بانگیان بۆ لای خوا دەکرد و، فەزڵی ئەم کارەیان بەسەر ناز و نیعمەتەکانی تری بەهەشت دا دەدا . ئەوانە هەڵگری ڕۆحێکی وەها بڵندن کە پێیان خۆشە ئەگەر بکرێ بە بێ دوودڵی بچنە دۆزەخەوە بۆ تەبلیغ کردنی دینی خوا ئەگەرچیی بە کارگوزارەکانی دۆزەخیش بێت. بەڵێ، ئەگەر ئەوانە ئەو کارە یەکجار گەورەیە، کە مەبەستی بوونیانە، پشت گوێ بخەن، ئەوە مانای وەهایە کە بەڵا و موصیبەتەکان مۆڵەتی دابەزینیان بۆ دنیا وەرگرتووە و، ئیتر دوای ئەوەش لە دوعا بەولاوە پێویست بە ئەنجام دانی هیچ کارێکی تر ناکات. خوای گەورەش خۆی بە کەڵکی دوعا زاناترە، چونکە هاتنە کایەی ئەم حاڵەتە، لە گۆشەیەکەوە، ڕوونانێکی تەواوە بەرەو تیاچوون. ڕۆژی وەك ئەم ڕۆژەش ڕۆژێکی سەختە. چونکە سۆز و بەزەیی خوایی پەچەیەکی بەسەر ڕوومەتی خۆیدا داداوەتەوە و، ڕق و غەزەبیش پەردەی سەر دەم و چاوی هەڵداوەتەوە. بەو مانایە کە بە بەڵایەکی ڕامالەر تاقی کراوەتەوە و، گەڕانەوەی بۆ نیە.

ئەگەر توانیشتان سەیرێکی ئەم بارودۆخە سووکەی جیهانی ئیسلامی بکەن، ئەوا هەرچیمان لەوەو پێش باس کردووە، یەك لە دوای یەك لەو ئاوێنەیەدا ئەیبینن.

بەڵێ، ئەگەر سەیرێکی مێژوو بکەن، ئەوا دەبینن چۆن ئوممەتێکی گەورەی ڕەسەن و چەسپیو بەرەو چاڵێکی قووڵی بێ بن پاڵی

پێوە ئەنرێت و، لەو دیمەنە سامناکەش هەڵدێن. بەرەکان بەڕادەیەك پەیوەندییان بە خوا و پێغەمبەرەکەی و قورئانەوە پچڕاوە، گومڕایەکی یەکجار خراپ بوون. ئەوانە ڕۆح و دڵیان لێ سەنراوە و، بوونەتە بەدیهێنراوێکی وەها سەیر کە تەنها گەدە و ڕیخۆڵەیان هەیە، بەبێ سەر و بەبێ سەرۆك..

ئەم کۆمەڵە لە گەلە ڕەسەن و چەسپیوە بێبەش و بێبەختەکان، لە ژێر چڕنووکی هێزە نهێنییە بێگانەکان دا تەنگیان پێ هەڵچنراوە و گیریان خواردووە و، ڕێی ڕزگاری شك نابەن و ناشزانن بە چی لە ژێر چەپۆکیان دەرچن. ئەی ئەو دوعایانەی کە لە کەعبەی شەریفدا بەرز کرانەوە چییان لێ هات؟ بۆچی فریای ئەو فرمێسکانە نەکەوتن کە لە مزگەوتەکاندا ڕێژران؟ چونکە کەفارەتی ئەو گوناهە ئەو فرمێسکانە نین و، ئەم بەڵای ناگەهانەشمان بە بۆنەی ئەوەوە بەسەردا هاتووە ئێمە وازمان لە فەرمانبەرییەکی مەزن هێناوە. جا با لە دەرگاوە بچینە ناو ماڵەکانەوە. هاتنە دەرەوەش لە چاڵی قووڵی بێ بن، دەبێ لە شوێنی داکەوتنە ناویەوە بێت ..جا ئەگەر ئەو کارەمان وەك خۆی بە جوانی ئەنجامدا، ئەوا بە کۆمەکی خوای باڵادەست لەو حاڵەتە سامناکە ڕزگارمان دەبێت. لەبەر ئەمە ئەو دوعایانەی کە بە زمان بەرز کراونەتەوە، هەرچەندە بە بێگومان چەندین سوودی قیامەتی بۆ دوعاکەر هەیە، بە تەنیا هیچ کەڵکیان نابێت، بەڵکو ڕزگاربوون لە زەلیلی و سووکی لە دنیادا تەنها بە ئەنجامدانی کاری فەرماندان بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە بە جوانترین شێوە دەبێت.

هەروەك لەمەو پێش باسمان کرد دەگونجێ لەناو کۆمەڵ و کۆمەڵگەدا پیاوی بەڕێزی زۆر هەبن و، ئەش گونجێ لە خواوە نزیك بن، بەڵام ئەگەر فەرماندان بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە ئەنجام نەدرا و،

دامەزراوەی وەها دانەمەزران تا ئەم کارە بە شێوەیەکی ڕێك و پێك مافی خۆی وەربگرێ، ئەوا خوای پاك و بالادەست ئەو کۆمەڵگەیە سەراو ژوور دەکات و، ئەی هوو ئەو کۆمەڵگەیە یان ئەو ئوممەتە مانەوە بە خۆیەوە ببینێ..

بەڵێ، خوای پاك و بالادەست لە هەموو ئەوانە ناگرێ لەسەر ئەوەی کە دەستەیەکیان تاوانێکیان لێ وەشابێتەوە. لەسەر ئەو گوناهانەی کە فیرۆدەران و گومڕایان ئەنجامیان دەدەن خوای گەورە لە کۆمەڵگە ناگرێ، بەڵام ئەوانەی توانایان هەیە فەرماندان بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە ئەنجام بدەن، ئەگەر دەرنەپەڕنە مەیدان ئەوا سزا چوارلا لە کۆمەڵگە دەگرێت.

دەربارەی ئەم کێشەیە ئەحمەدی کوڕی حەنبەل فەرموودەیەکی شەریف ڕیوایەت دەکات: (إنَّ الناسَ إذا رَأَوُا المُنكَرَ فَلَم يُنكِرُوهُ أوشَكَ اللهُ أن يَعُمَّهُم بِعِقابِهِ).[1] دەفەرموێ: ئەگەر خەڵکیی چاویان لە کردەوەی خراپ بوو ئەنجام ئەدرا و بەرهەڵستیان نەکرد، نزیکە خوای گەورە سزای خۆی بەسەر هەموویان دا ببارێنێ. هەروەها هەمان کار ئەم ئایەتە پیرۆزەش ڕوونی دەکاتەوە:

﴿ وَاتَّقُوا فِتْنَةً لَا تُصِيبَنَّ الَّذِينَ ظَلَمُوا مِنكُمْ خَاصَّةً وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ ﴾ (الأنفال : ٢٥) .

(١) المسند : ١ / ٢٥، أبوداود، الملاحم : ١٧ .

٨

ئیرشاد و لەناوچوون لە ڕوانگەی ڕووداوە مێژووییەکانەوە

دەتوانرێ سەرنجی هۆیەکانی تیاچوونی چەندین نەتەوە بگیرێ ئەویش لە ڕوانگەی ئەنجام دانی کاری ((فەرماندان بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە)) وە. کاتێکیش کە لەم ئاوێنەوە سەیر دەکەین و ڕووداوەکان لەبەر تیشکیدا هەڵ ئەسەنگێنین ئەمەمان دێتە پێش:
دوو پاڵپشتی بنەڕەتی بۆ بەردەوامی کۆمەڵگە ئیمانداره‌کان هەن و، بە نەبوونی ئەو دوو پاڵپشتەش تیاچوونی دوو چینی کۆمەڵگەیە و، سەرەنجامی تیاچوونیشیان کارێکی حەتمییە و، ئیتر سا لە لایەنە سەلبییەکەیەوە یان ئیجابییەکەیەوە لەو کارە ئاگادار ببین، ئەوا بە هەمان سەرەنجام ئەگەین . هەر قەومێك کاری ((فەرماندان بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە)) ئەنجام بدەن، ئەوا خوای گەورە لەناویان نابات، هەروەها قەومێکیش لەناو نابات کە کەسانێکیان تێدا بن ئەم کارە پیرۆزە ئەنجام بدەن و، نەبەزیو بن، ئەگەرچی کەمینەش بن. دەگونجێ ئەم لایەنە بە ئیجابی بژمێرین لە سەیرکردنی مەسەلەکەدا.
بەڵام لایەنی سەلبی ئەوەیە ئەگەر لەناو ئەو قەومەدا کەسانێك نەبن ((فەرماندان بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە)) ئەنجام بدەن، ئەوا خوای پاك و بێگەرد لەناویان دەبات. هەروەها ئەگەر لە ناو قەومێکدا خەڵکێکی زۆر هەبوون و ئەو کارە پیرۆزەیان ئەنجام دەدا، بەڵام

گومڕایی و تاوانباریی کەسانی تر بەڕادەیەك بە سەریاندا زاڵ ببوو، کە دان بە ژێرکەوتوویی خۆیان دا بنێن، ئەوا خوای پاك و باڵادەست ئەوانیش لەناو دەبات. جا لەمەودوا لە شوێنی خۆیدا باسەکە بە ئایەتی پیرۆز ڕوون دەکەینەوە. لێرەدا پێویستە بە یەقینەوە بڵێین: ئەوەی کە ناهێڵێ ئوممەتێك لە ئوممەتە ئیماندارەکان تێدا بچێت بریتییە لەوەی کە ئەو ئیماندارانە بە هۆی ئەو دامەزراوانەوە کە بۆ ئیرشاد دایان مەزراندوون ئەو کارە مەزنە ئەنجام بدەن. بەڵێ ئوممەت تەنها بەم هەوڵ و کۆششە دڵ کارانە لەو کۆتا پێهاتنە حەتمییە ڕزگاری دەبێت.

أ- سەردارمان نووح سەلامی لێ بێ

سەردارمان نووح سەلامی لێبێ بە درێژایی تەمەنی خۆی قەومەکەی بانگ کرد بۆ سەر حەق، بەڵام هەموو جارێك بە ئینکاریکردن و بەرهەڵستیکردن وەڵام ئەدرایەوە، بگرە ئازاریاندا. تەنها کەمێکیش لەگەڵیا ئیمانیان هێنا. کار گەیشتە ئەو ڕادەیە کە سەردارمان نووح سەلامی لێبێ ناچار بوو دان بە ژێرکەوتوویی خۆیدا بنێ لەبەردەم کافراندا و، دوعا بکات و پەنا بۆ دەرگانەی پەروەردگاری مەزنی ببات و داوای سەرکەوتنی لێ بکات . بێگومان پاڕانەوەی کەسێکی وەك ئەم پێغەمبەرە بەڕێزە گەڕانەوەی بۆ نیە و، هەر وایش بوو نەدرایە دواوە. قورئانی پیرۆزیش ئەم ڕووداوەمان بۆ باس دەکات:

﴿ ۞ كَذَّبَتْ قَبْلَهُمْ قَوْمُ نُوحٍ فَكَذَّبُوا۟ عَبْدَنَا وَقَالُوا۟ مَجْنُونٌ وَٱزْدُجِرَ ﴿٩﴾ فَدَعَا
رَبَّهُۥٓ أَنِّى مَغْلُوبٌ فَٱنتَصِرْ ﴿١٠﴾ فَفَتَحْنَآ أَبْوَٰبَ ٱلسَّمَآءِ بِمَآءٍ مُّنْهَمِرٍ ﴿١١﴾ وَفَجَّرْنَا
ٱلْأَرْضَ عُيُونًا فَٱلْتَقَى ٱلْمَآءُ عَلَىٰٓ أَمْرٍ قَدْ قُدِرَ ﴿١٢﴾ وَحَمَلْنَٰهُ عَلَىٰ ذَاتِ أَلْوَٰحٍ

وَدُسُرٍ ﴿١٣﴾ تَجْرِي بِأَعْيُنِنَا جَزَآءً لِّمَن كَانَ كُفِرَ ﴿١٤﴾ وَلَقَد تَّرَكْنَٰهَآ ءَايَةً فَهَلْ
مِن مُّدَّكِرٍ ﴿١٥﴾ فَكَيْفَ كَانَ عَذَابِى وَنُذُرِ ﴿١٦﴾ ﴾ (القمر: ٩ - ١٦).

بەڵێ سەردارمان نووح سەلامی لێبێ بە پێغەمبەرایەتی شەرەفمەند بوو و، تاجەکەشی لەسەر کرد. کەواتە ئەو فەرمان بەردارێکی خواییە و، بە تەنیا فەرمانی خوا دەگەیەنێت و، خەڵکیی بۆ بەندایەتیی خوا بانگ دەکات. بەڵام قەومەکەی دەیانوت ئەو شێت بووە. لە ڕاستیشدا ئەم وتەیان بەڵگەی کامڵ بوونی ئیمانی پێغەمبەرە، چونکە کێشانە و پێوانەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی لەناو ئەو قەومەدا سەرەو نخوون بوونەتەوە و، هەموو بەهاکانیش پێچەوانە و سەرەو ژێر بوونەتەوە. لە ترازووی ئەواندا پێغەمبەر مرۆڤێکی ڕێك و پێك نیە و، ئەوەی ئەخەنە شوێن کە شێتە و، هەرواش بوو ئەوەیان بڵاو کردەوە، لەبەر ئەوەی کە ئەو پێغەمبەرە مەزنە کۆششی دەکرد تا ئەوەی کە لە قەوارەی هەموو کۆمەڵدا ڕووخاندبوویان تەعمیر بکاتەوە و، ئەوەش کە بەربادیان کردبوو چاکی بکاتەوە. شتێکی ئاساییشە لەو ناوەندەدا کەسێك ئاوەها بێ بە شێت عەیبدار بکرێ، وەك لە فەرموودەدا لە پێغەمبەری خواوە (صلی الله علیه وسلم) کە فەرموویە: (أَكْثِرُوا ذِكرَ اللهِ حَتَّى يَقُولُوا مَجنُونٌ[1]) دەفەرموێ: ئەوەندە ذیکری خوا بکەن هەتا پێتان بڵێن: شێتە. بۆ ئەمە سەردارمان نووح سەلامی لێبێ هەردوو دەستی بەرز کردنەوە و لە پەروەردگاری پاڕایەوە:

(أَنِّى مَغْلُوبٌ فَٱنتَصِرْ)، ئەوەبوو خوای پاك و بێگەرد قەومە گومڕاکەی خنکاند و، بە ئاوێکی خوڕەم لە ئاسمانەوە و، بە کانیاوە هەڵقوڵاوەکانی سەرزەوی لە ناوی بردن. جا لەوانەیە ئەمە شارستانێتی (ئەتڵەنتا)

(١) المسند : ٣ / ٦٨، الترمذي، الزهد : ٣٩، إبن حبان : ٣ / ٩٩ .

بێ و، لەوانەشە شارستانیەتێکی تر بێت. سەرەنجام کافران نوقووم بوون ئیتر سا لە دەریای ئەتڵەنتییدا بوو بێت یان لە هەر دەریایەکی تردا. ڕووداوەکەش ئەمەیە کە شارستانیەتێك نوقمی ناو دەریا دەبێت هەرچەندە پێغەمبەرێکی مەزن وا لە نێوانیاندا و هەموو ساتێك بۆ چاکەکردن فەرمانیان بەسەردا دەدات و، لە خراپەش ڕێگریان دەکات، ئەمەش کاتێك کە بە ئاشکرا دەربڕیی کە بێدەسەڵات و ژێرکەوتووە. ئایەتە پیرۆزەکەش دوا بە دوای نوقومبونی قەومەکە و ڕزگاربوونی ئیمانداران لەگەڵ سەردارمان نووح سەلامی لێبێ دەفەرموێ: (فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ) واتە ئایا کەسێك هەیە پەند وەر بگرێ؟ ئێمەش دەڵێین: ئایا کەسێك هەیە لەو شوێنەوار و ناوچە وێران بووانەی کە پەخشانی ڕووی زەوین پەند و وەربگرێ؟ سەدانیان نیشانە و بەڵگەن لەسەر خەڵکانێکی تاوانبار، بگرە هەر یەکەیان نیشانەیەکە لەلایەن خواوە و لەبەردەممان قوت بۆتەوە، دەی ئایا کەسێك هەیە پەند وەربگرێ؟ ئایا..؟

ب- سەردارمان صاڵح (سەلامی لێبێ)

کاتێك کە خوای گەورە وشترێکی بە موعجیزە نارد بۆ قەومی سەردارمان صاڵح سەلامی لێبێ و، فەرمانی بەسەردا دان کە بە خراپە نزیکی نەکەونەوە، قەومەکەی لێی یاخی بوون و لە سنوور دەرچوون و وشترەکەیان سەربڕی. لەوانەیە ئەم فەرمانە خواییە، کە بریتییە لەوەی بە خراپە نزیکی وشترەکە نەکەونەوە، جێی سەرسوڕمان بێ. بەڵام ئەگەر زانییمان کە خوای پاك و بێگەرد بۆ هەموو چەرخێك جۆرێك فەرمانی هەیە، سەرسووڕمانەکە نامێنێ. جا هەروەك خوای پاك و بێگەرد فەرمانی داوە بە بەجێهێنانی نوێژ و زەکاتدان و بەڕۆژووبوونی مانگی ڕەمەزان، هەروەها فەرمانی تریش هەیە وەك

عەرەق نەخواردنەوە و، دووركەوتنەوە لە سوو و زینا. هەروەها خوای گەورەش فەرمانیدا بەسەر قەومەكەی صالح دا سەلامی لێبێ تا بە خراپە نزیكی وشترەكە نەكەونەوە، بەڵام ئەوان تاقیكردنەوەكەیان دۆڕاند. سوورەتی (الشمس) یش بەم شێوەیە ڕووداوەكە ڕوون دەكاتەوە:

﴿ كَذَّبَتْ ثَمُودُ بِطَغْوَىٰهَآ ﴿١١﴾ إِذِ ٱنۢبَعَثَ أَشْقَىٰهَا ﴿١٢﴾ فَقَالَ لَهُمْ رَسُولُ ٱللَّهِ نَاقَةَ ٱللَّهِ وَسُقْيَٰهَا ﴿١٣﴾ فَكَذَّبُوهُ فَعَقَرُوهَا فَدَمْدَمَ عَلَيْهِمْ رَبُّهُم بِذَنۢبِهِمْ فَسَوَّىٰهَا ﴿١٤﴾ ﴾ (الشمس: ١١ - ١٤).

كە قەومی ثەموود لە صاڵحی پێغەمبەریان سەلامی لێ بێ یاخیی بوون هەر ئەوەندەی فەرموو: (نَاقَةَ ٱللَّهِ وَسُقْيَٰهَا) ئامۆژگاری كردن كە ئاگاداری وشترە سپاردەكەی خوا بن و ئازاری نەدەن، چونكە دەست بردن بۆ ئەو وشترە واتە دەست نان بە سویچی بەڵا و موصیبەتدا..

بەڵام بەدبەختترینیان وشترەكەی كوشت و دەستی لە سویچی بەڵادا. ئەم كارە - وەك دەردەكەوێ - بە هەموو سووڕەكاندا تێپەڕیوە. یەكێك لەو خەڵكە پێش دەكەوێ و كوفر هەڵئەبژێرێ و ئەوانی تریش بە كۆمەڵ دوای دەكەون. ئەوانەش لە ماوەی جۆرا و جۆردا دژی دینەكەمان وەستان، دەستیان لە سویچی بەڵاو موصیبەتدا، تا ئەوەبوو بەو دەست لێدانە ئوممەتێكی بەرزی مەزنیان ڕووخاند. لێقەومانی ئەم ئوممەتەش بە دژایەتییكردنی قورئانی پیرۆز دەستی پێكرد و، لەگەڵ گۆڕانی دەورەكان و كەسایەتییەكان سیناریۆكە هەر بەردەوام بوو. ئەی لە ماوەیەك دا یەكێكیان كەعبەی شەریف و ئاوی زەمزەمی پیس نەكرد؟ لەوانەیە شتی تری لەو وێنەیەش ڕوو بدەن.

بەم شێوەیە بەدبەختترینی قەومی ثەموود لە وشترەكە چووە پێشەوە و كوشتی، بێ ئەوەی گوێ لە هاواری پێغەمبەرە بەرێزەكە بگرێ:

نا.نا مەکەن. دەستی بۆ مەبەن. ئەوانەی کە ئەوەیان ئەنجامدا و، ئەوانەش کە لێیان بێدەنگ بوون، بە دەستی خۆیان سەرەنجامە نالەبارەکەیان ڕەخساند. ئەوەبوو پەروەردگاریان ناوچەکەی تەخت کردن و لە قەبرستانی ڕابوردوودا ناشتنی. جا هەروەك بە بەڵا و موصیبەت بەربادی کردن، بە خراپەش ناویان ئەبرا..

لەوانەیە موصیبەت تووشی جەستە نەبێت، بۆ نموونە ڕوخسارگۆڕین لەوانەیە تووشی شێوە نەبێت، بەڵکو تووشی سیرەت ببێ، لەبەر ئەوە تێگەیشتن لەم بەڵایە، بەڵای گۆڕینی سیرەت، زیاتر گرانە لەوەی کە تەنها تووشی جەستە دەبێت، هەرچەندە لەو توندترە. جا زۆربەی ئەو بەڵایانەی کە لەم کاتەدا دائەبارێن لەم جۆرەن، بڕوایشم وەهایە کە یەکێ لە هۆیەکانی بەردەوام بوونی بێئاگایی بە شێوەیەکی سەرسامکەر، ئەوەیە کە خەڵك هەست بەو بەڵایە ناکەن کە بە سەریاندا داباریوە. سوورەتەکە بە: ﴿ وَلَا يَخَافُ عُقْبَٰهَا ﴾ کۆتایی دێت، کە خوای گەورە خۆی خاوەن موڵکە و، موڵکی خۆی بە ویستی خۆی بەڕێوە دەبات.

لە بەر تیشکی ئەم ئایەتانەدا دەبینین کە خوای پاك و بێگەرد لە کاتێکدا ثەموود لەناو دەبات کە صاڵحی پێغەمبەریان سەلامی لێبێ ژێرکەوتووە و، وتە و ڕێنمایی لێ نابیسترێ، ئیتر لەناویان دەبات و ناوچەکەشیان پێیان تەخت دەکات. چونکە خوای پاك و باڵادەست کە بوونەوەری بە دیهێناوە، بە تایبەتی مرۆڤ، بۆ ئەوەیە بیناسێت و ئیمانی پێ بهێنێ. حیکمەتی بوونی دنیا ئەمەیە. کاتێکیش کە ئیمانداران ژێر دەکەون، ئەوا ئەم حیکمەتە دەکەوێتە لەقەلەق. جا خوای پاك و بێگەرد لەقە لەق بە ئەهلی ئەو چەرخە ئەخات و، وەك باسمان کرد بە تیاچوونی ئەوان زەویی تەخت دەکات. ئەمەش یاسایەکی خواییە و لە هیچ سەردەمێکیشدا نە گۆڕاوە و نە ئەشگۆڕێت..

ج- سەردارمان لووط (سەلامی لێبێ)

سەرداریشمان لووط سەلامی لێبێ وا دەردەکەوێ هاوچەرخی سەردارمان ئیبراهیم بێت و، لە قەومەکەیدا فەسادێك دەردەکەوێ کە لە ناو مرۆڤایەتییدا هاوتای نەبووە. تاوانی نێربازییان لێ وەشایەوە. ئەو پێغەمبەرە مەزنەش دەربارەی ئەو تاوانە ناشیرینە کەوتە وتووێژ لەگەڵیان. هەر ئەوەندەی زانی چەند میوانێك لە شێوەی گەنجی بێڕیش و سمێڵدا هاتنە ماڵەکەیەوە و، خەڵکە گومڕاکەش بە هەڵپەوە بەرەو ماڵی پێغەمبەرە بەڕێزەکە هاتن و ئاگاداریان کرد کە چییان دەوێت و، سەردارمان لووطیش وەك لێیان بپاڕێتەوە کە ئەیفەرموو:

﴿ وَجَآءَهُۥ قَوۡمُهُۥ يُهۡرَعُونَ إِلَيۡهِ وَمِن قَبۡلُ كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ٱلسَّيِّـَٔاتِۚ قَالَ يَٰقَوۡمِ هَٰٓؤُلَآءِ بَنَاتِي هُنَّ أَطۡهَرُ لَكُمۡۖ فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَلَا تُخۡزُونِ فِي ضَيۡفِيٓۖ أَلَيۡسَ مِنكُمۡ رَجُلٞ رَّشِيدٞ ﴾ (هود: ٧٨). ئەیفەرموو: دەست درێژ مەکەن بۆ میوانەکانم تا من شەرمەندە نەبم، ئاماژەشی بۆ کچەکانی کرد بەو هیوایەوە کە ڕایانبکێشێ بۆ ناوەندێکی شەرعی. بەڵام هەوڵ و تەقالاکان هەر هەموویان دران بە بادا کە:

﴿ قَالُواْ لَقَدۡ عَلِمۡتَ مَا لَنَا فِي بَنَاتِكَ مِنۡ حَقّٖ وَإِنَّكَ لَتَعۡلَمُ مَا نُرِيدُ ﴾ (هود: ٧٩).

وتیان: خۆت ئەزانی حەقمان بەسەر کچەکانتەوە نیە و ئەشزانی چیمان دەوێت. سەرداریشمان لووط بە داخەوە فەرمووی:

﴿ قَالَ لَوۡ أَنَّ لِي بِكُمۡ قُوَّةً أَوۡ ءَاوِيٓ إِلَىٰ رُكۡنٖ شَدِيدٖ ﴾ (هود:٨٠).

فەرمووی: خۆزگە هێز و دەسەڵاتم ببوایە، یان پەنایەکی توند و بەهێزم ببوایە تا بۆی بچم، لە ڕاستیدا پەنای توندی هەبوو تا بۆی بچێت، بەڵام سەختی هەڵوێستەکە پاڵی پێوە ئەنا تا ئەو قسەیە بکات.

ئا لەو کاتەدا میوانەکان خۆیان ئاشکرا کرد کە مەلائیکەتن و ئەو خەڵکە گومڕایانە ناتوانن لێیان نزیك بکەونەوە .
وا ئێمەش چەند بەشێکی ئەم چیرۆکە درێژەی قورئانی پیرۆز ئەهێنین:

﴿ وَلَمَّا جَآءَتْ رُسُلُنَا لُوطًا سِيٓءَ بِهِمْ وَضَاقَ بِهِمْ ذَرْعًا وَقَالَ هَٰذَا
يَوْمٌ عَصِيبٌ ﴿٧٧﴾ وَجَآءَهُۥ قَوْمُهُۥ يُهْرَعُونَ إِلَيْهِ وَمِن قَبْلُ كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ
ٱلسَّيِّـَٔاتِ ۚ قَالَ يَٰقَوْمِ هَٰٓؤُلَآءِ بَنَاتِى هُنَّ أَطْهَرُ لَكُمْ ۖ فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَلَا تُخْزُونِ
فِى ضَيْفِىٓ ۖ أَلَيْسَ مِنكُمْ رَجُلٌ رَّشِيدٌ ﴿٧٨﴾ قَالُوا۟ لَقَدْ عَلِمْتَ مَا لَنَا فِى بَنَاتِكَ
مِنْ حَقٍّ وَإِنَّكَ لَتَعْلَمُ مَا نُرِيدُ ﴿٧٩﴾ قَالَ لَوْ أَنَّ لِى بِكُمْ قُوَّةً أَوْ ءَاوِىٓ إِلَىٰ رُكْنٍ
شَدِيدٍ ﴿٨٠﴾ قَالُوا۟ يَٰلُوطُ إِنَّا رُسُلُ رَبِّكَ لَن يَصِلُوٓا۟ إِلَيْكَ ۖ فَأَسْرِ بِأَهْلِكَ
بِقِطْعٍ مِّنَ ٱلَّيْلِ وَلَا يَلْتَفِتْ مِنكُمْ أَحَدٌ إِلَّا ٱمْرَأَتَكَ ۖ إِنَّهُۥ مُصِيبُهَا مَآ
أَصَابَهُمْ ۚ إِنَّ مَوْعِدَهُمُ ٱلصُّبْحُ ۚ أَلَيْسَ ٱلصُّبْحُ بِقَرِيبٍ ﴿٨١﴾ فَلَمَّا جَآءَ أَمْرُنَا
جَعَلْنَا عَٰلِيَهَا سَافِلَهَا وَأَمْطَرْنَا عَلَيْهَا حِجَارَةً مِّن سِجِّيلٍ مَّنضُودٍ
﴿٨٢﴾ مُّسَوَّمَةً عِندَ رَبِّكَ ۖ وَمَا هِىَ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ بِبَعِيدٍ ﴿٨٣﴾ ﴾
(هود : ٧٧ - ٨٣).

بەم شێوەیە سەدووم (شارەکەی قەومی لووط سەلامی لێبێ) تێدا چوو و، خوای گەورە سەرەو ژێری کرد و لە بنی دەریاچەی لووطدا نێژران. بێگومان ئەم سزایە تایبەت نیە، بە قەومی لووطەوە بە تەنیا، بەڵکو زاڵمانی هەموو دەور و سەردەمێکیش ڕووبەڕووی ئەو سزایە دەبنەوە .
دیارترین نموونەش بۆ ئەمە (بومبی)یە لە ئیتاڵیا. کۆمەڵێك نەصارای لێ بوون کە خەریکی بانگەواز بوون بۆ سەر حەق و حەقیقەت، بەڵام بێدەسەڵات بوون. کەچی خەڵکەکە نوقمی فەساد و کردەوەی سووك

بووبوون. ئەوەبوو خوای گەورە بە کڵپە و گڕی بڵێسەداری گڕکانی (فیزۆف) ئەو شوێنەی کردە قەبرستان، لەگەڵ ئەوەدا کە ماوەیەکی یەکجار زۆر بوو لە لایەنی ڕۆحییەوە لە ڕیزی مردووان دا ئەژمێردران . ئەوانەشیان کە بۆ کەنارەکانی دەریا هەڵاتن بە هیوای خۆدەربازکردن، تۆپەڵی گەورە گەورەی ژیلەمۆی گڕکانەکە دوایان کەوت هەر لە شوێنی خۆیاندا ناشتنی..

د- کەسانی تریش

ئەو توانا ئەزەلییەی کە بێئیمانەکانی قەومی لووطی بە شێوەی دەسەڵاتداری بە توانا لەناو بردن، حوکمی خۆی لە شێوەی یاسایەکی گشتییدا و، لەسەر هەمان تەرز دەرکرد بۆ لەناو بردنی چەندین قەومی تر. ئەمەش بە درێژایی مێژوو ڕوویداوە..

بۆ نموونە: ئەو شارستانییەتە گەشاوەی کە لە ئەندەلووسدا هەشت سەدەی خایاند، کە لە ناوەوە ئاڵ و گۆڕی بەسەردا هات، ئەوانەی کە بە سەری بەرزەوە هاتنە وڵاتەوە، بە شمشێری (فردیناند) زەلیل بوون . ئەوەبوو موسڵمانەکان لە داخی ئەم چارەنووسە سووکە ئەگریان، بەڵام پەشیمانی داد نادات. خۆ ئەوان بۆ ئەوە نەئەگریان کە شایانی گریان بوو، کە بریتیی بوو لەو هۆیانەی بوونیان و بە دەستی خۆیان ڕووخاندبوونیان، بەڵکو بۆ باخات و کانیاو و گەرماوەکانی تولەیتولە (طليطلە) ئەگریان کە لە دەستیان چووبوون. بەڵێ، بەسەر تەرمەکانی خۆیانەوە ئەگریان.

هەر ئەم ڕۆحە سووک و ڕیسوا ڕووخاوە بوو عەبباسییەکانی تێکشکاند و، ئومەوییەکانیش بە هەمان دەرد دوایان بڕا و، سەلجووقییەکانیش لە ئەنجامی ژیان و گوزەرانی فەساددا خەم و مەراقیان نۆشی و،

تیاچوونی عوثمانییەکانیش لە ئەنجامی سووکی و دارمانی ڕۆحیان بوو. ئێوە کاتێك کە ئەچنە ناو کۆشکی (دۆڵمە باغچە) وە خۆتان لەبەردەم چەند تابلۆیەکی خەمباری دارماندا دەبینن کە بە دیوارەکانیەوە هەڵواسراو. چونکە ئەبیستن کە شانزە تەن زێڕ بۆ تەلاییکردنی نەخش و نیگاری دیوارەکانی خەرج کراوە، ئیتر دێنە شڵەژان و لەرزین.
ئەمە یاسایەکی خواییە کە ئاڵوگۆڕی پێ ناکرێ و، ئەشتوانن کەوتنی ڕۆما و ساسانییەکان لەسەر ئەم بناغەیە هەڵبسەنگێنن، هەروەها شارستانێتیی میسریش و، هەموو ئەو شارستانیەتانەش کە بە درێژایی مێژوو بەرپا بوون و دارمان. لەهەر شارێکیشدا ناوی خوا نەبرێت و بەو ناوەی نەناسرێت، ئەوا خوا ئەو شارە لەناو دەبات. بەو مانایەی ئیتر حیکمەتی مانەوەی ئەو شارە بەسەر چووە، لەوانەشە هۆی هاتنی قیامەت ئەمە بێت . واتە حیکمەتی مانەوەی دنیا بەسەر دەچێت، بەوەی کە ئیمانداران لە سووکترین حاڵەتدان و ئیلحادیش پەرەی سەندووە. ئەو کاتە ئیتر خوای پاك و بێگەرد دنیا سەرەوژێر دەکات.
ئەمە و، ئەگەر قورئان وای لێهات کتێبێك بێت هیچ کەسێك لێی تێ نەگات و پەی بە مەبەستەکانی نەبرێت، کەواتە بەلا و موصیبەتەکان بەسەرمانەوە سێبەر دەکەن. جا ئەگەر هێشتا لەناوبردن دەستی پێمان نەگەیاند بێ، ئەوە لە فراوانیی سۆز و گەورەیی میهرەبانیی خوای باڵادەستە، هەروەك سەردارمان ئەبوبەکری صددیق جار لەدوای جار ئەیفەرموو : ((اَللّٰهُمَّ ما أحلَمَكَ!)) . خوایە! چەند میهرەبانیت. بەڵێ خوا میهرەبانە و لە تاوانبار ئەخایێنێ بەلام پشت گوێی ناخات، چونکە (إنَّ اللهَ لَيُملِي لِلظّالِمِ حَتى إذا أَخَذَهُ لَم يُفلِتهُ) .[1] دەفەرموێ: خوای

---

(١) البخاري، التفسير : ١١ / ٥، مسلم، البر : ٦١ .

گەورە ماوەی زاڵم دەدات تا کە گرتی دەربازبوونی نیە.

سەرنج بدەن، چۆن خوای پاك و باڵادەست بە هەردوو سیفەتی (الرحمن الرحیم) خۆی پێمان ئەناسێنێ؟ کەواتە لە سەرمان پێویستە ئیمانی پێ بهێنین و بەرانبەر بەو دوو سیفەتە مەزنەی بەندایەتیی و ئیخلاص بنوێنین و، خەریك بین مەردمەکان بۆ لای خوای باڵادەست بانگ بکەین و، دڵەکانیش بە ئیمان و ئەمانەوە ڕێنمایی بکەین بۆ لای.

لە ڕاستییدا ئیماندار مرۆڤی ئاسایش و دڵنیاییە و، زیانی لێوە دەرناکەوێ. موسڵمانانیش زامنی دڵنیایین بۆ مرۆڤایەتیی و، زەمانەی ئاسایش و دڵنیایین بۆ ژیانی کۆمەڵایەتیی. جا ئیماندار هەروەك لەگەڵ تێکڕای مرۆڤایەتییدا ئەمە حاڵیەتی، ئەوا بۆ ئیمانداران زیاتر و قووڵتر مایەی ئاسایش و دڵنیاییە. لەبەر ئەمە خەریکی گەیاندن و تەبلیغ کردنی ئەو فەرمانە جوانانە دەبێ کە خوا و پێغەمبەرەکەی (صلی الله علیه وسلم) فەرمانیان پێداوە. لە هەمان کاتیشدا هەوڵی بنیاتنانی و نوێکردنەوەی کۆمەڵگەکەی دەبێت و، ئەوپەڕی کۆششیش دەکات بۆ ئەوەی تووشی هیچ زیانێك نەبن. ئەوانەش کە ئەم فەرمانبەرییە پڕ جەوامێرییە ئەنجام نادەن، مانای وایە ئەوانە سیفەتی بەرزی ((ئیماندار)) کە خوا پێشکەشی کردوون دەدەنە دواوە! بەڵێ، ئیماندار چەندین فەرمانبەریی هەیە هەر لە بچووکترین بازنەوە، کە بازنەی دڵە، هەتا فراوانترین بازنە. هەر یەکە بە پێی شوێنی خۆی، ماڵ و، گوند و، شار و، ئوممەت و، مرۆڤایەتیی، هەر هەموویان بازنەن بۆ چەندین فەرمانبەریی بە یەکداچوو، خۆ ئەگەر دەستی بدایە بۆی تا بگاتە دوورترین شوێنی جیهان و ئاسۆ دوورەکانی بۆ گەیاندنی ئەو گەنجینانەی نوور کە وان بەلایەوە، ئەوا خۆی ئەگەیاندە ئەوێ. هەتا ئەگەر ئەوانەی ئەو دەیان دوێنێ لێی

تێ نەگەیشتن و نەیانزانی ناوکرۆکی ئەوەی کە تەبلیغیان دەکات چییە، ئەوا بێبەش کردنیان لەوە بە هۆی پشتگوێخستنی ئیرشادیان ناتەواوییەکی گەورە و سەرەنجامێکی نالەبارە.
هەروەها ئەگەر کوفر بەرپەرچ نەدرێتەوە و، ئیلحادیش قەدەغە نەکرێ، ئەوا تەنها کافر و مولحیدان تیا ناچن، بەڵکو ئیمانداریش لەو وێرانکاریی و ڕووخاندنە بەشی خۆی وەردەگرێ. چونکە لەسەری پێویست بوو فەرمانبەریێ فەرماندان بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە ئەنجام بدات، تا بەلایەنی کەمەوە نەهێڵێ ئەو تیاچوونە جەرگ بڕە گشتگیرە بێتە کایەوە.
پێغەمبەری بەڕێز (صلى الله عليه وسلم) ئەم کارە بەم فەرموودە شەریفەی ڕوون دەکاتەوە : (مَثَلُ القائِمِ عَلى حُدُودِ اللهِ وَالواقعِ فِيهِ كَمَثَلِ قَومٍ استَهَمُوا عَلى سَفِينَةٍ فَأَصابَ بَعضُهُم أعلاها وَبَعضُهُم أَسفَلَها ، فَكانَ الذِينَ في أَسفَلِها إذا استَقَوْا مِنَ الْماءِ مَرُّوا عَلى مَن فَوقَهُم . فَقَالُوا لَوْ أَنَّا خَرَقْنا في نَصِيبِنا خَرْقاً وَلَمْ نُؤْذِ مَن فَوْقَنا . فَإِنْ يَترُكوهُم وَما أَرادُوا هَلَكُوا جَمِيعاً، وَإِن أَخَذُوا عَلى أَيدِيهِم نَجَوْا وَنَجَوْا جَمِيعاً).[١]
دەفەرموێ: نموونەی ئەو کەسەی کە پاسەوانی سنوورەکانی خوایە و، ئەوەش کە ئەو سنوورانەی شکاندووە وەك ئەو کۆمەڵە خەڵکە وەهایە کە بۆ سواربوونی کەشتییەك قورعە ئەکێشن و هەندێکیان بەشی سەرەوە و هەندێکیشان بەشی خوارەوەیان بەر دەکەوێ. جا ئەوانەی کە لە خوارەوە بوون بۆ دەست کەوتنی ئاو ئەهاتنە سەرەوە و بەسەر ئەوانەی سەرەوەدا تێپەڕیان دەکرد. وتیان: ئەگەر لە بەشی خۆماندا کونێك بکەینە کەشتییەکەوە بۆ ئاو، ئیتر ئازاری ئەوانەی

(١) البخاري، الشركه : ٦، المسند : ٤ / ٢٦٨ ـ ٢٦٩ .

سەرەوە نادەین . جا ئەگەر وازیان لێ بێنن بۆ ئەو مەبەستەیان ئەوا هەر هەموویان تیا ئەچن و، گەر دەستیان بگرن ئەوا هەر هەموویان سەرفراز دەبن..

ئەم فەرمووده شەریفە، بە پێوانەی نموونەیی (المقیاس التمثیلي)، نمونەیەکە وەك لە زانستی (منطق) دا ناو ئەبرێ . ئەوەتا پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) کێشەیەکی کۆمەڵایەتیی پڕمەترسیی ڕوون دەکاتەوە و، بە ڕادەی تێگەیشتنی ئێمە و لە شێوەی نموونە هێنانەوەدا، دەری ئەبڕێ. ئەوانەی کە دەیانەوێ کەشتییەکە کون بکەن لەوانەیە یەکەمجار وەها بەرچاو بکەون کە بێتاوانن، بەڵام سەرەنجامی نالەباری کارەکە ڕێ بەوە نادات کە هەرگیز بە بێتاوان لە قەڵەم بدرێن.

جا بە پێی تێگەیشتن لەم فەرموودە شەریفە ئەتوانین بڵێین کە دنیا وەك کەشتییەکەی نووح سەلامی لێبێ وەهایە و، مرۆڤایەتییش بەبێ جیاوازیی و بەبێ هەڵبژاردن سواری ئەو کەشتییە کراون، لەبەر ئەوەی کە نەوەی مرۆڤ ناچارن لەم دنیایەدا ژیان ببەنەسەر. جا چونکە ئەو کەشتییەی دنیا کە تیایدا دەژین و پێکەوە گەشت و گەڕان دەکەین، تاکە کەشتییە و چارێکی ترمان نیە و، بەرنامەی ژیانیش لەم کەشتییەدا تایبەتە بەو کەسەوە کە ئێمەی سواری ئەو کەشتییە کردووە، لەبەر ئەوە هیچ کەسێك مافی ئەوەی نیە کە ئەم بەرنامەیە بگۆڕێ، یان تێکی بدات. هەروەها پاراستنی کەشتییەکە و هەوڵدان تا هەر هەموومان لە خنکان دەرباز بین، فەرمانبەریی هەموو ئەوانەیە کە وان تیایدا بەبێ جیاوازیی. ژیانی تایبەتییش گرنگییەکی وەهای نیە. واتە ئەم فەرمانبەرییە مەزنە، هەر بەوەی سەرکەوتینە سەر کەشتییەکە، کەوتۆتە سەر شانی هەر هەموومان. جا بە بیانووی ئەوەی کە ئێمە تەنها بایەخ بە کاری تایبەتیی خۆمان دەدەین و،

دەست ناخەینە کاروباری کەسانی ترەوە، ناگونجێ ڕێ بە کوشتنی خۆمان و کوشتنی ملیۆنەها خەڵکی بێتاوان بدەین. واتە پێویستە بچین بە گژی هەر کەسێکدا کە بیەوێ کەشتییەکە کون بکات، یان ژیانی کۆمەڵایەتی تێك بدات. لەبەر ئەمە لە کاتێکدا کە هەوڵ دەدەین تا کۆمەڵگە لە زیانی کردەوە خراپەکان بەدوور بێت، تا مرۆڤایەتی لە خراپە و تاوانەکانی بپارێزین، لە هەمان کاتدا هەرچی سیفەتی جوان و خووڕەوشتی بەرز هەیە، لە شێوەی فەرماندان بە چاکەدا بە کۆمەڵگەی دەگەیەنین. ئیتر هەر کۆمەڵگەیەك کە مرۆڤە فیترەتە پاکەکان بنیاتی بنێن لە هەموو جۆرە خراپەیەك بەدوورە..
ئەمە لایەکی مەسەلەکەیە، لایەکەی تریشی بریتییە لە جێبەجێ کردن و گەشەکردنی ڕەوشتە بەرزەکان و، بڵاوکردنەوەی کردەوە چاکەکان لە کۆمەڵگەدا. ئەمە ئەو کارەیە کە بەڵێنمان داوە بۆ کۆمەڵگەی ئەنجام بدەین. جا ئەم کارە هەم پیرۆزە و هەم گرانیشە..
ئەو کەسەی کە شیرینی ئیمانی چەشتبێ، مەردایەتی داوای ئەوەی لێ دەکات کە کەسانی تریش لەوە بەشدار بکات. ئیمانداریش مرۆڤێکی مەردە هەر لە تەوقە سەریەوە هەتا پەنجەی پێی. ئەو هەمیشە وا لە بیری چارەنووسی کەسانی تردا. کاتێك کە لە ناوەندی بەهارێکی گەشاوەدا خەریکی ڕابواردنە، هەوڵ دەدا کەسانی تریش لەگەڵیدا بژین و، ئەوەی کە خۆی ئەیچێژێ، بەوانیشی بچێژێ. ئەی گوایا ئیماندار دەست لە خۆشویستنی ژیانی خۆی هەڵناگرێ تا بەردەوامی بە ژیانی کەسانی تر ببەخشێت؟ ئایا هەر کەسێ نووری ئیمان چووبێتە ناو دڵیەوە دەتوانێ بوەستێ و جووڵە نەکات؟ ئەم کارە موستەحیلە پاڵ بە ئیماندارەوە ئەنێ تا بچێتە ناو بازاڕ و، ناوماڵەکانەوە تا دڵە ئاشناکان بدۆزێتەوە. ئەمەش - لە لایەکەوە -

زامنیی بوونیەتی، چونکە پاراستنی ئیمانی ناو دڵی هەتا مردن و، زامنیی چوونە ناو قەبریەوە بەم ئیمانەوە، بە فەرماندان بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە دەبێت. خۆ هەر کەس لەو دوانە بێ بەش بوو ئەوا زامنیی بوونی ئیمانی بۆ ناکرێ. لەبەر ئەمە بە حەتمیی لەسەر ئیماندار پێویستە ئەم فەرمانبەرییە ئەنجام بدات، بەلایەنی کەمەوە بۆ ڕزگارکردنی خۆی..

٩

تەبلیغ و ئیرشاد
پێوەرە بۆ سەرخستنی دین

دینی ئیسلام لەلایەن پەروەردگاری مەزنەوە پارێزراوە و، هەتا ڕۆژی قیامەتیش پارێزگاریی لە تەڕ و پاراویی و گەشاوەیی دەکات. خوای پاك و بێگەرد بەڵێنی پاراستنی دینی خۆی داوە. بەڵام ئەم پارێزگارییە و، بەرگریی کردن لە دین و پاراستنی، لەسەر هیممەتی ئیمانداران و، لەسەر ڕادەی دەست پێوە گرتن و پشت گیرییان بۆ ئەم دینە، وەستاوە. واتە خوا کۆمەکیی و سەرخستنی موسڵمانان بۆ دینەکەیان بە مەرجێکی ئاسایی داناوە بۆ پاراستن و پارێزگاریی دینەکەی. واتە هەتا ویستی خوایی بمێنێ و مەرجە ئاساییەکە بێتە دیی دین پارێزراو دەبێت . ئاوەها لە بەڵێنی خوایی تێ ئەگەین، نە بە شێوەیەکی تر.

بەڵێ، لەسەر ئیمانداران پێویستە پاسەوانی دین بن. خۆ ئەگەر بەرگریی لێ نەکەن و، لە سەرانسەری دنیادا بڵاوی نەکەنەوە لە فەیض و بەرەکەتی ئەو دینەیان بێبەش دەبن. ئەمەش بە هیچ شێوەیەك ئەوە ناگەیەنێ کە خوا دەستبەرداری پاراستنی دینەکەی بووە، بەڵکو موسڵمانەکان نەگەڕانەوە لای خوای پاك و بێگەرد تا داوای پاراستنی دینەکەی لێ بکەن، واتە بەو ویستەی خۆیان کە بە مەرجێکی ئاسایی ئەژمێرێ لە ڕوانگەی پەیوەندیی ئیرادەی خواییەوە،

نەچوونەتە ژێر سێبەری پارێزگاریی خواوە. لەبەر ئەمە خوای پاك و بێگەرد پەرتەوازە و زەلیلی کردن، یان لە فەڕ و بەرەکەتی دین بێبەشی کردن. ئا بەم شێوە لە هۆی ئەم بنبڕبوونەی ئێستا لە ژیانی دینییدا تێ ئەگەین. چونکە بە ڕادەی دەستگرتنی موسڵمانان بە دینەوە و کۆمەکیی کردنیان بۆی پارێزگاریی دەکرێت و، بە ئەندازەی ئەو هەوڵ و کۆششەی کە بۆ بڵاوکردنەوەی لە سەرانسەری زەوییدا ئەیکەن بەرز دەبێتەوە و، گوڵە پێگەیشتووەکانی ئەپوشکوێن.

پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) کۆمەکیی ئەم دینەی کرد و، بەرگریی لێ کرد، ئەوەبوو خوای پاك و بێگەردیش پارێزگاریی کرد. دوای پێغەمبەری خوایش، بە درێژایی چەرخەکان، موسڵمانەکان بەرگرییان لێ کرد و پاراستیان، ئەوەبوو خوای پاك و بێگەردیش دیسان دینەکەی خۆی پاراست. بەڵام کە موسڵمانەکان پشتیان لە دینەکەیان کرد و دەستیان لێ بەردا، خوای گەورەش ئەوانی زەلیل کرد.

پێغەمبەری بەڕێز (صلى الله عليه وسلم) ئەم سەرخستن و پاراستنەی دینی بە گەورەترین کێشە وەرگرت و، کۆششێکی بێوچانیشی بۆ هۆشیارکردنەوەی ئوممەت کرد، چونکە بەختەوەریی هەمیشەیی لە جیهانی دواییدا لەسەر ڕادەی شوێن کەوتنی موسڵمانان بۆ دینەکەیان وەستاوە و، شتی بناغەییش کە لە مەحشەر و صیراط و بەهەشت و لە کاتی بینینی جوانیی خوادا بە کەڵك بێت بریتییە لە خزمەتی دین و کردەوەی چاك و دڵی بێگەرد..

بەم شێوەیە پێغەمبەری بەڕێز (صلى الله عليه وسلم) لە پێناوی ئەوەدا کە موسڵمانان ببنە خاوەنی ئەو جۆرە ماوەپێدانەی تێپەڕ بوون (جواز مرور) ڕەنجێکی زۆریدا. لەبەر ئەوە بانگ کردن بۆ لای خوا و

ئیرشادکردن بۆ سەر دین یەکەمین مەسەلە بوو لەلای ئەو.
ئەم هەستەش بۆ پارێزگاریی دین لەلای هاوەڵە بەرێزەکان دروست بوو. ئەوانیش بە سەر و بە ماڵ کۆمەکیی دینیان کرد و بەرگرییان لێ کرد و، پەنایان پێبرد. ئەوان ڕەنجیان بە با نەچوو. ئەوەبوو خوا دینەکەی خۆی پاراست. بەڵێ، ئەوان خوا لێیان ڕازیی بێ، بەوەی کە لە پێغەمبەری خواوە (صلى الله عليه وسلم) فێرببوون، خەریکی پێشبڕکێ بوون بۆ گەیاندنی دین بە وڵاتەکانی جیهان. لەوانەشە قورئان لەبەرکردنیان لە چەند ئایەتێك تێپەڕی نەکردبێ، هەروەها لە فەرموودەش، بەڵام ئەوان ئەوەی کە فێری ببوون دمیان کردە ژیان و، هەوڵیان دەدا لە هەموو جیهاندا دین بڵاو بکەنەوە.
ئەوەتا موصعەبی کوڕی عومەیر خوا لێی ڕازیی بێ پێغەمبەری بەڕێز (صلى الله عليه وسلم) ئەینێرێ بۆ مەدینەی مونەووەرە، ئەمەش دوای ئەوەی کە دەستەیەك لە دانیشتوانی هاتنە خزمەتی و داوایان لێکرد کەسێکیان بۆ بنێرێ تا دینەکەیان فێر بکات. تەنها بۆ ئەنجامدانی ئەم مەبەستە ڕەوانەی کرد. ئەویش بە تەنیا و بێئەوەی کەسێك لەگەڵ خۆیدا ببات ڕۆیشت بۆ ئەوێ و، لەوێ بووە میوانی یەکێك لە موسڵمانەکان. گەورە پیاوانی ئەهلی مەدینە ڕۆژانە سەریان لێ دەدا و، ئەویش دینی فێر دەکردن. ڕۆژێك ئوسەیدی کوڕی حوضەیر خوا لێی ڕازیی بێ و ڕۆژێکی تریش سەعدی کوڕی عوبادە خوا لێی ڕازیی بێ و ڕۆژێکی تریش سەعدی کوڕی موعاذ خوا لێی ڕازیی بێ. هتد. بە جوانیی گوێیان بۆ ئەگرت[1].
موصعەب بە نەرم و نیانیی لەگەڵ ئەوانەدا ئەجووڵایەوە کە بە تووڕە

(١) أبو نعيم، الحليه : ١ / ١٠٧، إبن سعد، الطبقات : ١ / ٢٢٠ .

و بێزارییەوە ئەهاتنە لای. ئەوەی بە چەکەوە ئەهاتە سەری، بە ئیمانی ناو کرۆکی دڵەوە ئەگەڕایەوە - کە ئەوانە لە دوارۆژدا ئەبوونە هاوەڵی پێغەمبەرەکەی (صلی الله علیه وسلم) - هەتا ئەوەندە بە نەرم و نیانیی وتووێژی لەگەڵ دەکردن کە زبرترین مرۆڤ لەبەردەم ئەو نەرم و نیانیی و ناسکییەدا زۆر خۆی بۆ نەئەگیرا. بۆ نموونە ئەی وت: ئایا دائەنیشیت گوێ بگریت؟ جا ئەگەر لە کارێك ڕازیی بوویت و دڵت چووە سەری ئەوا وەری ئەگریت، گەر پێیشت ناخۆش بوو لێت دوور ئەخەینەوە. دە بەخوا ئەگەر ملیشم ببڕیتەوە من هیچ شتێك بەرانبەر بە تۆ ناکەم. بەم شێوەیە کۆسپەکان لەبەر دەم ئەم بانگەوازکارە مەزنەدا لاچوون، کە گاڵتەی بە مردن ئەهات و، جگە لە گەیاندنی حەق بە خەڵکیی هیچ خەمێکی تری نەبوو. ئەوە بوو بە فەزڵی خوا بازنەکانی خەرمانەکەی دەوران دەوری فراوان بوون و، خوا لێی ڕازیی بێ هەر بە بانگ کردنی خەڵکەوە بۆ لای خوا ژیانی بەسەر ئەبرد هەتا ئەوەبوو ڕۆژی بەدر هاتە بەرەوە. هەروەها هەموو هاوەڵانیش خوا لێیان ڕازیی بێ تا ئەو کاتە ژیانیان بە تەبلیغ و ئیرشاد بەسەر ئەبرد[1]. بەڵام لە جەنگی ئوحوددا هەر هەموویان شمشێریان لە شان کرد بە نیازی پارێزگاریی دینەوە، چونکە هەروەك تەبلیغ و ئیرشاد واجبە، ئەوا پاراستنی دینیش واجبێکی ترە. موصعەبی کوڕی عومەیریش خوا لێی ڕازیی بێ لەم پاراستنەدا لەگەڵیان بەشدار بوو. هەتا ئێوارە بە ئازایەتییەکی کەم وێنەوە جەنگی کرد، بەڕادەیەك کە لەسەر ئەو ئازایەتییەی مەلائیکەت خۆزگەیان پێ ئەخواست، تا ئەوەبوو لە ناکاودا بە لێدانی شمشێری کافرێك بە دەمدا کەوتە زەویی. خێرا مەلائیکەتێك چووە شێوەی موصعەبەوە و لە جیاتیی

(١) إبن هشام، السيرة : ٢ / ٧٧ - ٧٩، إبن كثير، البداية : ٣ / ١٨٥ - ١٨٧ .

ئەو خەریکی هەڵمەت بردن بوو. لای ئێوارەشەوە پێغەمبەری بەڕێز (صلی الله علیه وسلم) فەرمایشتی لەگەڵدا کرد: (یا مصعب!) مەلائیکەتەکە فەرمووی: موصعەب نیم، ئەی پێغەمبەری خوا! ئەو کاتە زانییان کە موصعەب دەمێکە شەهید بووە.

دوای کۆتایی هاتنی جەنگ پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لەگەڵ کۆمەڵێك هاوەڵی بەڕێزدا هاتنە سەر لاشەی موصعەبی شەهید. سەیریان کرد هەردوو دەستی بە قۆڵەوە بڕاون و، شمشێرێکی وەها بەهێز لە ملی داوە کە جگە لە چەند دەمارێك کە ئەو سەرە مویارەکە بە شانیەوە ئەبەستن سەری لە ملی بۆتەوە[1]. دەم و چاویشی لەناو خۆڵی زەوییەکەدا، کە بە خوێنە گەشەکەی ڕەنگ بووە، شاردۆتەوە. هەروەك بترسێ، لە کاتێکدا کە ئەو جەستەیەکی بێگیانە، ببینێ وا خراپەیەك تووشی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) دەبێت. جا دەم و چاوی ئەشارێتەوە هەتا ئەوەی ئەو لێی ئەترسێ و خەمیەتی نەیبینێ! یان وەك ئەوەی کە خەجاڵەت بێ بەر لەوەی دڵی لە سەرفرازیی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) بێخەم ببێ و، بەر لەوەش تا کۆتایی ئەرکی پاڕاستنی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بەجێ بهێنێ و بەرگریی لێ بکات، بە شەهیدیی لە مەیداندا سەری ناوەتەوە[2].

وە نەبێ تەنها موصعەبی کوڕی عومەیر ئەو ئازایەتیی و مەردایەتییەی لێ وەشابێتەوە، بەڵکو هاوەڵە بەڕێزەکان خوا لە هەموویان ڕازیی بێ هەر هەموویان هەڵگری ئەو ڕۆحە و ئەو هەستە بوون.

بەم شێوەیە خوای پاك و باڵادەست دینەکەی خۆی پاڕاست. ئەم پاڕاستنە هەروا بەردەوام بوو تا ئەو کاتەی کە لە هەندێ سەردەمدا

(١) إبن سعد، الطبقات : ٢ / ٤٢، ٣ / ١٢٠ - ١٢١ .

(٢) رجال حول الرسول : ٥٢ .

و بەینا و بەین هەندێ درز و شەق بردن ڕوویاندا. جا لەم سەردەمە لەرزۆکانەدا خوای گەورە هەندێ لە فەڕ و بەرەکەتی دینی لەو موسڵمانانە گرتەوە کە بەرگرییان لێ نەکرد و سەریان نەخست، چونکە دین کاتێك دەبێتە دینی ئێمە کە سەری بخەین و بەرگریی لێ بکەین. ئەگینا ئەگەر دەستمان لێبیگرتەوە و، لە بەرگریی لێکردنی خاوبووینەوە، ئەوا پەروەردگاری مەزن لە فەیزە نوورانییەکانی و، لە دەست کەوتە ڕۆحییەکانی بێبەشمان دەکات..

کاتێك کە قودس لە ژێر دەسەڵاتی خاچ پەرستییدا بوو صەلاحەددینی ئەییووبیی نە زەردەخەنە و نە پێکەنینی نەبوو، بگرە بۆ ماوەی چەند ساڵێك بە کوڵ هەر ئەگریا، تا ئەو ڕادەیە کە وتارخوێنی ڕۆژی جومعە باسی ئەوەی کرد کە زەردەخەنە و پێکەنین پێویستن. دوای تەواوبوونی نوێژ صەلاحەددین دەستی وتارخوێنی گرت و وتەیەکی پێ وت کە شیاوی ئەوەیە لە یادەوەریی مێژوودا بنەخشێنرێ: ((لەوانەیە مەبەستت لە من بێ. بەڵام بۆ خوا پێم بڵێ چۆن زەردەخەنە بکەم و ئەو مزگەوتەش کە مصطفی (صلی الله علیه وسلم) لێیەوە سەرکەوت بۆ لای پەروەردگاری بەخشندەی لە ژێر دەستی دوژمنان بێت؟)). ئەم پیاوە مەزنە تا ئەو کاتەی کە مزگەوتی ئەقصای گێڕایەوە ژێر دەسەڵاتی موسڵمانان بۆ نیشتەجێ بوون خۆی تەنها چادرێکی هەبوو و، ئەشی وت: ((چۆن من خاوەنی خانوو بم و ماڵی خواش دیلی دەستی دوژمنان بێت؟)).

بەم شێوەیە دینیان پاراست و دینیش بووە دینی ئەوان. ئێستاش سەرەی ئێمە هاتووە. جا ئەگەر سەرمان خست و پشت گیرییمان لێ کرد، بە واتا بڵاومان کردەوە، کە ئەوە لە هەموو فەرزێك فەرزترە لەسەر هەر یەکەمان بەبێ جیاوازیی، ئەوا خوای پاك و بێگەرد دینەکەمان دەپارێزێت ..

بەڵێ، لەسەر ئیماندار پێویستە یەکەمجار شارەزای دینەکەی بێت، پاشان هەر هەموو ژیانی بەو بژیی، پاشان کەسانی تریش لەو دینەی کە پێی ئەژیی تێ بگەیەنێ، تا بەم نووره ژیانی ئەوانیش ڕووناك بکاتەوە. هەموو موسڵمانێك ئەم فەرمانبەرییە - وەك ئێمە بڕوامان پێی هەیە - بە پێی بنەماکانی ئیسلام وا لە ئەستۆیدا ..

لەمەو دوا هەندێ مەسەلە ڕوون دەکەمەوە کە بە پێویستیان دەزانم، بەڵام بەش بە حاڵی خۆیان گرنگییان پێ نەدراوە، بگرە لەو هۆیە سەرەکییانەن کە لەم کاتەی ئێستادا ئێمەیان بەم حاڵەتە پڕ خەم و خەفەتە گەیاندووە.

یەکەمیان: بەرە بەرە پشت گوێ خستنی دین.

دووهەمیان: یەك لاییکردنەوەی خزمەتە دینییەکان بۆ دەستەیەکی دیارییکراو و، دەست هێڵانی جڵەوی کاروبار بۆ ئەو تاقمەیە. ئەم هۆی دووهەمە بە وێنەی هۆی یەکەم مەترسییدارە بۆمان.

با ئەوە چاك بزانرێ کە هەرگیز دین بۆ دەستەیەك یەك لایی ناکرێتەوە و، هیچ کاتێکیش نابێت دین موڵکی دەستەیەکی دیارییکراو بێت، چونکە دین موڵکی هەموو ئەوانەیە کە شوێنی کەوتوون. چونکە هەموو تاکێك خاوەنی پەیوەندیی و پەیوەستییە لەگەڵ پەروەردگاریدا. ئیتر ناگونجێ ئەم پەیوەستییە لە نێوان بەندە و پەروەردگاریا نەهێڵرێت و، ناش گونجێ بۆ سەرخستنی دین و بەرگریی کەسیی کۆسپ دروست بکرێت. بەڕاستیی یەك لایی کردنەوەی خزمەتە دینییەکان بۆ دەستەیەکی تایبەت ئەوپەڕی بێئاگایی و هەڵەیەکی وەها گەورەیە کە چاوپۆشیی لێ ناکرێ و، ئێمەش لەم بارودۆخە پڕ ئێش و ژانەی کە واین تیایا دەربازبوونمان نابێت بە خۆ ڕزگارکردن نەبێ لەم بێئاگاییە. ئیتر ئەو کاتە دەروومان لێ دەکرێتەوە. بەڵام بە پێچەوانەی ئەمەوە ئێمە دەبینە کۆسپی بەردەمی سەرکەوتنی دین.

بێگومان یەك لاییکردنەوەی خزمەتە دینییەکان بۆ دامەزراوەیەکی تایبەت فێڵی بێگانەکانە، چونکە وێنەی ئەم کارە پەیوەندی یەکی نیە لەگەڵ تێگەیشتنی جیهاد و تەبلیغ لە ئیسلامدا. ئیسلام وەك دین ناگونجێ لە نێوان دیوارەکانی مزگەوتدا بەند بکرێ، چونکە خوای پاك و بێگەرد بۆ ئاوەدان کردنەوەی دنیا و قیامەت ناردوویەتی. کەواتە ئیسلام هەر هەمووی یەك پارچەیە و بەش بەش کردن هەڵناگرێ ..

ئا لەو ڕۆژەدا کە دین بە یەك پارچەیی هەڵ ئەسەنگێنین و، ڕۆحمان ئالوودەی دەبێت، ئەوا لە زەلیلیی ئازاد دەبین و، لە ڕسواییش ڕزگارمان دەبێت، چونکە مەسەلە کەسیی و کۆمەڵایەتیی و مرۆڤایەتییەکان بە هۆی تیشکی نوورانیی وەحییەوە ڕوون دەبنەوە و، ئەو کاتەش مرۆڤ لە دڵەڕاوکە و شڵەژاویی ناو تاریکیی ڕزگاری دەبێت.

جا بۆ ئەوەی کە ئەم حاڵەتە هەڵبسەنگێنین، لەسەرمان پێویستە بە تەواویی و بە هەمەکیی - بە ڕۆحمان و بە قەوارەمانەوە - ڕوو بەرەو دینی ڕاست بنێین کە لەسەر ڕوون کردنەوەی ئەو کەسەی کە بە هەوا و ئارەزووی خۆی فەرمایشت ناکا، بەڵکو هەرچی بفەرموێ وەحییە و دێتە سەری، کە ئەویش پێغەمبەری بەڕێزە (صلى الله عليه وسلم) دامەزراوە.

ئەمەی خوارەوە جارێکی تریش دێنمەوە یاد :

ئەگەر خۆمان دەروونی خۆمان نەگۆڕین، خوای باڵادەستیش حاڵمان ناگۆڕێ. ئەمە بە واتای ئیجابییش و سەلبییش هەر وایە. چونکە هەر ڕاست بوونەوەی تاکە دەبێتە هۆی بەدیهاتنی ئەم ئەنجامە، هەروەك لادانیشی ژیانی دینیی لەناو دەبات . لەبەر ئەوە پێویستە یەك یەك خەڵك پێ بگەیەنرێ هەتا ببنە کۆمەکی دین و بەرگرییشی لێ بکەن.

ئەمە و، لە یادیشمان نەچێت کە تاکە تەندروستەکان خێزانی ڕاست و تەندروست پێك دێنن و ئەمانیش کۆمەڵگەیەکی تەندروستی بێدەرد و دا بەرپا دەکەن. کەواتە بەردی بناغە لە کۆمەڵگەدا بریتییە لە تاك، پاشان خێزان و هەروەها. ئیتر هەتا لە پێشەوە تاکەکان صالح نەبن، کۆمەڵگەی صالح پێ ناگات. کۆمەڵگەی تەندروستیش ئەوەیە کە بوونی خۆی بە ڕاست ڕۆیشتن بە پێی فەرمانی خوا و پێغەمبەرەکەی (صلی اللە علیە وسلم) بسەلمێنێت و، لە پێناوی بەردەوام بوونی ئەو کۆمەڵگەیەش لەسەر ئەو شێوازە، پێویستە دڵی هەموو ئەندامەکانی پڕ لە کردەوەی چاك بێت و، لە خراپەش پاك کرابێتەوە. جا جگە لە تاکەکان خۆیان کێ ئەمە ئەنجام بدات؟

بەڵام بنچینە و هونەری تەبلیغ، خوای پاك و بێگەرد و پێغەمبەری بەڕێز (صلی اللە علیە وسلم) ڕوونیان کردوونەتەوە. هەتا ئەگەر هەر ئیرشاد و بانگەوازێك کە بە پێی ئەو بەرنامەیە نەبێت، ئەوا بە ئەنجامی ئومێدکراو ناگات. چونکە خوا جگە لە شوێن کەوتنی ڕێبازە ڕاستەکەی بە هیچ شوێن کەوتنێکی تر ڕازیی نابێت. هەر کارێکیش خوا لێی ڕازیی نەبێ هیچی تیا بەسەر نیە، ئەگەرچیی هەموو دنیا لێی ڕازیی بێ. بێگومان هەر کەسیش لەگەڵ خوای پاك و بێگەرددا بێت، سۆز و بەزەیی خواش لەوەوە نزیك دەبێت. ئێمەش تەنها ئەو بەڕێزە موبارەکانە، کە دینیان سەر خستووە، بەدبەختییمان چارە دەکەن. ئەوانەی کە بەشێکی زۆریان لە سۆز و بەزەیی خوایی دەست گیر بووە. ئەوانە ئەو بۆنە خۆشە هەڵئەمژن و، بە پێی ئەوە ژیانی خۆیان ڕێك و پێك دەکەن. جارێکی تریش دووبارەی دەکەمەوە: ئێمە چەندە دین سەر بخەین، دینیش ئەوەندە دینی ئێمەیە.

بەشی دووەم

چەند بنچینە و
یاسایەك لە تەبلیغ دا

هەموو زانستێك پێناسەی تایبەتیی خۆی هەیە و، هەموو کردەوەیەکیش هونەر و وردەکاریی تایبەتیی خۆی هەیە. جا بەبێ ئەو پێناسەیە و ئەو وردەکارییە ناتوانین بچینە قووڵایی هیچ بەشێك لە بەشەکانی زانست و هیچ لایەنێك لە لایەنەکانی کارکردن. لەبەر ئەوەش کە تەبلیغ کردن پیرۆزترین کردەوەی موسڵمانە، ئەوا بێ گومان بنچینە و هونەرێکی تایبەتیی خۆی هەیە و، هەر تەبلیغ کردنێکیش ئەو کارانەی تیا بەرچاو نەگیرێن جگە لە خۆماندووکردنێکی بێ ئەنجام هیچ کەڵکێکی نابێت. بەڵام ئەوەش کە سەرکەوتنێکی کاتیی بە دەست ئەهێنێ، ئەوە لە ناوکرۆکدا نوشوستیی هێناوە، چونکە ئایندەی نیە.

لەمەو دوا هەندێ هونەر و وردەکاریی تەبلیغ کردن لە شێوەی شت ومەك دێنینەوە، بەڵام بەر لەوە دەڵێین: بنچینە و هونەرەکانی تەبلیغ و ئیرشاد تەنها بەوەوە ناوەستن کە ئێمە باسی دەکەین. با ئەوەش بزانرێ کە ئەو بنچینە و یاسایانەی کە ئێمە هەوڵ دەدەین پێشکەشیان بکەین، لایەنی کارپێکردنی عەمەلیی تیایدا بە بناغە ژمێرراوە و، لەبەر تیشکی ئایەتە پیرۆز و فەرموودە شەریفەکانیش دا ئامادە کراون، کە کەسانێکی شارەزا لە واقیعی عەمەلیدا تاقیی کردوونەتەوە، بەوەی کە هەر لە سەردەمی منداڵییەوە تا ئەو کاتەی کە فەرمانبەریەکی ڕەسمیی بانگەوازی لە ناوچەیەکی فراواندا وەرگرتووە، ئامادەی کۆڕی پیاوانی ئیرشاد و تەبلیغ بووە.

ئەمە و، لەوانەیە کە هەندێ لە ڕوونکردنەوەکانمان لەگەڵ جیهانی حەقیقەت و واقیعدا نەگونجێن. ئەمەش لە ناتەواویی وکەم وکوڕیی ئێمەوەیە.

لەم بارەشەوە دەستوورمان بەم شێوەیەیە: ئەو بیر و بۆچوونانەی کە بە ژیان دەردەبڕێن شایانی ژیانن.

پەیوەندیی نێوان عیلم و ئیرشاد

هەر کەسێ کاری فەرماندان بە چاکە و دوورەپەرێزیی کردن لە خراپە بگرێتە ئەستۆ پێویستە بە زانست خۆی کۆك بکات. چونکە زانست و تەبلیغ دوو دیوی حەقیقەتێکن. کەواتە پێویستە لەسەر بانگەوازکار خۆی چاك پێ بگەیەنێ بە ڕاستی یەکانی ئەو دینەی کە دەیەوێ بە کەسانی تری بگەیەنێ، ئەگینا دەبێتە هۆی نوشستیی زۆر، بگرە لەوانەشە دوێنراوەکان لە خۆی و لە دینەکەی بسڵەمێنەوە، ئەم ئەنجامەش دەست درێژی یە بۆ سەر مافی دینیی و دنیایی خۆیشی و کەسانی تریش.

لەم بەشەدا باسی تێ گەیشتنی خۆمان بۆ زانست بە گشتیی دەکەین، پاشان هەوڵ دەدەین پەیوەندیی نێوان ئیرشاد و زانست و کارکردن بخەینە ڕوو.

زانست لە جیهانی بوون هەر هەمووی دا میحرابی سەردارمان ئادەمە و، کە گەورەش دەبێ دەبێتە کەشتییەکەی سەردارمان نووح و، ئەش بێتە سەردارمان نووح لە کەشتییەکەدا. زانست لە سەردارمان ئیبراهیمدا بریتی یە لە چەند شیوێك کە لافاوی وەحی خوایی پیایانا ئەڕوات. هەروەها گەورە دەبێت تا ببێتە طوور لە سەردارمان مووسادا، یان ببێتە سەردارمان مووسا لە طووردا. لەبەر ئەمە لەناو بوونەوەراندا هەر بۆتەیەك هەبێت زانست کاکڵەکەیەتی.

زانست چی یە؟ زانست بریتی یە لەوەی کە مرۆڤ، دوای ناسینی خۆی، پەروەردگاری بناسێ. یا مرۆڤ پەروەردگاری ببینێ بەوەی کە خۆی بکاتە ڕوانگەیەك بۆ بینینی سیفات و ناوەکانی خوا، بەوەی کە لە هەستەکانیدا ئەی دۆزێتەوە و، بە کۆشش کردنی بۆ گەیشتن بە ناسینی پەروەردگاری و شارەزابوون لێی. ئا ئەمە زانستی ڕاستەقینەیە، وەك شاعیر (یونس ئەمره) بە پێکانی جەرگەی زانستیی دەری بڕیوە :

زانست ئەوەیە کە بزانیت..

کە خۆت بناسیت..

خۆ ئەگەر نەت ناسی،

ئەوا هەرچییت خوێندۆتەوە دەست لە هەمووی هەڵ بگرە.

بەڵام ئەم وتەیان: ((مَن عرفَ نفسَهُ فقد عرِف رَبَّهُ)) . واتە: هەرکەس خۆی ناسیی پەروەردگاریشی ئەناسێ، وتەیەکی پڕ بەلاغەت و خاوەنی مەبەستێکی ئەوەندە وردە کە خەریکە بە فەرمووده وەربگیرێ، بەڵام فەرموودەی شەریف نیە، بەڵکو دەستوورێکی پتەو و بەهادارە لە بارەی مەبەست و ماناوە و، قورئانی پیرۆزیش بەم ئایەتە پیرۆزە پشت گیریی ئەم دەستوورە دەکات:

﴿ وَلَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ نَسُوا اللَّهَ فَأَنسَاهُمْ أَنفُسَهُمْ أُولَٰئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ ﴾ (الحشر: ١٩).

بەڵێ، ئەگەر خواتان لە یادچوو، ئەوا خوایش خۆتانتان لە یاد دەباتەوە و، گەر خۆتانتان لە یاد چوو ئەوا لە خوا دوور دەکەونەوە. ئەو کاتە بێ ئاگا دەبن و بە خۆتان نامۆ دەبن و خۆتانتان لە یاددەچێت. بەم شێوەیە بازنەیەکی گەنیو دروست دەبێ و یەکێکیان ئەوی تر فەراهەم

دێنێ و خۆراکی دەداتێ و، هەر کەسیش بچێتە ناو ئەو بازنە گەنیوەوە ڕزگاربوونی زۆر گرانە، بگرە بە دوای خۆیدا دەگەڕێتەوە و، بە فیڕۆ دەچێت. ئەشگونجێ مانایەکی تر لە ئایەتە پیرۆزەکە تێ بگەین کە ئەمەیە:

وریا بن نەکەن خواتان لە یاد بچێت، ئەویش خۆتانتان لە یاد بباتەوە. ئەو کاتە بە تەنها بە دەرەوە ئەپەشۆکێن. ئیتر بە تەنیا ڕوو لە ئاسۆکان دەکەن و، بواری بیرکردنەوە و موحاسەبە کردنتان ڕوو ناکەنە خۆتان. دەبینی یەکێ باسی ئیسلام و قورئان دەکات، بەڵام چاوەڕوانە کەسانی تر ئەحکامەکانی ئیسلام جێ بەجێ بکەن. لەوانەیە نزیك ترین کەسیشت، لە ماڵەکەتدا، بە ئاشکرا ئەحکامەکانی ئیسلام پشت گوێ بخات و بە سووك سەیریان بکات، تۆش چاوت لێ یان نەبێت، چونکە چاوت بڕیوەتە کەسانی تر و ئەوەی ئەتەوێ لەوانی چاوەڕوان ئەکەیت. چەندە مایەی خەفەتە کەسێ هاواری لێ بەرز بێتەوە و داوای ئیسلام بکات و، بە شوێن کەوتنی هەنگاوەکانی شەیتان، خەریکی هات و چۆی ناو کۆڵان و شەقامەکان بێت، خۆی لە یاد بکات بێ ئەوەی بە وردیی موحاسەبەی خۆی بکات. بێ ئەوەی ڕۆژانە چەند جارێك سەرنج بدات بزانێ تا چ ڕادەیەك پەیوەندیی لەگەڵ پەروەردگاری مەزنیدا هەیە.

بەڵێ، ئێمە وەك ئەو کەسە وەهاین کە سەر دەکەوێتە سەر لووتکەی چیاکان. پێویستە بە وردیی حیسابی بۆ بکەین کە پێمان لە کوێ دائەنێین و قولاپەکە لە کوێ دائەکوتین و پەتی پێوە ئەبەستین. چونکە هەر هەڵەیەك لە دەستمان دەر بچێ - ئەگەرچیی بچووکیش بێت - ژیانمان لە دەست دەدات.

بەڵێ ! ئایا جێی سەرسوڕمان نیە مرۆڤ لە پەرستگا و لە مزگەوتدا،

بگرە هەتا لە کەعبە و (روضة)ی پاك و بێگەرددا خۆی لە بیر بچێتەوە ؟ بە ئێش پێ گەیشتنەوە دانی پێدا ئەنێم کە لەو شوێنانەدا ئەوانەی کە خۆیان لە بیر دەچێتەوە لە ژمارە نایەن . دەی پەروەردگارم ئەم زیانە چەندە گەورەیە!

زانست مەبەستێکی هەیە، کە ئەویش ناسینی خوا و خۆشەویستی خوا بەرهەم دێنێ. چونکە ئەو زانستەی کە ئاگری خۆشویستنی خوا بەر نەداتە دڵی مرۆڤ و، چێژی ڕۆحانییشی کڵپە نەسێنێ - کە ئەوەش زامنی ناز و نیعمەتی بەهەشتە - بە زانستێك ناژمێررێ کە بە مەبەستی گەیشتبێ. چونکە ئەو زانستەی کە گەیشتبێتە مەبەست وجێبەجێی کردبێ سەرچاوەی ژیانی لەتیفەکانمان و، خوێن بەری هەڵقوڵاوی هەست و سۆزمانە و، ژیانیش بەبێ ئەو مردنێکی مەعنەوییە. جا ئەو زانستەی کە ستایش دەکرێت و قورئانی پیرۆز و فەرموودەی شەریفیش خەڵکیی هەڵئەنێن بۆی. ئا ئەم زانستەیە، نە شتێکی تر. بگرە هەر ئەمە زانستە.

ئێمە چووینە ناو ئەم باسەوە، لەگەڵ ئەوەش دا کە باسی بنەڕەتییمان نیە. بەڵام من پێم خۆشە هەندێ لەو ئایەتە پیرۆز و فەرموودە شەریفانە وەربگرم کە تایبەتن بە زانستەوە:

١- ﴿... قُلْ هَلْ يَسْتَوِي ٱلَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُوْلُوا۟ ٱلْأَلْبَٰبِ﴾ (الزمر: ٩).

واتە: ئایا ئەو زانستەی کە دەستی مرۆڤ بۆ لای خوای باڵادەست دەگرێت وەك ئەوەیە کە لە تاقیگەدا مرۆڤ بەند دەکات؟ هەروەها ئایا ئەو زانستەی کە مایەی گەیاندنی ئەو کەسەیە بە خوا کە لەبەردەم تەلیسکۆبدا چاودێریی ئەستێرەکان دەکات و، نیەتی هێناوە کە بە

پلیكانەی نووردا بۆ لای خوا سەر بكەوێ، وەك ئەو زانستە دەبێ كە تەنها چاوی بڕیبێتە ئەستێرەكان و بەرنامەكانیان. بە وتەیەكی ڕوون تر: ئایا ئەو دوانە یەكسان دەبن كە هەریەكەیان خاوەنی گۆشە نیگایەكی جیاوازن لە یەكتر؟
ئەو كەسەی كە وەك مشك بەناو پەڕەی كتێبەكاندا بە دوای گەنجینەی نهێنییەكان دا ئەگەڕێ، زۆربەی تەمەنی لە نووسینەوەی پەراوێز و ڕاڤەكان دا بەسەر دەبات بێ ئەوەی لە زانستی حەقیقەت یەك دێڕ بخوێنێتەوە. ئا ئەوە كە ناوی زانای لێ ئەنرێ، بە دەربڕینی قورئانیی وەك ئەو كەسە وەهایە كە چەندین كتێبی بە كۆڵەوە گرتبێ. ئەوە لە كوێ لە چاو ئەو مرۆڤە كامڵەدا كە دێڕێك ئەخوێنێتەوە، دەبینی وا بەرەو ئاسمانەكان باڵ دەگرێتەوە و، هەموو ساتێك لە خۆشیی و چێژێكی ڕۆحییدا ئەژیی. وا دەزانم جیاوازیی نێوانیان وەك جیاوازیی نێوان ((هیچ شتێك)) و ((هەموو شتێك)) وایە. ئەو زانستەی كە مرۆڤ بەخوا دەگەیەنێ ((هەموو شتێك))ە و، ئەوەش لە ڕێگا دەستت لێ هەڵدەگرێ ((هیچ شتێك))ە .

٢- ﴿...إِنَّمَا يَخْشَى ٱللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ ٱلْعُلَمَٰٓؤُا۟...﴾ (فاطر: ٢٨).
هەڵدان بە زانست دا و، ستایش كردنی زانایان لەم ئایەتە پیرۆزەدا یەكجار ڕوون و ئاشكرایە. بەڵام ستایشەكە بۆ وەسف كراوەكەیە، واتە بۆ ئەو مرۆڤەیە كە بە زانستەكەیەوە، بە خشوعێكەوە، لە بەردەم پەروەردگاریدا وەستاوە. هەموو زانستێكیش قورسایی و گرنگیی خۆی هەیە. پێغەمبەریش (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێ: (العُلَماءُ وَرَثَةُ الأنبِياءِ)[1]. دەفەرموێ : زانایان میراتگری پێغەمبەرانن.

(١) إبن ماجه، المقدمة : ١٧ .

بەڵێ، ئەگەر لە ناو مرۆڤدا کۆمەڵێك هەبن کە حەقیقەت بە ڕوونیی و بەبێ لێڵیی ببینن، ئەوانە پێغەمبەرانن سەلامیان لێ بێ. بەڵام ئێمە بە هۆی ئەو نوورەوە کە فەرمایشتەکانی ئەوان بڵاوی دەکەنەوە ئەتوانین بگەینە حەقیقەت، چونکە ناگونجێ هیچ مرۆڤێك، هەر کەس بێت، بگاتە حەقیقەتی ڕەها، هەتا نەچێتە ژێر ئاڵای یەکێ لە پێغەمبەرانەوە . خۆ لەوانەیە بە هەوڵ و کۆششی خۆی بتوانێ هەندێ حەقیقەتی نزیك لە ڕاستییەوە کەشف بکات، بەڵام ناتوانێ ڕاستیی ڕەها کەشف بکات، مەگەر بە چاوساغیی پێغەمبەران سەلامیان لێبێ، لەبەر ئەمە پێغەمبەران میراتگری ڕاستەقینەی خوان و، دوای ئەوانیش بەندە صاڵحەکان. قورئانی پیرۆزیش ئاماژە بۆ ئەو بەندە صاڵحانەی خوا دەکات کە دەبنە خاوەنی سەرزەویی و، ئەو پەیوەندییەی نێوان فەرموودەی باس کراو و ئەم ئایەتەش کە ئەم مانایە دەبەخشێ ئاشکرایە: بەندە صاڵحەکانی خوا ئەوانەن کە شیاوی ئەوەن ببنە خەلیفەی خوا لەسەر زەوییدا و، هەر ئەوانیش میراتگری پێغەمبەرانن، نەك کەسانی تر. چونکە هەر پێغەمبەرێك تەبلیغکاری ڕاستییە، جا بە ئەندازەی ئەوەی کە هەر مرۆڤێك تەبلیغکاری ڕاستیی بێ، دەبێتە میراتگری ڕاستەقینەی پێغەمبەران.

جا بۆ دەرخستنی فەزڵی زانا بەسەر کەسانی تردا ئەم ئەندازەگرتنە لە پێغەمبەرەوە (صلى الله عليه وسلم) دێنمەوە کە دەفەرموێ: (فَضْلُ الْعَالِمِ عَلى الْعَابِدِ كَفَضْلِي عَلى أدناكُم)[1]. دەفەرموێ: فەزڵی زانا بەسەر خواپەرستدا وەك فەزڵی من وەهایە بەسەر بچووکترینتاندا.

بەڵێ، خواپەرستی نەزان هەموو ئانێك مەترسیی لادان و سەرگەردانیی

---

(١) الترمذي، العلم : ١٩ .

لێ دەکرێت و، ئەو لادانەش ڕێژەییە بە پێی پلەی ئەو بەندەیە لەلای خوا. هی وایان هەیە لە تەنها ئانێك دا چاودێریی خوای لە یاد بچێ بە لادانێکی تەواوی دەزانێ. جا هەر چەندە مەسەلەکە ڕێژەییە، کەواتە لادان لە گۆڕێدایە. هەر چۆن بێت ئەو زانایانەی کە میراتگری پێغەمبەرانن هەمیشە لەگەڵ خۆیان دا خەریکی چاودێرییەکی هەمیشەیی و موحاسەبەیەکی بەردەوامن. ئەوان لە ئارەزوومەندییەکی ڕۆحیی هەمیشەییدان و، پەرانبەر بە کارە لەناوبەر و مەترسییەکانی هەر چوارلایان لەوپەڕی ئامادەباشیدان. ئەوەش کە گومانی تێدا نیە ئەوەیە کە ئەو زانایەی بە زانین و هۆشێکی تەواوەوە بۆ هەموو مەسەلەیەك خواپەرستیی بکات، چاکترە لەوەی کە بەبێ هەست خواپەرستیی بکات، وەك چۆن پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لە بچووکترین کەسی هاوەڵە بەڕێزەکان چاکتر بوو. لە ڕاستییشدا ئەمە مانای وایە کە: هەڵسەنگاندنیان لە نێواندا ناکرێ.

لەم مەسەلەیەشدا نوکتەیەکی ورد هەیە کە ئەمەیە: مرۆڤی کامڵی میراتگری پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لە فەیضی ئەقدەسەوە هەر نوورێك بە لێشاو بەسەریدا باریی، لە دەستی دەرناچێت، هەروەك مەڵبەندێکی جەمسەرگیریی گەورە بێ بۆ قووت دانی ئەو تیشکەی کە لە خۆرەوە دەردەچێت. ئیتر ناهێڵێ هەتا زەڕەیەك لە هەموو فەیضیکی موقەددەس بە هەدەر بڕوات، کە بە چەندین تیشك دانەوەی ئەحەدییەت بۆی بێت و، بە چەندین تیشك دانەوەی جوانییەکی ناسك بۆی بگوازرێتەوە، کە سۆز و ڕەحمەتی بە نەرم و نیانیی بەسەردا ئەبارێنێ. ئەو کاتە هەموو گۆشەکانی دڵی لە چالاکییەکی بەردەوام و جموجوولێکی هەمیشەییدا دەبن، بەوەی کە هەوڵ دەدات ببێتە ئاوێنەیەك بۆ دانەوەی تیشکی ئەو فەیض و بەرەکەتە .

ئەمەش - لە هەمان کاتدا - دەربڕینی خشووعە زۆرەکەی و ڕێزلێگرتنە کاملّەکەیەتی بۆ پەروەردگاری مەزنی و، کارێکی بارگەدانی ڕۆحیی بەردەوامە. جا ئەم کەسە بە بەردەوام بارگە دراوە، خالّیی کردنەوەشی هەیە، ئەم خالّییکردنەوەیەش بریتییە لە پەخشکردنی ئەو ڕووناکیی و نوور و ڕاستییەی تر کە لە ڕۆحیدا هەیە بۆ ئەوانەی دەوروبەری. ئیتر لێرەدا ترازوویەك بۆ پێوانەکردنی ئەم کردەوانەی بە پێی قوولّیی ڕۆحییەتی، نیە. کەواتە هەر چەندە خواپەرست لە خواپەرستییەکەیدا ڕۆبچێت، ئەوا ناگاتە خواپەرستیی ئەو زانایەی کە مرۆڤی کاملّە. سەرەڕای ئەوەش کە مرۆڤ لەسەری پێویستە ئەوەی کە ئەیزانێ کاری پێ بکات، ئەگینا قورئانی پیرۆز بەم ئایەتە پیرۆزە هەڕەشەی لێ دەکات و پیایا هەلّئەشاخێ:

﴿ ...وَإِنَّ فَرِيقًا مِّنْهُمْ لَيَكْتُمُونَ ٱلْحَقَّ وَهُمْ يَعْلَمُونَ ﴾ (البقرة: ١٤٦).

بەلّێ دەزانن بەلاّم کاری پێ ناکەن. ئەوانە وەك کونە ڕەشەکان وەهان کە ڕووناکیی بۆ هیچ شتێك ناگێڕنەوە. ئیتر لە وزەی ڕووناکییەکەیان هیچ کەلّکێك وەرناگیرێ. یان بە دەربڕینێکی ڕاستتر، وەك خۆری لێ نایەت ڕووناکییەکەی پەخشانی هەموو شوێنێك بکات. بەلّکو ئاگردانن ـ چران، چەپکە تیرۆژێکن کە پەنجە لە گولّەکانیان دەدەن، ئەستێرە گەڕۆکەکانن. با دەست لەو بێبەختانەش هەلّ بگرن کە ڕووناکییەکەیان وەك کونی ڕەش تاریك و تەلّخە، هەرچەندە خاوەنی چەندین وزەی پاشەکەوت کراون. بەو حالّەی خۆیانەوە دەستیان لێ هەلّدەگرین و ئەچینە خزمەتی فەرموودەیەکی شەریفی پێغەمبەری بەڕێز (صلى الله عليه وسلم) کە ئەفەموێ:

(مَن سُئِلَ عَن عِلمٍ عَلِمَهُ ثُمَّ كَتَمَهُ أُلْجِمَ يَومَ القِيامَةِ بِلِجامٍ مِن نارٍ)(١).

(١) الترمذي، العلم ٣، أبوداود، العلم : ٩، إبن ماجة، المقدمة : ٢٤، الهيثمي، مجمع الزوائد : ١ / ١٦٣.

دەفەرموێ: هەرکەسێ دەربارەی زانستێك كە ئەیزانێ پرسیاری لێ بکەن و شاردییەوە لە ڕۆژی قیامەتدا لغاوێکی ئاگرین دەکرێتە دەمی.

ئەم فەرمایشتە شیرینە ماناکەی دیارە، واتە هەر کەس شتێ فێر بوو و هەوڵی نەدا پەخشانی ئەوانەی دەوروبەری بکات، واتە لەو بارگەیەی کە پڕکراوە خۆی خاڵیی نەکردەوە و، بە هەڵسوکەوتی نەبووە پێشەنگێکی چاك، ئەوا نابێتە ئاوێنەی دەرخستنی حەق. ئەو کاتە پاداشتی ئەوە دەبێ کە بە ئاگر لغاو بکرێ. لە فەرموودە شەریفەکەدا هەڕەشە و سەرزەنشتێکی توند دەبینین، چونکە لغاوکردن تەنها بۆ ئاژەڵەکان بەکاردێت. واتە هەر کەسێ زانستەکەی بشارێتەوە تەشبیە کراوە بە ئاژەڵ، کە ئەمەش، وەك دیارە، دەربڕینێکی توندە.

ئەو مرۆڤە - کە کەتمانی حەقی کردووە - نرخی ئەو ئەهلیەتەی نەزانی کە خوا پێی بەخشیی بوو و، بە جوانترین شێوەشی گێڕا بوو. هەروەها ئەوەی پشت گوێ خست کە بە سپاردە لە ماهیەتی ئەودا دانابوو، لە هەست کردن و ڕوون کردنەوە و بیرکردنەوە، بەڕادەیەك کە لە ئاژەڵان جیای کردەوە، بگرە لە نێو بەدیهێنراوان دا بە بەدیهێنراوێکی پەسەندکراوی هەڵبژێرراوی گێڕا، بەڵام ئەو شوکرانەی لە سەر ئەوەی کە خوا پێی سپاردبوو دەرنەبڕیی. ئایا موعامەلەیەکی عادیلانەی عەدالەتی ڕەها نیە کە ئەگەر پەروەردگاری جیهانیان بەخششەکانی خۆی لێ دابماڵێ؟ کارەکە ئەخەمە بەرچاوی بەڕێزتان.

زانست و تەبلیغ کردن دوو دیوی یەك حەقیقەتن. کارکردنیش مەرجێکە و لێیان جیا نابێتەوە. کەواتە نابێ ئەم سیانە لێك جوێ بکرێنەوە. ئەگەر کەسێك ڕەفتار بەوە بکا کە زانیویە، ئەوە دەربڕینی ڕێزە بۆ زانستەکەی، چونکە ئەو کەسەی کە پەروەردگاری خۆی ناسیی و بەندایەتیی خۆی بۆ دەرنەبڕیی، ئەوە ڕێزلێنەگرتن و بایەخ پێنەدانە،

بگرە گەمژەیی و کوێریی و کەڕییە، بە تایبەتیی کەسێك ڕەنج و زەحمەتی خزمەتکردنی ئیمانی گرتبێتە ئەستۆ و لە بەندایەتییدا تەمەڵیی بکات. ئەمە کارێکە لە دوژمنی دەرەکیی مەترسیی زیاترە. ئەو حاڵەتەش خۆرئاوایییەکان دوای هیدات درانیان بۆ ئیسلام بێتاقەتیی دەکەن و قسە دەکەن بەڵگەیە بۆ ئەم حوکمە، چونکە قسە، یا شاهێدییدانی بەرانبەرەکەت بەڵگەیەکی تایبەتییە.

یەکێك لە موسڵمانێکی ئینگلیزیی ئەپرسێت: بۆچیی ئینگلیزەکان بە کۆمەڵ موسڵمان نابن، خۆ ئەوان خەڵکێکی ژیرن، بەڕادەیەك کە سیاسەتی جیهان هەڵئەسووڕێنن؟ موسڵمانە ئینگلیزەکە وەڵامی ناداتەوە، بەڵکو دەستی پرسیارکەرەکە دەگرێت و ئەیبات بۆ نزیکترین مزگەوت. دیمەنێکی خەمبار. تەنها چەند کەسێك وان لەوێ کە بە لاشەیان خواپەرستیی بەجێ ئەهێنن. ئەمە وەڵامی کابرا بوو. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە: هەڵسوکەوتی خۆرئاوایی بەرانبەر بە بەرنامە دینییەکان، یان بێدینییەکان ئاشکرایە، ئەگەر لە ژیانی ڕۆژانەدا بە عەمەلیی جێ بەجێ نەکرێن . جا هەر کاتێك موسڵمانان لە بەردەمیان دا وەك کۆمەڵێکی ئەوتۆ وەستان کە گەیشتبوونە ئەوەی دیوی ناوەوە و دەرەوەیان وەك یەك بێت و، عەقڵ و ڕۆحیش لە ناویان دا کامڵ بوو بێت و، دڵەکانیشیان بە قورئان ئاشنا بوو بن و، دەرگایان خستبێتە سەرپشت بۆی و، کردەوەکانیشان لەگەڵ فیترەتی مرۆڤ دا گونجاو بێت و، خەم و خەفەتی هەریەکەشیان بریتیی بێ لەوەی مرۆڤایەتیی هیدایەت بدات، ئەو کاتە ئەوانیش ڕوو لە ئیسلام ئەنێن و، ڕوویشیان لێ ناوە و، بە کۆمەکیی خوا بەبێ ئەوەی ئێمە تەکلیفیان لێ بکەین، خۆیان ڕووی لێ ئەنێن.

بەڵێ، خۆرئاوایی چۆن پەیوەندیی بە کۆمەڵگەیەکەوە دەکات تا ئەو کۆمەڵگەیە دینەکەی نەناسێ و، پەروەردگاری نەناسێ و،

لە کتێبەکەی تێ نەگات و، شتی وەهاشی پێوە نەبینێ کە ڕای بکێشێ بۆ لای خۆی؟ یەکەمجار ئەو سەیری حاڵ وگوزەران دەکات و سەرنجی بینای دڵ و عەقڵی موسڵمان دەدات. ئەو بایەخ بە خەڵکانیك دەدات کە هەردەم خەریکی هەناسە هەڵکێشان بن و، داخ وخەفەتیان بۆ خۆشویستنی مرۆڤایەتیی و بەزەیی پیاهاتنەوەی، شەپۆل بدات. ئەوانەی کە شەوەکانیان بە شەونوێژ و بۆ خوا هەڵسان بەسەر ئەبەن و، زمانیشیان بە ذیکری خوا تەڕ و پاراوە و، تا بتوانن کات بە فیڕۆ نادەن، بگرە هەر یەکەیان هەموو ساتێکی کاتی بە شتی بەکەڵك بەسەر دەبات. بەڵێ ئەوان بایەخ بە کەسێك دەدەن کە بەم جۆرە وزانە بارگاویی بووبن. جا ئەگەر ئەوانەی کە تەمثیلی ئیسلام دەکەن توانییان بەم شێوەیان بەسەر بێت، ئەوا خۆرئاواییەکان بە پەلە بەرەو ئیسلام دێن و پۆل پۆل موسڵمان دەبن. جا لەبەر ئەوەی کە کارەکە پێچەوانەیە، وا ئەنجامەکەش پێچەوانە دەرچوو و، لەم کاتەدا لێمان دوورکەوتنەوە.

بە کورتە دەڵێین. ئیسلام بەرنامەیەکی خواییە و زانست و کردەوە بە توندیی بە یەکەوە ئەبەستێ. لایەکی ئیمانە و، لایەکەی تریشی ئەو ئیمانە ئەگۆڕێ بۆ کار و چالاکیی. بەڵێ، باس کردنی کردەوە و خواپەرستیی کەسانی تر و گێڕانەوەی چیرۆك دەربارەیان، لە لایەکەوە، بە بۆنەی ئەو پەند و ئامۆژگارییانەی کەوا تیایاندا شتێکی جوانە، بەڵام هەر تەنها بەوەندەوە بوەستین، بێئەوەی ئەو کردەوانە لە واقیع دا جێ بەجێ بکرێن، لە بەرانبەرەوە کاریگەرییەکی سەلبیی دەبێت. ئیسلام بریتیی نیە لە باس کردنی مەناقیبی ئەولیاکان، یان گوێ گرتن بۆیان و بەس، بەڵکو ئیسلام ئەوەیە کە چیی دەربارەیان باس کراوە بگۆڕێ بۆ ژیانی ڕۆژانە. بەڵێ ئیسلام ئیمان و کردەوەیە. ئەوانەش کە باسی کاری ئیسلامیی دەکەن بێئەوەی بزانن کە ئیسلام بریتییە لە ئیمان وکردەوە، ئەوانە قسەکانیان وڕێنەیە و هیچی تر.

ڕاستییە ئیسلامییەکان و ئاسینی سەردەمی هاوچەرخ

هەڵسەنگاندنی شتەکان و سەرنج دانی ڕووداوەکان لەم کاتەی ئێستاماندا بە یەکجاریی ئاڵ وگۆڕیان بەسەردا هاتووە. مەنتیق و عەقڵانیەتیش لەپێشەوەی کارەکان دان و، لە هەڵسەنگاندندا گرنگییەکی گەورەیان بە دەستهێناوە، چونکە کوفر و ئیلحاد بە ناوی زانست و فەلسەفەوە قسە دەکەن. ئا لێرەدا موسڵمان ناچارە بە هەمان تەکنیك بەرانبەریان بوەستێ، ئەمەش پەیوەندییەکی پتەوی بە شارەزایی ڕۆشنبیریی چەرخەکەی خۆیەوە هەیە. عیلم و عیرفانیش کە هەردووکیان لە موسڵمان جویێ نابنەوە، تەنها ئەم کارەیە.

هەرکەسێ شارەزای ڕووداوەکانی چەرخەکەی نەبێت، وەك ئەو کەسە وەهایە کە لە دالانێکی تاریکدا ژیان بداتە سەر، کە بە بێ ئەنجام هەوڵدەدا شتێك دەربارەی دین و ئیمان بە کەسانی تر تەبلیغ بکات، چونکە ڕەوڕەوەکانی زەمانە و ڕووداوەکان، درەنگ بێ و زوو بێ، کاریگەریی لەدەست دەکەنەوە. لێرەدا لەسەر ئیماندار پێویستە کە ئەوە لە کەسانی تر بگەیەنێ و پێیان تەبیلغ بکات کە پێویستە خەڵك لێی تێ بگات، ئەویش بە شێوازێکی گونجاو و شیاو بە ئاستی فیکریی و زانستیی و ڕۆشنبیریی چەرخەکەی. من لەسەر ئەوە پێ دائەگرم کە ئەگەر ڕابەرێك و بانگەوازکارێك - لەم ڕۆژەماندا - توانیی ئەم

خالّە باس کراوە جێ بەجێ بکات، لە قیامەت دا پێشی ئەولیاکان و قوطبەکان دەداتەوە. چونکە ئەو لە دوای پێغەمبەرانەوە سەلامیان لێ بێ دەوەستێ. بەڵێ ئەم خالّە تا ئەم ڕادەیە بلّند و مەزنە. بە مەرجێ هەروەك ئەمە یەکجار پێویستە، دەست پێوەگرتن و جێبەجێکردنیشی قورسە.

ئەو کەسەی چەرخەکەی خۆی نەناسێ، لەگەلّ ئەو کەسەدا کە لە ژێر زەوییدا بژیت هیچ جیاوازییەکی نیە، کەچی تەبلیغکار یان بانگەوازکار لە بۆشایی ئاسماندا ئەگەڕێ. کاتێکیش کە بە هۆی عەقلّیەوە لە نێوان ئەستێرەکاندا ئەسووڕێتەوە، بە هۆی دلّی و لەطیفەکانی تریەوە ئەڕوانێتە باخچەکانی بەهەشت. واتە کاتێك عەقلّی لە تاقیگەدا و لە تەنیشت (پاستۆر)دا بەندی دەکات و، لە قووڵایی بوونیشدا بە هاوڕێیەتی ئەنیشتاین بەڕێوەی دەبات، دەبینی بە هۆی ڕۆحیەوە بەوپەڕی ڕێز و مەزن ڕاگرتنەوە لەبەردەم خوای پاك وبێگەرد و، لەبەردەم پێغەمبەری بەڕێزدا (صلى الله عليه وسلم) وەستاوە، ئیتر لە هەر ڕۆژێکدا چەند جار و چەند جار بەرەکەتی خوای بەسەردا ئەڕژێت. جا من بڕوام وەهایە کە ڕابەری ڕاستەقینە ئەمەیە. سەرنجی فەرمایشتی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بدەن، بۆ چیی لەلایەن ئەوانەوە کە ئەیدواندن وەرئەگیرا و کاریگەریی هەبوو؟ چونکە بەو شێوە لەگەلّ چەرخەکەیدا موعامەلەی کرد کە ئەوان لە نێوان خۆیاندا دەیان کرد. بێگومان هەموو ئەو فەرمانانەی کە لە پەروەردگاری مەزنەوە هاتوون هیچیان پێچەوانەی ڕووداوەکانی بوونەوەران نین و، مرۆڤیش ئەوەندەی بەسە کە دەرك بە حیکمەت و ڕۆحی بوون بکات، ئیتر بەو پێیە ئەوەی کە دەیەوێ بیگاتێ ڕێك وپێکی دەکات.

کارەکەش بەلای هاوەڵە بەڕێزەکانەوە ڕەزامەندیی خوا لەسەر هەموویان بێت هەر وا بووە. کاتێك کە تەبلیغیان دەکرد و بانگەوازیان ئەگەیاند بارودۆخی واقیعی خۆیان و، ئاستی ئەوانەش کە دەیان دواندن بەرچاو ئەگرت. ئەمەش لە پێغەمبەری بەڕێزەوە (صلی الله علیه وسلم) فێرببوون. لەبەر ئەوە بۆ ئاستیکی بڵندی هێزی کار تێکردن بەرز بوونەوە، بەڕادەیەك کە لە کورتترین ماوەدا هەموو دنیا لەبەر دەمیاندا بە چۆکدا هات. هەروەها هەموو ئەو گەورە پیاوانەش کە بە دوایاندا هاتن، لەوانەی کە میراتگری ڕاستەقینەی پێغەمبەری بەڕێز (صلی الله علیه وسلم) بوون، ئەوانیش هەر وایان کرد و، لە تەبلیغدا هەمان شێوازیان گرتە بەر، ئەگەرچیی مەسلەکیان جیاواز بوو. ئەوان دەرکیان بە ئاستی چەرخەکەیان کرد، بۆیە تا ئەمڕۆی ئێمەش کاریگەرییان بەردەوام بوو، وەك ئیمام غەزالیی و ئیمام ڕەببانیی و مەولانا جەلالەددینی ڕۆمیی و هاووێنەیان لە بانگەوازکارە دامەزراوەکان .

بەڵام کاتێك کە کارەکە کەوتە دەست ئێمە. بەداخەوە. بە وێنەی میراتگری بێکەڵکی ئەو پیاوچاکانە، پشتمان کردە زانست. ئەوەبوو هەرچیی ڕەوشت و پایەیەك کە موسڵمان بکاتە موسڵمانی ڕاستەقینە ئێمە تێکماندا. کەواتە ئێمە بووینەتە قوربانیی نەزانیی خۆمان.

٣

پەیوەندیی قورئان بە دڵەوە

تەبلیغکار پێویستە دڵی و ویژدانی بە پێی قورئان ڕێك بخاو، بیکاتە هاوئاواز لەگەڵیدا. قورئانی پیرۆزیش بەم ئایەتە پیرۆزە ئەمە دەرئەبڕێ:

﴿ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَذِكْرَىٰ لِمَن كَانَ لَهُۥ قَلْبٌ أَوْ أَلْقَى ٱلسَّمْعَ وَهُوَ شَهِيدٌ ﴾ (ق: ٣٧)

بەڵێ قورئانی پیرۆز کتێبی ئامۆژگاریی و ئیرشاد و ذیکرو یادخستنەوەیە، بەڵام مەرجی بنەڕەتیی بۆ کرانەوەی قورئان بەرەو ئەم لایەنە، بریتییە لە کرانەوەی دڵەکان بەرە و ئەو. لەبەر ئەوە لەسەر قورئان خوێن پێویستە جوان چاو ببڕێتە قورئان وگوێی بۆ بگرێ. واتە بە هەمووکیانیەوە ڕوو لە قورئان بنێ. چونکە مەحاڵە بە شوێن کەوتنی ڕێیەکی تر وەك پێویست کەڵك لە قورئان وەربگیرێت. لەبەر ئەوەی کە هەر کەسێ هەڵسوکەوتی خۆی بە پێی ئەم شێوازە ڕێکوپێك نەکات ناتوانێ لایەنە پڕ ئیعجازە نوورانییەکەی قورئان ببینێ. ئیتر ناتوانێ فەرمایشتی خوا لە وتەی مرۆڤێك جیا بکاتەوە. هەرکەسیش دابەزیبە ئەو ئاستە نزمە هیوای ئەوەی لێ ناکرێ کە بە ناوی قورئانەوە کارێك ئەنجام بدات، چونکە قورئان دوای ئایەتی ﴿ ذَٰلِكَ ٱلْكِتَٰبُ لَا رَيْبَ فِيهِ ﴾ (البقرة:٢) دەفەرموێ:

﴿هُدًى لِّلْمُتَّقِينَ﴾. واتە ئەم قورئانە فەرمایشتی پەروەردگاری جیهانیانە و هیچ گومانێکی تێدا نیە. ئەوەندە هەیە تەنها خاوەن تەقواکان وەك پێویست کەڵکی لێ وەردەگرن. خاوەن تەقواکانیش لە هەموو خەڵکیی زیاتر شارەزای شەریعەتی فیطریین. جا هەروەك مرۆڤی فەرامۆش کار نابێتە خاوەنی تەقوا، هەروەها کەڵك لە قورئانیش وەر ناگرێ، چونکە دڵەکەی مردووە. ئەم ئایەتە پیرۆزەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە:

﴿يَنظُرُونَ إِلَيْكَ نَظَرَ ٱلْمَغْشِيِّ عَلَيْهِ مِنَ ٱلْمَوْتِ ۖ فَأَوْلَىٰ لَهُمْ﴾ (محمد: ٢٠)

داخۆ کەسێك بە وێنەی ئەو کەسەی بە سەرنج دانی مەرگ بوورابێتەوە سەیری پێغەمبەری خوا بکات، چیی لە قورئان و فەرمایشتی پێغەمبەری بەڕێز (صلى الله عليه وسلم) تێ بگات؟ بە قەطعیی هیچ. بەڵام ئەو کەسەی کە ڕووی دڵی دەکاتە قورئان، بە وێنەی لێدانی دڵی هەست بەو ڕووداوانە دەکات کە لە بوونەوەراندا ڕوو دەدەن. بۆچی؟ چونکە یەکگرتنێکی لە نێوان خۆی و بوونەوەراندا دۆزیوەتەوە. جا ئەوانەی کە توانایان نیە شتێ لە ڕووداوەکان تێ بگەن، وەها باس ناکرێن کە کارێکی زۆر بۆ ئیرشاد ئەنجام بدەن، چونکە ئەم کارە پەیوەندیی بە چۆنیەتیی سەرنج دانی گشت قورئانەوە هەیە.

ئەگەر لە گۆشەیەکی تریشەوە لە هەمان مەسەلە نزیك ببینەوە، ئەوا دەڵێین: یەکەم مەرجێك کە هەرگیز تەبلیغکار نەتوانێ وازی لێ بهێنێ بریتییە لە جێ بە جێ کردنی ئایەتە گەردوونییە دیارەکان لە (آفاق) و (أنفس) دا لەگەڵ ئایەتە قورئانییە خوێنراوەکان و، پاشانیش دارشتنی ئاوێتەیەك لە هەردووکیان. ئیتر بە ئەندازەی سەرکەوتنی لەم بوارەدا، لە تەبلیغ و ئیرشادەکەیشیدا سەرکەوتوو دەبێت و، بە

پێچەوانەیشەوە تەنها ماندووکردنی خستۆتە بەر خۆیشی و ئەوانەش، کە دەیان دوێنیٚ..

بەڵیٚ، تەبلیغکار بە هەموو کیانێکیەوە بە سیفەتە ئیسلامییەکان ڕازاوەتەوەو، هەموو هەڵسوکەوت و بارێکیشی بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە هەڵگری ئەو سیفەتانەیە و، توانای شیکردنەوەی ئایەتە ئافاقیی و دەرونیەکان و، دارشتنی ئاوێتەیەکیش لە هەردووکیان لە تەبلیغکار جویٚ نابنەوە، سەرەرای ئەوەیش، کە هەڵگری سیفەتی نەرم و نیانیی و داوێن پاکیی و شەفەقەت و ڕێك و پێکی و هاوڕێنەیانە لەو سیفەتانەی کە ئیماندار دەکەنە ئیماندارێکی ڕاستەقینە.

بە دارشتنێکی تریش: هەروەك هەموو سیفەتێکی بیٚ باوەڕ، بیٚ باوەڕ نییە، هەموو سیفەتێکی ئیمانداریش ئیماندار نیە. لەوانەشە چەندین سیفاتی ئیمانیی لە دووتوێی سەرکەوتنی ئەم سەردەمەی ئێستای کافراندا، لە لایەنی زۆرەوە، لە هەموو دنیادا، خۆیان حەشار دابیٚ و، پیس بوونی ئێمەش بە سیفەتە کافرەکانی ئەوان هۆی تێکشکانمان بێت. لەسەر ئیمانداریش پێویستە، بە تایبەت ئەو تەبلیغکارانەی کە ئەوان لە پێش ئیماندارانەوە بە گشتیی، بگرە چەند هەنگاوێك پێشیان کەوتوون، خۆیان بە هەموو سیفەتێکی ئیماندار برازێننەوە و بە توندیی دەستیان پێوە بگرن. بۆ نموونە: ئیماندار مرۆڤی نەرم و نیانی. مرۆڤی داوێن پاکی. نموونەی شەفەقەت و سۆز و بەزەییە. بەم سیفەتانەشەوە (بوونەوەران) بە لانکەی سۆز و بەزەیی و، مەنزڵگای برایەتیی دەبینیٚ. ژیانیشی هەر هەمووی ڕێك و پێکە و، هەموو ساتێکی نوورانییە و، لە کاتیشدا زیادەڕۆیی ناکات و، لە قاوەخانەکانیشدا کات بەسەر نابات، چونکە لە ژیانی پاك و بێگەردا شتێك لەو شێوەیە نەهاتووە، بگرە، کە لە ماڵ دەرچوو ماڵ و مەنزڵی ئەو، مزگەوت

و پەرستگا و شوێنی تەبلیغکردنی بانگەوازەکەیەتی بە موحتاجان. ئەو ئیمانداره بە زانست بار کراوە و، بە چاکە و عیرفانیش بارگاویی بووە و، لە هەموو کەسیش زیاتر لە کاری کوێرانەوە بەدووره. چونکە بەردەوام ئەو پیاوی بەرنامە و نەخشەیە و، ئاگاداری پەیوەندیی نێوان هۆ و هۆکاریشە و، بە تەواوییش دەچێتە ناو ڕۆحی شتەکانەوە.

بەڵێ، هەروەك لە سەرەوە باسمان کرد، هۆی سەرکەوتنی ئەم سەردەمەی خۆرئاوا بریتییە لەو سیفەتانەی کە لە موسڵمانانەوە وەریان گرتن، بۆیە سەرنجیان دەدەیت لە لووتکە بەرزەکاندا خۆیان دەنوێنن. کەچی جیهانی ئیسلامی بووەتە حەماڵی هەڵگرتنی سیفەتە سووکەکانیان. کاتێك، کە موسڵمان دێت بۆ مزگەوت، سیفەتی ئەوان وەك پاڵتۆ دەخاتە سەر شانی، کەچی کافرەکە بەو سیفاتانەوە دەچێت بۆ کەنیسە کە تایبەتمەندی موسڵمانانن. بەومانایەی سەرکەوتووی ئەمڕۆ خۆرئاوا خۆیان نین، بەڵکو ئەو سیفەتە ئیسلامییانەن کە وان پێیانەوە. هەروەها ژێرکەوتووش موسڵمانان نین، بەڵکو ئەو سیفەتە کافرانەن، کە وەریان گرتوون. کەواتە ڕزگاربوونمان بە ڕاستی تەنها بە پەنابردنمان دەبێت بۆ قورئانی پیرۆز.

بەکارهێنانی هۆ و ڕێگای شەرعیی

بانگەوازکار، کاتێك کە خەڵك بانگ دەکات و تەبلیغیان دەکات بە وردیی بە دوای هۆ و ڕێگا شەرعییەکاندا دەگەڕێ، چونکە بە هۆ و ڕێگای شەرعیی ڕێی ئامانجی شەرعی ئەگیرێتە بەر، بگرە بە هیچ شێوەیەك بە هۆ و ڕێگای ناشەرعیی توانای گەیشتن بە ئامانجی شەرعیی نابێت. جا لەبەر ئەوەی کە ئامانجی ئێمە بریتییە لە حەق و، ئێمە دوژمنی ناحەقین، ئەوا بۆ گەیشتن بەم ئامانجە حەقە، بۆمان نیە ئەو ناحەقییە بەکار بهێنین کە دوژمنمانە. خۆ ئەگەر بە پێچەوانەوە بجووڵێینەوە ئەوا خۆمان خستۆتە درۆوە و، هەر کارێکیش ئەنجامانداوە هەر هەموویمان هەڵوەشاندۆتەوە. لە ڕاستییشدا هیچ بانگەوازێك لەسەر درۆ بەرپا نابێت، گەر بەرپاش ببێ بە قەطعیی بەردەوام نابێت. خوای پاك و بێگەردیش فەڕ و بەرەکەت لەو کارانەدا هەڵدەگرێت ئەگەر ئەوانەی بۆ ئیسلام کار دەکەن ئەم هۆیانەیان تێدا بەکار بهێنن. ئەوان دەتوانن هەزاران کەس لە شەقام و مەیدانەکاندا کۆبکەنەوە تا وتار بدەن و هاوار بکەن، بەڵام بەرەکەتی ئەم هەموو خەڵکە ناگاتە بەرەکەتی سێ بانگەوازکاری ڕاستگۆ بە وتە و بە کردەوە، کە لە خانوویەکی هەژارانەدا خەریکی ڕێنماییکردنی چەند کەسێك بن بۆ لای خوا. یەکێ لەم چەند کەسە هاوتای هەزارە و، لە هەمان کات دا هەزار لە کەسانی تر هاوسەنگی یەکێك نابن.

دڵەکان لە دەستی خوای بەدەسەڵات دان و، وەرگرتنی ئەو قسانەشمان، کە ئێستە یان لە ئایندەدا بۆ کەسی بەرانبەرمانیان دەکەین، واتە ئامادەکردنی هۆیەکانی هیدایەت بە قسەکردنمان بۆی، هەر هەمووی بە دەستی خوای پاك و باڵادەستە. لەبەر ئەوەش، کە ئامانجی ئێمە بریتییە لەوەی خەڵك بخەینە سەر ڕێگای حەق، ئەوا وتەی درۆ، یان نیمچە درۆ وەك زیادەڕەویی، بە کەڵکی ئێمە نایەت، بگرە زیان بە جێ بەجێکردنی ئامانجەکەمان دەگەیەنێت. ئێمە ئەوەندەمان لەسەرە و، ئەو فەرمانەمان بەسەردا دراوە کە بە پێی ئەو نەخشەیەی ئیسلام بۆمانی کێشاوە فەرمانبەریی خۆمان ئەنجام بدەین. ئیتر بە هیچ شێوەیەك مافی ئەوەمان نیە بە ناوی کارکردنەوە بۆ ئیسلام بەرەو گۆڕەپانی ناشەرعیی بخلیسکێین، بە تایبەتیی لەم ڕۆژانەماندا، کە لە یەك دوکان دا درۆ لە تەنیشت ڕاستییدا بە یەکەوە ئەفرۆشرێن. کەواتە ئێمە ناچارین ڕاستگۆ بین و هەڵسوکەوتمان ڕاستی بێ و، بە پاکییش هەڵگری ڕاستگۆیی بین.

٥

کرێ و داواکردنی

تەبلیغکار لە بریی ئەو فەرمانبەرییە پیرۆزەی، کە ئەنجامی دەدات چاوەڕوانی پاداشت و سوپاس کردن لە هیچ کەس ناکات، ئیتر سا ئەو پاداشتە مادیی بێ یان مەعنەویی و ڕۆحیی، چونکە داواکردنی پاداشت ڕوونیی ئیخلاص و ڕاستگۆیی لەناو دەبات. هەرکاتێکیش ڕاستگۆیی و ئیخلاص لێڵ بوون، ئەوا هێزی کارتێکردن لە ناو ئەچێ. بگرە هەتا تەبلیغکار لەسەر ئەو چێژە مەعنەوییە و، ئەو لەززەتە ڕۆحییەی کە لە تەبلیغکردنەکەیەوە دەستی دەکەون، لە ترسی ئەوەی ڕوونیی ئیخلاص لێڵ بکەن، تووشی دڵەڕاوکێ دەبێت، چ جای وەرگرتنی کرێی ماددیی، کە تەبلیغکردنەکە زامدار دەکات. خۆ ئەگەر بەرژەوەندیی ماددیی تێکەڵ بە تەبلیغکردن ببێ ئەوا ئیخلاص بە یەکجاریی هەڵئەگیرێت. ئیتر ئەو کارە هەرگیز پێی ناوترێت تەبلیغ. ڕوونترین بەڵگەش لە سەر ئەمەی، کە باسمان کرد ئەمەیە، کە قورئانی پیرۆز لەسەر زمانی هەموو پێغەمبەران سەلامیان لێبێ دەیگێڕێتەوە:

﴿ وَمَآ أَسۡـَٔلُكُمۡ عَلَيۡهِ مِنۡ أَجۡرٍۖ إِنۡ أَجۡرِيَ إِلَّا عَلَىٰ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴾(الشعراء:١٠٩).

لە ڕاستییشدا، لەژێر ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەراندا دەگونجێ ناڵینێك هەست پێ بکەین بەم شێوەیە:

((من لەپێناوی ئێوەدا بە ئێش و دڵەڕاوکێوە ئەتلێمەوە، ئێوەش بە

سووکیی سەیرم دەکەن و، شێتییشم بەسەردا ئەبڕن و، هەوڵیش دەدەن لە خەڵکەکەم دوور بخەنەوە و، ئەتانەوێ بەردبارانیشم بکەن. من هەوڵ ئەدەم ماڵ بە ماڵ تەبلیغی حەق بکەم، کەچی ئێوە هەموو دەرگایەك لەڕوومدا دائەخەن و، هەوڵ دەدەن بە هەموو ڕێگایەك دەست بخەنە قوڕگم و، تووشی ئازاریشم بکەن. منیش نە لە دنیادا و نە لە قیامەتدا داوای هیچ شتێکتان لێ ناکەم. پاداشتی من لەسەر ئەو کەسەیە کە ڕەوانەی کردووم و ئەم فەرمانبەرییەی پێ سپاردووم)).

ئا ئەمە دەنگ و هەناسەی هەر هەموو پێغەمبەرانە، هەر لە ئادەمەوە سەلامی لێبێ هەتا سەردارمان پێغەمبەری بەڕێز (صلى الله عليه وسلم) و، ئەوەش ڕۆحی ئەنجامدانی ئەرکەکانیانە.

کاتێك کە حەوارییەکانی مەسیحی سەردارمان سەلامی لێبێ هاتن بۆ ئەنطاکیە - ئەگەر ئەو شارە ئەنطاکیە بووبێ -، پیاوانی دەوڵەت ویستیان بە پەلە بەندیان بکەن . کارەکە جێ بەجێ کرا و خرانە بەندیخانەوە . هەر کە حەبیبی نەججار، کە لای هەمووان جێی متمانە بوو، ئەم هەواڵەی بیست، بەپەلە ڕایکرد بۆ لای لێپرسراوان و پێی وتن :

﴿ ٱتَّبِعُواْ مَن لَّا يَسْـَٔلُكُمْ أَجْرًا وَهُم مُّهْتَدُونَ ﴾ (يس: ٢١).

کە قورئانی پیرۆز ئەم ڕووداوە باس دەکات، سەرنج بۆ لای دوو مەرجی بنەڕەتیی، یان بە شیاوتر تەبلیغکار بۆ دوو فەرمانبەریی بنەڕەتیی ڕادەکێشێت:

یەکەمیان : تەبلیغکار خۆی هیدایەت دراو بێت.

دووهەمیشیان : بەرانبەر بەو تەبلیغکردنەی داوای هیچ شتێك نەکات..

بەڵێ، کەسێك نوێژ بەجێ نەهێنێت نابێتە تەبلیغکار یان ئیرشادکار.

ئەوەش خواپەرستییەکەی بە ڕێك وپێکی و دوور لە کەم وکوڕیی و ناتەواویی ئەنجام نەدات وتەی نابیسترێ و، کاریش ناکاتە سەر بەرانبەرەکەی. کەسێك لە ڕیبا و بەرتیل و کاسپیی حەڕام سکی پڕ کردبێ، چۆن دەبێتە ڕێنماییکار؟ ئەوانەی کە لە ژیانی زیادەڕۆیی و خۆش ڕابواردندا نوقووم بوون، لە کاتێکدا کە خۆیان بۆ قیامەتیان پێویستییان بە ئیرشاد هەیە، چۆن دەبنە تەبلیغکار و ئیرشادکار؟

بەڵێ، ئەوانەی، کە ژیانی خۆیان دانەبەزاندۆتە ئاستی بەشی هەرە زۆری ئەو خەڵکە، ئەوانە لەسەر ڕێبازی پێغەمبەری مەزن (صلی الله علیه وسلم) و، هاوەڵە بەڕێزەکانی نین. بگرە ڕەفتار و گوفتاریان درۆ لەسەر درۆیە. بە درۆیش کەس بۆ سەر ڕاستیی هیدایەت نەدراوە. کەسێکیش بۆسەر ڕاستیی هیدایەت نەدرابێت، هەرگیز نابێتە مایەی هیدایەت بۆ کەسێکی تر.

تەبلیغکار وەك تابلۆی ئاڕاستەکردنێکی دامەزراو، هەمیشە خەریکی فێرکردنی ڕاستیی و ڕاستگۆییە. بەمە هەرکەس سەرنجی ژیان و گوزەرانی بدات، بە ئاسانیی ڕاست گۆیی دەبینێت و، بە ناوچاویشیەوە بەدیی دەکات. جا وا چاکترە بڵێین: پێویستە ببینێ و بەدیی بکات.

قورئانی پیرۆزیش سەرچاوەی هیدایەتە بۆ لە خواترسان. جا کەسێك ژیانی خۆی بە تەواوەتیی نەخستبێتە چوارچێوەی ئەوەوە کە قورئانی پیرۆز ڕوونی کردۆتەوە، دەبێ لەو سەرچاوەی هیدایەتە چۆن کەڵك وەرگرێت؟ چونکە هیدایەتی ڕاستەقینە ئەو ڕێگا ڕاستەیە کە لە قورئانی پیرۆزدا وەسف کراوە. هەر کەسیش ژیانی لار و وێر بێ دەستی بە هیدایەت ناگات. بە پێچەوانەشەوە ئەگەر ئەوان لەسەر ڕێگەی هیدایەتی خەڵکییدا چاوساغ بن.

کەواتە ئیرشادکار و تەبلیغکارەکان کاتێ، کە ئەو فەرمانبەریی

ئیرشادە ئەنجام دەدەن کە پێغەمبەران (سەلامیان لێبێ) خستوویانەتە ئەستۆی خۆیان، ئەوە ڕێبازی پێغەمبەران دەگرنەبەر. بە تایبەتیی ئەو کەسەی کە لەم کاتەدا لە کاری تەبلیغ دەچێتە پێش، لەسەری پێویستە - زیاتر لە خەڵکی - بە دڵێکی وریا و هۆشیارەوە گوێ بۆ ئەو ئیرشادکارە کامڵە بگرێت، کە خوا عەقڵی وەك دڵی و، دڵیشی وەك عەقڵی ڕۆشنکردۆتەوە، کە دەڵێت: ((ئەهلی گومڕایی بەوە زانایان تاوانبار دەکەن کە گوایە زانست دەکەنە دەست کەوت. بەمە بە ستەم و دوژمنایەتیی هێرش دەکەنە سەریان، کە دەڵێن: (ئەمانە زانست و دین دەکەنە هۆیەك بۆ دەست خستنی ژیان و گوزەرانیان). جا پێویستە ئەوانە بە کردار بە درۆ بخرێنەوە))[1].

بەڵێ، پێویستە بە کردار ئەهلی دنیا بە درۆ بخرێنەوە، ئەگینا لەمەولا قسەیە و هیچی بەسەر هیچەوە نییە. لە هەموو زەمانێکیشدا، لەسەر زەوییدا، کۆمەڵێك کە خۆیان فرۆشتووە بەخوا خزمەت کردنی ئیسلام دەگرنە ئەستۆ. جا ئەوانەی کە لەپێناوی بەختیاریی مرۆڤایەتییدا خۆیان دەکەنە قوربانیی، مرۆڤایەتیی فێر دەکەن کە تەبلیغکاری ڕاستگۆ چۆن دەبێت. ئەم کۆمەڵە ڕاستگۆیە لەگەڵ خوادا بۆ ڕەزامەندیی خوا بە شێوەیەك کار دەکەن، کە خەریکە میراتی هەر یەکەیان بەشی کفنەکەی بکات، هەندێ جاریش بەشی ناکات. من بەو پیاوچاکانە دڵی خۆم خۆش دەکەم. ئەوانە هەڵگرانێکی مەزنی بانگەوازێکی مەزنن.

ئەم ئوممەتە چاوی بە زۆرێك کەوت و، گوێی لە زۆرێکیش گرت لەوانەی، کە لە باسی ژیانی ئیسلامییدا دەمیان پان دەکردەوە، بەڵام هەتا زیاتر دەیان بینن و زیاتریش گوێیان لێ دەگرتن زیاتر دڵیان

---

(١) بدیع الزمان سعید النورسی، المکتوبات: ١٦ .

سارد دەبوویەوە. لەوانەیە ئەم ئوممەتە بەرگەی خەڵەتاندنی لەوە زیاتر نەگرێت. ئێستا ئەو سەیری ژیانی ئیسلامیی ڕاستەقینە دەکات نەك قسە. بۆیە هەر کەسێ بە قسەکانی ژیانێکی ئیسلامیی ڕاستەقینە بداتە سەر ئەو دەیگرێتە باوەش، بگرە خۆی دەکاتە قوربانیی لە پێناویدا، بەڵام هەر کەسێ کار بەوە نەکات کە دەیزانێت نەگوێی لێ ئەگیرێت و نە بایەخیشی پێ دەدرێت.

بۆ ئەوەی مەسەلەکە زیاتر ڕوون بکەمەوە دەڵێم:

ئەوانەی لە تەوقی سەریانەوە هەتا پەنجەی پێیان بە وێنەی ژیانی ئێوە ((ژیانی هەرە زۆری خەڵك)) ناژین، متمانەیان پێ نەکەن و، پشتیشیان پێ نەبەستن، چونکە پشت بەستن و متمانەکردن بە هەموو فێڵباز و دەست بڕێك دوورە لە فەراسەتی ئیمانداراەوە. ئەگەر ویستیشتان پاڵ بە کەسێکەوە بدەن، پێش هەموو شتێك سەیری ژیانی ڕۆژانەی بکەن. جا ئەگەر ژیانێکی بە تەوازوع و سەربەخۆ بوو و، کردەوەکانی وتەکانی بە درۆ نەدەخستنەوە، ئەوا شوێنی بکەون و پاڵی پێوە بدەن. وا پێ دەزانم، کە ئەوە کارێکی فیطرییە، چونکە پاڵ پێوەدان و شوێن کەوتن بەبێ تاقییکردنەوە شتێکی ڕاست نیە و، مێژوویش لە وێنەی ئەوانە زۆری خستوونەتە ڕوو. لەبەر ئەمە شوێن کەوتنی کەسێك پێویستە، کە حاڵ و ڕەفتاری ((موحەممەدی)) بن، نەك قسەی زۆر. ئەوانەش، کە خەڵەتاندن بە سەلیقە و پیشە دەزانن، ئەوانە جگە لە زیان هیچیان بۆ کاری ئیسلامیی نییە. ئەوانە لە بواری ڕۆح دا لێمانەوە دوورن و، ئێمەش هەر دوور دەبین لێیان.

پاشان هەر کەس پاڵی بە لایەکەوە دا و، چووە ژێر باری منەتیانەوە، ناتوانێت وەلیی نیعمەتەکانی لە هیچ شتێك تێبگەیەنێ. بۆیە (ئەبوحەنیفە) و، (کوڕی سەعد) و،(ئیمام ثەوریی) و، (فوضەیلی

کوڕی عەیاض) و، (ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەم) و، هاووێنەیان لە پاڵەوانان لەو بارەوە زۆر بە وریایی مامەڵەیان دەکرد، واتە نەئەچوونە ژێر منەتی هیچ کەسەوە. لەبەر ئەوە کردار و ڕەفتاریان لە چەرخەکان تێپەریان کرد، هەتا گەیشتنە ئەم چەرخەمان، بوونە هاوچەرخمان. ئای، کە ئەو چەرخە چەندە زێڕین بوو وا چەرخەکانی دوای خۆی ڕووناك کردنەوە و، بە یەکجار ئەو خەڵکە یەکجار زۆرەی لە باوەش گرتن!

بۆ نموونە: ((سوفیانی ثەوریی ڕەحمەتی خوای لێبێ زۆر خەمبار و دڵتەنگ دەبینرا، کە هۆی ئەم خەفەتەیان لە خۆی پرسیی، ئەم وەڵامەی دایەوە: ئەم هەموو خەڵکە لەبەر دەمی خۆمدا دادەنێم و حەدیث و فیقهو یان تەفسیریان فێر دەکەم، کەچی دەبینم ئەو خەڵکە زۆربەی دەبێتە قازیی، یان کاربەدەستی دەوڵەت. ئەم دیاردەیە زۆر خەمبارم دەکات. زۆر دەترسم سبەی ڕۆژ لە مەیدانی حەشردا منیش بەرپرسیاری حیسابی ئەو کارانەی ئەوان بم))[1].

هەمووشتان لە نامەکەی سوفیانی ثەوریی بۆ خەلیفە هارڕوونە ڕەشید ئاگادارن، ئەوە نموونەیەکە بۆ چۆنیەتیی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ کاربەدەستان! کاتێك کە هارڕوونە ڕەشید بووە خەلیفە چاوەڕوان بوو دۆستی ڕاستەقینەی دێرینی، سوفیانی ثەوریی بێت بۆ بەیعەت پێدانی. بێگومان ئەمەش مافی خۆی بوو. کەچی سوفیانی ثەوریی بە هیچ شێوەیەك وەك ئەو بیری نەکردەوە. تا ئەوە بوو هارڕوونە ڕەشید خۆی پێ نەگیرا و نامەیەکی بۆ نووسیی و، تێیدا گلەیییەکی ناسکی لێکرد، کە نووسیی بووی: (ئەوەش بزانە، ئەی ئەبوعەبدوڵڵا!

(١) الغزالي، إحياء علوم الدين : ١ / ٤٨ .

کە لە برایانم و برایانت کەسێکیان نەماوە، هەر هەموویان سەریان لێ داوم و پیرۆزبایی خەلافەتیان لێکردووم. منیش دەرگای (بیت المال)م خستۆتە سەر پشت بۆیان و، ئەوەندەی، کە دڵم پێی شادمان ببێ و چاوم پێی ڕۆشن بێتەوە، خەڵاتی بەهادارم پێشکەشیان کردووە، کەچی تۆ نەهاتووی بۆ لام. منیش لە تاسەمەندییەکی زۆردام بۆت وا نامەیەکم بۆ ناردی. خۆ ئەی ئەبوعەبدوڵڵا! خۆیشت دەربارەی فەزڵی ئیماندار و سەردانی و سیلەی ڕەحم بەجێهێنان لەگەڵیا، چاك شارەزای...). کە سوفیان نامەکەی بینیی لەرزی لێهات و لێی دوور کەوتەوە. دەستی بە گیرفانیدا کرد و پێچای بە عەباکەیەوە و نامەکەی هەڵگرت و، بە دەستی ئەم دیو و ئەو دیوی پێ کرد، پاشان هەڵیدا بۆ ئەو کەسەی کە لە دوایەوە بوو و وتی: ((یەکێکتان با نامەکە بگرێ و بیخوێنێتەوە، چونکە من داوای چاوپۆشیی لە خوا دەکەم دەست لە شتێ بدەم، کە ستەم کار دەستی لێ دابێت)).. یەکێکیان نامەکەی وەرگرت و هەڵیپچڕیی و خوێندیەوە. وەك کەسێك سەری سوڕ بمێنێت سوفیان زەردەخەنەیەکی کرد و، کە لە خوێندنەوە بوویەوە، سوفیان وتی: ((هەڵی بگێڕنەوە و لەسەر پشتی نامەکەی وەڵامی ستەم کار بدەنەوە)). پێی وترا: ئەی ئەبوعەبدوڵڵا! ئەو خەلیفەیە، خۆزگە لە کاغەزێکی پاکدا وەڵامت بدایەتەوە، وتی: ((لەسەر پشتی نامەکەی وەڵامی ستەمکار بدەرەوە، جا ئەگەر بە حەڵاڵیی ئەو کاغەزەی پەیداکردووە ئەوا لەسەری پاداشت ئەدرێتەوە و، گەر بە حەرامییش پەیدای کردووە، ئەوا سزای لەسەر وەردەگرێت و، شتێکیش ستەمکار دەستی لێ دابێت لای ئێمە نامێنێتەوە، تا دینەکەمان لێ تێك بدات)).

پێی وترا چی بنووسین؟ وتی: بنوسن:

((بسم الله الرحمن الرحيم. لە بەندەی گوناهکار سوفیانی کوڕی

سەعیدی کوڕی مونذیری ثەورییەوە بۆ بەندەی مەغروور بە هیوا و ئاواتەکان هارِوونە ڕەشید، کە شیرینیی ئیمانی لێ سەندراوەتەوە.
أما بعد:
بە ئیقرارکردنت لە نامەکەت دا لەسەر خۆت منت کرد بە شاهێد کە چۆن هێرشت کردۆتە سەر (بیت المال)ی موسڵمانان و، لە شوێنی ناهەق و لە غەیری حوکمی شەرعدا سامانی موسڵمانانت خەرج کردووە. جا ئەی هارِوون خۆت توند و تۆڵ بکە و وەڵامێك بۆ ئەم مەسەلەیە ئامادە بکە و، ئەوەش بزانە کە لە بەردەستی خواوەندی (الحكم العدل)دا دەوەستیت ...)). پاشماوەی ڕووداوەکە یەکێک لە شاهیدان لە کۆشکی ڕەشیددا باسی دەکات و دەڵێت:
((..هارِوونە ڕەشید دەستی بە خوێندنەوەی نامەکە کرد و فرمێسکەکانیشی لە هەردوو چاویەوە بە خوڕ ئەهاتنە خوارەوە . لە دوای هەموو نوێژێك ئەم نامەیەی ئەهێنا و ئەیخوێندەوە و پاشان دەیوت: لە ڕاستییدا دۆستێکی وەکو تۆ لەم ڕۆژانەدا دەبوایە لەلای دەستم بوایە، ئەو کات منیش لە لادان و پێخلیسکان ڕزگارم ئەبوو))[1].
ئەمە چ هێزێك بوو حەشارگەی ئەم ئازایەتییە و سەرچاوەی ئەم چاونەترسییە لە کوێیە، تا بوێرێت بەو شێوازە خەلیفە بدوێنێ؟ ئەم هێزە بریتییە لە ملکەچ نەکردنی بۆ ڕابواردنی دنیا و، دەست هەڵگرتن لە دنیا و لە هەموو شتێ بێجگە لە خوا. خۆ ئەگەر وەك هاوڕێنەکانی بە دنیاوە پەیوەست بوایە نەیدەتوانی بەو شێوازە خەلیفە بدوێنێ. لەگەڵ ئەوەشدا، کە ئەو خەلیفەیە ڕۆژانە پێنج فەرزەی نوێژی بەجێ هێناوە و، چەندین جار حەج و عومرەی بە جێ هێناوە، زۆرێکیش نوێژ و ڕۆژووی سوننەتی هەبووە، سەرەڕای دڵ نەرمیی و دڵ

(١) الغزالي، إحياء علوم الدين : ٢ / ٥٠٧، ٥٠٩ .

ناسکییەکەی. بەڵام ئەوەندە هەیە، کە هاڕوون هەندێ کردەوەی بوون کە پێیان تاوانبار دەبێ و، یەکێ لە دۆستە دێرینەکانی بەم شێوازە دایدەچڵەکێنێت.
لێرەدا کەمێك دەوەستم تا وەسیەتی پێش و دواوەم پێشکەش بە بەرەکانی داهاتوو بکەم، ئەوانەی، کە ڕزگاریی مرۆڤایەتییان لێ چاوەڕوان دەکرێت: ((کونوا أعزاء کرماء، نەهێڵن مەڵبەندە دیارەکانی هێز دەستیان بەسەرتاندا بڕوات. هەتا ئەگەر لەپێناوی بانگەوازەکەشتان داهاتوچۆتان کردن، ئەوا هەمیشە بۆیان دەربخەن، کە موحتاجی هیچ شتێك نین. لە کاتی بڵاوکردنەوەی حەق و حەقیقەتیشدا نەکەن بچنە ناو مەرجی کەسانی ترەوە. ئەو بنچینە و بناغانەی کە خوای پاك و بێگەرد دایناون یەکجار گرنگن. ئێوە تەنها ئەوەندەتان لەسەرە بەندایەتیی خۆتان بۆ خوا بنوێنن. ئەو کاتە قسەکانتان کاریگەرییان دەبێت و، تەبلیغەکەشتان لە ویژدانی کەسانی تردا وەردەگیرێت)). خوای پاك و بێگەردیش خۆی بووەتە کەفیلی ئەوە، کە هێزی کاریگەریی بە قسەکانتان ببەخشێ ئەگەر چاوەڕوانیی هیچ شتێك لە کەسانی ترەوە نەکەن و، لەلایەن خوای پاك و بێگەردیشەوە وەریدەگرن.
ئەمە چۆن؟ بەم شێوەیە: بە کاریگەریی قسەکانتان لە دنیادا و، شەرەف مەندبوونتان بە جوانیی خوا و بەهەشت لە قیامەتدا. خۆ ئەگەر بەم شێوەیە کار نەکەن و شتێکتان لە خەڵك ویست، ئەوا یەکەمجار کاریگەریی قسەکانتان نامێنێت و، لە نیعمەتە یەکجار گەورەکانیش بێبەش دەبن.
پلەوپایەکانی دنیا فانیی و لەناوچوون. شایانی ئەوە نین دڵیان پێوە ببەسترێت، یان پێیان مەغروور ببێ . بەڵام لەم سەردەمەدا، لە حاڵەتی ناچارییدا، ڕێگەپێدرایە لە فەرمانبەرییەکانی دەوڵەتدا کار بکرێت.

لەم ڕۆژانەشماندا ئەگەر فەرمانبەرێك و خێزانەكەی بە مووچەكەی دەژیان، ئەوا وەرەع وەهایە، كە هیچ میراتێك بەجێ نەهێڵێت، چونكە -بە شێوەیەكی گشتیی- زۆرێك لە قەدەغەكراوەكان تێكەڵ بە مووچەكان بوون. ئەمەش وتەیەكی تایبەتییە و لەم بارودۆخەدا، كە تێیدا دەژین وتراوە. هیوادارم ئەم بارودۆخانە بە گشتیی بگۆڕدرێن و، هەر یەكە ڕێی شەرعیی بۆ كاسپیی كردن بدۆزێتەوە ..

ئێمە لە پێناوی بەجێ هێنانی ئەركی تەبلیغدا بڕیارمان داوە نەك واز لە پلەوپایەی دنیایی بە تەنیا بهێنین، بەڵكو هەتا ئەگەر پلەوپایەی قیامەتییشمان هەبن، لە پێناوی تەبلیغدا وازیان لێ دێنین. بەڵێ هەروەك فەزڵی تێگەیاندنی چەند كەسێك لە هەندێ شت لە پێناوی حەق دا دەدەین بەسەر ئەوەدا، كە پەرلەمانتار بین، ئەوا ئەگەر پێویستی كرد بە لامانەوە لە قوطبییەت و غەوثییەتیش سەنگین ترە. چونكە بنچینەی كارەكە بریتییە لە یادخستنەوەی خەڵك و ڕێنماییكردنیان. ئیتر هیچ مەقامێك، دنیایی بێ یان قیامەتیی، لەو بەرزتر و چاك تر نییە. لەبەر ئەوە بەكارهێنانی تەبلیغ بۆ گەیشتن بە ئاوات و ئامانجی دنیایی - وەك ئەوە كە ئەو ناوبانگ و ناسینەی، كە تەبلیغكار لە كاتی بڵاوكردنەوەی حەق وحەقیقەتدا بە دەستی هێناوە، بەكاربهێنێت - بێعەقڵییەكە وەك بێعەقڵیی ئەو كەسەی، كە چەند پارچە شووشە شكاوێكی بێنرخ بە پارچەی ئەڵماسی گرانبەها بگۆڕێتەوە.

لە ڕیوایەتێكی لاوازدا هاتووە كە لە سەردەمی موسا پێغەمبەردا (سەلامی لێبێ) كەسێك دینی بۆ دەستكەوت بەكاردەهێنا، ئەوەبوو شێوە و ڕوخساری چووە سەر ڕوخساری بەراز، هەر چەندە ئەو كەسە لە هەر كۆڕێكدا دانیشتبایە باسی موسا و گەورەیی ئەوی دەكرد،

بەڵام لەبەرئەوەی، کە ئەو خزمەتەی بۆ قازانجی کەسیی خۆی بەکاردەهێنا، خوا ڕوخساری گۆڕیی بۆ ڕوخساری سووکترین ئاژەڵ. بێگومان لەبەر بەڵێنێك کە خوای گەورە بە خۆشەویستەکەی (صلی الله علیه وسلم) داوە گۆڕینی ڕوخسار لەسەر ئەم ئوممەتە ئیسلامییە هەڵگیراوە، بەڵام زۆرێك سەرەنجامیان وەك ژیاننامەی ئەو کەسە دەرچوو.

داوا دەکەین لە خوای باڵادەست و بەتوانا ئێمە و هەموو تەبلیغکاران و ئیرشادکاران لە کەوتنە ناو چاڵی ئەو سەرەنجامە بپارێزێت. خوای گەورە هەر خۆی دوعا دەبیستێ و هەر خۆیشی توانای گیراکردنی هەیە.

ناسینی دوێنراو و
شێوازی لە یەکتریی گەیشتن

أ- ناسینی دوێنراو

تەبلیغکار لە نزیکەوە سەرنجی حاڵی دوێنراو دەدات و، بەرانبەر بە هەڵەکانیشی بە سنگێکی فراوانەوە هەڵسوکەوت دەکات. بەرانبەر بە ئیماندار بە پیاوەتیی دەجووڵێتەوە، بەڵام بەرانبەر بە ئەهلی کوفر و ئیلحاد بە زانین و ژیریی. ئیتر بەم شێوازانە دەتوانێت لە دڵ و مەنتیقی دوێنراوەکەیەوە نزیکبێتەوە، تا ئەو شتەی کە دەیەوێت پێی ڕابگەیەنێت، بەلایەوە خۆشەویستیی بکات و، بەرەو وەرگرتنی بیبات. بەڵێ، تەبلیغکار بارودۆخی دوێنراوەکەی چاك دەزانێ، بۆیە بە تەواویی لە هەموو ئەو شێواز و هەڵسوکەوتانە دەست هەڵدەگرێت، کە ئەو کەسە دوور بخەنەوە. بەمە تەنها کاری بەرز و پاك تەبلیغ دەکات. بێگومان هەر کەسێک دەربارەی خوا و پێغەمبەرەکەی (صلی الله علیه وسلم) و، قورئان و قیامەتەوە تەبلیغ بکات و، ئەوان بەلای بەرانبەرەکەیەوە خۆشەویست بکات، ئەوا ڕێزی ڕادەی گرنگیی ئەو کارەی خۆی دەکات، بۆیە بە پێی ئەو گرنگییە حاڵ و باردۆخ و هەڵسوکەوتی خۆی ڕاست دەکاتەوە. چونکە هەر بێزاربوونێك لە هەڵسوکەوتی ئەوەوە بەرانبەرەکەی هەستی پێ بکات، لەوانەیە ببێتە

هۆی دوورکەوتنەوەی ئەو کەسە لەو شتەی، کە خراوەتە ئەستۆی تەبلیغکار تا خۆشەویستی بکات. جا ئایا زیان هەیە لەوە گەورەتر بێ؟ هەر هەڵەیەکیش لە حاڵ و هەڵسوکەوتی ئێمەوە ڕوویدات، لە قیامەتدا هەمووی لە ئەستۆی ئێمەدا دەبێت.

سەرنج بدەن!! پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بە چ شێوازێك تەبلیغی دەکرد هەتا وا لە بەرانبەرەکەی نەکات هەست بە تاوان بکات؟ ئەوە بوو لەگەڵ کافر و تاوانباردا وەها فەرمایشتی نەدەکرد وەك ئەوەی کە گوناهبارێك لەبەردەمیدا بێت، بەڵکو بە شێوەیەکی گشتیی، بەبێ دیارییکردنی هیچ کەسێك فەرمایشتی ئاڕاستە دەکرد. ئەوەبوو سەردەکەوتە سەر مینبەر و ڕێنمایی بۆ کارێك لەو کارە فەرعییانە دەکرد، کە لە ناو موسڵمانان دا کەمتەرخەمییەکی بەرانبەر کرابوو.

هاوەڵێك خوا لێی ڕازیی بێ لە نزیك کۆڕی پێغەمبەرەوە (صلى الله عليه وسلم) دەستی بۆ ئاسمان بەرز کردبوونەوە و، دەنگیشی لێ هەڵبڕیی بوو و، لە خوا دەپاڕایەوە. دیارە ئەم شێوەیە پێچەوانەی ئادابی دوعاکردنە. بەڵام لە بریی ئەوەی، کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بیدوێنێ و هەڵەکەی بخاتە بەرچاو، ڕووی وتاری کردە هەمووان و فەرمووی: (إِربَعُوا عَلى أنفُسِكُم إنَّكُم لا تَدعُونَ أَصَمَّ ولا غَائِباً إِنَّكُم تَدعُونَ سَمِيعاً قَرِيباً وَهُوَ مَعَكُم)[1]. فەرمانیان بەسەردا دەدا کە لەسەرخۆبن، چونکە ئەوان وتووێژ لەگەڵ خوایەکی بیسەردا دەکەن کە لێیانەوە نزیکە و، وا لەگەڵیاندا.

پیاوێك هاتە خزمەتی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و، وتی: ئەی پێغەمبەری خوا! لەبەر فلانە کەس، کە ئەوەندە نوێژەکەمان

---

(١) البخاري، المغازي : ٣٨، مسلم، الذكر : ٤٤ ـ ٤٥، المسند : ٤ / ٤٠٣ .

پێ درێژدەکاتەوە، بەخوا وازم لە جەماعەتی بەیانی هێناوە. بەم قسەیە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) تووڕە بوو. جا هەرچەندە ئیمامەکەی دەناسیی، بانگی نەکرد تا لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکات، بەڵکو دەستی دایە وتاردان بۆ خەڵکەکە و ڕێنمایی کردن، کە فەرمووی: (یاأَیُّها الناس! إِنَّ مِنكُم مُنَفِّرينَ فَأَيُّكُم ما صَلَّى بِالناسِ فَلیُوجِزْ فَإِنَّ فِيهِمُ الكَبِيرَ وَالضَّعِيفَ وَذَا الحاجَةِ)[1]. فەرمانی بەسەر موسڵمانان، دادا درێژە بە نوێژەکانیان نەدەن، هەتا خەڵك لە نوێژی جەماعەت بێزار نەبن، چونکە هەیانە پیر و لاوازە و، هەشیانە خاوەنی ئیش و کارە و پەلەیەتی..

بەرانبەر بە هەڵەی کەسانی تر ئەمە شێوازی پێغەمبەر بوو (صلی الله علیه وسلم)، کە هەوڵی ڕزگارکردنیانی دەدا. لەبەرئەوە هەموو مەسەلەیەکی بەو شێوەیەی، کە زۆر سادەیە و، زۆریش کردەییە پێشکەش دەکردن.

جارێکیان پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) فەرمووی: (أَیُّها الناس ! قُولُوا لا إِلَهَ إلا اللهُ تُفلِحُوا)[2]. فەرمووی: خەڵکینە! بڵێن: (لا إله إلا الله) سەردەکەون. لێرەدا ئەوە بە هەڵەیەکی گەورە دەبینین، کە بەرانبەرەکەت بەریتە دۆخێکەوە هەست بە تاوانباریی خۆی بکات، بەڵکو بەبێ دیارییکردنی هیچ کەسێك، ئەوەی پێویستە دەوترێ و، هەموو کەسێکیش بە پێی ئامادەیی و لێهاتنی خۆی کەڵك لەو قسانە وەردەگرێ، وەك چۆن شتەکان کەڵك لە تیشکی خۆر وەردەگرن. بە پێچەوانەی ئەم کارەشەوە سارێژبوونی زامەکان یەکجار گرانە.

---

(١) البخاري، الأحكام : ١٣، مسلم، الصلاة : ١٨٢ .
(٢) المسند : ٣ / ٤٩٢، ٤ / ٦٠٣ .

ب- خۆپاراستن لە دەمە دەمێ و مشت و مڕ

تەبلیغکار خۆی زۆر لەوە دەپارێزێت کە قسەکردن لە وتووێژدا بەرەو موجادەلە و دەمەدەمێ بڕوات، چونکە قسەکردن لە موجادەلە و دەمەدەمێدا بریتییە لە ((ئەنانیەت)). ئا لەو کەش و هەوایەشدا، کە گەیشتن بە حەق شتێکی ویستراو نەبێ، جڵەو تەسلیمی شەیتان دەکرێت. لەبەر ئەمە هەرچەندە ئەو قسانەی، کە دەمانەوێت بە دوێنراویان بڵێین باوەڕپێکەر و پڕ ئەدەب بن، کاری تێ ناکەن و، بە جوانیی وەریان ناگرێت. ئەگەر لە ڕوانگەی دەروونیی وتووێژکەرانیشەوە سەیری مەسەلەکە بکرێ، بۆمان دەردەکەوێ کە مشت ومڕ هیچ خێرێکی تێدا نییە، چونکە وەك ئێمە خۆمان ئامادە دەکەین تا بەسەر بەرانبەرەکەمان دا زاڵ ببین، ئەویش بە لایەنی کەمەوە وەك ئێمە خۆی ئامادە دەکات و، بێگومان ئەو بەڵگانەش کە ئێمە دەیان هێنینەوە بۆ سەلماندنی قسەکانمان، ئەویش بە بەڵگەی تر خۆی ئامادە کردووە تا بەرپەرچیان بداتەوە. بەم شێوەیە وتووێژی مشتومڕ دەبێتە کۆمەڵە قسەیەکی بێبەرهەم، ئەگەرچیی چەندین شەو و ڕۆژیش بخایەنێ.

بەڵێ، پێغەمبەری بەڕێز (صلى الله عليه وسلم)، لە چەرخی بەختەوەرییدا یەک دوو جار بەشداریی بەرابەرکێی کردووە و، هەوڵی داوە قەناعەت بە بەرانبەرەکانی بکات.[1] بەڵام کارێك هەیە پێویستە ئاگاداریی دەربارەی بدرێت، ئەویش ئەوەیە، کە داوای بەرابەرکێ لەو بەرەوە دەکرا، دیارە لەم جۆرە هەڵوێستانەشدا پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بێدەنگ نابێت، بە بۆنەی ئەوەوە، کە کار دەکاتە سەر هێزی

(١) أنظرالترمذي، الدعوات : ٦٩، المسند : ٤ / ٤٤٤، ابن حجر، الإصابه : ١ / ٣٣٧، إبن هشام، السيرة : ١ / ٣١٣، ٣١٨ .

مەعنەویی گوێگرانی. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانەی کە بۆ موجادەلە و دەمەدەمێ هاتبوون، زۆربەیان بە تەواویی قەناعەتیان نەکرد، بەڵکو ناچارکران. دیارە ناچارکردنیش مانای ئەوە نییە کە دوێنراو هیدایەتی وەرگرتووە.

بە درێژایی چەندین ساڵ پێغەمبەری بەڕێز (صلی الله علیه وسلم) چاوی بە زانایانی بەنی ئیسرائیل دەکەوت، کەچی یەکێکیان لەو جۆرە ناوەندەدا هیدایەتی وەرنەگرت، بە مەرجێ ئەم پێغەمبەرێکی مەزنە و لە عەرشی خواییەوە ئیلهام بە وێنەی تاڤگە دادەبارییە سەر دڵە پاك و خاوێنەکەی و، هەموو کائیناتیش لەبەر ئەو بەدیی هێنراون و، ژیاننامە بۆن خۆشەکەشی پڕیەتی لە موعجیزە. لەگەڵ ئەوەشدا هەرکەس چووە ناو چوارچێوەی موجادەلە و دەمەدەمێوە بەرەو عەرشی هیدایەت بەرز نابێتەوە، بەڵکو هەر لە مەیدانی وتووێژ و دواندندا دەمێنێتەوە.

عەبدوڵڵای کوڕی سەلام، کە جوولەکە بوو ئەمەی بە بیردا دێت: ئەگەر ئەم ئەوە بێت - مەبەستی لە پێغەمبەرە (صلی الله علیه وسلم)-، کە سیفەتەکانی لە تەوراتدا باس کراون، دەچمە سەر دینی ئیسلام. دەڵێت: لەگەڵ خەڵکەکەدا هاتم تا سەیری بکەم. کاتێك، کە بە وردیی سەرنجی دەم و چاوی پێغەمبەری خوام (صلی الله علیه وسلم)دا زانیم، کە دەم و چاوی ئەو دەم و چاوی کەسێکی درۆزن نییە[١].

هەروەها لە مشتومڕیشدا ڕەزامەندیی خوای پاك و بێگەرد هەمیشە بە بیردا نایەت، چونکە تەبلیغکار و تەبلیغکراو هەردووکیان لە حاڵەتێکی خۆپەرستی و گرژومۆندان. جا لەم جۆرە کەش و هەوایەدا،

---

(١) الترمذي، صفه القيامة : ٤٢، إبن ماجة، الإقامة : ١٧٤ .

كە ڕەزامەندیی خوای پاك و بێگەردی تێدا نییە، هەر چەندە قسەكان ڕێكوپێك بن هیدایەت و كاریگەرییان دەستگیر نابێ. چونكە هیدایەت بە تەنیا بە دەستی خوایە و، هەر شوێنێكیش ڕەزامەندیی خوای پاك و بێگەردی تێدا نەبێت هیدایەتی ناگاتێ.

ج- خۆ داماڵین لە ئەنانیەت (خۆپەرستی)

ئەنانیەت، هۆكارێكە دەبێتە كۆسپی بەردەمی هیدایەت و، بەرەكەتی ناهێڵێت ئیتر سا بۆ تەبلیغكار بێ یان دوێنراو. لەبەر ئەوە ئیرشادكار و تەبلیغكار لەم هەستە زیان بەخشە خۆی دادەماڵێ، بگرە ئەوەی، كە دەیەوێ بیڵێ لە دووتوێی تەوازوع و خۆنەویستییدا دەیڵێ. بەمە بەرانبەرەكەشی لە بیركردنەوەی پێشینە (فكر مسبق) و لە عینادیی ڕزگار دەكات. لە ڕاستییشدا هیچ كەس مافی ئەوەی نییە پەنا بۆ ئەنانیەت بەرێ. شتێكی ڕوون و ئاشكرایشە كە بەشی هەرە زۆری قسەكان، تەبلیغكار جۆرەها عەقڵ و مەنطیق و ڕەوانبێژییان تێدا بەكاردەهێنێ، لەگەڵ ئەو ڕوونكردنەوەیەی، كە لە زمانی دەردەچێت، بەڵام هەرگیز كار لە هیچ كەس ناكەن. كەچی كەسێك، كە هەر دیاریش نییە، بەڵام دڵی تێكشكێنراوە، دەبینی قسەكانی كاریگەرییان دەبێت و، خوای پاك و بێگەرد دەیكاتە هۆ بۆ هیدایەتی بەشێك لە خەڵكی.

د- زانینی بینای فیکریی دوێنراو

دەچمە ناو مەسەلەیەکەوە لەوانەیە بە یەکێ لە کارە لاوەکییەکان لە قەڵەم بدرێت، بەڵام ناگونجێ وازیشی لێ بهێنرێت:
ئیرشادکار و تەبلیغکارەکان لەسەریان پێویستە کە بایەخێکی جیددی بە بینای فیکریی دوێنراوەکانیان بدەن. خۆ ئەگەر مەسەلەکەشمان خزاندە بازنەیەکی تەسکی تایبەتییەوە ئەوا دەڵێین:
بوونی کۆمەڵەی ئیسلامییەکان لەم ڕۆژەی ئێمەدا حەقیقەتێکی واقیعییە و، دانان بە بوونیاندا شتێکەو، بە ڕاست زانینی کاریشیان شتێکی ترە. چاونووقاندن و خۆ گێل کردنیش لە شتێك، کە هەبێت و نەویستنی هیچ بەرهەمێکی نابێت. بۆیە ئیرشادکار و تەبلیغکارەکان لەسەریان پێویستە هەمیشە لە یادیان بێت، کە هەر کەسێ وا بە دەوروبەری ئەواندا، یان یەکێکە لەوانەی کە گوێیان لێدەگرن، لەوانەیە سەر بە مەشرەبێکی دیارییکراو، یان سەر بە یەکێ لە کۆمەڵەکان بێت، بۆیە دەبێ قسەکانیان بە پێی ئاگادارییەکانی ئەو یادبوونە بن. نەکەن شتێ باس بکەن، کە سووکایەتییکردن بگەیەنێ یان ڕەخنەگرتن بێ لە کۆمەڵێك، لەوەش خراپتر غەیبەت کردنیان. هەموو مەشرەبێك یان کۆمەڵێك - سەرەڕای ئەوەی، کە دانی پیا ناوە مەشرەبەکەی و مەسلەکەکەی ڕاست و جوانە - لە سەریشی پێویستە لەگەڵ کەسانی تردا ڕەوشتی چاوپۆشیی بگرێتە بەر و، دان بە مافی ژیانی ئەوانیشدا بنێ، چونکە خوای پاك و بێگەرد بە پێچەوانەی ئەو ڕەفتارە ڕازیی نابێ، کە فەڕ و بەرەکەت ناهێڵێ و لەناوی دەبات. با هەموو ئیرشادکارێکیش ئەوە بزانێ، کە لەسەری پێویستە ڕێز لە هەموو کۆمەڵەکان بگرێت و، لەگەڵ پیاوەتیی دوێنراوەکەشیدا بگونجێ، تا قسەکانی لەلای هەر هەموو کۆمەڵەکانەوە وەربگیرێن. چونکە خوا لە

کەسێ ڕازیی نابێ بە خراپە هەڵسوکەوت لەگەڵ کەسێکدا بکات، کە زیکر و یادی خوا دەکات. هەروەها لەوانەش ڕازیی نابێ کە ڕەخنە لە ئیمانداران دەگرن و، پەیوەندیی لەگەڵ ئەوانەدا دەپچڕێنن، کە بە یەکەوە پەیوەستن، ئەگەرچی تەنها بە شایەتمانیش بێت .

لە ڕاستییدا ڕادەی پەیوەندیی تەبلیغکار بە خوای پاك و بێگەردەوە، بەوە دەردەکەوێ تا چ ڕادەیەك ئەو دۆستایەتیی لەگەڵ ئەوانەدا هەیە، کە پەیوەندییان لەگەڵ خوادا هەیە. کەواتە پێوانەی پەیوەندییمان لەگەڵ ئەوانەدا کە دەیان دوێنین، بە ڕێژەی دۆستایەتیی ئەوانە لەگەڵ خوای پاك و بێگەردا. ئیرشادکاران و تەبلیغکارانیش لە هەموو کەسێك زیاتر ڕەچاوی ئەم کارە دەکەن، بۆیە خەڵکیی ڕاستەوخۆ بۆ سەر ئیسلام بانگ دەکەن، نەك بۆ مەشرەبەکەی خۆیان. لەوانەشە پەرەدان بەم هەستە گرنگترین هۆ بێت تا پاڵ بە کۆمەڵ و مەشرەبە جیا جیاکانەوە بنێ بەرەو یەکگرتن و، وەك لاشەیەکیان لێ بکات.

ناسینی دوێنراویش بە ئاگاداربوون لە ئاستی کۆمەڵایەتیی و بینای ڕۆشنبیریی ئەو دەبێ. ئەم حاڵەتەش دەربارەی هونەری تەبلیغ کردن یەکجار گرنگە. جا هەروەك تەبلیغ و ئیرشاد فەرمانبەرییە، ئەوا زانینی هونەری تەبلیغیش فەرمانبەرییەکی ترە. بۆ نموونە: دوژمنێك بە تۆپ و تفەنگەوە بەرانبەرت وەستاو، تۆیش ویستت بە داردەست بەرپەرچی بدەیتەوە. بێگومان ئەمە کارە، بەڵام بەم کارە ئەبیتە هۆی تێك شکانێکی نابەجێ، چونکە تۆ هونەری جەنگت ڕەچاو نەکردووە، بە تایبەت ئەگەر ئەم حاڵەتە لە بەرەی کاری ئیسلامییدا بێت، ئەوە زیانێکی زۆر دەگەیەنێ. لەوەو پێش باسمان کرد و، جەختیشمان لەسەری کردەوە کە: زانینی هونەری تەبلیغ یەکێکە لەو مەرجانەی، کە نابێت وازیان لێ بهێنین، بگرە وا لە پێشی پێشەوەی مەرجەکانی تەبلیغدایە.

جا بە ئەندازەی بڕوابوونمان بە پێویستێتیی تەبلیغ، بڕواشمان بە پێوستیی هونەری تەبلیغ هەیە. ئەو قسانەی ئێمەش ئەگەر لە ئاستی ڕۆشنبیریی دوێنراو زۆر بەرز بن یان زۆر نزم بن، ئەوا ئەو کارەمان لەگەڵ هونەری تەبلیغدا ناگونجێ و، لەوانەیشە هیچ نەبەخشێ. ئەو مەسەلەیەی کە سەرەتا بۆ ئەو کەسەی باسی ئەکەی، کە نوقمی بێ باوەڕی بووە و لە گێژاوی کوفردا نقوم بووە، بێگومان نابێ باسی شەونوێژ بێت، بەڵکو بنچینە ئیمانییەکانی بە شێوەیەکی گونجاو لەگەڵ مەنطیقی ژیریی ئەو کەسەدا و بە شێوازێکی زانستیانە تێدەگەیەنرێت، چونکە ئەمڕۆ کوفر دەم لە زانست دەکوتێ. بەڵام بە داخەوە بەرانبەر بەو بێ باوەڕە داماوانە چەند هەڵە ئەنجام دەدرێن، کە زادەی نەخۆشیی دۆزینەوەی هەڵە و چارەسەرکردنی هەڵەن. بەڵێ، بەرەی ئێستا لە بریی سەرگەرم بوونی بە پاك کردنەوەی دڵی و سارێژکردنی زامەکانیەوە، بە دیوی دەردوە و جل و بەرگیەوە خەریکە و، ئەمەش بووەتە هۆی سڵەمینەوە و هەڵاتنی. جا ئەم جۆرە هەڵەیە لە هونەری تەبلیغدا مەسەلەیەکە شایانی بایەخ پێدانە، چونکە دەبێتە مایەی تیاچوونی ژیانی هەتاهەتایی مرۆڤ.

بەڵێ ئەگەر ئەوەی، کە تۆ دەیدوێنی، بە ناوی زانست و هونەرەوە ئەدوێ، عەقڵ نایگرێ تۆ کتێبە فیقهییە سەرەتاییەکانی بۆ بخوێنیتەوە. ئەوەش بە قەطعیی لە شان دابەزاندنی ئەو کتێبە فیقهییانە نییە، بەڵکو مەبەست ئەوەیە ئەوە بگەیەنرێ، کە ئەم کارە لە شوێنی خۆیدا نییە. هەروەها ئەگەر دوێنراو ئینکاریی قیامەتی دەکرد، ئەوا ناتوانی بە باسکردنی مەناقیبی ئەولیاکان لێی نزیك بکەویتەوە. چونکە مرۆڤ بە تەنیا لە هەست و هۆش بەدیی نەهێنراوە، تا ئەو مەناقیبانە کاری تێبکەن، بەڵکو سەرەڕای ئەو هەستانە لە عەقڵیشیدا

مەنطیقی هەڵگرتووە. بۆیە پێویستە بە مەنطیقیش قەناعەت بکات. سەعدەددینی تەفتازانیی، کە ڕاڤەی ئیمان دەکات، دەڵێت: ئیمان نوورێکە خوای باڵادەست ئەیهاوێژێتە دڵی هەر یەکێ لە بەندەکانیەوە، کە خۆی ویستی لەسەر بێ. واتە دوای لادانی بەشی ئیختیاریی. واتە لە سەرت پێویستە ئیمان بە بەڵگەوە ڕاڤە بکەیت و، خوای پاك و بێگەردیش دڵی ئەو کەسە بە ئیمان ڕووناك دەکاتەوە. لە ڕاستییدا ئەم جۆرە ئیمانە مرۆڤ بەرەو کردەوەی چاك دەبات و، دینیش بە هەڕەمەکیی و بەش بەش نەکراو لە ژیانی ڕۆژانەدا دەخاتە پێش چاو. کەچی ئەو مرۆڤەی، کە ئیمانی بە هۆی هەست و هۆشیەوە وەرگرتووە، لەوانەیە لە کاتێکدا کە ئەو هەست و هۆشەی بە شێوەیەکی تر زاڵ ببن دەست لە دین هەڵبگرێت.

قورئانی پیرۆز لە سەدەها ئایەتی پیرۆزدا ئاماژە بۆ مەسەلەکانی زانست و تەکنەلۆژیا دەکات، بەڵام قورئان نە کتێبی فیزیایە و نە هی کیمیا، بەڵکو لە پێناوی ڕێنمایی گشتییدا و، بە بۆنەی ئاتاج بوون بۆ ئەم بەشە زانستییانە، ئیمانداران بە ئاماژە و بە هێما هەڵدەنێ و ڕێنماییان دەکات. جا ئەو کەسەی، کە ئاگاداری زانستی گەردوون ناسیی نەبێ، ئەگەرچیی کەمێکیش بێت و، زانستەکانی ژیانی نەخوێندبنەوە، ئەگەرچیی بەسەر پێیەکیشەوە بێت، ئەوا ناتوانێ بە پێی پێویست لە زۆرێك لە ئایەتەکانی قورئان تێبگات. چونکە تێگەیشتن لە کۆمەڵە ئایەتێکی یەکجار زۆر بەستراوە بە ئاگاداربوون لەو زانستانە. لێرەدا بەبێ ئەوەی باسەکە دەربارەی بەشە جۆراو جۆرەکانی زانست درێژ بکەینەوە، دەڵێین: ئیرشادکار و تەبلیغکارانی ئەمڕۆمان پێویستییەکی زۆریان بە بەدواداچوون هەیە تا بزانن ئەم چەرخە لە زانست و هونەردا بە کوێ گەیشتووە، گەرچی ئەوان

دەریای زانیارییش بن . بە پێچەوانەشەوە ئیرشادکردنەکەیان ئیرشادێکی تایبەتیی دەبێ و، خەڵکیی بە گشتیی ناگرێتەوە.

هـ- شارەزایی ڕۆشنبیریی هاوچەرخ

بارودۆخی ئێستامان خوێن لە جەرگی گەنج و پیرمان دەهێنێ. ئەم بارودۆخە پڕ ئێش و ژانەش - تارادەیەك - هەڵقوڵاوی کەمیی ڕۆشنبیریی ئەو کەسەیە، کە دەست دەداتە ئیرشاد و تەبلیغ، چونکە ئەو کەسەی، کە لە ڕۆشنبیریی چەرخەکەی و، ڕادەی تێگەیشتن و، شێوازی دواندن نەشارەزا بێت، ناتوانێ هیچ شتێ لە مرۆڤی چەرخەکەی بگەیەنێ. بەڵام نابێ ئەمەمان بە بیردا بێت: ئەگەر بەبێ شارەزایی لەوەی، کە پێویستە شارەزای بین و، بەبێ زانینی زانستە هاوچەرخەکان تێگەیاندنی کەسانی تر زیانی هەبێ، ئایا فەرمانبەریی ((فەرماندان بە چاکە))مان لە کۆڵ دەکەوێ؟ نەخێر!! بەڵکو ئەگەر لە پێناوی ئیرشاددا گەیشتنە لای ئەستێرەکانیش پێویست بێ و، لەوێوە هێنانی ئەوەی، کە دەبێ تەبلیغ بکرێ واجب بێ، ئەوا چوون بۆ ئەوێ و هێنانی ئەوەی، کە پێویستە پێشکەشی ئاتاجانی بکرێ لە هەموو فەرزێك فەرزترە. ئەوەتا ئەم نەوەیەی ئێمەیان بە فیزیا داوە بە زەوییدا و، بە کیمیا بردوویانە بە چۆکدا و، بە گەردوون ناسییش ئەستێرە کلك دارەکانیان کێشاوە بە سەریا. تۆش لەبەردەم ئەم هەڵوێستەدا پێویستە دەستەئەژنۆ لێی دانەنیشی، بەڵکو ئەوە قەرزێکە لە گەردنتدا تا دەستی ئەم بەرەیە بگری، ئەویش بە بەکارهێنانی هەمان هۆ و ڕێگا، تا لەو زەلیلییەی بەرزی بکەیتەوە و، زامە مادديی و مەعنەوییەکانی سارێژ بکەیت و، سەر لە نوێ بەرەو پلە بڵندەکان بەرزی بکەیتەوە و، هەردووکتان پێکەوە بەرز ببنەوە، تا

جارێکی تر نەکەوێتەوە زەویی و، لە ژێر پێدا نەپلیشێتەوە.
هەرچی شتێك، کە لە بوونەوەردا هەیە و تێیدا ڕوودەدات، بریتییە لە زمان و لق. جا لەسەر ئیمانداران پێویستە ئەو زمانە فێر ببن و دەستیش بەو لقانەوە بگرن، ئەگینا توانای تێگەیشتنی ئایەتە تەکوینییەکانیان نابێت. هەر کەسێك یان هەر ئومـمەتێکیش لە ئایەتە تەکوینییەکان تێنەگات، ئەوا تووشی زەلیلیی و بەدبەختیی دەبێت. بە مەرجێ قورئانی پیرۆز لە دووتوێی ئایەتە ڕوون کەرەوەکانیدا ئەو ئایەتە تەکوینییانە شەرح دەکات. ئەگەر کەسێکیش هەموو ڕۆژێك قورئانی پیرۆز خەتم بکات، بەڵام لە ئاستی ئەو ئایەتە تەکوینییانەدا گوێی خۆی بگرێ، بە قورئان خوێن ناژمێررێ، چونکە خوای گەورە قورئانی بۆ ئەوە ناردووە تا مرۆڤ سەرنجی بدات و بیر لە ئایەتەکانی بکاتەوە . هەر کەسێکیش کۆمەکیی قورئان دەکات پێویستە لەمە تێبگات.
ئەو ڕاستییانەش کە ئێمە ڕایدەگەیەنین چەندە پیرۆز و بەرز بن، ئەگەر بە پێی پەیپێبردن و تێگەیشتن و شێوازی ئەم چەرخە تەبلیغ نەکرێن، ئەوا گومان لە کاریگەرییان دەکرێت. هەروەها پێشکەش کردنی دین و قورئانیش لە شێوەی باسی نادیار و پێچراو بە نهێنییەکانەوە، کە نەتوانرێ بە پاڵێوگەی موحاکەماتی عەقڵییدا تێپەڕیان پێ بکرێت، لە لێڵ کردنی مێشکی بەرەی تازە و زیادکردنی کوفری کافران زیاتر نیە. چەندین ساڵە ئێمەش ئەو تابلۆ پڕ ئێش و ژانانە بە ڕوونی دەبینین و، خەم و خەفەتێکی زۆریش لە سنگماندا پیش ئەخواتەوە.
هاوەڵە بەرێزەکان (خوا لە هەموویان ڕازیی بێ) زۆر لە سەرووی ئاستی ڕۆشنبیریی چەرخەکەیانەوە بوون و، مەسەلەکانی دینیشیان لە ئاستی ڕۆشنبیریی ئەو چەرخەدا تەبلیغ دەکردن و، ئەوانەش، کە دوایان دەکەوتن لە تەبلیغکردندا بە هەمان شێوە بوون. بۆ نموونە: ئەوەی کە

(ئیمام غەزالی) لێی تێدەگەیشت، کە نوێخوازی چەرخی خۆی بوو، دوێنراوانی ئەو چەرخەی سەرسام دەکردن و، ئەو سەرسامییەش بە درێژایی چەندین چەرخ هەر بەردەوام بوو. ئەوەش کە سەرنج ڕادەکێشێ ڕای بڕیارانی خۆرئاوایە بە وێنەی (جب) و (رینان) دەربارەی ئیمام غەزالی، کە دەیان وت: نەمان دیوە هیچ کەسێك وەك غەزالیی لە ڕۆشنبیریی چەرخی خۆیدا شارەزا بووبێ. هەموو ئیمامە پایەدارە نوێخوازەکان وەك (ئیمام ڕەببانیی و مەولانا خالید) و هاووێنەیان لەو کەڵە پیاوانەی، کە لە زانست و ڕۆشنبیرییدا پێش چەرخی خۆیان دابوویەوە، هەروا بوون. ئەوان بە پێی ئاستی چەرخەکەیان دینیان تەبلیغ دەکرد، بۆیە قسەکانیان بە چاکی دەچوون بە دڵی دوێنراوانیاندا و، بە لایانەوە پەسەند بوون.

و- ئیرشادکار نەرم ونیانە

بەڵێ، نەرم و نیان دەبێت و، پارێزگارییش لەسەر ئەو نەرم و نیانییەی خۆی دەکات، چونکە ئەو جاری وا دەبێ دادەبەزێتە بنی شیوە قووڵەکانەوە و جاری وایش دەبێ سەردەکەوێتە سەر مینبەرە بەرزەکان. دوێنراوانیش هی وایان هەیە کە لە هەردوو خاڵەکەدا هەیە. ئەمەش ئەوە پێویست دەکات، کە ڕووبەری ڕۆشنبیرییەکەی یەکجار فراوان بێت، ئەگینا نابێتە ئیرشادکاری ڕاستەقینە، بەڵکو دەبێتە ڕێبەڕی بەدبەختی ڕێی ئیرشاد. ئەوانە ئەوەندەیان لەسەرە لەبەردەم ئوممەت دا بکشێنە دواوە و، نەبنە سێبەرێکی تاریك لەسەری و ڕێگا بکرێتەوە، بۆ ئەوەی ئیرشادکارە ڕاستەقینەکان بێن و، دەستی یارمەتیی بۆ ئەم بەرە لێقەوماوە درێژ بکەن.

یەکێ لە گەورە ئیرشادکارەکان، کە دڵی بە ئێش و ئازاری ئوممەتەوە لێی دەدا دەڵێت: ((دڵی ئیماندار لەبەردەم کوفرکردنی گەنجێك دا لە داخانا دەتەقێتەوە و ئەوەندەی ژمارەی گەردیلەکانی بوونی پارچەی لێ دەکەوێتەوە)). بەڵێ ئا ئەمە دڵی شڵەژاوە. خۆ هەر کەسێک بە بۆنەی تیاچوونی ئیمانی ئەم بەرەی ئێستاوە هەست بە دڵەڕاوکێ نەکات، شایانی ئیرشادکردن نییە. کەواتە ئیرشادکار ئەو پاڵەوانەیە کە چەرخەکەی خۆی دەناسێ و، گاڵتەی بە هەرچی زرق و برقی دنیا هەیە دێت. بگرە ناز و نیعمەتی بەهەشتی - ئەگەرچیی کاتییش بێت - لە یاد دەچێتەوە، بە هیوای کۆشش کردن بۆ ئەنجام دانی کارەکەی، لە پێناوی خوادا و، بۆ دەست خستنی ڕەزامەندیی ئەو بە تەنیا . بەڵێ، پێویستە وەها بێت تا سەرکەوتنی خوای دەستگیر ببێ و ئەوانەی دەوروبەریشی دڵیان بەرانبەری پڕ لە متمانە بێ.

لەمەوپێش باسی ئەوەمان کرد، کە پێویستە ئیرشادکار دەربارەی دوێنراوەکانی بیزانێ. جا هەروەك دەرمان دان بە نەخۆش پێش دۆزینەوەی نەخۆشییەکەی هەڵەیەکی ڕوون و ئاشکرایە، هەروەها دەستدانە تیمارکردن پێش دۆزینەوەی ئەوەی کە دوێنراو بە دەستیەوە گیری خواردووە، هەڵەیەکی تری لەو جۆرەیە، بگرە لەوەش خراپتر و تاڵترە. ئەمەش یەکێکە لە فەرمانبەرییەکانی تەبلیغکار. بە پێویستیشی نازانم ئەوە باس بکەم، کە هەموو دەرمانێك بۆ هەموو نەخۆشییەك بە کەڵك نایەت.

خەڵکانێك دەناسم، وای دەبینن، کە ڕزگاریی مرۆڤایەتی لە کارکردن دایە لە مەیدانی ئابووریی و پیشەسازیی قورسدا، بۆیە دەربارەی گرنگی ئەوە زۆر باسی دەکەن. ئەم جۆرە بیرانە هەرچەندە لە ناوەندەکاندا بەناوی ئیسلامەوە کار دەکەن، بەڵام جگە لە لاساییکردنەوەیەکی

سادەی مارکس و ئەنگلز هیچی تر نییە و، ئەو بیرانەش موفلیس بوون و، شوێن کەوتوانیشیان بڵاوەیان لێ کردن و نەیانتوانی پارێزگاریی لە بوونی خۆیان بکەن. ئیتر دەبێ ئەو بیرانەی کە لاسایییەکی سادەن بۆیان چۆن بتوانن ئەو ژیانە ویستراوە بە مرۆڤایەتیی ببەخشن ؟ عەقڵ کەی ئەمە وەر دەگرێ، سەرەڕای ئەوەی، کە شوێنکەوتوانیشی بەرەو ئەم جۆرە مەترسییە بداتە بەر؟ بە ڕاستیی بڕواکردن بەم جۆرە خزمەتە کارێکی گرانە بەلامەوە.

نەخێر. پاشانیش نەخێر. دە بەخوا ئەگەر نەبنە دەستەبەری بەرەی ئێستا و، لە مەیدانی ڕۆحدا پەروەردەی نەکەن و، گیانی بە بەردا نەکەن و، هەست و شعووری قیامەتیان لە دڵدا سەوز نەکەن، پێگەیاندنی لەسەر چەنەبازییکردن بە شارستانێتیی و بەو کارگانەوە کە دایان دەمەزرێنن یان داتان مەزراندوون، هیچ کەڵکێکی نابێ.

ئەم بەرە وێڵ و لە ڕۆح خاڵییە، ئەگەر بە ڕێك و پێکی سەروکاریی نەکرێ هیچ بیرێکی ڕازاوە و نەخشێنراو تێری ناکات و، واش بزانرێ، کە سەرگەردانیی ئەم بەرەیە بە چارەسەرییە ئابوورییەکان چارەسەر دەکرێت، ئەوە ئەوپەڕی بێئاگایییە.

لەبەر ئەوەش، کە لەم کاتەدا جیهانی ئیسلامی، بە پێی هونەری ئەم چەرخە، توانای قسەکردنی لە دەست داوە، ئەوا پلەوپایەی دواندنی جیهانی لە دەست وەرگیراوەتەوە. ئەمڕۆ ئەو وا لە هەڵوێستی گوێگرتندا، تەنها گوێگرتن. خۆ ئەگەر بیتوانیایە ئەوەی، کە دەیبیستێ بیبستێ و شیی بکاتەوە، لەوانە بوو ڕۆژێك لە ڕۆژان بتوانێ بۆ پلەوپایەی فەرماندە بەرز ببێتەوە و، قسەی خۆی بە گوێی کەسانی تردا بدات.

بەڵام بە داخەوە، تا ئێستا نەیتوانیوە دوێنراوێکی چاکیش بێ. ئەم حاڵەتە پڕشوورەییە بەسەر بانگەوازە تایبەتییەکان، یان دامەزراوە

تایبەتییەکانیشدا ڕەنگی دایەوە و، خاوەنی ئەم بانگەوازانەش بە هەمان پێوانە لەبەردەم دوێنراوەکانیاندا دەستەوەستان مانەوە. بە مەرجێ ئێمە قورئانی پیرۆزمان بە دەستەوەیە کە ڕووبەڕووی عەقڵی هەموو جیهان دەوەستێ و، سەراپای مرۆڤایەتیی دەدوێنێ. هەروەها سوننەتی نەمری پێغەمبەرمان (صلی الله علیه وسلم) بە دەستەوەیە کە بە جوانترین شێوە قورئان ڕوون دەکاتەوە. چەندە جێی داخە کە هەتا ئێستا ئێمە نەمان زانیوە کەڵکی ڕاستەقینە لەم دوو سەرچاوەیە وەربگرین. بە یەك گرتنی عەقڵ و دڵ، لە دەریای قورئانییدا خۆمان نوقوم نەکرد، لەبەر ئەوە قورئان و سوننەتیش بێدەنگ بوون و، ئەوەی لە دووتوێیاندا حەشار درابوو بۆمانیان باس نەکرد. جا ئەگەر ئێمە لەسەر ئەم حاڵەتە بەردەوام بین بێدەنگیی ئەوانیش بەردەوام دەبێت. ئیتر موسڵمانانی ئەمڕۆ لەم چوارچێوە ڕەشە دەربازبوونیان نییە.

بەڵێ، دنیا وا لە ئاڵوگۆڕدایە. زانست و تەکنەلۆژیاش بە گورجییەکی سەرسامکەر فراوان دەبن و بڵاو دەبنەوە، بەڵام ئەوەی، کە بەدەمی هەندێکماندا دێت لەگەڵ پێوانەی دنیا فراوانەکەدا ناگونجێ، بەڵکو پەیوەندیی بەوەوە هەیە، کە پێش سێ سەدە وتراوە و، هەر لەوێش دەمێنێتەوە و جێی ناهێڵێ. ئەو کاتە ئێمەش لە بەرەی ئێستامان یەکجار دوور دەبین و، ئەویش گوێ لە قسەکانمان ناگرێت.

ز- سەیرکردن لە گۆشەی چەرخەوە

ئیرشادكار و تەبلیغكار لەم كاتەدا لە گۆشەی ئەو چەرخەیەوە سەیر دەكات كە تێیدا دەژیی و، لەوەوە دەچێتە ناو مەسەلەكانەوە. پێش هەموو شتێك پێویستە ئاگاداری بینای ڕۆحی دوێنراو بێت. هەروەها پێویستە بزانێ چ مەسەلەیەك بە وێنەی تیری ژەهراویی لە زەینیدا داچەقێنراوە، پاشان بە پێی ئەم زانینە قسەی بۆ بكات، تا بە چاكیی لێی وەربگرێ و، لە دڵی دوێنراودا جێی بێتەوە و، لە مەنطیقیدا جێگیر ببێ، چونكە ئەم بەرەی ئێستامان خوێنی پێویستە و، ئێمەش تەنها شتانی دژەزیندەگیی پێ دەدەین.

ئەو مەسەلانەی، كە تا ئەم ڕادەیە لێیان دواین، بانگەشەی ڕووت نین، بەڵكو كۆڵەكەی ئیرشادكردنن و، پشت بە قورئان و سوننەت دەبەستن. قورئانی پیرۆز لە یەكەم ئایەتیدا، كە هاتە خوارەوە:

﴿ ٱقْرَأْ بِٱسْمِ رَبِّكَ ٱلَّذِى خَلَقَ ﴿١﴾ ﴾ (العلق: ١)

كە باسی بەدیهێنان دەكات سەرنج بۆ لای ئایەتە تەكوینییەكان ڕادەكێشێ. جا هەموو فەیلەسووفەكان هەرلە (أبیقور) و (دیموقریط) ەوە، هەتا (سقراط) و (أفلاطون) و هەتا هاوچەرخەكانی پێغەمبەریش (صلی الله علیه وسلم)، هەر هەموویان بە باسی بەدیهێنانەوە خەریك بوون و هەوڵیان بۆ شییكردنەوە و وردبینیی دەدا. بەومانایەی خەڵك - لەو كاتەدا - دەربارەی بەدیهێنان شتێكیان دەزانیی كە سەرەتای مرۆڤ لە دڵۆپێك ئاوەوە دەستپێدەكات و، كۆرپەلەش لە ڕەحمی دایكیدا بە چەند قۆناغێكی جیاوازدا تێ دەپەڕێت. بەڵام قورئانی پیرۆز مەسەلەكەی لە گۆشەیەكی یەكجار فراوانەوە وەرگرتووە و، ڕووی خیطابی كردە خەڵك:

﴿ قُلْ سِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانظُرُوا كَيْفَ بَدَأَ الْخَلْقَ.. ﴾ (العنكبوت:٢٠).

قورئان وەها دەفەرموێ و، زانست و بیری مرۆڤیش تا ئێستا بە ڕوونیی دەریان نەخستووە کە بەدیهێنان چۆن دەستیپێکردووە و دەریشی ناخەن. چونکە ــ گەر کارەکە بە خوای خاوەن دەسەڵات بسپێرن ئەگینا ئەوەیان بۆ نابێت.

کەچی قورئانی پیرۆز بانگەوازەکەی بە ڕوون کردنەوەی ئەم مەسەلە پڕ کێشە سەرسام کەرە دەستپێدەکات و، لە هەمان کاتیشدا سەرنجی خەڵك بۆ لای ئەو ئایەتە تەکوینییانە ڕادەکێشێ، کە قودرەتی خوایی و ویستی ڕەببانی وەك ملوانکەیەکی ڕازاوە لە ملی گەردوونیان کردوون و، وەك پێشانگایەکی سەرسوڕهێنەری لێ کردوون، کە بە وێنەی کتێبێك لەبەر دەممان دا بۆ خوێندنەوەی کرابێتەوە خراونەتە بەرچاوان. کەواتە ئێمە واین لە هەڵوێستی وردبینیی ئەوەی، کە لە کتێب و پیشانگا و ملوانکەدایە، لە پێناوی ڕاستکردنەوەی ڕووداوەکانی دەوروبەرمان و تێگەیشتن لێیان و، ناشتوانین لەوە لا بدەین.

ئەو ئیرشادکار و تەبلیغکارانەی کە هەوڵدەدەن بە هەڵنانی سۆز و هەستەکان بەردەوامیی بە زیندوێتیی کۆمەڵەکەیان ببەخشن، ئەوانە پێچەوانەی ئایەتە تەکوینییەکانن و، ئەو هەوڵەشیان بۆ ئایندە هیچ نابەخشێ. چونکە ئەو هەنگاوانەی، کە تەنها لەسەر خۆش باوەڕیی وەستاون لار و پێچاو پێچن و ڕاست نابنەوە. لەبەر ئەوە دوای ماوەیەکی کەم خاوەنەکەی لە نیوەی ڕێگەدا بەجێ دێڵن. بەڵام ئەگەر بیانتوانیایە پشکۆی حەماسەتیان، بە یەکگرتنی عەقڵ و دڵ پێکەوە هەڵبگیرسێنن و، کۆمەڵەکەشیان وەها ئامادە بکردایە تا لەگەڵ مەرجەکانی زەمانەدا دەرچوایە، ئەوا بە قەطعیی ئەو پەیوەندییە نەدەپچڕا، چونکە تێپەڕبوونی ڕۆژگار کاری تێ ناکات

و، ڕووداوە هەژێنەرەکانیش بەهێزی دەکەن و، هیممەت و ئیرادەی تیژ دەکەنەوە.

دەمەوێ لە باسەکە لا بدەم و بچمە سەر باسێکی تر: ئەم تابلۆیە لە بەردەم هەمووماندا یەکجار هەژێنەرە، کە ئەمەیە:

زۆرێك لە ڕۆڵەی خەڵکانێکی دیندار لەناو بێ باوەڕ و کوفردا ئەگەوزێنەوە، ئیتر سا لە دەرەوەی وڵات بن یان ناوەوە. بە هەمان شێوە زۆرێکیش لە ڕۆڵەی خەڵکانێك، کە دوور لە دینن بە ئیمان بەهرەمەند بوون. هەتا هەندێکیان لە دەست زۆر و ستەمی خێزانەکانیان هەڵاتوون و بە دوای شوێنی وەهادا دەگەڕێن، کە ژیانی دینییان تیادا بەسەر بەرن. ئیتر من ئەو ڕووداوانەی کە دیومن باسیان ناکەم چونکە شتێکی تازە بە باسەکە پێشکەش ناکەن. بەڵام با بزانین، کە ئەم جۆرە ڕووداوانە ڕوویان داوە و، لە ئایندەشدا هاووێنەیان ڕوو دەدەنەوە. جا ئەو خێزانەی کە بە دینەوە کەش و فش دەکات و بە ئەندازەی عەقڵی ڕۆڵەکانی بە ئاستی ڕۆحییان دینی فێر نەکردوون و نەیتوانیوە فێریان بکات، ئەوا بۆشایییەك لە مێشکی منداڵەکانیدا دروست دەبێت و، ئەو گومان و دوودڵییانەش، کە ئەچنە دڵ و مێشکیانەوە دەبنە هۆی لادان و دەرچوونیان لە دین. چونکە شتێکی سروشتییە، کە ئەوانە دەربارەی ئەو مەسەلانە، کە بە زەینیاندا دێن، لە دەرەوەی خێزانەکەیان پرسیار لە هیچ کەس ناکەن، چونکە ئەوان لە باوەشی خێزانەکەیان دا لە کەش و هەوایەکی دینییدا پەروەردە بوون . بەڵام ئەو پەروەردە دینییەی، کە ئەوان لە ماڵەوە وەریان گرتووە تەنها تا سنوورێکی دیارییکراویان دەبات.

جارێکیان میوانی خێزانێکی لەو جۆرە بووم و، لەگەڵ خاوەن ماڵدا وتووێژمان دەکرد، کە پیاوێکی دینداری خالیصی دڵ نەرم و دڵ پاك بوو، بەڕادەیەك کە لەبەردەم ئەو پاکیی و بێگەردییەدا شەرمەزار

دەبووم. دوای کەمێك کوڕەکەی، کە قوتابی زانکۆ بوو هاتە ژوورەوە بۆ لامان و، بە قسەکانیدا تێگەیشتم، کە بێ باوەڕە. هەروەك ماڵەکە بەسەرمدا برووخێت، لە شوێنی خۆمدا وشك بووم، لە دڵی خۆمدا بەو پیاوە چاکەم وت : خۆزگە تۆ خۆت ئەوەندە خاوێن و خاوەن تەقوا نەبوویتایە و، کوڕەکەشت بە مولحیدیی گەورە نەکردایە. لە بەرانبەر ئەمەشەوە ئەو منداڵەی، کە لە خێزانێکی بێدیندا پەروەردە دەبێ، لە دڵیدا شتێك هەیە و پاڵی پێوە ئەنێت تا پرسیار دەربارەی ئەو مەسەلانە بکات، کە نەیتوانیوە چارەسەریان بکات. ئیتر هەرکەسێك لە دەرەوەی خێزانەکەی دەستی یارمەتیی بۆ درێژ بکات و، بتوانێ کێشەکانی بۆ چارەسەر بکات، ئەوا بە دینی ئیسلام ڕازیی دەبێ و، خۆشیشی دەوێ، چونکە بە پێی مەرجەکانی سەردەمەکەی خۆی ئیسلامی تێگەیەنراوە. بەڵام منداڵەکەی تر، کە لە خێزانێکی دینییدا پەروەردە بووە، لە (تەقلید) نەترازاوە و، وایشی لێهاتووە، کە ئەو ئیمانە تەقلیدییەش بە کەڵکی نەیەت. جا با ئێستە بگەڕێینەوە سەر باسەکەمان.

ح- دابەزینە ئاستی دوێنراو

دابەزینە ئاستی دوێنراوان شتێکی پێویستە. لەم حاڵەتەدا لەسەر ئیرشادکار و تەبلیغکار پێویستە بە ئەندازەی تێگەیشتنیان بیان دوێنن. دەشتوانین ئەم سەرنجە بەمەی خوارەوە ڕوون بکەینەوە:

دابەزینە ئاستی دوێنراو ڕەوشتێکی خواییە و، پێغەمبەریش (صلی الله علیه وسلم) فەرمانمان بەسەردا دەدا کە خۆمان بە ڕەوشتەکانی خوا برازێنینەوە. قورئانی پیرۆزیش هەر هەمووی فەرمایشتی خواییە و دابەزیوەتە سەر عەقڵی مرۆڤ. داخۆ، کە قورئان دادەبەزیی ئەگەر لەگەڵ ئامادەیی و ژیریی و وزەکانماندا گونجاو نەبوایە، حاڵی ئێمە چۆن دەبوو؟

بەڵێ، ئەگەر خوای پاك و بێگەرد لە قورئانە پایەدارەکەیدا بەو شێوە فەرمایشتی بکردایە کە لەگەڵ مووسادا (سەلامی خوای لێبێ)، لەسەر کێوی طوردا دەیکرد، ئەوا ئێمە بەرگەمان نەئەگرت . هەروەها ئەگەر قورئان بە شێوازێك دابەزیایە کە تەنها مرۆڤە خاوەن ئاوەزە ژیر و وریاکان لێی تێبگەیشتنایە، ئەوا لە سەدا نەوەد و نۆی خەڵکیی کەڵکیان لێ وەرنەدەگرت. بەڵام ئەوەتا کارەکە بەو جۆرە نییە، بەڵکو خوای پاك و باڵادەست سەیری حاڵی دوێنراوەکانی دەکات و، بەو پێیە فەرمایشتیان لەگەڵدا دەکات، کە لەگەڵ ویست و گەورەیی و پەروەردگارێتیی خۆیدا گونجاو بێت . دیاریشە فەرمایشتی خوای مەزن و باڵادەست بە تەنیا بریتیی نیە لە قورئان، چونکە خوای پاك و بێگەرد شێوازی فەرمایشت کردنی هەیە کە لەگەڵ گەورەیی خۆیدا بگونجێ، بەڵام ئێمە نایان زانین. ئەوەی ئێمە ئەیزانین ئەمەیە : کە خوای مەزن و باڵادەست بە نهێنیی ئەحەدییەت بە پێی ئاستی پەی پێبردن و تێگەیشتنی مرۆڤ فەرمایشتی لەگەڵ دەکات.

بەڵێ، ئێمە تێگەیشتن و ئاستی پەی پێبردنی خۆمان لە قورئانی پیرۆزەوە دەست دەکەوێ، هەروەك قورئان هەموو مرۆڤێك بە ئاستی خۆی بدوێنێ. ئاستی فیکریی قورئان خوێن هەر چەند بێت، دەبینێ وا قورئان فەرمایشتی لەگەڵ دەکات. هەتا مرۆڤ، کە قورئان دەخوێنێ هەست دەکا، کە کەسێك لە نزیکیەوە بچووك ترین وردەکاریی نهێنیی و شارراوەکانی قورئانی پێ دەناسێنێ.

شتێکی یەکجار ئاساییە، کە قورئان لەسەر ئەم شێوازە بێت، چونکە قورئان فەرمایشتی ئەو خوا مەزنەیە، کە لە نەبوونەوە مرۆڤی بە دییهێناوە و، لە جیهانی مادده (لاشە)شدا پێی گەیاندووە و، هەموو ساتێکیش دەزانێ چی لە دڵیدایە، پاشان لە جیهانی (أمر)ەوە ڕۆحی

بە بەردا کرا. ئیتر نە ڕۆح بە تەواویی دەزانێ ئەو لاشەیە چییە کە چۆتە ناویەوە و، نە لاشەش بە تەواویی دەزانێ ئەو ڕۆحە چییە، کە بەردەوامیی بە ژیانی دەبەخشێ. لە هەموو کەسێ زاناتر بە هەردووکیان ئەو خوایەیە کە بەدیی هێناون و یەکی پێ گرتوون. قورئانیش فەرمایشتی ئەو پەروەردگارە مەزنەیە.

جا ئەم فەرمایشتە خواییە لە ناوەڕۆکدا بۆ خەڵك هیدایەتە و زامنی ڕاست بوونەوەیانە و، لە بارەی شێوازی دواندنیشەوە سەرچاوەی ئیرشادی پێغەمبەران و ئیرشادکارانە، بۆیە چاوی تێ دەبڕن و، بە ئیلهام داوای زانست و زانیاریی دەکەن.

ئەوە ڕاستییەکی ئاشکرایە، کە قورئان لەگەڵ چەندین ئاستی جیاوازدا ئەدوێ، چونکە فەرمایشتی ئەو خوایەیە، کە مرۆڤی بەدیی هێناوە و، بە هەموو دیاردە جیا جیاکانیەوە پەروەردەی کردووە .

هەزاران زانای پایەبەرز لە کاتی پێشکەش کردنی سەرنجەکانیان و بیر و بۆچوونەکانیان دەربارەی قورئان، جیاوازیی ئاستی تێگەیشتن و جیاکردنەوەی هەندێکیان لە هەندێکی تر دەرخستووە . هەتا لە چاك ترین سەدەیشدا، کار هەر بەم شێوە بوو، بەومانایەی تێگەیشتن و دەرك بردنی هاوەڵە بەڕێزەکان (خوا لێیان ڕازیی بێ) بە قورئان هەر هەمووی لە یەك ئاستدا نەبووە و، ئەم ئاست جیاوازییەش ڕێ لە کەڵك وەرگرتن لە قورئان ناگرێت .

سەرنج بدەن بیابان نشینێك - لە سەردەمی پێغەمبەردا (صلی الله علیه وسلم) - دێت و گوێ لە قورئان دەگرێت و، کەڵکی لێوەردەگرێ و، لە هەمان کاتیشدا چەندین شاعیری پایە بەرز، کە چامەکانیان بە دیواری کەعبەوە هەڵواسرا بوون، کەڵکی لێوەردەگرن، کە یەکێکیان (لەبید) ◾ و دوای بیستنی قورئان شیعری ڕێك نەخست. هەروەها

(خەنساء)، کە شاعیری پایە بڵندی ئەو چەرخە بوو، وای لێ هات، کە سۆزی دڵی تەنها بە قورئان خوێندن دەرببڕێ. بەڵێ ئەوانە بوون قورئان ئەیدواندن و، بە تەڕ و پاراویی دادەبەزییە سەر عەقڵ و دڵیان، تا ئەوەبوو بلیمەتە زۆر ژیرەکان بوونە دوێنراوی قورئان، بەوەی، کە بوونە قوتابیی لەبەر دەستیان، بە وێنەی (ئیبن سینا و، ئیبن روشد و، فارابیی و، ئیمام غەزالیی و، فەخرەددینی ڕازیی)، هەروەها (ئەبوحەنیفە و ئیمام شافیعیی و، ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و، مالیك) و، ئەوانەش کە ناویان نایەتە هەژماردن. بەومانایەی قورئان بە هەمان شێواز ئەیدواندن، واتە بە ڕادەی تێگەیشتنی خۆیان. ئەوەبوو قورئان بە پێی دەرك پێکردنی مرۆڤ مرۆڤی دەدواند و، ئاستی فیکریی ئەوانی ڕەچاو دەکرد. ئەم لایەنەی قورئان ئەوەندە سەیرە، هەر کەسێ بە دڵێکی هوشیارەوە گوێی بۆ بگرێ بڕوای وا دەبێ، کە لەم دواندنەدا مەبەست تەنها لەوە. لە مەیدانەکانی زانست و تەکنیکیشدا - کە ڕۆژانە چەندین هەنگاوی فراوان و پێش کەوتوو هەڵئەگیرێن، بەڕادەیەك کە مێشکانی سەرسام کردوون - چەندین کەڵەزانا هەڵکەوتوون. ئەو زانایانە بۆیان دەرکەوتووە کە چاك ترین شتێك ئەوان هەڵ بنێ و یارمەتییان بدات بۆ گەشە پێدانی ئەو توانا و لێهاتنە شاردراوانەی کە خوای پاك و بێگەرد بەوانی بەخشیوە، هەروەها لەکاتی دەست خستنەکانیشیاندا، کە لەو یاسا فیطرییانەدا، کە خوای پاك و بێگەرد لە گەردووندا دایناون، کاریان کردووە. بۆیان دەرکەوتووە بریتییە لە فەرمایشتی ئەزەلیی بەدیهێنەری بەخشندە، کە ئەویش قورئانی پیرۆزە.

بەڵێ هەزاران لە زانست دۆستان - لەگەڵ جیاوازیی ئاستیاندا - لە سەرچەمی زولاڵی قورئانی پیرۆزدا ئاو دەخۆنەوە و لە سێبەریشیدا

دادەنیشن. کاکی کیمیایی دەتوانێ وەها گوێ لە قورئان بگرێ هەروەك بە تەنیا ئەو بدوێنێ. ئایا تەنها ئەو وەهایە؟ بگرە کاکی فیزیاییش، فەلەکییش، بیۆلۆجییش، هەتا بیرکاریی و ئەندازیارییش، هەر یەکەیان دەتوانێ گوێ لە قورئان بگرێ هەروەك بە تەنیا ئەو بدوێنێ. کاکی کشتوکاڵییش بڕوای وەهایە کە قورئان لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی لە کشتوکاڵ دەکۆڵێتەوە. بە نیسبەت پزیشکێکی زرنگیشەوە وەهای دەبینێ کە قورئان وەك مەڵبەندێکی تەندروستی نووڕانی بێگەرد و ڕوون فەرمایشت دەکات و، نوور پەخشان دەکات و، هیدایەت دەدات و، ئاسۆی نوێ بۆ چارەسەریی نەخۆشییەکان فەتح دەکات و، لە هەموو مەڵبەندێکی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە چاکتر تیماریان دەکات. دەتوانرێ هەمان باس بۆ لقەکانی تری زانست بکرێ، بەومانایەی ئەو جوتیارەی، کە لە گوندێك دا زەویی دەکێڵێ و، ئەو زانایەش، کە تەنها بە پەنجەدانان لەسەر سویچێك چەندین ئاسۆی ئاسمانەکان ئەخرێنە سەر پشت، هەردووکیان پێکەوە دوێنراوی قورئانن.

ئا ئەم قورئانە مەزنەی، کە لە قووڵاییەکان ورد دەبێتەوە، بە پێی حاڵ و بارودۆخی هەموو مرۆڤێك دەرسمان فێر دەکات. لەگەڵ ئەوەش دا لە هەموو زانستێك بە شێوازێکی کورت دەکۆڵێتەوە، بەڵام هەرگیز دەریای زانیاریی (موسوعة علمیة) نییە. چونکە تاکە مەبەستی ئەو مرۆڤە، تا دەستی بگرێ و بۆ ئاسمانی بەرز بکاتەوە و، لەوێیشەوە بەرەو بەرزیی و بڵندیی هەتا هەتایی. جا لە کاتی ئەم کارەیدا بنچینەکانی ئیرشادیش فێر دەکات، کە ئیرشادکار یان تەبلیغکاریش ئەم شێوازە جیاوازانەی دواندنی قورئان دەبینێ و، ژیانیان پێ دەباتەسەر، بێگومان بارودۆخ و ئاستی دوێنراو هەمیشە بەرچاو دەگرێ و، قسەکانیشی بەو پێیە دەبن. جا هەر چەندە ئەمە کۆشش و ڕەنجێکی

زۆری لەو دەوێت، بەڵام زۆر بەکەڵکە، بگرە پێویستیشە.
ئەوانەی، کە وا ڕاهاتوون ڕستەی نادیار و داخراو و هەڵگری دەربڕینی فەلسەفیی بەکاربهێنن، بۆ ئەوەی کە ویقار و شکۆداریی لە قسەکانیاندا دەربخەن، ئەوانە لە هەڵەیەکی گەورەدان. چونکە ئەوەی، کە لە ئیرشاددا گرنگ بێ بریتییە لە جوان تێگەیاندنی دوێنراوەکان لەوەی کە تەبلیغیان دەکرێت، ئەمەش پێویستی ئەوە دەکات کە تەبلیغ کراوەکە ڕوون و دیار بێت و، تا دەتوانرێ دوور لە ئاڵۆزیی بێت. کەواتە پێویستە وتار بە شێوازێك بێت کە هەموو ئاستەکان بەوپەڕی سووك و ئاسانییەوە لێی تێبگەن.
گەنجی ئەمڕۆ دەربڕین و زاراوە دینییەکانیان بە لاوە نامۆن، بۆیە پێویستە بە زمانێك لەگەڵیاندا قسە بکرێ، کە لێی تێبگەن. دەگونجێ ئەم قسانەمان لەو قسانە بچوێنین کە لەگەڵ منداڵان دا دەیان کەین.
هەروەك ئێمە بە پێی بەڕێوەچوونی ئەو منداڵە سێ ساڵە هەنگاو هەڵدەگرین، کە دەستیمان گرتووە و، وەك ئەو قسە دەکەین و پێ دەکەنین و، هەموو حاڵەتەکانی بەرچاو دەگرین، وەهاش پێویستە لە کاتی ئیرشادکردن دا ئاستی تێگەیشتنی دوێنراوان بەرچاو بگیرێت، چونکە قسەی زل بەرانبەر بە منداڵان، جگە لەوەی دەیان هێنێتە پێکەنین، هیچ شتێك بۆ هەگبەی زانیارییەکانیان زیاد ناکات.
کاتێك کە ئیسلام لەم بەرەی ئێستامان تێ ئەگەیەنین، پێویستییەکی زۆرمان بەوە هەیە، کە چاو لە شێوازی تەبلیغ و ئیرشادی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بکەین، نەك چاوکردن لە شێوازی فەلسەفیی بەرگسۆن و باسکاڵ و ئەفلاتوون و دیکارت. پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) هەمیشە بە پێی ئاستی تێگەیشتنی کەسانی تر فەرمایشتی دەکرد، بۆیە فەرمایشتەکانی هەموو کەسێکیان دەگرتەوە، هەر یەکە

لە جێی خۆیەوە. لەگەڵ منداڵدا منداڵ و لەگەڵ گەنجدا گەنج و لەگەڵ پیردا پیر بوو. ئا ئەم شێوازە و ئا ئەم ڕەوشتە خواییيانە شێواز و ڕەوشتی پێغەمبەرانن (سەلامیان لێبێ). لە سەرداری پێغەمبەرانەوە (صلى الله عليه وسلم) دەگێڕنەوە کە فەرموویە: (إِنَّا مَعاشِرَ الأَنبِياءِ أُمِرنَا أَن نُكَلِّمَ النَّاسَ عَلى قَدَرِ عُقُولِهِم)[١]. دەفەرموێ: ئێمەی پێغەمبەران فەرمانمان بەسەردا دراوە تا خەڵك بە پێی ئاستی عەقڵیان بدوێنین. لە فەرموودەیەکی تریشدا: (أَنزِلُوا النَّاسَ مَنازِلَهُمْ)[٢]. دەفەرموێ: لەگەڵ خەڵکدا بە پێی پلەوپایەیان هەڵسوکەوت بکەن. بەمە ڕێسایەکی مەزنی ئیرشاد ڕوون دەکاتەوە کە نەتوانرێ فەرامۆش بکرێ.

---

(١) العجلوني، كشف الخفاء : ١ / ٢٢٥ - ٢٢٦ .

(٢) أبوداود، الأدب : ٢٠، مسلم، بدايات المقدمة .

لە گۆشەی ١
ئیمان - تەبلیغ - کارکردنەوە

أ- تەبلیغ و ژیان

گرنگترین یاسای تەبلیغ بریتییە لەوەی، کە: ((تەبلیغکار بەوە بژیی، کە تەبلیغی دەکات و، ئەوەش تەبلیغ بکا، کە پێی ئەژیی))، چونکە ئەو وا بەسەر ڕێی ڕێك و پێکی ئیمانداری ڕاستەقینەوە. ئیمانداری ڕاستەقینەش ئەو کەسە دەگرێتەوە، کە گەیشتبێتە پلەی کامڵ بوونی دەرەوە و ناوەوەی. لەلای ئەم ئیماندارە جیاوازییەك لە نێوان دەرەوە و ناوەوەیدا نییە. بەڵام ژیانی دوو فلەقانە بریتییە لە سیفەتی نیفاق و، تەبلیغکاری ڕاستگۆش لەو جۆرە ڕەوشتە قیزەونانە خۆی بە پاك ڕادەگرێ و، شتی وەهایش بۆ ئەو دەست نادات، چونکە ئیمانەکەی ئاسۆی ڕەوشتە بەرزەکانی پیشان داوە.
لە لایەکی تریشەوە تەبلیغکار دەزانێت، کە ئەو ئامۆژگاریی و ڕێنماییيانەی کە نابنە ژیان و گوزەران، هیچ ئەنجامێکی ئەرێنی لە ویژدانی کەسانی تردا جێ ناهێڵن. چونکە ئەو قسە و هەڵس و کەوتانەی، کە لە ئیخلاص خاڵیی بن، خوای پاك و بێگەرد خێر و بەرەکەتیان بەسەردا نابارێنێ. بەڵام ئەو سەرکەوتنانەی، کە بە هەندێ کردەوەی کەسانی ناموخلیصەوە یان نیمچە موخلیصەوە دەیبینین، هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی بەدیل، سەرەڕای ئەوەش، کە ئەوە

شتێکی ڕەفتەنییە، یان جاروبار بەدیی هاتنی ئەو حاڵەتانە هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی کەسێك، کە لەو کاتەدا ئیخلاصی چاکتری هەبێ، یان موخلیصە ڕاستگۆکان هێشتا نەیان توانیوە مەڵبەندی ڕاکێشان بەرپا بکەن . هەرکە کۆتایی ناموخلیصەکان هاتە پێشەوە، قەدەر حوکمی تیاچوونیان بەسەردا دەدات. جا ئەم یاسا خوایییە لە دێرین زەمانەوە هەتا ئەمڕۆمان کاری کردووە. لەبەر ئەمە با ئەو سەرکەوتنە هەندەکیی و ڕەفتەنییەی ناموخلیص و ئیخلاص ناتەواوان ئیمانداران و ئەهلی فەراسەت نەخەڵەتێنێ.

دەکرێت ئەو هەندە سەرکەوتنەی، کە شیوعییەت و سەرمایەداریی بەدەستیان هێنا بکرێتە نموونە بۆ ئەم باسە، چونکە هەردوو ڕژێمەکە لە ماوەیەکدا سەریان هەڵدا و، هەر یەکەشیان لە شێوەی بەدیلی ئەوی تردا سەری هەڵدا و، لەبەر نەبوونی تەوژمی چاکتر و ئیخلاص زیاتر لەو ماوەیەدا، کە ئەو تەوژمە نیفاقییە بێئاگاکەرانە سەریان هەڵدا، ئەوان گەشەیان کرد و بڵاوبوونەوە. دەشتوانین بڵێین موخلیصە بە ئاگاکان لە نزیکەوە لە ڕووداوەکان ئەکۆڵینەوە، ئیتر لەمەو دوا لە بازاڕی جیهاندا تەنها موخلیص متانەی پێ دەکرێت و، هەر ئەو جۆرانەش کڕیاریان دەبێت. ئیتر کاتی ئەوە هاتووە ناموخلیصەکان لەم بازاڕە خوایییەدا دەر بکرێنە دەرەوە. شیوعییەتی هیچ و پووچ کە هەر لە کاتی لەدایك بوونیدا حوکمی تیاچوونی بۆ دەرچووە، لە بازاڕی حەقیقەت و ئیخلاص دا کراوەتە دەرەوە و بە وێنەی پاشەڕۆیێك فڕێ دراوەتە لاوە و، لەوانەیە بانگەوازی ئەهلی ئیسلامیش، وەك دێتە بەرچاو، کاتی هاتبێ تا ببێتە تاکە بەدیل.

* * *

تەبلیغکردنی ئەوەی تەبلیغکار بۆی دەژیی، یان بەشێوەیەکی تر تەبلیغکردنی ئەوەی، کە ئەو نوێنەریەتی، بە موحاسەبەکردنێکی سەرەمری خۆی و چاودێرییکردنی خودی خۆی لەلایەن ویژدانیەوە دەست گیر دەبێ. ئیتر نەبینراوە کەسێك، کە بۆ لاشە ژیا بێ و هێشتا کامڵ نەبوو بێ، لە ژیانی دووفاقیانە ڕزگاری بوو بێ. جا هەڵگرانی ئەو جۆرە ڕۆحانە بارودۆخیان، حەقیقەتیان دەرناخەن و هەرگیزیش وەك ئەو هەڵسوکەوت و ڕەفتارەی خۆیانیان لێنایەت، بۆیە هەر ڕێز و پێگەیشتن و دامەزراوییەك لە ناو کۆمەڵدا ئەنوێنن، لەبەر ئەوەی، کە زۆرکاریی و ڕواڵەتییە، کەسانی تر بە بارگرانیی و پێناخۆش بوون سەیریان دەکەن. ئەوانە کە تەنیا دەبنەوە کەمتەرخەمن و دڵکار نین. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر پێنەگەیشتن و بێتوانایی و بەس نەبوون و، لابردنی ئەم کارانەش بەستراوە بە عەقیدەیەکی دامەزراو و، پشت بە خوا بەستنێکی تەواو و، ملکەچیەکی ڕێك و پێك .

بەڵێ، تەبلیغکار لەم کارە ورد دەبێتەوە و، لەبەر دەم خەڵك دا چۆن بوو، کە تەنیاش کەوتەوە هەروا دەبێ و، هەولێشدەدا هەموو حاڵەت و هەڵس و کەوت و ڕەفتارێکی دیار و نادیاری پاڵفتە و ڕاستگۆیانە بێت. ئیتر ڕەفتاری تاکیی و کۆمەڵایەتیی وەهای لێوە دەر دەکەون کە بە هیچ شێوەیەك نەکەوێتە تەنگ و چەڵەمەی کاری پێچەوانەییەوە. تەبلیغکار شەویشی وەك ڕۆژی ڕووناکە و، ڕۆژیشی وەك خۆر گەشاوەیە. خۆ ئەگەر هەڵەیەکیشی لە دەست دەر بچێت - ئەگەرچی بچووکیش بێت - ئەویش بە بۆنەی بێئاگاییەوە، خێرا بە خۆیدا دێتەوە، بە توندیی موحاسەبەیەکی وەهای دەکات، کە لە ژێر باریا بناڵێنێ. ئیتر شەرمەزار دەبێ باسی نوێژو ڕۆژو بکات، لە کاتێکدا ئەو خۆی شەونوێژی لە کیس چووە و، شەوەکەی پێ نووڕانی نەکردووە. بۆ

لابردنی تاوانێك، كە بە بۆنەی نەزەرێكی حەرامەوە تووشی چاوی بووە، بە كوڵ فرمێسك هەڵدەڕێژێ و، ئەو پاروودش، كە حەرام یا نیمچە حەرامی پێوەیە لە قورگیا ئەگیرێ و، لێی ئەكا بە ژانە سك و، لادانێكی كەمیش لە ڕۆحیدا وای لێدەكات كە هەست بەگڕی دۆزەخ بكات.

بەڵێ، ئەو بیروبۆچوونانەی، كە بەسەر خاوەنەكەیاندا جێبەجێ ناكرێن، هەرچەندە دڵڕفێن و پێویست بن بۆ ژیان، بە پێی پێویست بە لای خەڵكەوە وەرناگیرێن، چونكە ئەو وشانە لە ویژدانی قسەكەرەوە دەرنەچوو بوون و، مەحاڵیشە بیرێك، كە هێشتا لە ویژدانی خاوەنەكەیدا جێگیر نەبووبێ، لە ویژدانی خەڵك دا جێگیر ببێ..

ب- تەبلیغ و پێوانە

ئیرشاد و تەبلیغ لە كۆمەڵگەی ئیسلامییدا فەرمانبەرییەك نیە و بەس، بەڵكو پێوانە و ئەندازەگرتنی هەموو شتێكە، بەوەی كە تاكەكانی ئەو كۆمەڵگەیە هەموو كاروبارێكیان بە پێی ئەو ئەندازەگرتنە ئەپێون و، كاتەكانی ڕۆژیشیان هەر بەو ڕێك دەخەن و، شەوەكانیشیان بە ناڵەی ئەو لێ پرسراوییەوە بەسەر ئەبەن. لەبەرئەوە هاتنی كەسێك بۆ مزگەوت، یان گەڕانەوەی لە ئەنجامدانی فەرزی حەج، یان بەشدارییكردنی لە ئاهەنگی لەدایك بوونی پێغەمبەردا (صلی الله علیه وسلم) و، لەو جۆرە كارانە، نابێتە پێوانە، بگرە تەبلیغكاری چاك بە یەكجاریی لە هەموو ئەو شتانە دوور دەكەوێتەوە، كە ئاماژە بۆ ئەوە بكەن، كە بانگەواز بكرێتە ئەو فەرمان و بەند و باو و ڕواڵەتانەی كە ڕۆحی تەبلیغ و ئیرشاد بە فەنا ئەبەن. بەڵام لەوانەیە ئەم كاروبار و شێوازانە بۆ هەندێك دڵ خۆشكەر بن، بەڵام لەوەوە زۆر دوورن،

کە ببنە ئەندازە و پێوانەی ناو کۆمەڵگە. لە ڕاستییشدا لە پێشی ئەو هۆیانەوە، کە کۆمەڵگە بەرەو تیاچوون و ڕووخان ئەبەن و، هێزە ماددیی و مەعنەوییەکەی نەزۆك و بێپشت دەکەن، بریتییە لەوەی کە بە هەستێکی کامڵ و، بە نەخشەیەکی تەواوەوە فەرمانبەریی ((فەرماندان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە)) نەدراوە.

لە سەرمان پێویستە بڕوامان وەها بێ کە ئەم فەرمانبەرییە بڵندە لەم ڕۆژەماندا قەرزێکی فیطرییە لە گەردنی هەموو تاکێکی کۆمەڵگەدا، چونکە گێژاوی فیتنە و ئەو زۆنگاوانەش، کە لە کەلێنی مرۆڤایەتییەوە دەڵێنراون یەکەمجار تاکەکان ڕائەماڵن، پاشان ئەو کۆمەڵگەیانەش، کە لەوان دروست بوون، هەڵیان دەداتە شیوە قووڵەکانی تیاچوونەوە.

بەڵێ، بە پڕاوپڕیی بڕیاری لەسەر دەدەین کە ئەم کارە پێش هەموو شتێك کارێکی ئیمانییە و، ئەوانەش، کە هەتا ئێستا ئەم دینەیان سەرخستووە و، خۆیان کردووە بە خاوەنی، ئەوانە ئیمانداری بەهێز بوون . کارەکە لەمەو پێش وەها بووە و، ئەمڕۆش وەهایە و، سبەینێش هەر بە هەمان شێوەیە . ئەو بزووتنەوەی ئیرشاد و تەبلیغەی، کە لە کۆمەڵگەیەکی گەورەدا چەند کەسێکی ئیمان بەهێز ئەنجامیاندا، ئەوەبوو لە ماوەیەکی کەم دا گەیشتە ناو ویژدانی کۆمەڵێکی زۆری خەڵك و، بووە یەکەم خەمیان. ڕوونکرنەوەی ئەمەش تەنها بەوە دەبێ، کە سیفەتی تایبەت بەم بزووتنەوە بریتییە لەوەی کە لە کاری ڕواڵەتیی و باو و نەریت بەدوور بێت.

جووڵانەوەی دوور لە چەرمەسەریی و ڕەنج و تەقالاش لە دوای ڕواڵەت و دیلیی باو و نەریت ڕزگاری نابێت. لە ڕاستییشدا ئەو بزووتنەوانەی کە لەسەر باو و نەریت و ڕواڵەت بەرپا دەبن، بەندیخانە و، فرمێسك و، چەرمەسەریی فیکریی بە بیردا نایەت و، دوای ئەوەش

لە ئیخلاص و خۆشەویستیی و لەباوەش گرتن بێبەش دەبێت.
کورتەکەی: ئیرشادکار هەموو جموجوولە و هەڵسوکەوت و ڕەفتارێکی بە پێی ژیانی ئیرشادیی خۆی ڕێك ئەخات. ئەگەر ویستی بۆ شوێنێك بڕوات بە نیازی ئیرشادەوە بۆی دەچێت. واتە لە جوولان و وەستان و هەستان و دانیشتنیدا بیری وا بە لای ئیرشاد و تەبلیغەوە ئیتر لە ژیانیدا کاتی نییە بۆ سەیرانی تایبەتیی، بەڵکو هەوڵدەدا پێویستییە فیطرییەکانی لەگەڵ ڕاست ڕەویی بانگەوازە بەرز و پیرۆزەکەیدا ڕێکبخات. واتە ڕۆژێك دێت لەسەریان لێی دەپرسرێتەوە. ئا ئەمەیە ڕێبازی پیغەمبەران و صددیقان و ئەولیا و شەهیدان. ئەوان ئەوەیان تەبلیغ دەکرد کە کردبوویانە ژیان و، ئەوەشیان دەکردە ژیان کە تەبلیغیان کردبوو، بە پێچەوانەی مونافیقەکانەوە، کە ئەوەیان تەبلیغ دەکرد، کە ڕەفتاریان پێ نەدەکرد و، ئەوەش، کە تەبلیغیان کردبوو گوێیان پێ نەدەدا. دەبینی هەر ڕۆژە و لە گێژاوی ڕێیەکی لار و وێردا نوقوم دەبن. بەمە خۆیان گومڕا دەبوون و، ئەوانەشیان گومڕا دەکردن، کە شوێنیان دەکەوتن. ئیتر خۆیان تیاچوون و کەسانی تریشیان لەناو برد.
((خوای گەورە وەحی بۆ عیسا (سەلامی خوای لێبێ) نارد و پێی فەرموو: ئەی کوڕی مەریەم! ئامۆژگاریی خۆت بکە، جا ئەگەر خۆت ئامۆژگارییت وەرگرت ئەوا ئامۆژگاریی خەڵکیش بکە. ئەگینا شەرمم لێ بکە و نەکەی ئامۆژگاریی خەڵك بکەیت))[1].
لە ڕاستییدا ئەم فەرمایشتە ئاڕاستەی عیسای سەردارمان (سەلامی خوای لێبێ)، وەك پێغەمبەرێك نەکراوە، بەڵکو وەك بانگخوازێك بۆ لای خوای پاك و بێگەرد، کە لە پلەی ئیرشاددا بێت، ئاڕاستەی کراوە. لەبەر ئەمە دواندنەکە بە ئەی عیسا دێت، واتە فەرمایشتەکە

---

(١) الرسالة القشيرية : ٢١٦، الغزالي، الاحياء : ١ / ٧٨ .

ئاراستەی پێغەمبەریش و ئاراستەی هەموو کەسێکیش کراوە کە کاری ئیرشاد و ئامۆژگاریی دەگرێتە ئەستۆ، تا ئەوەی، کە تەبلیغی دەکات و ئامۆژگاریی خەڵکی پێ دەکات خۆی بە شعووریی پێی بڕیی و بیکاتە ژیان، تا کار بکاتە سەر غەیری خۆی. قورئانی پیرۆزیش ئەم مەسەلەیە بە جوانترین شێوە ڕوون دەکاتەوە کە دەفەرموێ:

﴿ أَتَأْمُرُونَ ٱلنَّاسَ بِٱلْبِرِّ وَتَنسَوْنَ أَنفُسَكُمْ وَأَنتُمْ تَتْلُونَ ٱلْكِتَٰبَ ۚ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ﴾ (البقرة: ٤٤).

قورئانی پیرۆز یەکەمجار ئامۆژگاریی ئەوە دەکات، کە خودی خۆتان چاك بکەن، بگرە پێش خستنی خۆتانی بە لاوە چاکترە. ئایا ئێوە کە ئایەتەکان دەخوێننەوە عەقڵتان بەمە ناشکێ؟

بێگومان ئەم ئایەتە پیرۆزە هەڕەشەیەکی ئاشکرایە بۆ سەر بەنی ئیسرائیل و، لە هەمان کاتیش دا ئاگادارکردنەوەیەکە بۆ موسڵمانان، کە پێیان دەفەرموێ: نەکەن ئەو شتەی کە ڕەفتاری پێ ناکەن بە خەڵکی بڵێن، چونکە ڕەفتار نەکردن بەوەی کە تەبلیغکار دەیڵێت سیفەتێکی نیفاقییە و خەڵەتاندنیشە وەك باسمان کرد. ئەوەبوو لە سەردەمی شکستدا زۆرمان لە بێکەڵکیی قسەی ئەوانە بۆ دەرکەوت، کە ئەو ڕێبازەیان گرتە بەر، بگرە متمانەی ئوممەتیشیان لە دەستدا.

زۆرن ئەوانەی، کە هەڵگری لایەنی فیکریی ئیسلامن، یان بە شێوازێکی ئەکادیمیی ڕاڤەی دەکەن، بەڕادەیەك، کە لەو مەیدانەدا بیروبۆچوون بەرهەم دێنن، بەڵام لەبەرئەوەی، کە ئەوەی دەیڵێن لە ژیانیاندا ڕەنگی نەداوەتەوە، شوێنەواریان نامێنێ. چونکە ڕەفتاریان ڕێکوپێك نەبوو و، قسەکانیشیان لە کرۆکی ئیمانیانەوە هەڵ نەقوڵا بوون. بە مەرجێ ئەمانە ((ڕێگای ڕاست)) یان بۆ خەڵك شی

دەکردەوە و، لافی ئەوەشیان لێ دەدا، کە ئیرشادیان دەکەن، بەڵام، کە شەماڵێکی سووکەڵە هەڵی کرد دەورویەر هەمووی هاتە لەرزە و، هەر ئەوە بەس بوو تا بەیەك جاریی دەست هەڵبگرن، بگرە ئەوەی، کە بە خەڵکیان وتبوو هەر هەموویان لە بیر چوویەوە و، هەر هەمووشیان بە درۆ لە قەڵەم دا و، چوونە ڕیزی دوژمنی بەرانبەریانەوە و، دەستیان کرد بە بەرگریی لێی. لە کۆتاییشدا تیاچوون و، چوونە ڕیزی نەبووانەوە. بەڵام بەداخەوە شارستانیەتێکی تەواویان لەسەر زەوییدا سڕییەوە.

ج- تەبلیغ و چەرمەسەریی

قەدەری خوایی وای هێناوە، کە فەرمانبەریی تەبلیغ لەگەڵ چەرمەسەرییدا هاوڕێ و تێکەڵ بن و جیابوونەوەیان بۆ نەبێ. چونکە ئەو شتانەی، کە بە نارەحەت و ماندوێتیی دەست بکەون، بایەخیان پێ ئەدرێ و چاودێریی و پارێزگارییان لێ دەکرێت. کەچی ئەو سامانەی، کە بەبێ ماندووبوون و زەحمەت کێشان دەست کەوتووە، بە چەند دەقیقەیەك لەناو دەبرێت. بە تایبەتیی ئەگەر ئەو کارە بەسترابێ بە ناساندنی خواوە بە خەڵك، ئەوا بەهەدەردانی ئەو کارە مانای کۆتایی هێنانە بە گرنگترین بنچینەی مەبەستی بوونی مرۆڤ و، کۆتایی هێنانیشە بە زامنیی مانەوەی. ئەمەش ڕاستەوخۆ ئەوە دەگەیەنێ، کە بوونی مرۆڤ لەسەر زەوییدا هیچ کەڵکێکی نییە. بۆیە مرۆڤ ناچارە - بۆ دەست خستنی ئەم فەرمانبەرییە بڵندە - کەڵك و مەبەستێك بۆ بوونی خۆی دابنێ.

دوێنێ خەڵکانێك لە بەندیخانەیەکەوە گوازراونەتەوە بۆ یەکێکی تر، بگرە بەندیخانەکانی وڵات بوونەتە ماڵ و مەنزڵیان، چونکە هیچ جۆرە سزایەك نەما ئەوان نەیچێژن و، هیچ شێوەیەکیش لە شێوەکانی

سووك سەیرکردن و ڕیسواکردن نەما ئەوان نەیبینن. هی وایان هەیە لە ناو کەس وکاریدا بۆ لێکۆڵینەوە براوە و، نەگەڕاوەتەوە لایان. بگرە زۆرێك هەبوون بەیانیان خواحافیزییان لە کەس وکاریان دەکرد و بە تەمای گەڕانەوە نەبوون بۆ لایان. ئەوانە هەر هەموویان هەر ڕەنج و مەینەتێکیان دایە بەر خۆیان لە پێناوی بەردەوام کردنی هەوڵو تێکۆشاندا بوو. ئەوەبوو لە ماوەیەکی یەکجار کورتیشدا سۆزی بەلێشاوی خوای گەورە هاتە فریای ناڵەی چەند کەسێك و، ئەو هەوڵوکۆششە کفتە پاڵفتە و خاوێنانە بەرێکی پێگەییویاندا و، ئەمڕۆ ئێمە بە فەزڵی خوا لەسایەی لقەکانیدا دەحەسێینەوە.
بەڵێ، هیچ کەسێك مافی ئەوەی نییە کە ئەم سامانە پیرۆزە بە هەدەر بدات. جا ئیمانداران بە کەڵك خواردنی ئەم خزمەتە، کە گەییوەتە ئاستێکی دیارییکراو، بە هەمان هەست و سۆزەوە، کە بە ئاهـ و ناڵەی سزا چەشتوانەوە شێلدراوە سەروکاریی دەکەن و سەری دەخەن.
باسی ئەوەمان کرد، کە ئەم کارە کارێکی ئیمانییە و، هەر کەسیش دەیەوێ ئیمان سەر بخات لەسەری پێویستە عەزمی جەم بکات لەسەر بەردەوامیی ژیانی ئیمان. با ئەو عەزمەشی - بە لایەنی کەمەوە - وەك ئەو عەزمەی بێت، کە ماڵ و منداڵەکەی بەڕێوە دەبات، واتە وەك چۆن بەرگریی لە ماڵ و منداڵەکەی دەکات دەبێت وەهاش بەرگریی لە بانگەوازەکەی بکات. ئەگینا ئەگەر بە پێچەوانەی ئەوە بکات لە سەرەنجامەکەی بەنی ئیسرائیل ڕزگاری نابێت.
تەبلیغکار و ئیرشادکار هەمیشە چاوەڕوانی ئەوەیە، کە ڕووبەڕووی نارەحەتیی و تەنگ و چەڵەمە ببێتەوە و، بە بەردەوامیی ئەمە بیری خۆی دەخاتەوە و، بەیەقینییش بڕوای وەهایە، کە ئەگەر ئەوەی تووشی ئەوانەی پێش خۆی بووە لەسەر بانگەوازەکەیان تووشی ئەمیش نەبێ

سەرکەوتن بە خۆیەوە نابینێ. واتە هەمیشە بە دوای عەزیمەتدا دەگەڕێ و خۆی بۆ بەرگەگرتنی ناڕەحەتیی ئامادە دەکات. ئەگەر بە ئاسانییش لێی وەرگیرا ئەوا سوپاسی ئەو پەروەردگارەی دەکات، کە ئەو نیعمەتەی بە سەردا باراندووە و، لەسەر بانگەوازی خۆی بەردەوام دەبێت.

ئیماندار دڵسۆز و ڕاستگۆیە، واتە ئەوەی دەیڵێت ڕەفتاری پێ دەکات، یان هەر شتێ خۆی ڕەفتاری پێ نەکات بە خەڵکییشی ناڵێ. پێچەوانەی ئەویش درۆزن و دووڕوە، وەك قورئان وەسفی دەکات. ئەو کەسەی کە هەلێکی دەست کەوت دەربارەی دین و ئیمان و قورئان قسە دەکات و، ئیسلام ڕاڤە دەکات، پێویستە ژیانی خۆی بە پێی ئەوە بێ، کە تەبلیغی دەکات. کەواتە لە ژیانیدا جێی تاوانێك نابێتەوە، یان تاوان بەسەرچاوەی دڵەتەپە و شڵەژاویی بۆ خۆی لە قەڵەم دەدا. خۆ ئەگەر گوناهێکی لە دەست دەرچوو، ئەوا بە درێژاییی تەمەنی و لە قووڵاییی دڵیەوە هەست بە سزا و تێوەژەندنە پڕ ئازارەکانی دەکات. هیچ گوناهێك لە ڕۆحیدا زۆر جێگر نابێت. ئیماندار نەزەری حەڕام ناکات و، دەستی بۆ شتی حەڕام درێژ ناکات و، بە شوێنێکیشدا ناڕوات، کە حەڕامی تێدا بێت. شەویشی وەك ڕۆژی ڕوون و گەشاوەیە، بەرماڵەکەشی شەیدای سوجدەکانی ناوجەرگەی شەویەتی. ڕۆژێك لێی نەبیستراوە بڵێ: ((نوێژی بەیانیم لە کیس چووە)). خۆ ئەگەر لە بێدەسەڵاتیدا نوێژی بەیانی لە کیس چوو ئەو ڕۆژەی بەداخ و خەفەت و هەناسە هەڵکێشانەوە بەسەر دەبات، بەڕادەیەك بە درێژاییی ئەو ڕۆژە لە هەڵسوکەوتیدا ڕەنگ دەداتەوە و، لە پەشیمانیشدا بەسەر خۆیدا دێتەوە.

د- تەبلیغ و نیفاق (دوو ڕوویی)

هەست کردن بە چاودێریی و لێپێچینەوە هۆیەکی هەڵنانی هەمیشەییە بۆ تەبلیغکار و ئیرشادکار. ئیرشادکار لە چاودێرییەکی هەمیشەیی خۆیدایە. چاودێریی هەست و بیرلێکردنەوەکانی دەکات و، هەوڵیشدەدا ئەوەی، کە بە کەسانی تری تەبلیغ دەکات، یەکەمجار لە دڵی خۆیدا جێگیر ببێ و بیکاتە کالآی بەری خۆی. لە هەمان کاتدا خۆی لەوە لا بدا و بپارێزێ، کە تەبلیغی کەسانی تر بکا و ئامۆژگارییان بەو مەسەلانە بکات کە هێشتا دەروونی خۆی لەسەریان موحاسەبە نەکردووە. ئەم خۆلادانەش لە تەبلیغکردن قەدەغەی ناکات، بەڵکو هەڵیدەنێ بۆی و، بەرەو ئیرشادی زیاتر پاڵی پێوەدەنێ. چونکە ترسانی لەوەی، کە بکەوێتە ناو نیفاقەوە، یان لە مونافیقان بچێت هەمیشە بەرەو ئیخلاص پاڵی پێوە دەنێ.

پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) لە فەرموودەیەکی ترسێنەری سامناکدا باسی ئەو کەسە دەکات، کە کاری ئیرشاد و ئامۆژگاری تەنها بە دەم ئەنجام دەدات، کە دەفەرموێ: (إِنَّ أَخوَفَ مَا أَخافُ عَلى أُمَّتِي كُلُّ مُنافِقٍ عَلِيمِ اللِّسَانِ)[1]. دەفەرموێ : ئەوەی کە لە هەموو کەسێك زیاتر دەترسم زیان بە ئوممەتەکەم بگەیەنێ هەموو مونافیقێکی زمان پاراوە .

هەر کەس ئەم ڕوون کردنەوە بەهێزە نوورانییە دەبیستێ با نەچێتە جیهانی ئەندێشە و ئەندامەکانیشی نەیەنە لەرزین، چونکە مرۆڤ لە هەر پلەیەکدا بێت، بەیناوبەین، پێویستیی بە تەبلیغی شتێك هەیە بە کەسانی تر. جا ئەم فەرموودە شەریفە و هاوێنەی دەبنە هۆی ئەوە،

---

(١) المسند : ١/ ٤٤ .

کە نەهێڵن ئیرشاد و تەبلیغ لەناو بچێت. هەرچەندە ئەم مەسەلەیە هەڕەشەی زۆری تێدایە، ئەوا بەردەوام بەو تیاچووانە دەگەینەوە، کە لە شێوەکانی گومڕاییدا هاتوچۆ دەکەن. ئەو جۆرە کەسانە بەبێ وەستان لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن و ستوونی ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا قسە ئەڕازێننەوە و، دەربارەی دین و ئیمان و قورئان ئەدوێن، کەچی ناوچاوانیان چەپەڵە و سوجدەی بە خۆیەوە نەدیوە و، دڵیشیان ئیخلاصی تێدا نییە و، ئاوێتەی بەدبەختییە و، لە ڕاستگۆییش خاڵییە. جا ئەم ڕۆحە کلۆڵانە نازانن کە لە سەدا نەوەد و نۆی دین پەیوەندیی بەو کەسە خۆیەوە هەیە، جا ئەگەر ئەو کەسە ئەم کارانە بەرچاو نەگرێ ئەوا بە چەنەبازێکی هەڵەوەڕ، یان مشتومڕ خوازێکی توندوتیژ لە قەڵەم دەدرێ.

کاتێك، کە قورئانی پیرۆز سیفەتە بنەڕەتییەکانی ئیرشادکار ئەژمێرێ، باسکردنی تایبەتمەندییەکانی دووڕووان پشتگوێ ناخات، چونکە هەڵدانی ئەو شتانەی، کە ئیرشادکار لێیان دوور دەکەوێتەوە و، خۆی لێیان لادەدا، ئەوەندەی باسکردنی ئەو کارانەی، کە ئەنجامیان دەدا و بەرگرییان لێدەکات گرنگە. بەمە قورئانی پیرۆز لەکاتی وەسفکردنی دووڕوواندا شێوازێك بەکاردەهێنێ، کە ئیمانداران لەو سیفەتانە دوور بگرن.

لەم بوارەدا قورئان هێرشێکی گەورە بەرپادەکات، بەڕادەیەك، کە خورپە و شاردراوەی دڵیان و مەترسییە نادیارەکانی ناوەوەیان، بگرە هەتا نیەتیان باس دەکات و، دەیانخاتە بەرچاوان، بەڵکو جارجاریش بەژن و باڵا و سروشتیان پێناسە دەکات. سەرنجی ئەم ئایەتە پیرۆزە بدەن:

﴿وَإِذَا رَأَيْتَهُمْ تُعْجِبُكَ أَجْسَامُهُمْ وَإِن يَقُولُوا۟ تَسْمَعْ لِقَوْلِهِمْ كَأَنَّهُمْ

خُشُبٌ مُّسَنَّدَةٌ يَحْسَبُونَ كُلَّ صَيْحَةٍ عَلَيْهِمْ هُمُ الْعَدُوُّ فَاحْذَرْهُمْ قَاتَلَهُمُ اللَّهُ أَنَّى يُؤْفَكُونَ ﴾ (المنافقون: ٤).

وەك لە ئایەتە پیرۆزەکەدا دەبینین ئەوانە بە سیفەتە گشتییەکانی دووڕوو پێناسەیەکی ڕوون و ئاشکرا کراون، کە گومان هەڵناگرێ. واتە قورئان بە شێوەیەکی ڕوون، کە لەوە ڕوونتر نەبێ، دەیانخاتە ڕوو، بەڕادەیەك کە هیچی لە لاشەو، جموجووڵ و، نیشانە و، قسە و، هەڵسوکەوت و، بارودۆخیان لەدەستی دەرنەچێ. ئەو دووڕووانە توانایان هەیە، کە خەڵکێکی زۆر کۆبکەنەوە و، بە وتارە سیحراوییەکانیان و، بەو کارامەیی و زمان پاراوییەی، کە پێیان بەخشراوە، وایان لێ بکەن وەك گا گەل بیانخەنە دوای خۆیان. ئەوانە وەك تەختەی پاڵپشتنراو وەهان. بە دەربڕینێکی ڕوون ئەوانە دوژمنن. قورئانی پیرۆزیش ئەمە بۆ هەموو زمان پاراوێکی لەمەوبەر و ئێستاش باس دەکات، ئەوانەی کە بە ناوی دین و ئومـمەت و نیشتمانەوە دەم پان دەکەنەوە، بێ ئەوەی شتێکی ئەوتۆیان ئەنجام دابێ. قورئان وێنەی ئەوانە بە شێوازی هەڕەشەیەکی جیددیی دەدوێنێ: لە پێناوی حەقدا ماوە بە ناڕەوا مەدەن بێتە ناو ڕیزەکانتانەوە. ناکۆکیی و بەرهەڵست کردن لە ڕیزەکانتاندا مەورووژێنن.

بەڵێ، ئەم ڕەفتارانەی، کە بۆ هەڵدانی ناونیشانی دووڕوو باسکران، هەموو یەکێ لەوانەی، کە لە پێناوی حەق و بە ناوی حەقەوە کار دەکات دێنێتە لەرز و ڕاچڵەکین. ئەمانە لەو ناکۆکییانەن کە دەگونجێ هەموو مرۆڤێك هەموو کاتێك پێیانەوە گیرۆدە ببێ. لەبەر ئەمە ئەوانەی لە مەیدانی ئیرشاددا کار دەکەن لەسەریان پێویستە زۆر ورد و وریا بن.

هـ- تەبلیغ و پەیوەندیبەستن بە خواوە

وتە و هەڵسوکەوتەکانی ئیرشادکار بە ڕادەی ئیخلاصی کاریگەریان دەبێت. خۆ ئەگەر ئیخلاص نەبوو ئەوا قسەی ڕێزدار و پڕ ئەدەب کاریگەریی نابێ، هەتا ڕاستە، کە بڵێین: هیدایەت وەرگرتن پەیوەندیەکی بەهێزی بە تەبلیغ و تێگەیاندنەوە نییە، چونکە هیدایەت بە دەستی خوای پاك و بێگەردە. خۆ ئەگەر خوا نەیەوێ کەسێك هیدایەت بدرێ، هەرگیز کەسێك نابێتە هۆ بۆی. لە قورئانی پیرۆزیشدا هاتووە:

﴿ إِنَّكَ لَا تَهْدِي مَنْ أَحْبَبْتَ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَهْدِي مَن يَشَآءُ ... ﴾

(القصص: ٥٦).

لەبەر ئەمە بنەڕەتی مەسەلەکە بریتییە لە پەیوەندیی بەستن بەو خوایەوە، کە بەڕێوەبردنی گەنجینەکانی غەیب و ئێستای بە دەستە. هیدایەتیش گەنجینەیەکی گەورەیە و بێگومان کلیلی ئەویش هەر بە دەستی خوای گەورەیە. کەواتە لەهەموو شتێ پێویستتر بۆ ئیرشادکار و تەبلیغکار ئەوەیە کە لە کاتی تەبلیغکردنی هەرشتێك بە دوێنراو بە ئیخلاصی تەواوەوە پەنا بەرنە بەر ئەو خوا بەتوانایەی، کە کلیلی هەموو شتێکی لەدەست دایە.

چەندین پیاوی خاوەن عەقڵی گەورە هاتن و کۆچیان کرد. جا هەرچەندە لە بەیان و وتارداندا لە ئاستێکی بەرزدا بوون، کەچی نەیانتوانی چەند کەسێکی کەم بۆ کارێکی دڵکار کۆبکەنەوە. ئەوانە لە هەندێ لایەنیاندا دڵسۆز نەبوون، چونکە وەهایان بە بیردا ئەهات کە هەموو شتێك بە لای خۆیانەوەیە و، هەموو ئەنجامێکیشیان وابەستەی خۆیان دەکرد. لە بەیاندا پیاوانی وەها ژیر و وریایان لەناودا بوون، کە

دەیانتوانیی هەزاران کەس بخەنە دوای خۆیان، بەڵام بە بۆنەی ئەوەوە ،کە بە دووڕوو چەپەڵ ببوون، هیچیان دەستگیر نەبوو. هی وایان هەبوو خۆی نوێژی بەجێ نەئەهێنا، کەچی دەربارەی نوێژ دەدوا. هی وایان هەبوو ڕاڤەی جوانیی ئیسلامی دەکرد، کەچی خۆی بە گوێرەی ئیسلام نەدەژیا. زمانیان وەك بولبول دەیخوێند، کەچی دڵیان بە ڕق و کینە و مەبەستی شەخسییەوە لێی دەدا. ئا لێرەدا قورئان دووڕووی لە بنی بنەوەی ئاگردا لە قەڵەم داوە. لەبەر ئەمە لەسەر هەموو تەبلیغ کارێکی دڵسۆز پێویستە پەنجا جار سوجدە بۆ خوا بەرێت و، هانای بۆ بەرێت. نەوەکو دووڕوو تێکەڵی بووبێ و، لێیشی بپاڕێتەوە، کە ئیخلاصی پێ ببەخشێ.

بەڵێ، هیدایەت بە دەستی خوایە. جا هەروەك خوای باڵادەست خۆی هێزی لاشە بە مرۆڤ دەبەخشێ، هەر خۆیشی ئیخلاص بە دڵی دەبەخشێ. بۆیە تەبلیغکار بۆی نییە خاوەنێتیی هێزی لاشە و ئیخلاصی دڵی بۆ خۆی لە قەڵەم بدات و بۆیشی نییە بڵێ: من خۆم وەهام کرد و من خۆم ئەوکارەم ئەنجام دا!

ئەو وێنە نموونەییەی، کە قورئان بۆ ئیمانداری کێشا، کە ئیمان بریتییە لە یەکگرتنی وتن و کردار و یەك تەواوکردنیان و، پارێزگاریی لەم هاوسەنگییەش هۆیەکی گرنگە بۆ کارتێکردن.

((ئەگەر تێکۆشەر کار نەکات و، لە کردەوەی خراپیش دوور نەکەوێتەوە، ئەوا تێگەیاندنی ڕاستیی و شتی جوانی بەسە)).

ئەم قسەیە لە چرپە چرپ و بۆڵە بۆڵی شەیتانە و، هیچ پەیوەندییەکی بە ڕۆحی موحەممەدییەوە نییە.

لەم ڕۆژانەدا ژمارەیەکی زۆر لە عەقڵ و فیکری خەیاڵیی، کە پڕوپاگەندەی دین و تازەگەریی دەکەن، دەرکەوتوون، سەرەڕای ئەوەی،

کە ئەوانە خاوەنی هێزێکی زیرەکیی وەها خەڵەتێنەرن، کە دەتوانن ڕەش بە سپیی دەربخەن. ئەوانە بە ڕاست و چەپ دا ڕاڤەی ئیسلام دەکەن، کەچی مشتێك ئیمانداری دڵسۆز بە دوایانەوە نین، چونکە ئەوانە دڵسۆز و ڕاستگۆ نین. قسەی زۆر دەکەن، بەڵام وەك هۆگری قسەکردن بوون، وەها لە دەروونیان دا هۆگری ئیمان و ئیسلام نەبوون و، ژیان و گوزەرانی دنیاییشیان ڕەنگی چەوت و چەوێڵییەکانی ڕژێمی خۆرئاوای گرتووە، دوور لە چاکەکانی. کاتێك دەیانەوێ ڕێنمایی عەوام و کۆمەڵگەکان بکەن بە غەرییبیان لە قەڵەم دەدەن و، ئەوانیش لەلایەن خۆیانەوە بەلای کۆمەڵگەکانیانەوە دەچنە ڕیزی بێگانەوە.

هۆی سەرەکیی ئەم جیاوازییانەش بریتییە لە ناشارەزایی لە ئیسلام و، دوای خوێندنەوە و دەرس و زانست وەرگرتنیش مافی خۆیان پێی نەداوە. یان بەمانایەکیتر ئەم هەڵسوکەوتەیان سەرپێچییەکی ناوەکییە بۆ ئەوەی، کە پڕوپاگەندەی خەبات لە پێناویدا دەکەن و، سووکایەتییشە بەوەی، کە وەهای دەردەبڕن لە پێناویدا کۆشش دەکەن.

سەیری قورئانی پیرۆز بکەن چۆن شوعەیبی سەردارمان (سەلامی لێبێ) دێنێتە گۆ:

﴿... وَمَآ أُرِيدُ أَنْ أُخَالِفَكُمْ إِلَىٰ مَآ أَنْهَىٰكُمْ عَنْهُ ...﴾ (هود: ٨٨)

واتە من بیر لە کەڵك وەرگرتن لەو شتە ناکەمەوە کە ئێوەی لێ دوورەپەرێز دەکەم. واتە کاتێ دەڵێم: ڕیبا حەرامە، ئیتر هەرگیز بیر لە وەرگرتنی ڕیبا ناکەمەوە و، کاتێکیش دەڵێم: بەرتیل حەرامە، ئیتر هەرگیز بەرتیل وەرگرتن بە بیرمدا نایەت. کاتێك، کە شوعەیبی سەردارمان (سەلامی لێبێ) قەومەکەی تەبلیغ دەکات، ئەوە زامنی

ڕاستگۆیی ئەوە. ئایا ئەوە شاهێدیی نییە لەسەر ڕاستگۆیی هەموو پێغەمبەرێك؟ دیارە ئەو کەسەی، کە ڕووبەڕووی فەرمانبەریی ئیرشاد ببێتەوە ناگونجێ ئەم تێبینییانە پشتگوێ بخات .

شوعەیبی سەردارمان (سەلامی لێبێ) قەومەکەی بۆ لای خوا بانگ دەکات و، ئێمەش بۆ چەندین کاری ئیرشاد ڕێنمایی دەکات. باسی بنچینەکانی بانگەواز دەکات. قورئانی پیرۆزیش جارێکی تر ئەمە ڕوون دەکاتەوە و، بنچینەکان دەخاتە بەردەممان.

پێغەمبەری مەزنیش (صلی الله علیه وسلم) چەند قاتی ئەوەی، کە تەبلیغی دەکات و دەیڵێت، کار دەکات. ئەو لە هەر هەموو خەڵکیی خواپەرست ترە. هەرگیز هیچ پلەیەکیش لە پلەی پێغەمبەرایەتیی بەرزتر نابێت و، هیچ شتێکیشی لەگەڵدا بەراورد ناکرێ. کاتێکیش پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بۆ ئاسمانەکان بەرز بوویەوە، بە باڵی بەندایەتیی خوا سەرکەوت. واتە بەندایەتییەکەی کەوتە پێش پێغەمبەرایەتییەکەیەوە و، بووە پێشەکیی بۆی. قورئانی پیرۆزیش لەم فەرمایشتەی خوای باڵادەستدا ئەم فەرمانەی بەسەردا دەدا:

﴿ وَٱعْبُدْ رَبَّكَ حَتَّىٰ يَأْتِيَكَ ٱلْيَقِينُ ﴾ (الحجر: ٩٩).

پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) گوێڕایەڵیی فەرمانی خوایی دەکات و، هەرگیز لێی لا نادا و، بە درێژایی ژیانی موبارەکیشی هەروا بووە و، بۆ تەنیا ساتێکیش پلەی بەندایەتیی بەجێ نەهێشتووە. بۆیە فەرمایشتەکانی دەچوونە زەینەکانەوە و، لە ویژدانەکانیشدا جێگیر ئەبوون، چونکە تەنها ئەوەی ئەفەرموو، کە ڕەفتاری پێ دەکرد و پێی ئەژیا. هەتا لە ناڕەحەت ترین حاڵیدا. نموونەیەکی ئەمەش ئەو فەرموودەیە، کە عائیشەی دایکمان (خوا لێی ڕازیی

بێ) دەیگێڕێتەوە، کاتێك، کە پرسیاری لێکرا: (هەواڵی سەیرترین شتمان بدەرێ، کە بە پێغەمبەری خواوە (صلى الله عليه وسلم) دیوتە. دەڵێ: بێدەنگ بوو، پاشان وتی: شەوێکیان فەرمووی: ((يا عائشة ! ذَريني أَتَعَبَّدُ الليلةَ لِرَبِّي)). فەرمووی: عائیشە! لێمگەڕێ با ئەمشەو پەروەردگارم بپەرستم. وتم: بەخوا من وام پێخۆشە لە نزیکتەوە بم و، ئەوەشم پێخۆشە، کە تۆ شادمان دەکات. دەڵێت: هەستا دەست نوێژی گرت و، پاشان هەستا.و دەستی بە نوێژکرد. دەڵێت: هەروا خەریکی گریان بوو هەتا کۆشی خۆی خووساند. دەڵێت: پاشان ئەوەندەی تر گریا و، هەر خەریکی گریان بوو هەتا ڕیشی خۆی خووساند. دەڵێت: پاشان ئەوەندەی تر گریا و، هەر خەریکی گریان بوو هەتا زەویی خووساند. ئیتر ئەوە بوو بیلال هات و بۆ نوێژی بەیانیی ئاگاداری کرد)[1].

ئا ئەم پێغەمبەرە مەزن و بەڕێزە بێگومان وتاردەرێکە و بۆ لای خوا بانگەواز دەکات و، گەورەترین لایەنی هەر هەموو لایەنە مەزنەکانیشی بریتییە لە لایەنی بەندایەتییەکەی بۆ خوا کە هەرگیز پێشی نادرێتەوە. ئەوەبوو پێی خۆش بوو لە دوا ڕۆژەکانی ژیانیشیدا، کە پڕ بوون لە ئێش و ئازار و نەخۆشیی، هەر خەریکی پەرستنی پەروەردگاری بێ، بە وێنەی یەکەم ڕۆژی، کە دەستی پێکرد و، تا ئەو کاتەش هەر لەسەری بەردوام بوو، هەرچەندە هەڵسان و دانیشتنی بەلاوە گران بوو. بە درێژایی تەمەنیشی بەرگەی ئازار و ناڕەحەتییەکی ئەو تۆی گرت، کە غەیری ئەو بەرگەی تەنها ڕۆژێکی ناگرێ. ئەو ئێش و ئازارانە لە هاوسەرە پاکەکانی و، لە منداڵەکانی و، لە ئوممەتەکەیەوە

(١) إبن حبان، الصحيح : ٢ / ٣٨٦ . لە نووسینە تورکییەکەدا ئاماژە بە (تفسير إبن كثير : ٢ / ١٦٤) کراوە .

بۆ کاروباری دنیا و قیامەتیان ڕووبەڕووی دەبوونەوە، هەتا هێزی لاشەی لاواز بوو. لەگەڵ ئەوەش دا هەتا لەو نوێژە سوننەتانەی کە سەرەتا لەسەریان بەردەوام بوو سارد نەبوویەوە. ئەو نوێژانەش ئەوەندە درێژ بوون کە تەنها یەك ڕەکعەتی هەندێکیان لەوانە بوو چەندین سەعات بخایەنێ، بۆیە کە نەی ئەتوانیی بە پێوە ئەنجامیان بدا، بە دانیشتنانەوە ئەنجامی دەدان، بێ ئەوەی هەرگیز وازیان لێ بهێنێ[1]. ئای کە لە هەموو کارەکان دا چەند دڵکار بوو . ئای چەندە بە ویقار بوو و، چەندە ئیخلاصی هەبوو و، چەندەش وەفای بە بەڵێنی خۆی هەبوو!

بە ڕاستیی لە بەڕێوەبردنی کارەکان دا بە دڵکاریی و وەفاوە پێشەنگ و پێشەوا بوو هەتا ((یەقین))، واتە مەرگ، یەخەی پێ گرت، بەرەو حەشر، بەرەو هەتایی.

لایەنێکی تری گرنگ لە لایەنەکانی ئیرشاددا بریتییە لەوەی کە پەیوەندیی بە نزیکیی خواوە هەیە. پێغەمبەریش (صلی الله علیه وسلم) چاکترین کەسێکە، کە ڕەچاوی ئەو لایەنە بکات. چونکە ئەگەر هەست بە نزیکیی خوا نەکرێت، ئەوا مرۆڤ لە بۆشاییدا ئەژیی و، سەرگەرمی چێژ و ئارەزووەکانی دەبێت و، ئەوانیش بەرەو چەندین هەڵدێری پڕمەترسیی ڕاپێچی دەکەن.

پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)، کە بەرەو خوای گەورە نزیك دەکەوتەوە بە چاکترین شێواز و بەبێ کەم و کوریی فەرمانبەریی ئیرشادی ئەنجام دەدا، هەتا کە زۆرجار نوێژی بەجێ دەهێنا ئەوانەی کە لە دوایەوە نوێژیان ئەنجام دەدا وەهایان بە بیردا دەهات، کە ئەو نوێژە کۆتایی نایەت. پاڕانەوە و لاڵانەوەشی هەروا بوو. هەروەك ئەو دوو دەستە شەریفەی بە ئاسمانەوە هەڵواسرا بن و، دوای بەرزکردنەوەیان

(١)سەیری : البخاري، الأذان : ٥١، ٨٢ بکە .

بۆ دوعا و پاڕانەوە نەیانەوێ دابگیرێنە خوارەوە .
جارێکیان عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود (خوا لێی ڕازیی بێ) لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا بوو (صلی الله علیه وسلم) و ئیقتیدای بە یەکێ لە نوێژە سوننەتەکانیەوە کرد بە هیوای ئەوەی، کە بەرەکەتی دەست گیر ببێ. جا با ڕاستەوخۆ گوێ لە خۆی بگرین. دەڵێت: (شەوێکیان لەگەڵ پێغەمبەردا (صلی الله علیه وسلم) نوێژم کرد، ئەوەندە بە پێوە وەستا هەتا ئەوەبوو کارێکی خراپم بە دڵدا هات. وتمان: چیت بە دڵدا هات؟ وتی: بە دڵمدا هات دابنیشم و واز لە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بهێنم)[1].
بەم شێوەیە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) زۆر زیاتر لە هەر کەسێك بەندایەتیی خۆی بۆ خوا دەرئەبڕیی، پاشان بۆ خەڵکیی باس دەکرد. لەم کارەدا ئەوەندە پێش کەوتبوو، ئیبن مەسعوود ـ کە لە پێشەنگی یەکەمی هاوەڵە بەڕێزەکان بوو ـ بەرگەی دوو ڕەکعەتی نوێژی ئەوی نەدەگرت. وەك خۆر لەسەر کەلدا دەیویست ئاوا ببێ. ئەوە بوو لە دوا ڕۆژەکانی ژیانیدا سەری خستەسەر ئەژنۆی عائیشەی دایکمان و، چاوی بڕییە ئاسمان و، یەکجار ماندوو بوو و خەمی قیامەتیشی لە دڵدا بوو، بەرادەیەك، کە هەندێ جار بێهۆش دەکەوت. عائیشەی دایکمان ئەم حاڵەتەی وەصف دەکات و دەڵێت: (پیغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) نەخۆش کەوت و فەرمووی: ((أصلى الناس ؟)). فەرمووی: ئایا خەڵکەکە نوێژیان بەجێ هێنا؟ وتمان: نەخێر، چاوەڕوانی تۆن. فەرمووی: ((ضعوا لي ماءً في المخضب)) . فەرمووی: ئاوم بۆ بکەنە تیانییەکەوە. دەڵێت: ئێمەش وامان کرد، دەست نوێژی گرت و تەشریفی برد تا پێش نوێژیی بکات، کەچی بێهۆش کەوت و، پاشان هۆشی

---

(١) البخاري، التهجد : ١٩، مسلم، المسافرون : ٢٠٤، المسند : ١ / ٣٨٥ - ٣٩٦ .

بە بەردا هاتەوە و، فەرمووی: ((أصلی الناس ؟)) وتمان: نەخێر، چاوەڕانی تۆن، ئەی پێغەمبەری خوا! فەرمووی: ((ضعوا لي ماءً في المخضب)). دەڵێت: هەستایەوە و دەست نوێژی گرت و، پاشان تەشریفی برد تا پێش نوێژیی بکات، کەچی بێهۆش کەوتەوە و، پاشان هۆشی بە بەرداهاتەوە و فەرمووی: ((أصلی الناس ؟)). وتمان: نەخێر، چاوەڕوانی تۆن، ئەی پێغەمبەری خوا ! فەرمووی: ((ضعوا لي ماءً في المخضب)). هەستایەوە و دەست نوێژی گرت و، پاشان تەشریفی برد تا پێش نوێژیی بکات، کەچی بێهۆش کەوتەوە و، پاشان هۆشی بەبەردا هاتەوە و فەرمووی: ((أصلی الناس؟)) وتمان: نەخێر، چاوەڕوانی تۆن ئەی پێغەمبەری خوا!)"[1]. ئا بەم شێوەیە ژیانی بەسەر برد و هەر دەیفەرموو: نوێژ.. نوێژ.. بە خزمەتی پەروەردگاریشی گەیشتەوە و هەر دەیفەرموو: نوێژ.. نوێژ.. هەمیشە بیری بەلای نوێژەوە بوو، بە هەست و شعوورێکی تەواوەوە لەگەڵیا ئەژیا. بەم شێوەیەش لە هەموو لایەنێکەوە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) پێشەنگێکی چاك و نموونەیەکی کامڵ بووە. مرۆڤێکی بە حەق کامڵ و، سەردارێکی گوێڕایەڵییکراو و، سەرۆکێکی دادپەروەر و ئارامگری دەوڵەت بووە.
یەکێکی تر لەو تایبەتمەندییانەی، کە بەلای ئەو کەسەوە کە فەرمانبەریی ئیرشاد دەگرێتە ئەستۆ، شایانی بایەخ پێدانن بریتییە لەوە کە ژیان و گوزەرانی پێغەمبەری مەزن (صلى الله عليه وسلم) زۆر سادە و خاکیی بووە و، لە هەموو کاروبارێکیدا لەگەڵ هاوەڵە بەڕێزەکاندا بووە.
ئەگەر وا پێویست بوایە مزگەوتێك دروست بکەن، ئەو خۆی یەکەم

(١) البخاري، الأذان : ٥١، مسلم، الصلاة : ٩ .

کەس خشتی لەگەڵیاندا دەگواستەوە. یان ئەگەر پێویست بوایە چاڵێك هەڵبکەنن دەیبینیی پاچی هەڵگرتووە و، لە شکاندنی تاشە بەردا یارمەتیی هاوەڵانی دەدات[١].

بەڵێ، وەك تاکێکی ئەو خەڵکە وەهابوو. بۆ ئەم قسەیەش بە شێوەیەکی کرداریی دەژیا. ئەگەر داوای لە خەڵکیی کردبێ تا لە ژیانی دنیادا زوهد بەکاربهێنن، ئەو خۆی لە زوهددا لەپێش هەموویانەوە ئەبوو، بەرادەیەك کە مانگ لە دوای مانگ لە ماڵی ئەودا ئاگر نەدەکرایەوە، ئەگەرچیی بۆ شۆربایەکیش بێت. لە ماڵەکەیشیدا ڕاخەرێکی وەهای نەبوو، کە بەسەریەوە بحەسێتەوە[٢].

لە حەڕام خۆی زۆر دەپاڕاست. جارێکیان کە دیتی وا حەسەن (خوا لێی ڕازیی بێ) دەنکە خورمایەکی سەدەقەی خستۆتە دەمیەوە لە شوێنی خۆی ڕاچڵەکی و بە پەلە خورماکەی لە دەمیدا دەرهێنا[٣]. بە مەرجێ لەو کاتەدا حەسەن (خوا لێی ڕازیی بێ) منداڵێکی پێنج یان شەش ساڵان بووە. بەڵام ئەوەیە زەکات بۆ پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) و وەچە و بەرەی، کە لە دوای خۆی دێن حەڕامە.

شەوێکیان پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) (لە ژێر لاتەنیشتیدا خورمایەکی دۆزییەوە و خواردی. ئەو شەوە خەوی پیا نەکەوت. یەکێ لە هاوسەرانی وتی: ئەی پێغەمبەری خوا! ئەمشەو خەوت لێ زڕا. فەرمووی : ((إنِّي وجَدتُ تحتَ جَنبي تَمرَه فَأَكَلتُها وكانَ عِندَنا تَمرٌ مِن

---

(١) سەیری : المسند : ٢ / ٣٨١، إبن كثير، البداية : ٣ / ٢٥١، ٤ / ٩٧، الواقدی، المغازی : ٢ / ٤٦٦، بکە .

(٢) سەیری : البخاري، الرقاق : ١٧، مسلم، الزهد : ٢٨، أبو داود، اللباس: ٤٢، بکە .

(٣) سەیری : البخاري، الزكاة: ٦٠، مسلم، الزكاة: ١٦١، بکە .

تَمر الصَّدَقَه فَخَشِيتُ أَن تَكُونَ مِنهُ))[1]. فەرمووی: لە ژێر لاتەنیشتمدا دەنکە خورمایەکم دۆزییەوە و خواردم. ئێمەش خورمای زەکاتمان بە لاوە بوو و ترسام ئەو دەنکە خورما لەوە بێت. لە ڕاستیشدا ئەو خورمایە لە سامانی تایبەتیی خۆی بوو، چونکە خورمای زەکاتی لە شوێنی تایبەتییدا دادەنا.

ئەمەش نموونەیەکی هەستیاریی و وردەکارییە بۆ دوورکەوتنەوە لە حەڕام و، پێویستە ئیمانداری کامڵ و ئیرشادکاری کامڵ خۆیان پێی بڕازێننەوە.

و- تەبلیغ و دوعا

دوای هەموو ئەوەی کە لە پێشەوە باسمان کرد، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لایەنی دوعاشی هەبووە . ئێمەش تا ئەوە باس نەکەین، ئەم بەشە بەجێ ناهێڵین. بەڵێ، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ئامۆژگاریی هاوەڵانی بەڕێز، بگرە ئوممەتەکەی هەر هەموو دەکات تا بە دوعاکردن خۆیان کامڵ بکەن و، بە چەندین ئایەتی پیرۆزیش بە وێنەی:

﴿ قُلْ مَا يَعْبَؤُا۟ بِكُمْ رَبِّى لَوْلَا دُعَآؤُكُمْ ... ﴾ (الفرقان: ٧٧)

ئاگاداریان دەکاتەوە. خۆیشی لە دوعاکردنێکی هەمیشەییدا بوو. لە کاتی خەوتن و بەخەبەربوونیدا. لە کاتی خواردن و خواردنەوەیدا. لە کاتی لەبەرکردن و داکەندنی جل و بەرگیدا، بگرە هەتا لە چوونە ئاودەست و دەست نوێژ گرتنیدا. دوعای زۆری دەکرد بەڕادەیەك، کە لە هەموو دنیادا لە زۆریی دوعاکردندا هیچ کەس پێی نەئەگەیشتەوە.

---

(١) المسند : ٢ / ١٩٣ .

بەڵێ جگە لەو کەسێکی تر نیە لە هەموو هەنگاوێکیدا زیکری خوا بکات و، لە هەموو کاروبارێکیدا پەنای بۆ بەرێ و، لە هەموو شتێکیشدا ڕەزامەندیی خوای باڵادەست ببینێ.

ئەم ژیانەش کە پڕیەتی لە پەند و، لە ئامۆژگاریی سەر ڕێژ بووە سەرنجی جیهانی ئیسلامیی هەر هەمووی ڕاکێشاوە، ئەویش بە هەموو ئاستەکانیەوە، بەوپەڕی بایەخپێدانەوە و، بە پەیوەندییەکی پتەوەوە، ئەوە ماوەی چواردە چەرخە خەریکی بە دوادا چوونە و، هیچ کەس لەسەر زەوییدا جگە لە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئەم پەیوەندییە بەهێزەی دەست گیر نەبووە.

ئەم ژیانە هەیبەت دارە، هەر لە خواردن و خواردنەوە و جل و بەرگیەوە هەتا هەڵسان و دانیشتنی و، هەر لە قسەکردنیەوە هەتا شێوازی دواندن و وتاردانی و، هەر لە هەڵوێستە سیاسییەکانیەوە هەتا بەستنی پەیمانی نێوان دەوڵەتان، وەك ئەوە وەهایە کە هەر هەمووی بە چەندین فیلم وێنە بگیرێت. ئەم ژیانە مەزنە لە مێشکی گشتیی و لە چوارچێوەی هەستی کۆمەڵایەتییدا تۆمار کراوە بەڕادەیەك کە بۆتە دەمەوانەی ئاسوودەیی بۆ کۆمەڵگە ئیماندارەکان. ئەم ژیانە بە هیچ شێوەیەك بۆشاییەك، یان بەشێکی پەیوەندیی پچڕاو بە خواوەی تێدا نییە. جا هەموو ڕەوشتێك لە ڕەوشتەکانی و، هەموو حاڵەتێك لە حاڵەتەکانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بە پەیوەندیی بە خوای پاك و بێگەردەوە و، لە پەرستن و گوێڕایەڵیی خوای باڵادەستدا بەسەر چوون، هەتا لە خواردن و خواردنەوە و خەوتن و لە خەو هەڵسانیدا. بەم بۆنەوە هەموو باس و فەرمایشت و ڕەوشت و حاڵێکی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە ژیانی هاوەڵە بەڕێزەکاندا خوا لە هەموویان ڕازیی بێ ڕەنگیان دایەوە و، ئەو وردەکارییە زۆرەش کە لە لای هاوەڵە بەڕێزەکان هەبوو بۆ

درێژە پێدانی ژیانی دینیی، لەو وردەکارییە زۆرەوە هەڵ قوڵابوو کە بە پێغەمبەری بەڕێزەوە (صلى الله عليه وسلم) دیبوویان.
هەتا کە ئایەتی پیرۆزی:

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ...﴾ (آل عمران: ١٠٢)

هاتە خوارەوە هاوەڵە بەڕێزەکان دەستیان لە خواردن و خواردنەوە هەڵگرت. ئەی ئەگەر بەوە نەبێ چۆن بەو تەقوایە بگەن کە شیاوی خوابێ؟ زیاد لەوەش ﴿... وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ﴾ کە بە دوای ئایەتەکەدا دێت ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە مردن بە موسڵمانێتیی، ئەگەر بە تەقوایەکەوە نەبێت کە شیاوی خوا بێت، کارێکی سەختە. هاوەڵان ئەوەندەی تر تەنگیان پێهەڵچنرا. ئەوە بوو لە ماڵەکانیان دا خۆیان بۆ خواپەرستیی و نوێژبەجێهێنان یەك لایی کردەوە، بەرادەیەك کە ژێر پێیان تلۆقەی کرد و ناوچەوانیان زامدار بوو و، بۆ نوێژی جەماعەت نەبوایە لە مزگەوت لە ماڵ دەر نەئەچوون. دوای دە پانزە ڕۆژێك هەموویان لاواز و بێهێز بوون، بەرادەیەك کە لە مردنەوە نزیك بوون. پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) ئاگای لەم بارودۆخەیان بوو، بەڵام نەیدەزانیی نهێنیی ئەم گۆڕانکارییە چییە کە لێیان ڕووی داوە و، ئەوانیش لە ترسی ئەوەی نەوەکو شکاندنی فەرمانی خوای باڵادەست بێ، ڕاستی دڵی خۆیان نەئەدرکاند. دوای ئەوە ئایەتی پیرۆزی:

﴿فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ مَا ٱسۡتَطَعۡتُمۡ...﴾ (التغابن: ١٦)

هاتە خوارەوە و، هاوەڵە بەڕێزەکانیش هەناسەیەکی قووڵیان هەڵکێشا و، پشوویەکیاندا[١]..
بەڵێ، هاوەڵە بەڕێزەکان تا ئەم ڕادەیە لە خزمەتی ئایەتە پیرۆزەکاندا

(١) سەیری : تفسير إبن كثير : ٨ / ١٦٦، بکە .

ورد بوون و، وازیان لێ نەئەهێنان هەتا بە ژیانێکی ڕاستەقینە لەگەڵیاندا بژین. چونکە پێشەنگەکەیان (صلی الله علیه وسلم) وەها بوو. لە ڕاستییدا ئەم حاڵەتە بۆ ماوەی چەند چەرخێکی تر، بەو قووڵی یە بەردەوام بوو.

لێرەدا کارێك هەیە و پێویستە بە جوانیی لێی تێبگەین:

فەرمانبەریی تەبلیغ مافی خۆی پێ نەدراوە هەتا شێوازی تێ گەیشتن لە ئیسلام و ژیان بە پێی ئەو بەرچاو نەگیرێت. واتە ئیسلام بە بچووکترین لقیەوە ببێتە ژیان و گوزەران، وەك ئەو شێوازەی کە هاوەڵە بەرێزەکان بەوپەڕی وردیی و ئەمانەتەوە ئەنجامیاندا.

بەڵێ، فەرمانبەریی تەبلیغ تایبەت مەندییەکی دیارییکراو بە دەست ئەهێنێ. جا چاك وەهایە وەك بابەتێکی سەربەخۆ وەربگیرێت . چونکە لە چوارچێوە و لەگەڵ ژیاندا بە ژیان و گوزەرانێکی تەواو نەبێ لێی تێ ناگەین و، لەسەر گریمانە و بە بیردا هاتنە ئەندێشەییەکانیش بینا ناکرێت. سەرەڕای ئەوەش چەندین ئیرشادکاری نوورانیی بەو ژیانەیان کە لەگەڵ ئیسلامدا بەسەریان بردبوو، ماوەی چواردە سەدە دەبێت ئیرشادمان دەکەن. ئەوانە هەموو ژیانیان و هەموو ڕەوشتێکیان بەم تەرزە بوو و، بە بۆنەی ڕاستگۆیی و ئیخلاصیانەوە لەلایەن پەروەردگاری مەزنەوە سەرکەوتنیان دەستکەوت. ئێمەش گەر بمانەوێ وەك ئەوان سەرکەوتن بە دەست بهێنین هیچ چارەیەك لەبەردەمماندا نییە جگە لە شوێن پێ هەڵگرتنی ئەوان و چاوکردن لە ژیان و گوزەرانیان.

ئەوەتا عومەری سەردارمان (خوا لێی ڕازیی بێ)، لە کاتێکدا کە بە پێوە وەستا بوو و نوێژی دەکرد خەنجەرێکیان لێدا و، بێهۆش کەوت. توانای خواردن و خواردنەوەی نەما. کاتێك کە ئەو هاوەڵەی لە کاروباریدا یارمەتیی دەدا لێی پرسیی: ئایا شتێك ناخۆی؟ بە

چاوی ئاماژەی کرد: نەخێر. بەومانایەی نەیدەتوانیی دەم بکاتەوە و قسە بکات. بەڵام، کە کاتی نوێژ نزیك بوویەوە و ئەو هاوەڵە دەمی لە گوێی عومەری سەردارمان نزیك کردەوە و پیایدا چپاند: کاتی نوێژ هاتووە. خێرا عومەر هەستایەوە و ڕێك دانیشت و فەرمووی: نوێژەکەم. نوێژەکەم. بەڵێ، پێغەمبەری خوای (صلی الله علیه وسلم) وەها بینیوە. بەڵێ، ئەو پیاوە مەزنە دوا هەناسەکانی ژیانی بەوە بەسەر برد، کە دەیوت: نوێژ، نوێژ، دوای ئەوەی، کە لە نوێژدا خەنجەری لێ درابوو[1].

نموونەیەکی تر لە عائیشەی دایکی ئیماندارانەوە (خوا لێی ڕازیی بێ) (جارێکیان ئاگری هاتەوە یاد و دەستی بە گریان کرد. پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) فەرمووی: ((ما یبکیك؟)). وتی: ئاگرم هاتەوە یاد و دەستم بە گریان کرد)[2]. بۆچی؟ چونکە هەموو شەوێك پێغەمبەری (صلی الله علیه وسلم) ئاوەها دیوە و، ئاوەهاش ناسیویە. پێغەمبەری بەڕێز بە تەبلیغی کرداری پەروەردەی کردووە و پێیگەیاندووە.

وەنەبێ هاوەڵە بەڕێزەکان تەنها لە تەبلیغی نوێژدا ئەو وردیی و هەستیارییەیان دەرخستبێ، بەڵکو لە پایە ئیمانیی و دینییەکانی تریشدا وەك دەرخستنی نوێژ دەریاندەخست، چونکە ئەوان کاری تەبلیغ لە پێغەمبەری بەڕێزەوە (صلی الله علیه وسلم) فێر بووبوون. جا بۆ ئەوەی تەبلیغ کردنمان کاریگەر بێت، ئەوا پێویستە بە وێنەی ئەوان ژیانی دینداریی بەسەر بەرین.

لەلایەکی ترەوە پێویستە ئەرکەکان و پێسپاردەکانی کاری تەبلیغ و ئیرشاد

(١) سەیری : الهیثمی، مجمع الزوائد : ١ / ٢٩٥، إبن سعد، الطبقات : ٣ / ٣٥٠ - ٣٥١، بکە .

(٢) أبوداود، السنة : ٢٥، الحاکم، المستدرك : ٤ / ٦٢٢ .

بە هیچ شێوەیەك لە کارەکانی تردا ساردمان نەکەنەوە، بگرە پێویستە بۆ ئەوە هەڵمان بنێن کە هەرچیمان وت بە تاسەمەندیەك کە لە تاسەمەندیی دوێنراوان زیاتر بێ، لە ژیانماندا جێبەجێ بکەین، تا جێی متمانە و بڕوای ئەوان بین. چونکە ئەو ڕەوشت و حاڵەتانەی، کە لەگەڵ وتەکاندا جووت نابن، ئەوە خەڵەتاندن و ڕووخاندنی ڕێزی مرۆڤە.

سەیری سەرداری پێغەمبەران (صلی الله علیه وسلم) بکەن، تەنانەت لە بچووکترین شتی ژیانیدا دینییدا، ئایا هەرگیز شتێکی پشتگوێ خستووە، سەرەڕای زۆریی ئەو کارانەی کە چاوەڕوانی بوون؟ لە ماوەیەکی کورتدا، لە بیست و سێ ساڵدا دەوڵەتێکی گەورە و مەزنی دامەزراند. بایەخی بە هەموو کێشەکانی یەك بەیەکی ئومەتەکەی دەدا و، پەیوەندیی لەگەڵیاندا هەبوو و، لەگەڵ ئەو هەموو کارانەی، کە دەورەیان دابوو و پڕ بە پڕی دنیا ئەبوون، ئەندامانی خێزانەکەی لە بیر نەئەچوون و، بۆ ئەنجامدانی هیچ کردەوەیەکیش درێغیی نەدەکرد، هەتا خوای پاك و بێگەردیش لە کاتی سەرکەوتن و زاڵبوونیدا لە فەتح کردنی وڵاتان (إستغفار) و دوعای زۆری لێ ئەویست، ئەویش بەو جۆرە هەڵسوکەوتی دەکرد کە خوا فەرمانی بەسەردا دەدا[١].

هەروەها ئەبوبەکری صدیقی سەردارمان (خوا لێی ڕازیی بێ) دەستی لە شەونوێژ هەڵنەگرت، هەرچەندە لە جیهادێکی سەختدا بوو لەگەڵ پاشگەزبووەکان و، لە قورئان خوێندنیش بە گریانەوە کۆڵی نەدا، هەرچەندە بە شەو و بە ڕۆژ لە دڵە خورپەیەکی هەمیشەییدا بوو[٢].

عومەری سەرداریشمان (خوا لێی ڕازیی بێ)، کە دوو دەوڵەتی

---

(١) سەیری : سورة (النصر)، بکە .

(٢) سەیری: الکاندهلوی، حیاة الصحابة : ٣ / ١٤٣، أبو نعیم، الحلیه: ١/ ٣٠، بکە

زلی هێنان بە چۆکدا، کە فارس و ڕۆم بوون، ساتێك لە موجاهەدەی نەفسی خۆی نەدەوەستا[١].

عوثمانی سەرداریشمان (خوا لێی ڕازیی بێ) کاتێك، کە فیتنە دەورەی دابوو، ڕۆژووی سوننەتی بۆ خوا گرتبوو و، بە بێ تێرخواردن خەریکی قورئان خوێندن بوو و، لەم حاڵەتەدا شەهیدکراو، ئەو دڵۆپە خوێنانەش، کە لە ناوچاوانیدا هاتنە خوارەوە مۆری هەتا هەتاییان لەسەر ئەو موصحەفە کرد، کە لەبەر دەمیدا بوو. هەتا ئەو ئایەتەی، کە دڵۆپە خوێنەکان ڕژانە سەری دارای پەند و ئامۆژگارییەکی مەزنە، کە ئەمەیە:

﴿ فَإِنْ ءَامَنُواْ بِمِثْلِ مَآ ءَامَنتُم بِهِۦ فَقَدِ ٱهْتَدَواْ ۖ وَّإِن تَوَلَّوْاْ فَإِنَّمَا هُمْ فِى شِقَاقٍ ۖ فَسَيَكْفِيكَهُمُ ٱللَّهُ ۚ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴾ (البقرة: ١٣٧).[٢]

عەلیی سەرداریشمان (خوا لێی ڕازیی بێ)، کە (حیدر الکرار) بوو، واتە شێری تێك شکێن، لە مەیدانی جەنگدا، لەگەڵ ئەوەشدا، کە لەسەر جێگا ڕادەکشا بۆ خەوتن هەر خەریکی پاڕانەوە بوو لە پەروەردگاری و سەجدەی بۆ دەبرد. کاتێکیش، کە دەنگی بانگی دەبیست ڕەنگی زەرد هەڵدەگەڕا و وەك کەسێك لەرز و تای بێ هەڵدەلەرزی.

ئەمانە هەر هەموو فەرمانبەریی ئیرشادیان بە جوانترین شێوە بەجێ ئەهێنا.[٣] هەر کەسێکیش فەرمانبەریی ئیرشاد و تەبلیغ ئەنجام دەدا، لە هەر تەمەنێکدا بێت و هەر فەرمانبەرییەکیشی هەبێت، پێویستە ئەوەندە

---

(١) أبو نعیم، الحلیه : ١/ ٤٨، ٤٩، إبن الأثیر، أسد الغابة : ٤ / ١٥٧، إبن سعد، الطبقات : ٤ / ٢٩٣.

(٢) سەیری : المسند : ١/ ٧٢، إبن الأثیر، أسد الغابة : ٣ / ٥٩٤ : حیاة الصحابة : ٣ / ٢٨٦، بکە .

(٣) سەیری : إبن الجوزی، صفة الصفوة : ١ / ١٢٨، بکە .

دڵسۆز بێ قسەکانی بکاتە کردەوە. جا هەروەك دەگونجێ ئەو تەبلیغکارە مامۆستایەك، یان ئیمامێکی مزگەوت، یان ئامۆژگارێکی مزگەوت، یان مامۆستایەکی قوتابخانە، یان مامۆستایەکی زانکۆ بێت، ئەشگونجێ کرێکارێك بێت لە کارگەیەکدا، یان قوتابییەك بێت لە قوتابخانەیەکدا. هەر هەمووش پێویستە ئەوەی کە دەیڵێ، بە پێی بارودۆخ و شوێنی خۆی، بە بێ کەم و کورتی و ناتەواویی، جێبەجێی بکات و، ئەنجامی بدات. ئەو بابەتەش لەکاتی ئیرشاد وتەبلیغدا چەندە گرنگیی بە دەست هێنابێ، ئەوا ئیخلاصی تەبلیغکاریش خۆی هەمان گرنگیی هەیە. ، کە ئاماژەیەکی گرنگ بۆ ئیخلاصی ئیرشادکار دەکات بریتییە لە هەستکردنی لە قووڵایی ویژدانیدا بەوەی کە دەیڵێت و، پێژیانیەتی بە رێك و پێکترین شێوە. تەبلیغێکیش ئیخلاص و کردەوەی لەگەڵدا نەبن، چەندە سەرکەوتن بە دەست بهێنێ، کاریگەریی نابێ، یان کەم دەبێ. لە لایەکی تریشەوە ئەم کاری تەبلیغە ڕوویەکی تری هەیە، کە پابەندە بە قیامەتەوە، کە ئەویش سزای خوای باڵادەستە. پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بۆ ڕوونکردنەی تابلۆیەکی قیامەت بەم شێوازە، دەفەرموێت:

((مَرَرْتُ لَيلَةَ أُسريَ بِي عَلى قَومٍ تُقرَضُ شِفاهُهُم بِمقاريضَ مِن نارٍ ـ قالَ ـ قُلتُ: مَن هؤلاءِ ؟ قالوا : خُطباءُ مِن أهلِ الدنيا كانوا يَأمُرُونَ الناسَ بِالبِرِّ و يَنسَونَ أَنفُسَهُم وهُم يتلونَ الكتاب أفَلا يعقِلون))[1].

دەفەرموێ: ئەو شەوەی، کە بۆ ئیسرا و میعراج برام، بەلای کۆمەڵێکدا تێپەڕیم، کە لێویان بە مقەستی ئاگرین دەبڕرا. دەفەرموێ: وتم: ئەوانە کێن؟ وتیان: ئەوانە وتاربێژانی ئەهلی دنیان، کە فەرمانیان بەسەر خەڵکدا دەدا تا چاکە بکەن، کەچی خۆیان لە یاد دەکرد، لە کاتێکدا کە قورئانیان بە دەستەوە بوو و دەیان خوێندەوە، بێ ئەوەی

(١) المسند : ٣ / ١٢٠، ٢٣١، ٢٣٩ .

کەڵکی لێ وەربگرن.
بەڵێ، تابلۆکە لەبەر دەممانایە و، ئەمەش هەڵوێستی ئەوانەیە، کە خۆیان لە بیر چۆتەوە و، ڕەفتار بەوە ناکەن کە بە خەڵکی دەڵێن. ئەم کات و ساتە پێویستی بەوانە هەیە کە ڕەفتار بە قسەکانیان دەکەن، نەك بە مشتومڕخواز و هاش و هوشکەران. ئا ئەوانە دەتوانن ئەو گرێکوێرانەی ئاسۆی ڕزگاربوون و سەرفرازییمان بکەنەوە، نەك کەسانی تر. ئەوانەی، کە باری کتێب کراون، یان بە شەو و بە ڕۆژ قسە فڕێ دەدەن، لەبەردەم کاری ڕزگارکردنی ئوممەتدا دەستیان خاڵییە. کاتێك کە دەوڵەتی عوثمانیی ڕووخا گەنجینەکەی پڕ بوو لە سەدان هەزار کتێب، بەڵام ئەم کتێبانە نەیانتوانی نەهێڵن دەوڵەتێکی وەها گەورە بڕووخێ. چونکە ڕیزکردنی ئەو کتێبانە لەسەر ڕەفەی کتێبخانەکان و، کۆکردنەوەی ئەو زانیارییانەش، کە لە مێشکی مرۆڤدان، لە چۆنیەتییدا هیچ جیاوازییەکیان نییە. ئەوەی ڕاستیی بێ کارکردنە بەوەی، کە زانراوە. پێغەمبەری سەرداری کائینات(صلى الله عليه وسلم) لە فەرموودەیەکی شەریفدا ئەم مانایەی بەم شێوەیە دەربڕیوە:
(إنَّ أَخوَفَ ما أَخافُ عَلى أُمَّتي ثَلاثٌ : زَلَّةُ عالِمٍ ، وَجِدالُ مُنافِقٍ بِالقُرآنِ ، وَدُنيا تُفتَحُ عَلَيكُم)[1].
فەرموویەتی: سێ شت هەن، کە لە هەموو شتێ زیاتر لێیان دەترسم زیان بە ئوممەتەکەم بگەیەنن: هەڵەی زانا. مشت و مڕکردنی دووڕوو بە قورئان. ناز و نیعمەتی دنیا بە سەرتانا بڕژێ.

(١) الطبراني، المعجم الكبير : ٢٠ / ١٣٨ .

بەڵێ هەرکاتێك زانا نیفاقی لێ وەشایەوە و، دووڕوویش دەستیدایە خەڵەتاندن و هاش و هوش ئەوا کۆتایی ئەم ئوممەتە کاتی هاتووە.
هەر کەسێ لە پلەی ئیرشادکار و تەبلیغکاردا بوو پێویستە بە وردیی ئاگاداری ئەم خاڵە بێت. چونکە زۆر جار لێی بێ ئاگا دەبین و، بە داخەوەش لە فەرمانبەریی ئیرشاددا، چ تاکمان و چ دامەزراوەکانمان، ئا ئەمە خاڵی لاوازمانە. جا هەرکاتێ بیر لە مامەڵەی خوای پاك و بێگەرد لەگەڵماندا دەکەینەوە، با ئەمەمان لەیاد بێ.

٨

پـاكیی و ئیخلاص

پێویستە تەبلیغكار پارێزگاریی لە قەوارە و ڕەوشتی خۆی بكات. مەبەستمان ئەوەیە: هەرچەندە لە پلە و كار و فرمان دا بەرز ببێتەوە، هەروا لەسەر تەوازوع و خۆنەویستیی خۆی بمێنێتەوە. بێگومان تەوازوع یەكێكە لە بنچینەكان و بڕبڕەی پشتی ئیسلامە، كەچی لە ڕژێمەكانی تردا پەیوەندیی نێوان تاكەكان لە دەوری ((من))دا جێگیر دەبێت. ((من))ی ئەوانەش هەمیشە كیبر و غرووری تێدا حەشار دراون. ئیتر غروور و كیبر جێی تەوازوع و، لەخۆڕازیی بوون و خۆسەپاندنیش بەسەر كەسانی تردا جێی خۆنەویستیی دەگرنەوە . دیاریشە كە چەندین جۆری لاوازیی ئادەمییانە لە هەموو مرۆڤێكدا بە دەوری ((من))دا ئەسووڕێنەوە. لەبەرئەوە ئەگەر ئەم جۆرە لاوازییانە شوێنی خۆیان بۆ ڕەوشتە بەرزەكان چۆڵ نەكەن، ئەوا لایەنە مەعنەوییەكانی مرۆڤ دادەڕمێن. لێرەدا جەختی لەسەر دەكەمەوە و دەڵێم:

هەر كەسێك غروور و خۆبەگەورەزانین لە دڵ و دەروونیدا حەشار درابێ، هەرگیز نابێتە ئیرشادكار و تەبلیغكار، هەرچەندە بۆ پلەوپایەی بەرز سەركەوتبێ و، چەندین فەرمانبەریی مەزنیشی درابنە دەست. ئەو كەسە چەند قۆناغێك لە تەبلیغەوە دوورە و، تەبلیغیش چەند قۆناغێك لەوەوە دوورە.

بەڵێ، تەبلیغکار لە هەموو کات و شوێنێکدا و، بارودۆخیش هەرچۆنێك بێت پارێزگاریی لە هەڵوێستی خۆی دەکات. ئەو ئەو مرۆڤەیە کە هیچ ئاڵوگۆڕێکی بەسەردا نەهاتووە و، دوای ئەوەش کە سەرکەوتن و کۆمەکیی خوای دەستگیر بووە چاوی لە ئاستی ڕاستی نەترازاندووە و، هەرچۆن یەکەم ڕۆژ دەستی بەو کارەی کردووە، وەهاش کۆتایی پێ دەهێنێ. ئەو ژیانی بەسەر حەسیرێکی سادەوە دەستپێکرد، هەر بەسەر ئەو حەسیرەشەوە دەگەڕێتەوە بارەگای پەروەردگاری. هەرچەندە لە دەوروبەریدا ئاڵوگۆڕ بەسەر جیهاندا بێت و، چەندین گۆڕانکاریی جیهانی گەورەش ڕوویان دابێت و، خەڵکییش بگەنە سەر ئەستێرەکان، ئەو هەروەکو خۆیەتی و، بە تەوازوعەوە ئەژیی و، هەرگیز هیچ لادانێکی پێوە نابینرێ، ئیترسا لە ڕەوشتیدا بێت، یان لە هەڵسوکەوت و ڕەفتاریدا.

ئای کە ئەمڕۆ پێویستمان بە هاووێنەی ئەو تەبلیغکارانە هەیە کە ئەم سیفاتانەیان تیادایە! بە ڕاستیی ئەو ئیرشادکارە بەهێزانە دەتوانن کۆمەڵێکی زۆری خەڵك بخەنە شوێنی خۆیان و، گوێ لە قسەکانیان بگرن و، بە هەناسەی ئەوان بژین، هەتا شنەی ویژدانیان بگاتە دەوروبەریان.

گرنگترین شتێك، کە تەبلیغکاری دڵسۆزی پێ جیا بکرێتەوە تەوازوع و خۆنەویستنیەتی. هەموو ژیانی سادە و فیطرییە و، دڵیشی پڕیەتی لە پاکی و سادەیی و، چاوەکانیشی پڕن لە نووری سادەیی، هەتا مەنزڵ و دەوروبەر و ژینگەکەی جگە لە تەوازوع و سادەیی هیچی تریان تێدا نابینیی.

بەڵێ، ئەو ئەم سیفەتە جوانەی لە قورئانی پیرۆز و ژیاننامەی پاك و خاوێنی پێغەمبەری مەزن (صلى الله عليه وسلم) هەڵگۆزیوە. ئەی

خوورەوشتە جوانەکانی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بە درێژایی تەمەنی نیشانەی سادەیی و تەوازوع نین؟ جا هەروەك پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لە مەککەدا، لە سەرەتای دەست پێکردنی بانگەوازدا ئەوپەڕی تەوازوعی هەبوو، هەروەها کاتێکیش بە شێوەی فەرماندەیەکی سەرکەوتوو، بە خۆی و ئەو سوپایەوە کە لە مەدینەی مونەووەرە پێکیهێنا، گەڕایەوە مەککە - دوای ئەوەی کە هەشت ساڵ لەوەوبەر تیایا دەرکرا بوو - هەمان تەوازوعی هەبوو. کە چووە ناو شارەوە سەری نابووە سەر ملی وڵاخەکەی. ئای ئەمە چەندە نموونەیەکی جوانە لەسەر زیادبوونی تەوازوع و خشووعی لەبەردەم خوادا، هەتا ڕۆژگار تێئەپەڕێ؟

جارێکیان تینووی بوو و داوای ئاوی کرد (دیارە دوای کۆچ کردن). بیری زەمزەمیش چەندین پەرداخی بە دەوردا دانرابوون و خەڵکیی بە کاری دەهێنان. هاوەڵێك هەڵمەتیدا چوو لە یەکێ لە ماڵە نزیکەکاندا پەرداخێکی تایبەتیی بۆ پێغەمبەری بەڕێز (صلی الله علیه وسلم) بهێنێ. کەچی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) فەرمانیدا لە یەکێ لەو پەرداخانەی، کە لە دەوری زەمزەم دان ئاوی بۆ بهێنرێ. ئەو خۆی لە خەڵك جیا ناکاتەوە و فەرمانیشی بەوەدا کە فەرمووی: من یەکێکم لەو خەڵکە و بەوە ئاو دەخۆمەوە، کە ئەوان پێی ئەخۆنەوە. ئەی هەر هەموو ژیانی لەسەر حەسیرێك، کە لە پەلکە خورما دروست کرابوو بەسەر نەبرد، تا ئەوەبوو بەسەر هەمان حەسیرەوە گەیشتەوە (الرفیق الأعلی)؟ بگرە لە شوێنی ئەو حەسیرەشدا نێژرا، کە ئێستە بەشێکە لەو (روضة)ی کە ئێمە لە بەهەشت بە پیرۆزتری دەزانین. ئیتر لە ژیانیدا بە هیچ شێوەیەك هیچ جۆرە خوارییەك نەبووە. واش دەزانم ڕێی تەبلیغکردن هەروا دەبێ.

عومەری سەردارمان (خوا لیێ ڕازیی بێ) حوکمی وڵاتێکی بەڕێوە ئەبرد، کە حەوت ئەوەندەی رووبەری ئێستای وڵاتی تورکیا ئەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەفتاری ژیانی لە چاو ئەو ڕۆژەدا، کە موسڵمان بوو هیچ ئاڵوگۆڕێکی بەسەر نەهاتبوو. کاتێك، کە بووە خەلیفە هەژارترین کەسی مەدینە بوو و، کاتێکیش شەهید کرا هەر هەژارترینیان بوو. لە هەندێ ڕیوایەتیشدا وەها هاتووە کە جل و بەرگی زیاتر لە سیی پینەیان پێوە بووە[١]. بگرە ئەوەی، کە بە دوایدا دەگەڕان زۆر جار لە ((بەقیع))دا دەیدۆزییەوە و دەبینێ وا سەری ناوەتە سەر کێلی قەبرێك و نوقمی بیرکردنەوە بووە[٢]. بەڵێ ئەوە شێوازی ژیانی ئەو خەلیفە مەزنەیە، کە توانیی تاجی سەر سەری پادشایان دابگرێ و بیان کاتە سەری پادشایانی تر. ئەم شێوازە ژیانەش کاریگەرترین لایەنی کارتێکردنی ئەو بوو . ئەشتوانین بڵێین ئەمە کاریگەریی زمانحاڵە، کە لە زمانی مەقاڵ کاریگەری زیاترە.

حاتەمی ئەصەم، کە یەکێك لە گەورە زانایانی فەرمووده بووە، هەواڵی نەخۆشیی یەکێ لە گەورە فەقیهەکان، کە موحەممەدی کوڕی موقاتیلی قازیی شاری (ڕەی) بووە، دەبیستێ و، بڕیاردەدا لەگەڵ یەکێ لە دۆستانی سەردانی بکەن. ئەگەنە بەر دەرگا دەبینن لەبەردەم کۆشکێکی گەورەدان نەك لەبەردەم ماڵی زانایەکدا. حاتەم بۆ چوونە ژوورەوە دوودڵ دەبێت، پاشان بە هۆی سووربوونی دۆستەکەیەوە دەچێتە ژوورەوە، بەڵام بەو چوونە ژوورەوەی پەشیمان دەبێت، چونکە ناو کۆشکەکە لە دەرەوەی ڕازاوەتر بوو. پاشان هەردووکیان چوونە ئەو کۆڕەوە، کە موحەممەدی کوڕی موقاتیلی تێدا بوو. سەیر دەکەن وا

(١) سەیری : شبلی النعمانی، عمر وإدارە الدولة : ٢ / ٣٩٣، بکە .
(٢) سەیری : الکاندهلوی، حیاة الصحابة : ٣ / ٥٨١، بکە .

چەند فەرشێك ڕاخراون و ئەویش بە سەریانەوە ڕاکشاوە و، غولامێکیش وا بەسەر سەریەوە باوەشێنی دەکات تا فێنکی بێت. حاتەم لەبەردەم ئەم دیمەنەدا بە سەرسامییەوە حەپەسا، چونکە موحەممەدی کوڕی موقاتیل پیاوێکی ئاسایی ناو خەڵك نییە، بەڵکو زانایەکی مەزنە و، بێگومان بەرماڵەکەشی بە فرمێسکی شەونوێژ خووساوە. بەڵام دەربارەی لاوازیی و حەزکردنی لە ژیانی خۆش پێویستیی بە ئیرشاد هەیە و، حاتەمیش پیاوی ئەو فەرمانبەرییەیە و، دەتوانێ ئەوەی بەکەڵکە بۆی پێی ڕابگەیەنێ. لەبەرئەمە ئەم وتووێژە لە نێوانیاندا ڕوویدا.

حاتەم لێی پرسیی: ئەم زانستەت لە کێ وەرگرتووە؟

کوڕی موقاتیل وتی: پیاوانی (ثقة) بۆیان باس کردووم.

پرسیی: ئەی ئەوان لە کێوە؟

وتی: لە هاوەڵانی پێغەمبەری خواوە (صلی الله علیه وسلم).

پرسیی: ئەی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) لە کوێی هێناوە؟

وتی: لە جیبریلەوە سەلامی خوای لێبێ.

حاتەم وتی: جیبریل لە خواوە چۆنی وەرگرتووە و داویە بە پێغەمبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) و، پێغەمبەری خواش (صلی الله علیه وسلم) داویە بە هاوەڵانی و، هاوەڵانیشی داویانە بە پیاوانی متمانەپێکراو و، ئەوانیش داویانە بە تۆ؟ ئایا بیستووتە کەسێ ئەهلی عیلم بێت ئەمیر و پاسەوان لە ماڵیابن؟

وتی: نەخێر.

وتی: ئەی نەتبیستووە کەسێ دەست لە دنیا بشوا و حەزی لە قیامەت بێت و، هەژارانی خۆش بوێن و، کردەوەی چاك بۆ قیامەتی پێش

بخات، لای خوا پلەوپایەی زیاتری دەست دەکەوێت؟

کوڕی موقاتیل نەخۆشییەکەی ئەوەندەی تر زیادی کرد.

ئەوانەی لە دەوروبەریدا بوون بە حاتەمیان وت: بەم قسانەت کابرا دەکوژیی.

وتی: بەڵکو ئێوە بەم ڕەفتارانەتان کوشتووتانە[١].

بەڵێ، بێدەنگ بوون لە بەردەم ئەوانەدا کە لە پلەکانی ئیرشاد و تەبلیغدا سەرکەوتوون و، پاشان -بە ڕوو لێنانی خەڵکیی- وازیان لە کاری سەرشانیان هێناوە، ئەوە یانی کوشتنیان و، خراپەکردن بەرانبەریان.

لەو هەڵوێستەدا حاتەمی ئەصەم ئەوەی لە ئەستۆیدا بوو بە ئەنجامی گەیاند.

ڕۆژێکی تریش حاتەم چوو بۆ لای ئیمام (طنافسی)، کە ئەویش یەکێك بوو لە کەڵە زانایانی سەردەمی خۆی و، بە بۆنەی ئەوەوە کە پەیوەندیی پتەوی بە پیاوانی دەوڵەتەوە هەبوو، لە ژیان و گوزەرانێکی یەکجار خۆشدا بوو. چووە ژوورەوە لای و وتی:

ڕەحمەتی خوات لێبێ، من پیاوێکی ئەعجەمیم و پێمخۆشە سەرەتایەکی دین و نوێژم پیشان بدەیت، چۆن دەست نوێژ بگرم بۆ نوێژ؟

ئەویش وتی: بەسەر چاو. ئادەی خزمەت گوزار دەفرێك بێنە کە ئاوی تێدا بێت.

دەفرێکی پڕ لە ئاویان هێنا و، (طنافسی) دانیشت و سێجار سێجار دەست نوێژی گرت. پاشان وتی: کابرا! ئاوەها دەست نوێژ بگرە.

حاتەم وتی: ڕەحمەتی خوات لێبێ، بووەستە هەتا لەبەردەمتدا منیش دەست نوێژ بگرم تا باشتر فێری ببم.

---

(١) أبو نعيم، الحلية : ٨ / ٨٠ - ٨١ .

(طنافسی) وەستا و حاتەم دانیشت و دەستیپێکرد سێجار سێجار دەست نوێژی هەڵدەگرت تا، کە گەیشتە شۆرینی هەردوو قۆڵی چوار جار شۆردنی. طنافسی وتی: کابرا ئیسرافت کرد.
حاتەم وتی: لە چییدا ئیسرافم کرد؟
وتی: هەردوو قۆڵت چوار جار شۆردن.
حاتەم وتی: پاك و بێگەردیی بۆ خوا! من بە مشتێ ئاو ئیسرافم کردووە، بەڵام تۆ لەم هەمووە ژیان و گوزەرانەتدا ئیسرافت نەکردووە؟ ئیتر طنافسی زانیی ئەوی بۆ ئەمە ویستووە و، مەبەستی ئەوە نەبووە هیچی لێوە فێر ببێ[1].
خۆ طنافسی زانایەکی پایەبەرز بووە، بەڵام تێکەڵاوییکردنی لەگەڵ پیاوانی دەوڵەتدا بەرەو ئەو جۆرە ژیانەی ڕاکێشا بوو. حاتەمی ئەصەممیش ئاگاداری کرد کە ئەو شێوازە ژیانە شیاوی پیاوی ئیرشاد نییە.
بەڵام لەم کاتەدا ئەوانەی بەمشێوازە خۆشگوزەرانییە دەژین دەکەونە ناو ئەم ناوەندەوە کە پێی تیادا هەڵدەخلیسکێ، ئەگەرچی بە خۆشیان نەزانن. بەڵام ئەوەی کە دێتە بەرچاوان ئەمەیە، کە ئەوانەی نەیانتوانیوە خۆیان بدۆزنەوە (واتە لە کاری بانگەوازدا بەجێ ماون)، دەیانەوێ بە دەرخستنی گوزەران و ژیانی خۆشیان ناتەواویی کەسایەتییان پڕ بکەنەوە. ئەمەش بە بێگومان هەڵقوڵاوی هەست کردن بە کەم و کوڕییە و، ئەوانەش کە کەسایەتییان کامڵ بووە خۆیان لەو جۆرە هۆیە سادانە بە بەرزتر ڕادەگرن. تەبلیغکار یان ئیرشادکار ئەو مرۆڤەیە، کە کەسایەتیی کامڵ بووە. لەبەرئەوە ئاوات بۆ ئەو جۆرە ژیانە خۆشە ناخوازێت.

(١) أبونعيم، الحلية : ٨ / ٨١ .

خۆنەویستن نیشانەی ویقار و مەزنییە و، هەرکاتێکیش پیاو لەوە گەیشت، کە ئەویش یەکێکە وەك ئەو خەڵکە ئەوا لە مرۆڤایەتیی خۆی گەیشتووە. ئەوانەش، کە بە هۆ و ڕێگای لاوەکی گەورە دەبن، هەر کەی ئەو هۆیانە لابران ئەوانیش لە ناو ئەچن و کۆتاییان پێ دێت. جا ئەگەر دەوڵەمەندیی و سامان و دەسەڵات و پایە و پلە هۆی خۆبەگەورە زانین بن، ئەوا نەمانی ئەو شتە لاوەکییانە لە دەستیا، پووکانەوەی یەکجاریی ئەو کەسە دەگەیەنێ. بەهەرحاڵ نرخی مرۆڤ لە دەوڵەمەندیی خودی خۆیدایە، بۆیە ئاڵوگۆڕی بارودۆخ و قۆناغەکان زیاد و کەمی بەو دەوڵەمەندیەی ناکات و، کەسایەتی ئەو ناگۆڕێ، بەڵکو مانەوەی بە خودی خۆی و کەسایەتییەکەیەوە دەبێت. چونکە هەرکەسێ خۆی کامڵ بێت، شتە لاوەکییەکان ناتوانن بیناسێنن و، بە مردن و جیابوونەوەشی لە خەڵکی کۆتایی پێ نایەت، بەڵکو لە دڵی سەدان هەزاردا هێلانە دەبەستێ. جا با لێرە نەماوا و نەمەنزڵی نەبێت و، با ژیانیشی بەسەر حەسیرێکەوە تەواو بکات، ئەو هەردەم لێرە و لەوێ خەڵکێکی زۆر دێنە سەردانی، هەتا با قەبرەکەشی نادیار بێ و کێلیشی نەبێ!

پوختەی باس : تەبلیغکار و ئیرشادکارەکان ژیانێکی سادەی فیطریی بەسەر دەبەن و، لەسەریشیان پێویستە بایەخ بەو سادەییە بدەن، ئیترسا لە پلەی کۆمەڵایەتییدا بە هەر کوێ گەیشتبن ..

٩

چەند هاوسەنگییەك دەربارەی پەیوەندیی بە پیاوانی دەوڵەت و دەوڵەمەندانەوە

تەبلیغکار و ئیرشادکار، زیاد لە پێویستیی ئیرشاد و تەبلیغ نابێ پەیوەندیی بەهێزیان بە پیاوانی دەوڵەت و چینە بەرزەکانەوە هەبێ.
پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: (شرارُ أُمَّتي العُلماءُ الذين يَأتُونَ الأُمَراءَ ، وخِيارُ الأُمراءِ الذين يأتونَ العُلَماءَ)[1]. دەفەرموێ: خراپترین دەستەی ئوممەتەکەم ئەو زانایانەن، کە سەردانی ئەمیر و دەسەڵاتداران دەکەن و، چاکترینی ئەمیر و دەسەڵاتدارانیش ئەوانەن، کە سەردانی زانایان دەکەن.
بەڵێ، ئەهلی ئیرشاد خۆیان ناخەنە ژێر منەتی هیچ کەسێکەوە، چونکە هەر کەسێ هەموو مەبەستێکی بریتیی بوو لە پڕکردنی ورگی لەسەر سفرە و خوانی دەوڵەمەندان و، خەریکی چاوچنۆکیی بەر دەرگای پیاوانی دەوڵەت و، ماستاوکردن بوو بۆیان، ئەوا قسەی ئەو کەسە کار ناکاتە سەر ئەوان و سەر کەسانی تریش، چونکە مرۆڤ بەندە و کۆیلەی چاکەیە، وەك بە پەند وتراوە. بەڵام ئەگەر پیاوانی دەوڵەت و دەوڵەمەندان هاتنە سەردانی ئیرشادکار و تەبلیغکاران، ئەوە کارێکە شیاوی هەموو ڕێزلێنانێکە، ئەگەر بۆ کاری تر بەکارنەهێنرێ. چونکە ئیرشادکاری ڕاستەقینە ئەوەیە، کە

(١) العجلوني، كشف الخفاء : ٢ / ٤٦٢٧، الديلمي، الفردوس : ١ / ١٥٥ .

ئەوانە بخاتە سەر ڕێ و، بتوانێ هەستیان پێ بكات، كە ئەو خەریكی هەڵمژینی سروەی ئاخیرەتە و، ئەو سروە ناسكانەش دەبنە مایەی فێنك كردنەوە و حەسانەوە بۆ ئەو ڕۆحانەی كە بە دەست ژیانی بازرگانیی و كۆمەڵایەتیی و ئیدارییەوە مەستن.

كۆمەڵێك زانا ئامادەی كۆڕی عومەری كوڕی عەبدولعەزیز (خوا لێی ڕازیی بێ) ئەبوون و، ئەویش - هەر چەندە لە ژیان دا لە هەموویان زاهیدتر بوو - لە ڕاوێژكردن پێیان دڕێغیی نەدەكرد. یەكێ لەوانە ڕەجائی كوڕی حەیوە بوو. عومەر (خوا لێی ڕازیی بێ) خۆی دەچوو بۆ لای چەندین زانای تر و لە كۆڕەكانیان دا بەشداریی دەكرد، بەڕادەیەك، كە سەعاتێك دانیشتنی بەلای عوبەیدوڵلای كوڕی عەبدوڵلاوە بە هاوتای هەموو تەمەنی دەژمارد و، بەوپەڕی وردەكارییەوە گوێی بۆ ئەو فەرمانانەی ئەگرت كە ژیان ئەبووژێننەوە و، هەوڵیشی دەدا كەڵكیان لێ وەر بگرێ، بە مەرجێ عومەر خۆی بریتیی بوو لە دەریایەك زانست و، بە لایەنی كەمیشەوە لە ئاستی ئەوانەدا بوو كە سەری لێ دەدان. لە ڕاستییش دا ئەمە بوو عومەری كوڕی عەبدولعەزیزی گەیاندە ئەو پلە و پایەیە، بەڕادەیەك، كە هەوڵیدا، لە ماوەی خەلافەتەكەیدا، كە تەنها دوو ساڵ و نیوی خایاند، كۆمەڵە كاروبارێك بە ئەنجام بگەیەنێ، كە پێویستییان بە نیو سەدە ئەبوو.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، هی وا هەیە سەردانی كاربەدەستان بە چاك لە قەڵەم دەدات، بە بیانووی ڕێنموویكردنیان. كەچی دوای ماوەیەك دەردەكەوێ كە ئەمانە وەك نەیانتوانیی ئیرشادیان بكەن، خۆیشیان بە هیچ دەرچوون، بەڕادەیەك ئەو بەهرانەیان لە دەستدا كە پێیان بەخشرابوون. چونكە ڕێبازی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) تەنها بریتیی نییە لە ئیرشادی ڕۆشنبیران، یان چینی پێشكەوتوی خەڵك و، بە تەنیا تێكەڵاویی ئەوان.

بەڵكو ئەمە لەكاتی پێویستدا ڕوودەدات، بەو مەرجەی لەسەرحیسابی بنەڕەت نەبێ و، ماوەكەش پارێزراو بێت.

كاتێك، كە سەرۆكەكانی قوڕەیش، لەسەردەمی مەككەدا، داوایان لە پێغەمبەری بەڕێز (صلی الله علیه وسلم) كرد تا ڕۆژێكی تایبەتیی بۆ ئەوان دابنێ، تا پیاوانی وێنەی عەممار و بیلال و صوهەیب لەوێ نەبن و، پێغەمبەر كۆڕی دانیشتنیان بۆ جیابكاتەوە، ئەم ئایەتە پیرۆزە بۆ ئاگاداركردن و داخستنی هەموو دەرگایەك لەبەر دەمیاندا هاتە خوارەوە:

﴿ وَٱصْبِرْ نَفْسَكَ مَعَ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ رَبَّهُم بِٱلْغَدَوٰةِ وَٱلْعَشِيِّ يُرِيدُونَ وَجْهَهُۥ ۖ وَلَا تَعْدُ عَيْنَاكَ عَنْهُمْ تُرِيدُ زِينَةَ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۖ وَلَا تُطِعْ مَنْ أَغْفَلْنَا قَلْبَهُۥ عَن ذِكْرِنَا وَٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ وَكَانَ أَمْرُهُۥ فُرُطًا ﴾ (الكهف: ٢٨).

لە ڕاستییدا ڕۆحی بەرزی پێغەمبەری بەڕێز لەو جۆرە پێشنیارە یەكجار دوورە و، ئایەتە پیرۆزەكەش ئەوە دەردەخات، كە بارودۆخی ئێستای پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بارودۆخی داوا لێكراوە و، پێویستە لەسەری بەردەوام بێت ئەگینا پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) گوێ بە پێشنیارەكەیان نادات.

پوختەی باس: پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ئیرشادكارە و، قورئانیش كتێبێكە بنچینە و هاوسەنگییەكانمان، لە كەسێتیی مەزن ترین ئیرشادكاردا فێردەكات. یاسایەكیش لەو یاسایانە بریتییە لە قۆناغی وازهێنان لە دەوڵەمەندان و كاربەدەستان لە كۆمەڵگەدا و، دڵخۆش نەكردن پێیان، لەگەڵ تەبلیغكردن و ئیرشادكردنیان بە بەردەوامی. جا ئەگەر لەم سەردەمەدا خەڵكیی وێنەی ئەو ئیرشادكارانەیان بەرچاوكەوت، ئەوا شتێكی گەورەیان دەست كەوتووە، ئەگینا ئەو كۆمەڵگەیە ماوەیەكی زۆر چاوەڕوانیی دەكات، مادەم بە نیوە ئیرشادكاران دەستی بڕاوە.

کۆڵنەدان

پێداگرتن و بەردەوام بوون لەسەر کار، هۆی بەدیهێنانی ڕەزامەندیی خواییە و، لەهەمان کاتدا نیشانەیەکیشە لەسەر ئیخلاصی تەبلیغکار و، نهێنییەکیشە لە نهێنییەکانی قبووڵ کردنی ئەوەی کە لە ویژدانی دوێنراوان تەبلیغی دەکات و، ڕوونترین بەڵگەیەکیشە لەسەر دڵکاریی ئەو مەسەلانەی، کە تەبلیغکار خەریکیان دەبێ و لەگەڵ گەورەیاندا گونجاون. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە: خوای پاك و بێگەرد لە مرۆڤی ئەوێ وشەی ((لا إله إلا الله)) لە دڵەکاندا جێگیر ببێ و، گرنگییەکی گەورەی بدەنێ. لەبەرئەوە ئیرشادکار ژیانی بۆ ئەو شتەی، کە بە لای خواوە گرنگ و مەزنە وەقف دەکات و، لەسەر جێگیرکردنی وشەی تەوحید لە دڵەکاندا بەردەوام دەبێت. ئەو کاتە بە گونجاویی بەرەو ڕووی ئەوە دەبێتەوە کە بە لای خواوە گەورەیە. بەڵێ، پێداگرتنی تەبلیغکار و سووربوونی ئەم مانایە دەبەخشێ.

هەروەها نیشانەیەکی تری بوونی تەقوا لە دڵدا ئەوەیە، کە ئادەمیزاد ئەوە بە گەورە دابنێ، کە خوای پاك و بێگەرد بەگەورەی داناوە. قورئانی پیرۆزیش ئاماژە بۆ ئەم حەقیقەتە دەکات:

﴿ ذَٰلِكَ وَمَن يُعَظِّمْ شَعَـٰٓئِرَ ٱللَّهِ فَإِنَّهَا مِن تَقْوَى ٱلْقُلُوبِ ﴾ (الحج: ٣٢).

پێغەمبەری بەڕێزیش (صلى الله عليه وسلم)بەردەوام وەبیری هاوەڵە

بەڕێزەکانی ئەهێنایەوە، کە خوای پاك و باڵادەست وشەی تەوحیدی بەلاوە گەورەیە. پێیانی دەفەرموو: (مَن قال لا إله إلا الله دخل الجنة)[١].

ئەیفەرموو: هەرکەس بڵێ: ((لا إله إلا الله)) دەچێتە بەهەشت.

بۆ نموونە پێغەمبەری بەڕێز (صلی الله علیه وسلم) نازناوی (سیف الله) واتە شمشێری خوای بەخشیی بە خالیدی کوڕی وەلیدی سەردارمان (خوا لێی ڕازیی بێ)، کەهێشتا لە سەرەتای کاردا بوو. ئەمەش پیرۆزباییکردن بوو لەو فتوحاتانەی، کە لە دوارۆژدا بە شمشێرەکەی ئەنجام ئەدرێن، بەڵام کاتێ، کە خالیدی کوڕی وەلید بەهەرهۆیەك لە جەنگدا پیاوێکی کوشت، کە دەیوت: ((لا إله إلا الله))، پێغەمبەری بەڕێز (صلی الله علیه وسلم) بەم کارەی ئێشی زۆری پێگەیشت، بەڕادەیەك، کە فەرمووی: ((أللهم إنـي أبرأُ إليك مما عمله خالد))[٢].

فەرمووی: خوایە! خۆم لەو کارە دادەماڵم، کە خالید ئەنجامی داوە.

ئەوەم هەرگیز لەیاد ناچێ، کە ڕۆژێکیان یەکێك لەوانەی، کە خۆی بە موجاهیدی ڕێی خوا لە قەڵەم دەدا دەیوت: ((ئایا دەزانیت ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان ئیسلام حوکم بکات، یەکەمجار لە گەردنی ئەو هەزارانە دەدات، کە مزگەوتەکانیان پڕکردووە؟)). لەبەردەم ئەم قسەیەدا کە تەنها گومڕایی ئەگەیاند، لە جێی خۆمدا وشك بووم. لەگەڵ ئەوەشدا کابرا وای دەزانی قسە بۆ بەرژەوەندیی ئیسلام دەکات.

---

(١) مسلم، الإيمان : ٥٢، الترمذي، الإيمان : ١٧، الهيثمي، مجمع الزوائد : ١ / ١٨ .

(٢) البخاري، الأحكام : ٣٥، الجزية : ١١، النسائي، القضاة : ١٧، المسند: ٢ / ١٥١ .

تەبلیغکار پێدادەگرێ و لەسەرئەوەی، کە خوای پاك و بێگەرد بە گەورەی داناوە سوور دەبێ، چونکە ئەوە ڕادەی ئیخلاصی و خۆبەختکردنی لە بانگەوازەکەیدا دەرئەخات. بەڵێ هەرکەسێ هەر هەموو تەمەنی نەکاتە قوربانی بانگەوازەکەی نابێتە ئیرشادکاری ڕاستەقینە، بەڵکو دروست نییە ناوی ئیرشادکاری لێ بنرێ. چونکە ئیرشادکار سەد جار تەبلیغ دەکات، جا ئەگەر گوێیان لێڕانەگرت، ئەوا سەد و یەکەمین جاریش تەبلیغیان دەکاتەوە و، تا بەوشێوە. ئەو بە درێژایی تەمەنی هەر تەبلیغ دەکات و، تەبلیغ دەکات و، چاوەڕوانی هەل دەکات تا مەرجەکان بێنە دیی و، ساتی تەبلیغ وەرگرتنی دوێنراو بێتە بەرەوە، بێ ئەوەی بێزاریی و دڵڕەنجان ڕووی تێبکەن، ئەمەش بە چاوکردن لەو پێغەمبەرانە (سەلامیان لێبێ) کە ژیانیان هەر هەمووی سووربوون و پێداگرتن و کۆڵ نەدان بوو. ئەوان بە ڕاستی حەقیان بە خەڵکی تەبلیغ کرد.

بەڵێ، بیست و سێ ساڵی تەمەنی پیرۆزی پێغەمبەری خۆشەویست (صلی الله علیه وسلم) بە بانگەواز و تەبلیغ بەسەر چوو، بێ ئەوەی لە بانگکردن لێ ببێتەوە، بەڵکو، بەبێ وەستان و ماندووبوون، تەبلیغی کرد و بانگی کرد. مەگەر خوا بزانێ چەند جار ئەبوجەهلی بۆ ئیمان هێنان بانگکردبێ و، گەورە پیاوانی قوڕەیشیشی دەعوەت دەکردن و، هەرکەسێکیش هەلی بۆ هەڵکەوتایە بۆ ئیمان هێنان تەبلیغی دەکردن. هاوەڵە بەڕێزەکانیش لەم حاڵەتە ڕۆحیەی بەردەوامی و پێداگرتندا بوون، بەڕادەیەك ئەمە بووە سیفەتێك کە لێیان جوێ نەدەبوویەوە. هەروەها ئەو کەڵە پیاوانەش کە بە دوایاندا هاتن، ئەوانیش کۆڵ نەدان و سووربوونیان کردە دروشمی خۆیان.

بەڵێ پێداگرتن و بەردەوام بوون ئەنجامێکی سروشتییە بۆ زانینی

ڕادەی پەیبردنی تەبلیغکار بە فەرمانبەرییەکەی. چونکە لەسەر تەبلیغکار پێویستە پەی بەوە ببات کە فەرمانبەریی ڕاستەقینەی ئەو بریتییە لە تەبلیغکردن، تا لەبەردەم پەروەردگاریدا کەم ڕێزیی نەنوێنێ و، ماف خۆری بەدیهێنراوانیش نەبێت. ئەوەش بزانین کە هیدایەت دانی خەڵك لە توانای هیچ کەسدا نیە و، لەناو چوار چێوەی فەرمانبەریی تەبلیغیشدا نییە. کەواتە خەڵك هیدایەت وەربگرێ یا وەرنەگرێ تەبلیغکار پاداشتی خۆی دەستگیردەبێ. لەلایەکی ترەوە پێداگرتنی تەبلیغکار لەسەر تەبلیغ و بیرکردنەوەی لێی بە بەردەوامی، وەك پەرلەیەکی نهێنیی وەهایە بۆ وەرگیرانی ئەو حەقیقەتانەی، کە تەبلیغیان دەکات و، بە چاوەڕوانیکردنی ئەنجامیش بە تەنیا لەلایەن خوای پاك و بێگەردەوە دەگاتە ئیخلاص، ئەو ئیخلاصەی، کە بریتییە لە پوختەی خواپەرستییەکان و سەرچاوەی ژیان..

بە پێویست بوونی بەرچاوڕوونی و، بەرهەڵستیی نەکردنی یاساکانی فیطرەت

تەبلیغکار هەرگیز بەرهەڵستیی یاساکانی فیطرەت ناکات، بەڵکو بەرچاوڕوونی دەکاتە بناغەی تەبلیغ کردنەکەی، چونکە فیطرەت بە ئایەتە تەکوینییەکان دامەزراوە و، پێویستە ئەو کارە پێسپێردراو و فرمانانەی، کە تەبلیغ دەکرێتن، بە پێی ئەو یاسایانەی تەبلیغ بکرێن. واتە ئەو تایبەتمەندیی و سیفەتە جوانانەی، کە مرۆڤیان لەسەر دروست کراوە بەرچاو ئەگیرێن و، بە پێی ئەو سیفەتە جوان و تایبەت مەندییانەی مرۆڤ دەدوێنرێ، بەڵام بە پێچەوانەی ئەوەوە لەوانەیە دوێنراو بایەخ نەدا بەو قسانە هەرچەندە ڕەوان و تریسکاوە بێ. چونکە لەوانەیە ئەو کەسە بە تەواویی لەوە تێنەگا، کە پێی دەوترێ، یان بە چەندین کاری بیردۆزیی ئەندێشەییان ئەژمێردرێ. لەوانەشە ڕوونکردنەوەی ئەم کارە کەڵکی تێدا بێت:

بۆ نموونە: هەموو مرۆڤێك لە دڵیدا هەستێکی خۆشویستنی پێیە. جا ڕەچاونەکردنی ئەو هەستە، یان بە نەبوو لە قەڵەم دانی کارێکی هەڵەیە. لەبەرئەوە بە خەڵکیی ناوترێ: کەستان خۆش نەوێ. خۆ ئەگەر ئەوەیان پێ بوترێ ئەوا هیچ سوودێکی نییە، بەڵکو ئەوە داواکارییەکە دژ بە فیطرەت. جا تەبلیغکار ئەو (خۆش ویستن)ە شارراوەیەی ناو دڵی دوێنراو بەرەو ڕەوتی ئیجابیی دەبات و، دوێنراو لەوە تێ دەگەیەنێ، کە

لەبریی دەربڕینی خۆشەویستیی بۆ خۆشویستراوە تیاچووە فانییەکان، ئەوەی خۆش بوێ کە شایانی خۆشویستنە و، دارای هەمیشە مان و نەمرییە . خۆ ئەگەر خۆش ویستنەکەی لە پێناوی خۆش ویستراوە تیاچووە فانییەکان دا بەخت کرد، ئەوا دەبێتە بەڵا و موصیبەت بۆی، کەچی ئەگەر ئەو خۆشویستنەی ڕوویکردە خوای پاك و بێگەرد ئەوا دەبێتە هۆیەك بۆ گەیشتن بە چەندین پلەی ئیمانیی لەلای خوای پاك و بێگەرد. بەو مانایەی لەبریی ئەوەی، کە تەبلیغکار بە دوێنراو بڵێ: ((کەست خۆش نەوێ)) با پێی بڵێ: ((ڕووی خۆشەویستیت لە پێناوی ئەو و لە ڕێی ئەودا بەخت بکە)). ئەو کاتە خۆشویستنی هیچ بەدیهێنراوێك یاساغ نابێت. یوونس ئەمرەی شاعیریش وتوویە: ((با بەدیهێنراوانتان لەبەر خۆشەویستیی بەدیهێنەریان خۆش بوێن)).
هەروەها لە هەموو کەسێکدا سیفەتی ((عینادیی)) هەیە، کە دوژمنایەتیی دەخاتە نێوان تاکەکانەوە، بەڕادەیەك کە وەکو دڕندەیان لێدەکات. ئەوەتا ئەمڕۆش عینادیی بە ئاشکرا لە ڕووداو و ئاژاوە و ناکۆکییاندا دیارە. جا هەرکاتێك ئەم هەستە دەوری بینیی، ئەوا لە چەندین کاردا توند و تیژیی و تووڕەیی دەردەکەوێت. کەچی کە ئەگەر ئەو شوێنە عینادیی تیا نەما، ئەوا چەندین بارودۆخی ڕێك و پێك و گونجاو سەرهەڵدەدەن. جا ئەو هەستە کە بە پێی ڕواڵەت و دیوی دەرەوەی پڕیەتی لەلایەنی خراپە (سەلبیی)، بۆ مەبەستێکی دیاریکراو و، بە بۆنەی حیکمەتێکی ڕەبانییەوە بە مرۆڤ بەخشراوە. بۆ نموونە: عینادیی هێزێکی گەورەیە بۆ دامەزران لەسەر حەق. جا ئەگەر هەستی عینادیی نەبێت لەوانەیە مرۆڤ بە بینینی کەمێ ناڕەحەتیی پشت لە حەق بکات. بەو مانایەی ئەگەر ئێمە ئەو هەستەمان بەرەو لایەنە ئیجابییەکەی ئاڕاستەکرد، ئەوا دەگونجێ بەر

و بەرهەمی یەکجار چاك بچنینەوە . لەبەر ئەمە ناگونجێ بە خەڵك بڵێین : ((عینادیی بخەنە ئەو لاوە))، یان ((واز لە عینادیی بهێنن)). بگرە لەسەرمان پێویستە پێیان بڵێین: ((عینادیی بۆ دامەزران لەسەر ڕێبازی حەق و حەقیقەت بەکار بهێنن)). ئا ئەمە بە کەڵکتر و بێوەیترە.

هەروەها لە مرۆڤدا هەستی ((هەتا هەتایی)) هەیە. کەچی بینای ماددیی مرۆڤ بۆ هەتاهەتایی نییە، چونکە سەرەتا و کۆتایی هەیە. ژیان بە یەککگرتنی هێلکە و حەیمەن لە ڕەحەمی دایکدا دەست پێدەکات. جا هەرچەندە لە یەکەم ساتەکانی دەست پێکردنی ئەم ژیانەوە لە هەموو لایەکەوە مەرگ شاڵاوی بۆ دێنێ، کەچی ناتوانێ ئەو هەستەی هەتاهەتایی لە خۆیدا ڕیشەکێش بکات. بەومانایەی ئەم هەستەی بۆ مەبەستێکی بڵند پێ بەخشراوە. بێگومان ئەم مەبەستەش بریتییە لە دەست خستنی ژیانی هەتاهەتایی. لەبەر ئەمە لەسەر مرۆڤ پێویستە ئەم هەستەی، کە پێی بەخشراوە لە شوێنی خۆیدا بەکاربهێنێ. واتە بۆ مانەوە لە بەهەشتدا و، بینینی جوانیی خوا. ئەگینا ئەو هەستە دەبێتە قامچی سزا بۆی و، کەمتەرخەمی و بێهیوایی خۆیی وەبیردێنێتەوە و، مرۆڤێك بەم قامچییە سزا بدرێت هەرگیز ناتوانێ ژیانێکی ڕێکوپێك بەسەر بەرێت و، ناشتوانێ هەڵس و کەوتێکی ڕێکوپێك بکات و، ناشتوانێ بە هێمنی بژیت.

هەروەها خۆشویستنی ((پایە بەرزیی)) و بەردەوام بەرزبوونەوە و، سەرکەوتن و بازدان بۆ چڵەپۆپەی ئەو مەبەستەی، کە دەیەوێ بیگاتێ لە مرۆڤدا هەیە. ئەم هەستە لای زۆربەی ئەوانەی، کە لاوازییان تێدایە بەرهەڵستیی ناکرێ، لەبەر ئەمە لەسەر ئیرشادکار پێویستە ئەم هەستە لە مرۆڤدا بدۆزێتەوە و، بزانێ ئەو مرۆڤە چ

مەبەستێکی بەم هەستە هەیە، تا قسەکانی پێچەوانەی مەبەستەکەی ئەو دەرنەچن. لە ڕاستییدا بۆیە ئەم هەستە بە مرۆڤ بەخشراوە تا هەڵیبنێ مەبەستی گەیشتن بە چڵەپۆپەی پلە بەرزەکانی بەهەشت بێت، سەرەڕای ئەوەش، کە مرۆڤ بەهۆی ئەم هەستەوە بۆ بەرزترین پلەی ڕەوشتە جوانەکان بەرز دەبێتەوە. بەڵێ بەرز بەرز دەبێتەوە، بەڵام دۆزینەوەی ئەم هەستە و هەستەکانی تر و، دەرخستنیان و زانینی هێز و، ڕێڕەویان و، بەکارهێنانیان بۆ بەرژەوەندیی ئەو کەسەی کە بە ناوی ئیرشادەوە وەریان دەگرێت، هەموو ئەمە بەستراوە بە پەیبردن و بەرچاوڕوونیی ئیرشادکارەوە .

بەڵێ، چەرمەسەریی و ڕەنج و تەقالا قەدەری ئەم ڕێبازەیە. لەبەر ئەمە ئیرشادکار و تەبلیغکار پێشەکی بە چەرمەسەریی ڕازیین، وەك پێغەمبەران و صدیقان و ئیرشادکارە چاکەکان هەر هەموویان. بەڵێ دەبێ هەڵگرە پاك و خاوێنەکانی بانگی خواییش هەر ئەو ڕێگایە بگرنەبەر، کە ئەوان گرتیانە بەر و، ئەو بۆچوونەشیان هەبێ، کە ئەوان هەیان بوو بۆی. جا ئەگەر ئەم ڕێگایە گیرابێتەبەر ئەوا لادان لێی مانای دوورکەوتنەوەیە لە مەبەست و ئامانج. کەسێکیش لە مەبەست دوورکەوتەوە ڕاست نییە ناوی تەبلیغکاری لێبنرێ.

سەردارمان نووح (سەلامی خوای لێبێ) چەندین چەرخ و سەدە چەرمەسەریی چەشت و، ئیبراهیمی سەرداریشمان (سەلامی خوای لێبێ) لەسەر ئەو ڕێبازە لە وڵاتی خۆی دوورخرایەوە و، هەر لەسەر ئەو ڕێبازە خرایە ناو ئاگریشەوە. هیچ جۆرە چەرمەسەرییەکیش نەما مووسای سەردارمان (سەلامی خوای لێبێ) بەدەست بەنی ئیسرائیلەوە نەیچێژێ. یەحیای سەرداریشمان (سەلامی خوای لێبێ) کرا بە دووکەرتەوە. دەم و چاوی مەسیحی سەرداریشمان (سەلامی

خوای لێبێ) زەردەخەنەی بە خۆیەوە نەدیی، چونکە ئەم بانگەوازە قورس و گرانە. ئەم بانگەوازە داوای هەموو ویست و ئیرادە دەکات. لەبەر ئەوە ئەم کارە لەهەموو خەباتێك سەختترە. جا ئەوانەی ناتوانن ئەم قەدەرە نووسراوەیان خۆش بوێ و، بە ڕەزامەندییشەوە خۆیان نادەنە بەر هەرچەرمەسەریی و ڕەنج و تەقەلایەك، کە لەم ڕێگەدایە، ناتوانن لەو ڕێگەدا، کە پێغەمبەران (سەلامیان لێبێ) گرتبوویانە بەرچەند هەنگاوێك هەڵبگرن، بەڵکو لەڕەوتی ڕێدا ئیرادەیان شل دەبێت و، ورەیان دەڕووخێ و دەکەون!

حاریثی کوڕی حاریث دەڵێ: لە مینا بووین، بە باوکمم وت: ئەم کۆمەڵە خەڵکە چیە؟ وتی: ئەوانە لە دەوری پیاوێکی لە دین وەرگەڕاویان کۆبونەتەوە. دەڵێ: کە نزیك کەوتینەوە دەبینین وا پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم)خەڵکەکە بۆ خواپەرستیی و ئیمان بە خوا بانگ دەکات و، ئەوانیش ئازاری دەدەن، تا ئەوەبوو خۆر بەرز بوویەوە و، خەڵکەکە لێی دوور کەوتنەوە، ئافرەتێك هات کە دەفرێك و دەستەسڕێکی پێ بوون و، گەردنی دەرکەوتبوو و ئەگریا. دەفرەکەی لێوەرگرت و، ئاوی لێ خواردەوە و دەست نوێژی گرت و، پاشان سەری بۆ لای بەرز کردەوە و، فەرمووی: ((يا بنية ! خَمّري عليك نحركِ ، ولا تخافي على أبيكِ غَلَبَةً ولا ذلاً)). فەرمووی: کچەکەم! گەردنت داپۆشە و ترست بۆ ژێرکەوتن و زەلیل بوونی باوکت لە دڵدا نەبێ. وتم: ئەمە کێیە؟ وتی: ئەمە زەینەبی کچیەتی[1].

---

(١) إبن الأثير، أسد الغابة : ١ / ٤٣٦، إبن الحجر، الإصابة : ١ / ٢٧٥، إبن عبدالبر، الإستيعاب : ١/ ٣٤٩.

ڕووداوی وێنەی ئەم ڕووداوە، کە لە مێشکی منداڵیی حاریثی کوڕی حاریثدا خوا لێی ڕازی بێ هەڵکۆڵراون و لە ڕۆحیشیدا شوێنەواریان بەجێهێشتووە، یەکێ لە لایەنەکانی ژیانی سەردەمی مەککە بوو، هەر لە پێغەمبەری بەڕێزەوە، تا هەموو موسڵمانێك. هەموو ڕۆژێکی ژیانیان بەو شێوە بەسەر ئەچوو..

ڕۆژێکی تر پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە کەعبەدا نوێژی دەکرد خەلەفی کوڕی ئەبو موعیط - کە بەدبەختی قەومەکەی بوو- لە دواوە دەستی نایە بینەقاقەی، کە ئەبوبەکری صددیق هەواڵەکەی بیست بەپەلە هات و فەرمووی: ئایا پیاوێك دەکوژن، کە بفەرمویٚ: ألله پەروەردگارمە؟ ئەوەبوو لێکی جیاکردنەوە.

داخۆ چەند جار ئەبوبەکری سەرداریشمان لە کۆڵانەکانی مەککەدا بە لێدان هۆشی لە خۆی چووبێ؟ جارێکیان عوتبەی کوڕی ڕەبیعە بە جووتێك نەعلی پینەکراو و بە لاتەنیشتەکەیان دای لە دەم وچاوی و پەڕییە سەر سکی بەڕادەیەك دەم وچاو و لووتی جیانەئەکرانەوە. ئەوەبوو نەوەی تەیم ئەبوبەکریان لە ناو کراسێك دا هەڵگرت و گومانی ئەوەشیان هەبوو، کە مردبێت. کە دەمەو ئێوارە فەرمایشتی کرد فەرمووی: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) چیی کرد؟[١] لاشەی عەممار لەلایەکەوە و، هی باوکیشی لەلایەکی ترەوە و، هی سومەییەی دایکیشی لە گۆشەیەکی ترەوە داخ دەکران. ئەوانە خوا لێیان ڕازیی بێت قەدەری ئەم ڕێگایەیان لە پایەی لە ڕوخام دروستکراو ئەنەخشاند[٢]. کاتێك کە بیلالیش لەژێر ئەو بەردانەدا دەیناڵاند، کە

(١) إبن كثير، البداية : ٣ / ٢٩ .
(٢) سەیری : إبن هشام، السيرة : ١ / ٣٤٢، إبن سعد، الطبقات : ٣ / ٢٤٦ - ٢٤٨، بکە .

خرابوونە سەر سنگی و دەیووت : ((أَحَـدٌ، أَحَـدٌ))، وەك ئەوە وا بوو تاقی بکرێتەوە تا ڕۆژێك لە ڕۆژان ببێتە بانگوێژی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم)[1].

(طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵلا)ش دایکی دەست و پێی بە کۆت و زنجیر بەستبوو و، بە جنێودان بە کۆڵانەکاندا ئەیگێڕا[2]. (زوبەیری کوڕی عەووام)یش بە حەسیرەوە پێچرابوو و ئاگریان دەدا[3]. بەم شێوەیە هەر هەموویان وەك ئاوێنەی بریسکاوە ڕەنگی ئەم ڕێگایەیان دەدایەوە.

تابلۆیەکی تریش: عەبدوڵڵای کوڕی حوزافەی سەهمی (خوا لێی ڕازیی بێ) بە دیلی کەوتە دەست ڕۆمەکان و، بۆ چەند ڕۆژێك خەریکی ئازاردانی بوون. پادشای ڕۆم پێیوت: ببە بە گاور ئەتکەمە هاوبەشی پادشایەتیم، بەڵام ئەو نەیویست. فەرماندرا بدرێ لە صەلیب و، فەرمانیشدرا تیری تێ بگرن، کەچی شپرزە نەبوو. لەسەر صەلیبەکە داگیراو فەرماندرا مەنجەڵێکی گەورە ئامادە بکەن و ئاوی تێدا بکوڵێنن و فەرمانیشدرا دیلێکی تێبخرێ، خێرا ئێسقانەکانی کەوتنەسەر ئاوەکە. پاشان فەرماندرا عەبدوڵڵاش بخەنە ناو ئەو مەنجەڵەوە ئەگەر نەبێت بە گاور. کە بردیان بیخەنە ناوی دەستی بە گریان کرد. پادشا وتی: بیگێڕنەوە. پرسیی: بۆچی گریایت؟ وتی: ئاواتم خواست سەد گیانم ببوایە و لە پێناوی خوادا ئاوەهایان پێ بکرێ. پادشا سەری سوڕما، وتی: سەرم ماچ بکە بەرت ئەدەم. وتی: لەگەڵ هەموو دیلە موسڵمانەکاندا؟ وتی: بەڵێ. ئەوە بوو

---

(١) هەروەها سەیری : إبن هشام بکە .

(٢) سەیری : إبن هشام : ١ / ٣٣٩ ـ ٣٤٠، إبن حجر، الإصابة : ٣ / ٤١٠، بکە.

(٣) إبن حجر، الإصابة : ١ / ٥٤٥، الهیثمی، مجمع الزوائد : ٩ / ١٥١ .

سەری ماچکرد و ئەویش هەموویانی ئازادکرد. عەبدوڵڵا هێنانیەوە خزمەتی عومەر و، ئەویش هەستا و سەری ئەوی ماچکرد[1].

ئەمە ڕیوایەتێك.

بەڵام ڕیوایەتی دووهەم دواساتەکان بەم شێوەیە باس دەکات: کاتێك کە عەبدوڵڵا هەنگاوی بە توندیی و بە هێزەوە بەرەو سەکۆی لە سێدارەدان ئەنان و، زەردەخەنەیەکیش بەسەر دەم و چاویەوە بوو، یەکێ لە قەشەکان لێی هاتە پێش و، داوای لە سەربازەکانی دەوروبەری کرد کە چەند ساتێك ماوەی بدەن لەگەڵ عەبدوڵڵادا وتووێژ بکات. ڕوویکردە عەبدوڵڵا و پێیووت:

((کوڕم! سەیرکە. تۆ دوای چەند خولەکێك لە سێدارە ئەدرێی، جا لەبەر تۆ داوای چەند خولەکێکم کردووە تا وتووێژت لەگەڵدا بکەم. جا ئەگەر لەم چەند خولەکەدا توانیم دینی نەصرانیەتی ڕاستەقینەت تێبگەیەنم ئەوا تۆ قیامەتت دەست دەکەوێ، هەتا ئەگەر دنیاشت لەدەست دەرچێ. لەوانەشە بەم کارەت پادشا دڵی خۆش ببێ و چاوپۆشیت لێ بکات)).

(عەبدوڵڵای کوڕی حوزەیفە)ش وەڵامێکی پڕ لە ویقار و جیددیی دایەوە: ((باوکی بەڕێز! ئا لەم کاتەدا نازانم چۆن سوپاست بکەم! ئەگەر دینەکەم ڕێی بدایە دەستم ماچ دەکردی، چونکە تۆ لە تەنگ و چەڵەمەیەکی گەورە ڕزگارتکردم. بەلامەوە یەکجار قورسە ئەم ژیانە بەجێ بهێڵم و شتێك دەربارەی ئیسلام بە کەسێك تەبلیغ نەکەم. تۆ ئەو مەردە بوویت، کە ئەم هەلەت بۆم ڕەخساند. جا ئەگەر من بتوانم لەم چەند خولەکە کەمەدا ئیسلامت تێبگەیەنم، ئەوا ئەگەر بشمرم

---

(١) إبن حجر، الإصابة : ٢ / ٢٩٦ ـ ٢٩٧، إبن الأثير، أسد الغابة : ٣ / ٢١٢ .

خەمبارنابم، چونکە لەوانەیە ئەوە ببێتە هۆیەك بۆ ڕزگارکردنی ژیانی دواڕۆژت)).

ئەو خەڵکەی بە دەوریانەوە بوون بەم وتووێژە سەرسام بوون، بەڕادەیەك لە سەرسامیی و سەرسوڕماندا دەمیان داچەقاند بوو، چونکە ئەوان لە ڕادەی تاسەمەندیی عەبدوڵلا بۆ تەبلیغ نەدەگەیشتن.

بەڵێ، پێویستە کاری تەبلیغکردن بەلای تەبلیغکارەوە ئاگرێك بێت، کە هەمیشە کڵپە بە تاسەمەندیی و پەرۆشیی بسەنێ و، خۆرێکیش بێت کە ئاوا نەبێت و، هۆیەکیش بێت بۆ ڕووناککردنەوەی دەوروبەری و، مەبەستی ژیانیشی بێت. ڕێی سەرکەوتن و سەرفرازییش بە چەرمەسەریی و دڵەڕاوکێدا تێپەڕ دەکات. هەر کاتێکیش چەرمەسەریی ناچاریی کۆتایی هات، ئەوا چەرمەسەریی خۆبەخشیی دەست پێ دەکات . ئایا لەسەر ئەمە نموونەیەکت ئەوێ؟ فەرموو ئەوەش نموونە:

لە کاتێکدا، کە (بيت المال) پڕ بوو لە دەستکەوت و ماڵ و سامان، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە مەدینەی مونەووەرەدا لە چەرمەسەریی خۆبەخشییدا ئەژیا، کە حەفتەیەك بەسەریدا تێ ئەپەڕیی بێ ئەوەی شتێکی دەست بکەوێت تێری بکات. ئەبوهورەیرە (خوا لێی ڕازیی بێ) دەگێڕێتەوە و دەڵێت:

(ڕۆژێکیان چووینە خزمەتی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و بە دانیشتنەوە نوێژی دەکرد. وتم ئەی پێغەمبەری خوا! چیتە؟ فەرمووی: برسێتیی. دەڵێ: منیش دەستم بە گریان کرد. فەرمووی: ((لا تَرع (لا تبك) ، إن شدة القيامة لا تصيب الجائع إذا احتسب في دار الدنيا)))[1]. فەرمووی: مەگری، سەختیی و ناڕەحەتیی قیامەت

---

(١) البيهقي، شعب الإيمان ٧ / ٣١٤، الديلمي، الفردوس ▪ / ٣٤٨، أبو نعيم، الحليه ٧ / ١٠٩ .

تووشی ئەو کەسە نابێت کە لەبەر خوا برسیی بووە.
ئا بەم شێوەیە، لەسەر وێنەی ئەم بنچینە ژیانییانە، ئیسلامی مەزن دامەزراوە. خۆ ئەگەر ئیسلام عەرشی خۆی بەم بنچینانە لە دڵەکاندا دامەزراندبێ، ئەوا لەسەر شانی ئەو موجاهیدانەش دادەمەزرێنێ، کە لە هەمان حاڵەتی ڕۆحییدا دەژین و نوێنەرایەتییشی دەکەن. ئەگینا ئەم کێشە گەورەیە کێشەی مامۆستایانی پێنووس و سەردارانی نووسینگەکان و، ئەوانە نییە کە چەرمەسەرییان نەدیوە و نەچەشتووە.
ئەم حەقیقەتە گشتییە لە وەسیەتەکەی لوقماندا (سەلامی خوای لێبێ) دەبینین، کە بە کوڕەکەی پێشکەشکرد، یان ڕاستتر بەو گەنجانەی پێشکەشکرد، کە گەورەترین نوێنەری گەورەترین بانگەوازن. قورئانی پیرۆزیش بە وێنەی دەستوورێکی نەمر بڕیار لەسەر ئەم وەسیەتە دەدات:
﴿ يَٰبُنَيَّ أَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ وَأۡمُرۡ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَٱنۡهَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ وَٱصۡبِرۡ عَلَىٰ مَآ أَصَابَكَۖ إِنَّ ذَٰلِكَ مِنۡ عَزۡمِ ٱلۡأُمُورِ ١٧ ﴾ (لقمان: ١٧).
بەومانایەی ئەو کەسەی، کە نوێژ بەجێ ئەهێنێ و، فەرمان بە چاکە دەکات و، ڕێگریش لە خراپە دەکات، یەك لە دوای یەك بەڵاو موصیبەتی بەسەردا دەبارن. هەروەك ئەم کارانە چەند دیوێکی یەك حەقیقەت بن. جا هەر کەس کار بە یەکێکیان بکات ئەوا بە دیوێکی ئەو حەقیقەتە کاری کردووە و، ئەگەر کاری بە دوانیان پێکەوە کرد، بە دوو دیوی حەقیقەتەکە کاری کردووە و، کەوتۆتە سەر ڕێیەکی ڕاست بۆ لای خوای پاك و بێگەرد.
جا لێرەدا حەقیقەت سێ دیوی هەیە و، کامڵیی مرۆڤیش لەسەر بەجێهێنانی ئەو سێ دیوە وەستاوە . بڕوایشم وەهایە، کە ڕێبازی گەورە پیاوان ئەم ڕێگایەیە.

لەبەر ئەوە لەسەر ئەوانە پێویستە، کە بۆ هەڵگرتنی ئەرکی بانگی پێغەمبەران (سەلامیان لێبێ) هەڵبژێردراون هەمان ڕێگا بگرنە بەر. بەڵام کردارو ڕەفتاری کەسانی تر بریتین لە چەند ڕووداو و ئازایەتیەک، کە لەسەری پێویستە پەنا بەخوا بگیردرێ لە لادان بۆ ئەو جۆرە کارە پڕ مەترسییە سەرەنجام نادیارانە، کە نازانێ لە کوێ و کەی و لە پێناوی کێدا تەواو دەبن؟

لە پێشەوە بەرهەڵستیی نەکردن لەگەڵ یاساکانی فیطرە و، ڕۆیشتن بە ڕێبازی ئیرشاد و تەبلیغ دا بە فەراسەت و، بە بەرچاوڕوونیی و ناسینی ئەوانەی کە بەکارئەهێنرێن بۆی، باس کران کە ئەمانە لە کارە گرنگەکانن لە ئیرشاددا ..

لەمەشدا چاکترین نموونە بۆمان پێغەمبەری بەرێزە (صلی الله علیه وسلم). چونکە ئەو تایبەتمەندییانەی، کە بەڵگەن لەسەر پێغەمبەرایەتی ئەو پەیوەندییان بە باسەکەمانەوە هەیە، کە ئەویش بەکارهێنانی هەموو مرۆڤێکە لەهەر کارێکدا، کە لەگەڵ لێهاتنیا گونجاو بێت. ئەمەش نیشانەیە لەسەر فەراسەت و زیرەکی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لە ناسینی کەساندا.

هەر کەسێکی کردبێتە فەرمانبەر لە هەر کارێکدا، هەرگیز لەسەری پەشیمان نەبوەتەوە. جا ئەم پێکانە، یان بە ڕاست دەرچوونە بە درێژایی تەمەنی پیرۆزی، شاهیدێکی ڕێکوپێکی گرنگە لەسەر پێغەمبەرایەتیی ئەو.

بۆ نموونە: حەسسانی کوڕی ثابیتی (خوا لێی ڕازیی بێ) بەکارهێنا بۆ بەرەنگاربوونەوەی کافران[1].

ئەوە بوو هەموو دێرە شیعرێك لە شیعرەکانی حەسسان وەك تیرێکی

(١) سەیری : مسلم، فضائل الصحابة : ١٥١ - ١٥٦، بکە .

ژەهراویی وەهابوو، کە جەرگی دوژمنانی ئەبڕیی، کەچی ئەگەر حەسسان لە مەیدانی جەنگدا بەکاربهێنرایەو، فەرماندایەتی پێ بسپێردرایە، ئەوا ئەو سەرکەوتنەی، کە ئەو هاوەڵە مەزنە بەدەستی ئەهێنا، لە شمشێربازیدا ئەبووە تێکشکان. ئەوانەی کە پێغەمبەری بەڕێز (صلی الله علیه وسلم) بۆ ئیرشادکردن ڕەوانەیکردن، بە وێنەی: موصعەبی کوڕی عومەیر و موعازی کوڕی جەبەل و عەلیی کوڕی ئەبوطالیب و وێنەیان (خوا لێیان ڕازیی بێ)، بۆ هەر کوێ ئەچوون بۆ ئیرشاد، ئەوا بە جۆرێ سەرکەوتنیان بە دەست ئەهێنا دڵەکانی سەرسام دەکردن. خۆ ئەگەر ئەم کارە بدرایەتە دەست خالیدی کوڕی وەلید (خوا لێی ڕازیی بێ) لەوانەیە وەك ئەوان سەرنەکەوتایە، چونکە ئەو بۆ ئەوە بەدیی هێنراوە تا لە مەیدانی جەنگدا تەنانەت ترس و لەرز بخاتە دڵی شێرەکانیشەوە . ئەوە بوو پێغەمبەری خوایش (صلی الله علیه وسلم) لەم جۆرە مەیدانانەدا بەکاریهێنا .

گرنگترین سیفەتی چاکی ئیرشادکار ئەمەیە تاکەکان بە پێی لێهاتن و توانایان بەکاربهێنێ. ئەمەش بەستراوە بە شارەزایی وردی فیطرەتی مرۆڤەوە. جا ئەوانەی، کە ئاگاداری لایەنەکانی لاوازیی و بەهێزیی مرۆڤن و، بەو پێیە کار ڕاناپەڕێنن، سەرکەوتنی ئەوانە جێی وتووێژە.

لە لایەکی تریشەوە ئەگەر هەموو کەسێك لە شوێنی خۆیدا دانەنرێ ئەوا ناتوانرێ سنوور بۆ ئیسرافکردن لە پیاواندا دابنرێ. کەواتە ئیرشادکار ئەو مرۆڤەیە، کە توانای نەهێشتنی ئەو کارەی هەیە. ئەو بەو زانستەی خۆی بە پێی یاساکانی فیطرەت دەتوانێ گەورەترین کێشە چارەسەر بکات و، بە گورجییەکیش، کە لە هێزی خۆی زیاتر بێت تەواویان بکات.

بەشی سێیەم

وێنەکێشانێکی ڕۆحی تەبلیغکار

لەم بەشەدا چەند کاروبارێك لەگەڵ نموونەدا لە ژێر ناونیشانی ((وێنەکێشانێکی ڕۆحی تەبلیغکار)) ڕوون دەکەینەوە، بە جیاوازییەکی کەم لەگەڵ بەشی دووهەم، تا لە گۆشەیەکی ترەوە ڕێبازی پیاوانی ئیرشاد ڕۆشن ببێتەوە، دەشگونجێ ئەم بەشەی، کە ئێمە لەژێر ناونیشانی جیا جیادا پێشکەشی دەکەین بە وتارێك بژمێررێ بۆ دەروونی مرۆڤ بە بۆنەی ئەوەوە، کە پەیوەندیی بە شێوەی ڕۆحی تەبلیغکارەوە هەیە.

شەفقەت

تەبلیغکار پێش هەموو شتێك پاڵەوانی شەفقەت و بەزەییە. بۆ ئەوەی خەڵکیی ئەو حەقە وەربگرن، کە ئەم بانگی بۆ دەکات، هۆ و ڕێگای هەڵە، وەك بەکارهێنانی هێز و زبریی و زۆرکاریی، بەکارناهێنێ. چونکە جێگیرکردنی ئیمان بە خوا لە ناو دڵەکاندا هەرگیز بەو هۆو ڕێگایانە نابێت.. بەڵکو ئیرشادکردن بە شەفقەتەوە دڵان نەرم دەکات و، ویژدانیش ناسك دەکات و، وەهایان لێدەکات ببنە هاودەم و، ئامادەی وەرگرتنی ئیمان بە خوا و پێغەمبەرەکەی (صلی الله علیه وسلم) بن. تەبلیغکار پاڵ بە دوێنراوەکەیەوە دەنێ تا بە قەناعەتەوە تەصدیق بکات، بۆیە بە زانستەکەی شارەزای دەکات و، بە ڕەوشتە بەرزەکانیشی ڕای دەکێشێ بۆ لای خۆی. بۆیە هەر کەسێ ئەو تەبلیغکارە بناسێ یان ببینێ، بە نموونەی کەسایەتییەکی پڕ لە ڕەوشتی بەرز ئەیبینێ. بێگومان کە ئەو کەسە تەسلیمی دەبێ و لێی ڕازیی دەبێ، ئەوپەڕی کاریگەریی هەیە بۆ وەرگرتنی قسەکانی. کەچی ئەو کۆمەڵە خەڵکانەی، کە ترس براوەتە دڵیانەوە، لەو تەبلیغکارە دەترسن، کە مەسەلەکان لە کەش و هەوایەکی زۆرکاریی و ئیستیبداددا دەخاتەڕوو. هەتا لەو حەقیقەتانەی، کە دەیانخاتەڕوو سامیان لێ ئەنیشێ. ئەو حەقیقەتانەش، کە نیاز وەهایە تەبلیغ بکرێن، هەرچەندە زیندوو و پڕ لە خۆشەویستیی بن، ئەوا سارد و سڕیی تەبلیغکاران کار دەکاتە سەر

گوێگران. هەرگیز ئەم جۆرە ڕەفتارانەش خێریان لێوە دەستگیر نابێ. بە مەرجێ هیچ کەس مافی ئەوەی نییە بە هۆی هەڵەکانیەوە خەڵك لە ئیسلام سارد بکاتەوە، یان لێی بترسن.

شەفەقەت لە ڕەوشتی پێغەمبەردا (صلی الله علیه وسلم) - وەك لە هەموو سیفەتەکانی تریدا وەهابوو - گەیشتبووە چڵەپۆپە. ئەوە بوو لەسەر چەند پاڵپشتێکی مەزنی وەك شەفەقەت بانگەوازە مەزنەکەی دامەزراند و، لە کەش و هەوایەکی فێنکی پڕ لە دڵ نەرمیی و سۆزیشدا تەبلیغی کرد، کە دەیفەرموو: (إِنَّمَا أَنَا لَكُم مِثْلُ الوَالِدِ)[1]. ئەیفەرموو: من وەك باوك وەهام بۆتان. ئەی چۆن نا، کە ئەو ئەو باوکە بەبەزەییە بەڕەحمەیە کە لە کاتی لەدایکبوونیدا دەیفەرموو: ((ئومەتەکەم!. ئومەتەکەم))!. هەروەهاکە بە ئومەتەکەی ئەیفەرموو: ((أولادي)) هەروەك جگەرگۆشەکانی بە سنگە بەسۆزەکەیەوە بنووسێنێ. جا ئەگەر یەعقووب تاکە خۆشەویستێکی وەك یووسفی (سەلامیان لێبێ)، بوو بێ، ئەوا دانە دانەی ئومەتەکەی یووسفن بۆ ئەو. بەڵێ، ئەو سنگی دەکاتەوە تا جێی دانە دانەی ئومەتەکەی بکاتەوە. یەك بە یەك وەك چۆن باوکی بەبەزەیی کوڕە تاقانەکەی بە سنگیەوە ئەنووسێنێ. لە بەرانبەریشەوە دانە دانەی ئومەتەکەی ئەوی لە باوك و دایکی زیاتر خۆشدەوێ، هەتا بگرە لە خۆیشی. بەومانایەی ئەو سیفەتەی کە لە تەبلیغکار جوێ نابێتەوە بریتییە لەو خۆشەویستییەی کە هەڵقولاوی شەفەقەت و دڵ نەرمییە و، هەڵقولاوی ئەو ڕەوشتەیشە کە بە ڕێزەوە سەیر دەکرێت. ئەم سیفەتە پەسەندێتیی تایبەتیی هەیە، چونکە هەر شتێك لە شەفەقەت و بەزەیی بێبەش بوو، ئەوا جێی خۆشەویستیی و ڕێزی تێدا نابێتەوە. بەڵێ لەوانەیە بە زۆر خەڵك بۆ گوێڕایەڵیی

(١) أبوداود، الطهارة: ٤، النسائي، الطهارة : ٣٥ .

هەندێ کاری تایبەت ناچار بکرێ، بەڵام ئێوە ناتوانن کەسێ ناچار بکەن تا ئەو حەقیقەتانەی خۆش بوێن، کە ئێوە ئەتانەوێ تەبلیغیان بکەن.

لە ڕاستیشدا لەبەردەم شەفەقەت و سۆزدا دەرگایەکی داخراو نییە، کە نەکرێتەوە. ئەو شاخە بەفرینانەی کە بە شەفەقەت و سۆز نەتوێنرێنەوە، هەرگیز هیچ شتێك نایان توێنێتەوە. لە بەر ئەمە ئەگەر ئەتانەوێ بە خۆشەویستییەکی گەرموگوڕ خەڵك بەیەکەوە ببەستن، ئەوا لەسەرتان پێویستە یەکەمجار لەژێر باڵی سۆزو شەفەقەتدا بیانپێچنەوە. خۆ ئەگەر چاوپۆشیی لە کەموکورتی و هەڵەی خەڵك نەکەن و، حەقیقەتیشیان بە پێچراوەیی بە شەفەقەت و دڵ نەرمییەوە بۆ دەرنەخەن، ئەوا بە شێوەیەکی بن بڕ هیچ مەسەلەیەکی تاکەکەسیی و کۆمەڵیی خەڵکتان بۆ چارەسەر ناکرێ. پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) چۆنیەتیی ڕەفتارکردنمان بەرانبەر بە هەڵەو کەموکوڕیەکانی ئوممەت بەم نواندنە فێر دەکات:

(إِنَّما مَثَلي ومثَلُ أُمَّتي كَمَثَلِ رَجُلٍ استَوقَدَ ناراً فَجَعَلَتِ الدَّوابُّ والفراشُ يَقَعنَ فِيهِ، فَأَنا آخِذٌ بِحُجَزِكُم وَأَنتُم تَقَحَّمُونَ فِيهِ)[1]. دەفەرموێ: نموونەی من و ئوممەتەکەم وەك پیاوێك وەهایە، کە ئاگرێکی کردبێتەوە، لەولاوە گیانلەبەران و پەپوولە دەکەونە ناویەوە. منیش دەست بەکەمەرەتانەوە ئەگرم کەچی ئێوە هەر ئەتانەوێ خۆتان بخەنە ناویەوە.

بەم نموونەیە پێغەمبەری بەڕێز (صلى الله عليه وسلم) ڕێگایەکی یەکجار پان و پۆڕ بۆ ئیرشاد دەکاتەوە و، ڕوونیشی دەکاتەوە، کە هەرکەس لەم ڕێگایەوە بڕوا، ئەوا تەبلیغ کردن بە کۆمەڵێکی گەورەی

(١) مسلم، الفضائل : ١٧ - ١٩، البخاري، الرقائق : ٢٦ .

کۆمەڵگە دەگەیەنێ. بەڵام بۆچوونە جیاوازەکان و بیر و فیکرە دژەکان لەگەڵ ئەم ڕێیەدا دەبنە مایەی کەوتن و پووکانەوە. لە هەموویشی خراپتر بەرەو تیاچوون بردنی خەڵکە، ئەمەش حەقیقەتێکە.

ئەگەر سۆزو تاسەمەندییەکە بە دڵی مرۆڤەکەی ئەمڕۆمان پێشکەش بکەن، ئەوا دەنگدانەوەیەکی خەمباری لێوە ئەبیستن. چونکە هەر مرۆڤێك نوقمی تاوان و کردەوەی ناشیرین ببێ، بەختەوەر نابێ. بێگومان هیچ مرۆڤێك، جگە لەوانەی، کە بە تەواویی دڵیان تاریك و ویژدانیان ڕەش هەڵگەڕاوە و جیهانی مەعنەوییان گەنیوە، بە ڕەزامەندیی و ویستی خۆی لەو ژیانە بۆگەنەدا نامێنێتەوە، بەڵام ئەوەتا پێی خلیسکاوە و کەوتۆتە ئەو ناوەندەوە، کە ئێستا وا تیایدا و توانای دەرچوونیشی تیایدا نییە. جا ئێوە بە دەستە پڕ شەفەقەتە بە سۆزەکانتان ئەو ڕێگایەی دەرچوونیان پیشان دەدەن، کە بە دوایدا دەگەڕێن. هەرکەسیش بە بەزەیی پێداهاتنەوە لەوانە نزیك بکەوێتەوە و، لە چوار چێوەی سۆزو بەزەییەکی ڕێکوپێکدا مەسەلەکانیان بۆ ڕوون بکاتەوە، ئەوانیش سەیری ئێوەش و ئەوەش، کە پێشکەشیانی دەکەن بە چاوی نەرم و نیانییەوە دەکەن، ئەگەرچی ئێوە داوای نەکەن. ئەمە حەقیقەتێکی بینراوە، چونکە کۆمەڵێك باوەشیان بۆ ئیمان کردەوە کە ئێمە لەو خەڵکانەوە بە تەمای نەبووین و، لە ماوەیەکی وەهاشدا، کە چاوەڕوانی نەبووین. ئەمەش سەدان هەزار نموونەی هەیە. لەبەرئەوەش، کە ئێوە بوونەتە هۆی هیدایەتیان، ئەوا بە درێژایی تەمەنیان سوپاس گوزاریی ئەو چاکەیەتان دەکەن، سەرەڕای ئەوەش، کە هەرچی کردەوەیەکی چاك ئەوان ئەنجامی بدەن لە دەفتەری کردەوە چاکەکانتان دا تۆمار دەکرێت.

جا با مەسەلەکە بە نموونەیەك ڕوون بکەینەوە :
بیر لەوە بکەرەوە، کە ئاگر بەرببێتە ماڵێك، کە خێزانەکە و منداڵەکانیان هەموویان لە ناویا بن و، تۆش ڕقت لێیان بێ، یان کەشتییەك بێنە بەرچاوت، کە نوقوم بوویێت و خەڵکەکەی سەری -کە نایان ناسیت- لەسەر ئاوەکە بڵاوەیان لێکردبێت و، داوای بە هاناوە گەیشتن لە هەرکەسێ دەکەن، کە لە مردنی مسۆگەر ڕزگاریان بکات. لەبەردەم ئەم دیمەنەدا، بێگومان تۆ بەپەلە هەڵمەت دەبەیت بۆ ئەوەی ئەندامانی ئەو خێزانەی، کە تۆ ڕقت لێیانە لە ئاگر ڕزگار بکەیت و، ئەوانەش، کە نایان ناسیی لە خنکان ڕزگار بکەیت. بگرە لەوانەیە لە پێناوی ڕزگارکردنیاندا ژیانیشت بخەیتە مەترسییەوە. خۆ ئەگەر کەسێك بیەوێ لەو عەزمەت لات پێ بدات ئەوا هەرگیز ئاوڕی لێ نادەیتەوە و، گوێشی بۆ ناگری. چونکە دەنگی ویژدانت لەهەر دەنگێکی تر زیاتر کاریگەرە. بە هەرحاڵ ئەوانەی، کە تۆ دەتەوێ ڕزگاریان بکەیت، ئەوە ئەو ژیانەیان ڕزگار ئەکەیت کە لە پەنجا یان شەست ساڵ تێپەڕ ناکات. ئەی دەبێ هەڵوێستمان بەرانبەر بە کەسانێك چۆن بێ کە ئەگەر بمانەوێ ژیانی هەتاهەتایی نەبڕاوەیان ڕزگار بکەین؟ کێشەکە لەوەدا حەشار دراوە، کە پەی بەو نهێنییە ببرێ. بەڵکو من وای دەبینم، کە ئەرکی سەرشانی هەموو خاوەن ویژدانێك ئەوەیە لەو کەسانە تووڕە نەبن و دڵیان لێیان نەڕەنجێ، بگرە هەتا لەسەر ئەو کارانەش کە ئەنجامیان دەدەن گلەییان لێ نەکەن .
بەم شێوەیە لەسەر تەبلیغکار و ئیرشادکارانی ئەمڕۆ پێویستە لەم گۆشەیەوە سەیری ئەو مرۆڤایەتییە بکەن، کە بەکاری لەناوبەری ماددیی و مەعنەویی. دنیایی و قیامەتیی چەپەڵ بووە و، لەبەر تیشکی ئەوەشدا سەیری ئەو کاروبارانەی ژیان بکەن، کە لەکەسانی

ترەوە ڕوو دەدەن. ئیتر تووڕەیی و لێدان و توندیی و دڵ ڕەقیی شیاوی ئیرشادکار نین. بەڵام درۆ و بەرژەوەندیی سیاسیی چەندین فەرسەخ لێیەوە دوورن. کەواتە ئیرشادکار نموونەی خۆشەویستییە. ئەوەش کە دڵە تینووەکانی ئیرشاد چاوەڕوانی دەکەن ئەم ئیرشادکارەیە. پێشەنگیشمان لەمەدا سەردارمان پێغەمبەری مەزنە(صلى الله عليه وسلم). سەیری بکەن:

لە پێناوی ئەوەدا، کە خەڵکەکە یەکجار بڵێن ((لا إله إلاّ الله))، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) تووشی کاری پڕ مەترسیی زۆر بوو و، چەرمەسەریی زۆریشی چەشت. لە ڕاستیشدا ئەوانەی، کە بەردیان تێگرت و خوێناوییان کرد و، دەستیان خستە قوڕگی و، ناوسکی وشتریان خستە سەرشان و ملی لە نوێژدا و، دڕکیان خستە ناو ڕێگەکەیەوە، ئەم هیدایەتی ئەوانی دەویست و، بە هیوای ئەوەبوو بچنە بەهەشت. ئەمەی هەتا بۆ دوژمنەکانی دەخواست. هەرگیز چاوەڕوانی هیچیشی بۆ خۆی لێیان نەدەکرد. ئەوەبوو لە طائیف بەردباران کرا و، پێی شەریف و دەم وچاوی موبارەکی خوێناویی کران، هەتا ئەوەبوو بۆ خۆپاراستن پەنای بردە بەر باخچەیەك و، زەیدیشی (خوا لێی ڕازیی بێ) لەگەڵدا بوو. جبریل هەوڵیدا کۆمەکی بکات کە ووتی: (ئەگەر بتەوێ ئەم دوو چیایەی مەککەیان لێ دەهێنمەوە یەك). بەڵام ئەم پێغەمبەرە بەبەزەیی و بەسۆزە هەردوو دەستی بەرز کردنەوە و فەرمووی: ((أرجو أن يُخرجَ اللهُ من أصلابِهم من يَعبُدُ اللهَ وحدَهُ لا يُشرِكُ به شيئاً))[1]. فەرمووی: هیوادارم خوای گەورە لە پشتی ئەوان کەسانێك بەدیی بهێنێ، کە خوا بە تاك و تەنیا و بێشەریك

(١) البخاري، بدء الخلق : ١٧، مسلم، الجهاد : ١١١، إبن كثير، البداية : ٣ / ١٦٦ - ١٦٨.

بپەرستن . ئیتر نەیویست هیچ موسیبەتێکیان تووش ببێ .
هەروەها لە مەیدانی جەنگدا، کاتێك، کەددانی شەریفی شکاو، پارچەیەکی کڵاوە ئاسنەکەی چەقییە دەم وچاوی موبارەکی و، چەند دڵۆپێك لە خوێنە خاوێنەکەی کەوتە سەرزەویی، خێرا هەردوو دەستی بەرزکردنەوە بۆ ئاسمان، هەروەك بیەوێ بەپاڕانەوە بەرپەرچی داباریني غەزەبی خوا بداتەوە، کە فەرمووی :

(أَللَّهُمَّ اغْفِرْ لِقَومِي فَإِنَّهُمْ لاَ يَعلَمُونَ)[١]

بەمە ئەو بەڵایەی گێڕایەوە دوا کە لەوانەبوو دابەزێتە سەر بێ باوەڕان. هەڵقولانی سۆز و شەفەقەتیش لە هەر وشەیەکی ئەو دوعایە یەکجار بە ڕوونیی دیارە.
دەمەوێ شتێك باس بکەم کە پەیوەندیی بە بابەتەکەوە هەیە و لە چەندین بۆنەشدا باسم کردووە، کە ئەمەیە:
گەنجێك تازە هیدایەتی وەرگرتووە، کە خۆی لە ناو خەرمانەی نووردا بینیی، هاتوچۆی زۆری کۆڕی ئەوانەی دەکرد، کە نوقمی ئەو نوورە ببوون. جارێکیان کە باسی دەست درێژیی ناهەمواری بەرانبەری نەیارانکرا، کە بە بیری هیچ کەسدا نەئەهات، یەکێ لە گەنجە دڵ گەرمەکان هەستاو وتی: ((دەبێ هەموو ئەوانە سەرببڕێن)). هەرکە هیدایەت دراوە تازەکە ئەم قسەیەی بیست ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاو دەم وچاوی هەڵبزرکا و بە گەنجە دڵ گەرمەکەی وت: ((براکەم! شتی وەها مەڵێ، خۆ تۆ ئەگەر پێش چەند ڕۆژێك ئەم بڕیارەت جێبەجێ بکردایە ئەوا من ئێستا لە نێوانتاندا نەدەبووم و ئەهلی ئاگریش دەبووم.

(١) البخاري، الأنبياء : ٥٤، مسلم، الجهاد : ١٠٥، القاضي عياض، الشفاء: ١ / ١٠٥.

وا ئێستا ئەمبینن یەکێکم لە ئێوە. مرۆڤی ئەو لایەنە نەیارەشمان موحتاجی ئەو هەڵسوکەوتە چاك و هاوەڵێتییە باشەیە، کە من دیومە. ئەگینا ئێمە دەبینە وێرانکەری ئاخیرەتیان و هیچی تر. ئەمەش هیچ شتێ دەستی ئێمە و دەستی ئەوانیش ناخات)).

ئەم قسانەی، کە بە کورتی هێنانمەوە، وەك ئەوە وەهابوو قسەی هەموو ئەو گەنجانە بن کە بە دەست ئازاری بێ باوەڕی و کوفرەوە ئەتلێنەوە. منیش بە هەموو هێزێکمەوە هاوار لەو گەنجانە دەکەم و دەڵێم: ئەو گەنجانەی، کە بە ئێش و ئازاری کوفر شپرزە بوون موحتاجی سۆزو بەزەیی ئێوەن و، بە توندوتیژیی و بە زۆرکاریی هیچتان دەست ناکەوێ. ئێمە ناچارین بە ژیریی و مەنطیقمان کار بکەین، نەك بە سۆزو عاطیفەمان. بناغەی کێشەکەش ئەمەیە ئەوانەی، کە لە ڕیزی نەیاردا بەرانبەرمان وەستاون، لەسەرمان پێویستە قەناعەتیان پێ بکەین و ڕووە و جیهانی دڵ و مەعنا ئاڕاستەیان بکەین. بڕوایشم وەهایە، کە ئەگەر پێویست نەبێت بەزاندنی بەرانبەر شێوازێك نییە کە ئیرشادکار بیگرێتە بەر.

بەڵێ، بەرەیەکی تەواو تیاچوو و نەما. چەندین بەربەست و کۆسپی هەوا و ئارەزووەکان لەسەر ڕێی مزگەوتەکاندا دانراون و، کارە وابەستەکانی جەستەش کراونەتە میحرابی ئەم بەرەیە و، هیچ شتێکیشیان دەربارەی دین و ئیمان و قورئان فێر نەکردووە. ئێستاش ئەم بەرەیە لەم گێژاوەدا دەسوورێتەوە و، ئەمەش ئەنجامێکی یەکجار سروشتی و چاوەڕوان کراوە. کەواتە ئەم بەرە نەگبەتە و ئەم کۆمەڵە گەنجە کلۆڵە شیاوی ئەوە نین لێیان توورە ببین و، ڕقیان لێ هەڵبگرین، بەڵکو ئەوانە شیاوی نەفرەتی ئیمانداران کە ئەوانەیان بەرەو ئەو ڕێڕەوە چەپەڵە پاڵپێوە ناوە. خۆ ئەگەر کەم و کورتییەکیش لە شتێکدا هەبێ، ئەوە

هی ئەوانەیە. ناشلێم بەرەی پێگەیو، یان گەنجەکان لە گوناھ و تاوان بە دوورن، بەڵام ڕاستەوخۆ ڕووبەڕوو وەستانیان بە گوناهەکانیانەوە و، بە توندیی و زبریی، هیچ مانایەکی تێدا نییە بۆ ڕزگارکردنیان. هیوادارین ئەم بەرەیە، لە نزیکترین کاتدا، لەو زەلکاوە ڕزگار بکرێن. ئەمەش مەبەست و ئاواتی بوونمانە.

خـۆ بەخـتکـردن

ئەم بابەتە مافی ئەوەی هەیە کە بەشێکی تەواوی بۆ تەرخان بکرێت و، بە وردیی شیبکرێتەوە. بەڵام من لێرەدا دەمەوێ سەرنجتان تەنها بۆ چەند لایەنێکی ڕابکێشم بۆ وردبوونەوە و بیرکردنەوە:
خۆبەختکردنیش یەکێکە لە سیفەتە گرنگەکانی تەبلیغکار و، ئەوانەش، کە هەر لە سەرەتاوە خۆبەخت کردن ناگرنە بەرچاو - یان ناتوانن -، نابنە پیاوی بانگ کردن و، هیچ پێویستیش ناکات باسی نوشستیی ئەو کەسە بکەین، کە بەو شێوەیە نەبووەتە پیاوی بانگ کردن.
لە هەمان کاتدا ئەوانەی، کە ئامادەی بەختکردنی سامانن - ئەگەر داوا کرا-، یان ئامادەی بەخت کردنی خۆیانن -ئەگەر پێویستی کرد، بگرە هەتا منداڵ و کەس وکار و پلەوپایەو ناوبانگ و هەموو شتێکی تر، کە خەڵکی گۆرانیان پێدا دەڵێن و هەموو ئاواتێکی ژیانیانن. ئەوانەی کە ئامادەی بەختکردنی هەموو ئەوانەن عەرشی بانگەوازەکەیان لە پۆپەدا بۆ دادەمەزرێنرێ. ئەمەش کارێکە جێبەجێ دەکرێت و وەها تەقدیر کراوە.
کاتێك، کە پێغەمبەری بەڕێز (صلی الله علیه وسلم) بناغەی بانگەوازەکەی لە مەککە دامەزراند، ڕۆحی خۆبەختکردنی تێگەیاندن و، بە کردەوە لە دڵەکاندا ڕواندی: سەرەتا لە خۆیەوە پاشان خزمە نزیکەکانی، ئەوانەیان، کە پشتگیرییان لێکرد. بۆ نموونە: (خدیجة

الكبرى)ی دایكمان و هاوسەری سەرداری پێغەمبەران و، سوڵتانی دنیا و قیامەت (خوا لێی ڕازیی بێ)، لە پێناوی ئەم بانگە پیرۆزەدا هەرچی هەبوو هەر هەمووی بەخشی، بێ ئەوەی بە داواكردن تەنگ بە هیچ كەسێك هەڵ بچنێ. چووە ژێر باری هەموو مەسرەفێكی دەعوەت و میوانداریی كە بۆ بانگ كردنی موشریكەكانی مەككە ئەكرا . كاتێكیش كە ئەم خانمە بەڕێزە خۆشەویستە دەوڵەمەندە كۆچی دوایی كرد هەتا پارەی كەفنەكەشی بۆ خۆی نەهێشتبۆوە!

بەڵێ، هەموو بانگەوازكارێك بۆ لای خوا چی سامانی ماددیی هەیە بەختی دەكات و، سەرەڕای ئەوەش، بۆ ئەوەی بە دین و فیكر و سەربەستیی و مرۆڤایەتیی خۆیەوە، بە چاك ترین شێوەی ژیان و گوزەران، بژیت، ئەوا ئەو دەوروبەرەش بەجێ دەهێڵێ كە تیایدا گەورە بووە، واتە كۆچ دەكات. ئەمەش لایەنێكی تری خۆبەخت كردنە. ئەوەبوو سەردارانمان ئەبوبەكر و عومەر و عوثمان و عەلی (خوا لێیان ڕازیی بێ) كۆچیان كرد. هەموو دەوڵەمەند و هەژارێك و، گەنج و پیرێك و، ژن و پیاوێكی موسڵمانان كۆچیان كرد. هەر هەموو كۆچیان كرد و نیشتمانی باو باپیریان بەجێ هێشت و، سامانەكەشیان بۆ زاڵمان و مل هوڕانی مەككە بەجێ هێشت و، جگە لەوەی لە ڕێگا بیخەنە بەر دڵیان هیچیان لەگەڵ خۆیان نەبرد. كاتێك، كە كۆچكەران لە پێناوی تەبلیغ كردنی ئەو بانگەیاندا، كە ئیمانیان پێ هێنا بوو و، بەسەر خۆیاندا جێبەجێیان دەكرد، ئەو هەموو قوربانییەیان پێشكەش كرد، دانیشتوانی مەدینە، ئەنصار، بەوپەڕی ڕێزەوە بەخێرهاتنیان لێكردن و نووساندنیانن بە سنگیانەوە. ئەمەش جۆرێكی تری خۆبەخت كردنە، چونكە ئەوانیان پێش خۆیان دەخست، هەرچەندە خۆشیان لە دەست كورتییدا دەژیان[1]. هەروەها لەم كاتەدا لەسەر پیاوانی تەبلیغ و

ئیرشاد پێویستە ئەم تێگەیشتنەی خۆ بەختکردن جێبەجێ بکەن، کە لە سەردەمی هاوەڵە بەڕێزەکاندا - ئەوانەی، کە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا لە چڵە پۆپەدان - جێبەجێ کرابوو، ئەمانیش هەمان حاڵەت دەریخەنەوە، چونکە بە پێچەوانەی ئەوەوە، وەك لە پێشەکییەکەدا باسمان کرد، سەرکەوتن بەشیان نابێت.

(١) سەیری : البخاري، مناقب الأنصار : ٣، البیوع : ١، الکاندهلوی، حیاة الصحابة : ١ / ٣٨١، بکە .

دوعـــــا

دوعا بەلای تەبلیغکارەوە سیفەتێکە لێی جیا نابێتەوە و، گرنگییشی لە سیفەتەکانی تر کەمتر نییە. ئەو چاوەڕوانە بە کۆمەکیی خوای باڵادەست قسەکانی کاربکەنە سەر دوێنراو و، بچنە دڵیەوە. چونکە خوای گەورە خاوەنی هەموو شتێکە و، دڵی بەندەکانیشی وان لە نێوان دوو پەنجە لە پەنجەکانی خوای پاك و باڵادەستدا و، هەر چۆنی بوێ گۆڕانیان بەسەردادێنێ. بەڵام فەرمانی خوایی:

﴿ قُلْ مَا يَعْبَؤُا بِكُمْ رَبِّي لَوْلَا دُعَاؤُكُمْ فَقَدْ كَذَّبْتُمْ
فَسَوْفَ يَكُونُ لِزَامًا ﴾ (الفرقان: ٧٧)

بە وێنەی قیبلەنمای هەستیار لە دڵی تەبلیغکاردا جێگیر دەبێ و، هەمیشە خەریکە میحرابی دوعا و لالانەوە و تەوبەی پیشان دەدات.. بەڵێ، خەڵکێکی زۆر بە هۆی دوعا و لالانەوەی پاڵفتەی دڵەوە هیدایەتیان وەرگرت، کەچی قسەی پڕ بەلاغەتی سیحراویی کاری تێ نەکردن. لەبەر ئەوە هەروەك دوعا چەکی ئیمانداره، قەڵای سەختی بەرەودواوەی ئەو تەبلیغکارەیە کە لەپێش هەموو شتێکەوە پەنا بۆ دوعا دەبات و، پاشان دەست بە باسی ئەو شتە دەکات، کە دەیەوێ بیگەیەنێ. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ، کە تەبلیغکار واز لەو ڕەفتارە مەنطیقییە دێنێ، کە نیشانەی عەقڵە، بەڵکو مانای وایە،

کە تەبلیغکار بە وردەکارییەکی تەواوەوە شوێنی هەریەکە لە عەقڵ و مەنطیق و دوعا دەزانێ. با چەند نموونەیەکیش دەربارەی ئەوە باس بکەین، کە چۆن دوعا خۆی لە خۆیدا لە کاریگەرییدا ئیکسیرێکی گەورەیە:

پێغەمبەری بەڕێز (صلی الله علیه وسلم) هەموو هۆ و ڕێگایەکی شەرعیی بۆ هیدایەت دانی خەڵکیی تاقیکردەوە. هەمیشەش خەریکی دوعا بوو و، لێیشەوە ڕیوایەت نەکراوە کە هەرگیز وازی لە دوعا هێنابێ. ئەوەبوو لە خوا پاڕایەوە تا هیدایەتی عومەری کوڕی خەططاب بدا و، عومەریش لە ڕۆژێکدا بە هیدایەت شەرەفمەند دەبێ، کە بەبیردا نەئەهات. ئەمەش تەنها لە بەرەکەتی دوعاکەی پێغەمبەرەوەیە (صلی الله علیه وسلم)[1].

ڕۆژێکیان ئەبوهورەیرە (خوا لێی ڕازیی بێ) داوای لە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) کرد تا بپاڕێتەوە خوا هیدایەتی دایکی بدات.

لە ڕیوایەتێکی ئەبوهورەیرەدا هاتووە: (دایکم موشریك بوو و منیش بانگم دەکرد بۆ سەر ئیسلام. ڕۆژێکیان کە بانگم کرد دەربارەی پێغەمبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) شتێکیدا بە گوێمدا کە پێم ناخۆش بوو. منیش بە گریانەوە هاتمە خزمەتی پێغەمبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) و وتم: ئەی پێغەمبەری خوا! جاران دایکمم بۆ سەر ئیسلام بانگ دەکرد و ئەویش بە گوێمی نەدەکرد. بەڵام کە ئەمڕۆ بانگم کرد دەربارەی تۆ شتێکی بە گوێمدادا، کە پێم ناخۆش بوو. لە خوا بپاڕێرەوە تا هیدایەتی دایکی ئەبوهورەیرە بدات. پێغەمبەری

(١) سەیری : إبن کثیر، البدایة : ٣ / ٣١، إبن الأثیر، أسد الغابة : ٤ / ١٤٨، إبن سعد، الطبقات : ٣ / ٢٨٦، بکە .

خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: ((أللهم! أهدِ أم أبي هريرة)). فەرمووی: خوایە هیدایەتی دایکی ئەبوهورەیرە بدەیت. بە بۆنەی دوعاکەی پێغەمبەری خواوە(صلى الله عليه وسلم) بە خۆشییەوە دەرچووم. کاتێك هاتم و گەیشتمە دەرگاکە دەبینم داخراوە. کە دایکم دەنگی پێمی بیست، وتی: ئەبوهورەیرە! لە جێی خۆت بووەستە! گوێشم لە خشەی ئاو بوو. دەڵێ: خۆی شۆرد و جلەکانی لەبەرکرد و بە پەلە سەرپۆشی کرد و دەرگای کردەوە. پاشان وتی: ئەبوهورەیرە! أشهد أن لا إله إلا الله و أشهد أن محمداً عبده و رسوله . دەڵێ: گەڕامەوە خزمەتی پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)، کە گەیشتمە لای لە خۆشیاندا پێ دەکەنیم)[1].

(١) سەیری : إبن سعد، الطبقات : ٤ / ٣٢٨، إبن حجر، الإصابە : ٤ / ٢٤١، بکە .

مەنتیق و واقیعییەت

تەبلیغکار - لە هەمان کاتدا - مرۆڤێکی مەنطیقییە، ئیتر سا لە هەڵسەنگاندنی ڕووداوەکاندا بێ، یان لە تێگەیاندنی دوێنراواندا بێ. ئەو هەمیشە دادەبەزێتە ئاستی خۆیان و ئاستی تێگەیشتنیان، پاشان لەسەر ئەوەی کە دەیەوێ قەناعەتیان پێ دەکات، چونکە بە ڕێژەی ڕێك دەرچوونی وتەکانی و کردەوەکانی لەگەڵ مەنطیق و واقیعییەتدا قسەکانی وەردەگیرێن و لەسەریان گلەیی لێناکرێ. وەهاش تێنەگەن کە ئێمە تەبلیغکار بۆ وشکیی مەنطیق هەڵ ئەنێین، بەڵکو ئەوەمان لێی دەوێت، کە ڕەوشت و هەڵسوکەوتی مەنطیقیی بن و، لە سنووری مەعقوول و واقیع دەرنەچن، سەرەڕای ئەوەش، کە لە پێشەوە باسمان کردووە. ئەوەتا نموونەیەکی سەرنجڕاکێش لە پێغەمبەری خواوە (صلی الله علیه وسلم) دەگێڕینەوە:

جولەیبیب خوا لێی ڕازیی بێ بەرانبەر بە ئافرەتان گەنجێکی ئیرادە لاواز بوو، بۆیە هاوەڵە بەڕێزەکان دەربارەی ئەو ڕەوشتانەی بێزار بوون و، نەشیان ئەتوانی کۆڵی پێ بدەن. ڕۆژێکیان پێغەمبەریان(صلی الله علیه وسلم) لەوە ئاگادار کرد و، ئەویش بانگی کرد و ئەم گفت و گۆیە لە نێوانیاندا ڕوویدا:

(فەرمووی: ((أَتُحِبُّهُ لأُمِّكَ؟)) واتە: ئایا بۆ دایکت پێت خۆشە؟

وتی: نا بەخوا، خوا بمکا بەقوربانت.

فەرمووی: ((ولا الناسُ يُحِبُّونهُ لأُمَّهَاتِهِم)). واتە: خەڵكییش بۆ دایكیان پێیان خۆش نییە.
فەرمووی: ((أفتحبه لابنتك؟)) واتە: ئایا بۆ كچەكەت پێت خۆشە؟
وتی: نا بەخوا، ئەی پێغەمبەری خوا! خوا بمكات بەقوربانت .
فەرمووی: ((ولا الناس يحبونه لِبَناتِهِم)) . واتە: خەڵكییش بۆ كچەكانیان پێیان خۆش نییە.
فەرمووی: ((أفتحبه لأُختِكَ؟)) واتە : ئایا بۆ خوشكەكەت پێت خۆشە؟
وتی: نا بەخوا، خوا بمكا بەقوربانت.
فەرمووی: ((ولا الناس يحبونه لأَخَواتِهم)). واتە: خەڵكییش بۆ خوشكەكانیان پێیان خۆش نییە.
فەرمووی: ((أفتحبه لِعَمَّتِكَ؟)) . واتە: ئایا بۆ پوورت (خوشكی باوكت) پێت خۆشە؟
وتی: نا بەخوا، خوا بمكا بەقوربانت.
فەرمووی: ((ولا الناس يحبونه لِعَمَّاتِهِم)) . واتە: خەڵكییش بۆ پوورەكانیان پێیان خۆش نییە.
فەرمووی:((أفتحبه لِخالَتِكَ؟)) . واتە: ئایا بۆ پوورت (خوشكی دایكت) پێت خۆشە؟
وتی: نا بەخوا، خوا بمكا بەقوربانت.
فەرمووی: ((ولا الناس يحبونه لِخالاتِهِم)). واتە: خەڵكییش بۆ پوورەكانیان پێیان خۆش نییە.
پاشان دەستی خستەسەری و فەرمووی: ((أَللَّهُمَّ اغْفِرْ ذَنبَهُ ، وَطَهِّرْ قَلبَهُ، وَحَصِّن فَرجَهُ))[1]. واتە: خوایە! لە گوناهەكانی خۆش ببە و، دڵیشی پاك بكەرەوە و، پاك داوێنیشی بكە. جولەیبیب بووە پاك داوێنترین

---

(١) المسند، للإمام أحمد : ٥ / ٢٥٦ - ٢٥٧ .

گەنجی مەدینە.
دوای ماوەیەکی کەم پێغەمبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) بۆ غەزایەك کەوتە ڕێ. کاتێك، کە خوا دەستکەوتی جەنگی پێ بەخشین، بەهاوەڵانی فەرموو: ((هَل تَفقِدون مِن أَحَد ؟)). واتە: ئایا کەسێ پێ دەزانن دیار نەبێت؟ وتیان: فڵان دیار نیە و، فڵان دیار نییە.
فەرمووی: ((أنظروا هل تفقدون من أحد ؟)). واتە: سەیر بکەن بزانن کەسێ پێ دەزانن دیار نەبێت ؟. وتیان: نەخێر.
فەرمووی: ((لكِنّي أَفقِدُ جُلَيبِيباً)). واتە: بەڵام بە لای منەوە جولەیبیب دیار نییە.
فەرمووی: ((فَاطلُبوهُ في القَتلَى)). فەرمووی: لە ناو کوژران دا بۆی بگەڕێن. کە گەڕان لە تەنیشت حەوت کوژراودا کەوتبوو کە هەر حەوتی کوشتبوون و پاشان ئەویشیان کوشتبوو. وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا! ئا ئەوەتا لە تەنیشت حەوت کەسدا کەهەر حەوتی کوشتوون و پاشان ئەویشیان کوشتووە. پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) هاتە لای و لەسەری وەستا و دووجار یان سێجار فەرمووی: ((قَتلَ سبعةً ، ثم قَتَلُوهُ . هذَا مِنّي وَأَنا مِنهُ . هذا مني وأنا منه)). فەرمووی: حەوت کەسی کوشتووە و پاشانیش کوشتوویانە. ئەو لە منە و، منیش لەوم.
پاشان پێغەمبەری خوا خستیە سەر هەردوو باسکی خۆی و، دەستیان کرد بە قەبر هەڵکەندن بۆی و، چارپاشی نەبوو جگە لە هەردوو باسکی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم)، پاشان خستیە ناو قەبرەکەیەوە[1]. بەم شێوەیە، بە هەردوو باڵی مەنطیق و دوعا، جولەیبیب بووە باڵندەیەك لە باڵندەکانی قیامەت.

(١) المسند : ٤ / ٤٢٠ ـ ٤٢١، الهيثمي، مجمع الزوائد : ٩ / ٣٦٨ .

٥

لێبووردن

تەبلیغکار لە ڕەفتاریا لێبوردەیە. لە ڕاستییشدا لێبووردن بریتییە لە سنگ فراوانیی و دووربینیی، ئیتر هەرگیز مانای دەست هەڵگرتن لە بانگەواز و، مەراییکردن ناگەیەنێ. جا با ئەمە بە نموونەیەك ڕوون بکەینەوە:

ئەو فەرمایشتەی، کە پێغەمبەری مەزن(صلی الله علیه وسلم) بەو کافرانەی مەککەی فەرموو کە لە مەککەدا، بە خۆی و بەو ئیماندارانەشەوە، کە لەگەڵیا بوون، دەریان پەڕاندن، دوای ئەوەی کە هەرچی جۆری سزا بوو پێیان چەشتن. ئەو فەرمایشتە هێمایەکی گەشاوەیە بۆ لێبووردن. ئەوەبوو پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) پرسیاری کرد: ((مَا تَرَوْنَ أَنِّي فَاعِلٌ بِكُم؟)). پرسیی: ئێوە ڕاتان وەهایە چیتان لێ بکەم؟ وەڵامیان دایەوە: چاکە. تۆ برایەکی بەڕێز و کوڕی برایەکی بەڕێزیشیت. ئەویش ئەوەی پێ فەرموون، کە یووسف (سەلامی لێبێ) بە براکانی فەرموو:

﴿ قَالَ لَا تَثْرِيبَ عَلَيْكُمُ ٱلْيَوْمَ يَغْفِرُ ٱللَّهُ لَكُمْ وَهُوَ أَرْحَمُ ٱلرَّٰحِمِينَ ﴾ (یوسف: ٩٢).

ئەوەبوو یووسفی سەردارمان لێبووردنی لەگەڵ براکانیدا بەکارهێنا. بەڵام پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لێبووردنی هەتا لەگەڵ دوژمنەکانی بەکارهێنا. بەمە بەخشندەیی ئەم لە بەخشندەیی یووسفی سەردارمان (سەلامی لێبێ) زیاتر بوو.

٦

هەست ناسکی

تەبلیغکار بەرانبەر بە گومڕایی خەڵك و لادانیان لە حەق یەکجار هەست ناسك و هەستیارە. کاتێك، کە ئەوان پشت لە فەرمانەکانی خوای باڵادەست هەڵ دەکەن و بەرهەڵستیی ئەو دەکەن، لە قووڵایی دڵیەوە ئازاری پێدەگات. هەر کاتێکیش لە دین پاشگەز بوونەوەیەك بەدیی بکات و، خۆی بە دەستەوەستان بزانێ لەوەی، کە بەرانبەریان شتێك ئەنجام بدات لەو ئێش و ئازارەدا پێچ ئەخوات و، جگە لە شڵەژان و دڵەڕاوکێ و هەناسە هەڵکێشان هیچی تری لێ نایەت. قورئانی پیرۆزیش بەم ئایەتە پیرۆزە ئەو حاڵەتە دەروونییە وێنەدەکێشێ، کە لە هەستیاریی و شڵەژاویی زۆرەوە دروست ببوو و، لە پێناوی تەبلیغ کردن و بانگ کردندا پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) پێوەی دەتلایەوە: ﴿ لَعَلَّكَ بَٰخِعٌ نَّفۡسَكَ أَلَّا يَكُونُواْ مُؤۡمِنِينَ ﴾ (الشعراء: ٣). بێگومان هەموو تەبلیغ کارێك ئەم حاڵەتە دەروونییەی بەسەردا دێت، بەڵکو پێویستیشە وەها بێت.

پاشگەزبوونەوەش مانای پاشگەزبوونەوەیە لە دینی حەق . پاشگەزبووش ئەو کەسەیە، کە ئینکاریی ئەو شتە پیرۆزانەی دین بکات، کە لەوەو پێش ئیمانی پێ هێناوە، ئەو کەسە لە لایەکەوە موسڵمانەکان بە کەم دائەنێ و، خۆیان و عەقیدەیان بە سووك سەیر دەکات. جا هەر کەسێك تاقە جارێك موسڵمانەکان بە سووك سەیر بکات، ئەوا دەتوانێ هەمیشە سووك سەیریان بکات. لەبەر ئەمە هەندێ وایدەبینن، کە پاشگەزبوو

مافی ژیانی نییە. بەڵام شارەزایانی فیقهـ بۆ هەموو حوکمێك بنچینەیان داناوە، بۆیە وتوویانە: پێویستە یەکەمجار پاشگەزبوو لەو مەسەلەیە، کە بە هۆی ئەوەوە پاشگەز بووەتەوە تێبگەیەنرێ و، هەوڵ بدرێ بە هەموو بەشەکانی ئەو مەسەلەیە قەناعەتی پێ بکرێ. خۆ ئەگەر هەموو هۆ و ڕێگاکان نەیانتوانی قەناعەتی پێ بکەن و، ئەو کەسە نەگەڕایەوە سەر ڕێی ڕاست، ئەوا دەردەکەوێ، کە ئەو مرۆڤە بووەتە دومەڵێکی پیس لەلاشەی کۆمەڵگەی ئیسلامییدا. ئیتر بەو پێیە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت..[1] چونکە ئیماندار ناتوانێ لەبەردەم پاشگەزبوونەوەی هیچ کەسێکدا بە دەستی بەستە بوەستێ. چونکە چەمکی پاشگەزبوونەوە لە ئیسلامدا ڕێ بە شتی ئاوەها نادات. بگرە هەموو ئیماندارێك ئەوپەڕی ئازاری پێ ئەگات ئەگەر ڕووداوێکی لەوە ببیستێ. ئەمەش بە پێی ئاست و توندیی هەست و سۆزی بۆ ئەو کارە. بەڵام ئازار و شڵەژانی تەبلیغکار ئەوە لە سەرووی هەموو ئازار و شڵەژانێکەوەیە، چونکە چاك دەزانێ، کە مەبەستی ژیانی ئەو بریتییە لە هیدایەت دانی خەڵك.

خالیدی کوڕی وەلیدی سەردارمان، کاتێ، کە یاساکانی دینی لە مەسەلەی پاشگەزبوونەوەدا هەڵسەنگاند، لە ڕووداوێکدا پەلەی کرد. کاتێك، کە هەواڵەکە گەیشتە پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ئازارێکی زۆری پێ گەیشت و لە خوا پاڕایەوە و فەرمووی:

(أللهم ! إِنِّي أَبرَأُ إِلَيكَ مِمَّا صَنَعَ خالِد) .[2] فەرمووی: خوایە من خۆم لە تاوانی ئەو کردەوەیەی خالد بەدوردەگرم.

---

(١) سەیری : البخاري، الديات : ٦، مسلم، القسامة : ٢٥، السرسخي، المبسوط : ١٠ / ٩٨، الكاساني، بدائع الصنائع : ٧ / ١٣٤، بکە .

(٢) البخاري، المغازي : ٥٨، إبن هشام، السيرة : ٤ / ٧٢ .

ئەوەبوو ئەو هەستیارییە توندەی پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) تیشکی بۆ لای هاوەڵە بەڕێزەکان دایەوە. بۆ نموونە: ئەوەبوو لە (یەمام)ەوە پیاوێك هاتە خزمەتی عومەر و، پرسیاری هەواڵی گرنگی لێکرد. ئەویش هەواڵی دایە کە هیچ دەنگوباسێك نییە جگە لەوەی کە پیاوێك دوای موسڵمان بوونی پاشگەز بۆتەوە. عومەر فەرمووی: ئەی چیتان پێ کرد؟ وتی: دامان لەملی. بە وێنەی کردەوەکەی پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) عومەر ئاخێکی قووڵی هەڵکێشاو پاشان فەرمووی: ئەی نەئەکرا بەندتان بکردایە و - سێجار- هەموو ڕۆژێك کولێرەیەکتان دەرخواردی بدایە و داوای تۆبەتان لێ بکردایە، بەڵکو تۆبەی بکردایە و بگەڕایەتەوە سەر فەرمانی خوا؟ پاشان عومەر فەرمووی: خوایە! من ئامادە نەبووم و فەرمانیشم نەداوە و، کاتێکیش پێمگەیشتووە ڕازیی نەبووم[1].

(١) الموطأ، الأقضية : ٥٨ .

٧

قووڵیی جیهانی ڕۆحی

تەبلیغکار خاوەنی جیهانێکی ڕۆحیی قووڵیشە، چونکە بە پێی ڕادەی قووڵی جیهانە ڕۆحیەکەی قسەی کاردەکاتە سەر خەڵك. جا هەرچەندە لە پەروەردگاری بەدەسەڵات نزیك بکەوێتەوە، ئەوا خوایش ئەو لە خۆی نزیکتر دەخاتەوە، هەتا وای لێ دێ دەبێتە ئەو چاوەی کە پێی دەبینێ و، ئەو گوێیەی کە پێی ئەبیستێ و، ئەو دەستەی کە دەستی پێ ئەوەشێنێ. بەمە خوای پاك باڵادەست دەبێتە بناغەی هەموو جموجووڵ و هەڵسوکەوتێکی. بەومانایەی هەموو جموجووڵێکی لە سایەی پشتگیریی خوای پاك و بێگەرددا بەڕێوە ئەچێ. ئیتر چەندە بەو زانستەی کە ئەیزانێ ڕەفتار بکات، خواش لەو زانستە شارەزای دەکات، کە نایزانێ و، هەنگاوەکانی ڕێك و پێك دەکات، هەتا وای لێ دێ دەبێتە چارەسەرکەری گرانترین کێشەیەك کە بەلای کەسانی ترەوە سەخت بێت، بەوپەڕی سووکیی و ئاسانییەوە. ئیتر بە بۆنەی بەردەوام بوونی لەسەر چارەکردنی کێشەکان لەناو کۆمەڵگەدا پەسەند و دیار دەبێت و، دەبێتە نوێنەری ڕێگای ڕاست. هەرکەسێکیش ئەمە کاری بوو، ڕێژنەی بەرەکەتی پیرۆزی لەلایەن خوای پاك و بێگەردەوە بۆ دێت، ئیتر بە هۆی ئەو هێزی ڕاکێشانی موگناتیسییەوە، کە لەو ڕێژنەی بەرەکەتانەوە پەیدادەبێت، بەردەوامیی بە ئیرشاد کردنەکەی دەدات، هەتا دەوروبەرەکەی وەك سێبەرێکی خوایی لێ دێت، کە

هەزاران بگرە سەدان هەزار کەس ئەچنە سایەیەوە. بەمجۆرە ڕاکێشانی بەهێزی ئیرشادکارە مەزنەکان لەم قووڵییەی ناخەوە هەڵقوڵاوە. چونکە ئەو ئیرشادکارەی، کە گەیشتۆتە ئەم حاڵەتە یەقینی تەواوی دەست کەوتووە و، جڵەوی هێزی سیحراویی یەقینیشی گرتۆتە دەست. دیارە گەیشتنە یەقینیش گەیشتنە بە کەماڵی ئیمان، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێ: ((الیقین کله إیمان))[1]. دەفەرموێ: یەقین هەر هەمووی ئیمانە.

یەقینیش واتە سازدانی ژیریی ئیماندار بە بەڵگە و، پڕکردنەوەی زەینی بە بیرکردنەوە و، تیشك دانەوەی بیرەکان بە ئیلهام و، توانەوەی نەفس بە خواپەرستیی و گوێڕایەڵیی و، گۆڕانی دڵ بە ئاوێنەیەکی پرشنگدار، کە بە چاودێریی و بینینی بەردەوام ڕووی لە خوای حەق تەعالا بێت .

یەقین گەیشتنە بە تەوحید. هەرکەس پێیگەیشت ئیتر لە هیچ کەسێك ناترسێ و، بە تەمای هیچ کەسێکیش نابێت جگە لە خوای پاك و باڵادەست. چونکە هەموو شتێکی ئەو لە خوای باڵادەستەوەیە، لەبەر ئەوەی، کە ئیمانی هێناوە چاکە و خراپە هەر هەمووی لە خوای باڵادەستەوەیە.

جا هەرکەسێ لەم لایەنەوە گەیشتە یەقین، نە سارد دەبێتەوە، نە دەترسێ. بە زەردەخەنەوە پێشوازیی لە مردن دەکات، هێشتا دنیای بەجێ نەهێشتووە و لە قیامەت دا ئەژیی. چونکە ئیمانی بەوە هەیە کە بوراقی مردن دەیگەیەنێ بەوانەی کە تامەزرۆی دیتنیانە. لەبەرئەوە وا لە خۆشیی و شادمانیی هەمیشەییدا. لە فەرموودەی شەریفیشدا

---

(١) البخاري، الإيمان : ١ .

هاتووه : (خِيارُ أُمَّتي فيما أَنْبَأَنِي الملأُ الأَعلَى قَومٌ يَضحَكونَ جَهراً في سَعَةِ رَحْمَةِ رَبِّهِم وَيَبكونَ سِرّاً ((ليلاً)) مِن خَوفِ عَذابِ رَبِّهِم... قلوبُهم في الدُّنيا وَأَرواحُهم في الآخرة ـ)[1]. دەفەرموێ: چاکترینی ئومەتەکەم، وەك (جیهانی بەرز و باڵا - الملأ الأعلى) هەواڵی پێ داوم، کۆمەڵێکن بە ئاشکرا بۆ فراوانیی سۆز و بەزەیی پەروەردگاریان پێدەکەنن و، بە نهێنییش (بە شەودا) لە ترسی سزای پەروەردگاریان دەگرین. ئەوانە دڵیان لە دنیادایە و ڕۆحیشیان لە قیامەتدا.

بەڵێ، ئاواتی هەرە مەزنی هەموو ئیرشادکارێك ئەوەیە، کە بگاتە پلەی ئەو ئەهلی یەقینەی، کە دنیا و قیامەت پێکەوە دەبینن و، هەست بە یەك بوونی هەردوو جیهانەکە دەکەن. ئا ئەمەش ئەوەیە، کە ئێمە لە ئیرشادکاری نموونەیی چاوەڕوان و چاوە و چاوی بۆ دەکەین و، وەك ژیانی نزم و بێبایەخی دنیا، کەمترین حەز و ویستی بۆ دنیا نییە و، ئەگەر فەرمانبەریی ئیرشادیش نەبێ بیر لەوە ناکاتەوە لە دنیادا بمێنێتەوە. وێنەی ئەمانە ئەو ئیرشادکارانەن، کە ڕەوشتی موحەممەدییان وەرگرتووە و، پێویستە هەموو ئیرشادکارێکیش بەو تەرزە بێت.

بەڕێز طاهیر مەولەویی، کە (مثنوی) (جلال الدين الرومی) ڕاڤە کردووە باس دەکات و، دەڵێت:

لەگەڵ شێخ عاطیف لە زینداندا بووین، شێخیش لە دۆستانی قەڵەم بوو و، لە ڕۆشنبیریی چەرخەکەیشی تێگەیشت بوو. ئەوەبوو بەرگرییەکی بەهێزی ئامادەکرد بۆ دوا دانیشتنی دادگاییکردنی، کە لە سبەینێ بەیانییدا ئەنجام دەدرا. بەڵام شێخ عاطیف دوای بەجێهێنانی نوێژی

(١) المستدرك : ٣ / ١٧، البيهقي، شعب الإيمان : ١ / ٤٧٨ .

بەیانیی ئەو بەرگرییەی دڕاند، کە دوێنێ نووسی بووی و، فڕێی دایە سەبەتەی خۆڵەوە. لێم پرسیی: چی ڕوویداوە؟ بۆچ بەرگریەکەت دڕاند؟ بەم شێوەیە وەڵامی دامەوە:

ئەمشەو بە بینینی سەرداری هەردوو بوونەوەرەکە (صلی الله علیه وسلم) بەختیار بووم. لە خەومدا دانیشتبووم و خەریکی نووسینی بەرگرییەکە بووم. فەرمایشتی لەگەڵمدا کرد و فەرمووی: عاطیف! ئەو پەرۆشییەت لە چییە؟ ئایا ناتەوێ بێیت بۆ لامان؟ وتم: چۆن نامەوێ، ئەی پێغەمبەری خوا؟! ئەمەش مانای وەهایە کە کاتی بەخزمەت گەیشتنی هاتووە . ئایا ئیتر پێویست بە بەرگریی دەکات؟ بەمشێوەیە دادگا فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەرکرد و، ئەویش بڕیاری حوکمەکەی بە زەردەخەنەوە و، بەوپەڕی دڵ ئارامییەوە وەرگرت. چونکە ئەم حوکمە دەبێتە مایەی گەیشتن بە خزمەتی پێغەمبەری خوا(صلی الله علیه وسلم). جا کەسێك سواری ئەم جۆرە بوراقە ببێ، چۆن شادمان نابێت؟! هەر کەسیش بە ڕاستی بەو ڕێگایەدا بڕوا و، لە هەموو مەنزڵێکیدا چاوەڕوانی ڕەزامەندیی خوا بکات و، ئیمانیشی وابێ، کە لە هەموو هەنگاوێکیدا خوا و پێغەمبەرەکەی بۆ سەرکەوتنی ئەو ڕووی مەرحەمەتیان لێیەتی، چۆن لە دڵنیایی و هێمنییدا نوقم نابێت؟ بەڵێ، پیاوی وا دەکوژرێ و لە سێدارە دەدرێ، بەڵام هەرگیز ژێر ناکەوێ.

بەڵێ، ئەوەی، کە تەبلیغکار بە ئاکام دەگەیەنێ بریتییە لە پاراستنی ڕوونیی و ناسکیی ڕۆحی بە بەردەوامیی. چونکە ئەو کەسەی، کە خۆی نەزر دەکا بۆ خوا و، هەوڵی بەدەست هێنانی ڕەزامەندیی خوای پاك و بێگەرد بە تەنیا دەدا، بە دڵنیاییەوە، ئەمڕۆش نەبێ سبەینێ لە قیامەتدا، بە ویست و ئاواتی خۆی دەگات. کەواتە ئەگەر کەسێك

خوای ناسیبێ چی لە کیس چووە و، کەسێکیش نەی ناسیبێ، ئەگەر هەموو دنیا موڵکی ئەو بێ، چی دەست کەوتووە؟
ئایا کارەکە هەر هەمووی ئەوە نییە بە دڵێکی دروست و زیندووەوە بە حزووری خوا بگەینەوە؟ ئیتر لەوە بە دواوە بۆچ بایەخ بدەین بە کۆمەڵە کارێکی بێ بایەخ و کێشە و باسێك، کە پێویستییمان پێیان نییە؟ لە خوای باڵادەست و بەتوانا داواکارین دڵەکانمان تا ڕۆژی بەیەکگەیشتنەوە لەگەڵ خۆیدا، بە ناسکیی و ڕوونی بپارێزێ. خۆی پەروەردگارمانە . ئیمانمان هەیە کە سۆز و بەزەیی ئەو پڕبەپڕی هەموو شتێك دەبێت و، پێش غەزەب و تووڕەییشی کەوتووە. ئێمە تەنها داوای ڕەزامەندیی و سۆزی ئەو دەکەین.

٨

تاسە و ئارەزووکردن

تەبلیغکار فەرمانبەرییەکەی لە کەش و هەوایەکی پڕ لە شەیدایی و تاسەدا ئەنجام دەدات و، تەبلیغکردنیش تاسە و شەیداییەکی وەهایە بە لایەوە، کە بە هیچ شتێکیان ناگۆڕێتەوە و، پێویستیشە ئەم هەستەی تیا وریا بکرێتەوە. بەڵام بەخەبەرهێنانی ئەم هەستە شتێکی وەها ئاسانیش نیە، بگرە یەکجار گرانە و، هێنانەدییشی زۆر درێژە ئەکێشێ. خۆ ئەگەر پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)، لە سەرەتای بانگەوازدا، ئەم هەستەی لە دەرونی هاوەڵەکانیدا نەچاندیە و، نەیکردنایەتە شەیدای حەق و حەقیقەت، ئەوا لە چوارچێوەی بازنەی هۆیەکاندا پەیامی ئیسلام بە لایەنە فراوانەکانیەوە نەئەهاتە دیی.

ئەوەتا خالیدی کوڕی وەلیدی سەردارمان لەگەڵ فەرماندەی ڕۆمەکاندا بەیەك ئەگەن و ئەمیش یەکەمجار موسڵمان بوونی دەخاتە پێش چاو[1] کەواتە یەکەمجار تەبلیغکردن، پاشان شمشێرەکان دێنە گۆ.

جا ئەگەر تاسەی تەبلیغکردن لە سەرووی هەموو شتێکەوە نەبێت، ئەمە بە چی ڕووندەکرێتەوە؟

کاریگەریی ئەو تاسە و شەیداییە زۆرەی تەبلیغ بە شێوەیەك بەسەر هاوەڵە بەرێزەکاندا (خوا لێیان ڕازیی بێ) زاڵ بوو، ئەوەبوو لە پێناوی تەبلیغکردندا نیشتمانیان بەجێ هێشت و، بە هەموو لایەکی دنیادا بڵاوەیان لێ کرد.

---

(١) سەیری : إبن كثير، البداية : ٧ / ١٣، بکە .

جا با یەکێکیان باس بکەین:
خوبەیب بەدیل گیراو برا بۆ مەککە. دوای ئەوەی، کە ماوەیەکی دوور و درێژی لە بەندیخانەدا بەسەر برد، لە دیمەنێکی خەمناکدا بەرەو سێدارە برا. زۆر خەمبار و دڵ بێزار بوو، چونکە هەلی بۆ نەڕەخسا بوو بۆ تەبلیغ کردنی ئەو فەرمانبەرییەی کە پێغەمبەری بەرێز (صلی الله علیه وسلم) پێی سپاردبوون. وا ئێستاش بە دەستی کۆت کراو و بە زمانی لە گۆ خراوەوە بەرەو سێدارە دەبرێ. بەبێ وەستان چاوی بە دەوروبەریدا دەگێڕا، تا بەڵکو کەسێکی دەست بکەوێ و شتێك لە دینی پێ تەبلیغ بکات. بەڵام بێهوودە بوو، چونکە کەسی دەست نەکەوت، هەرچەندە ئەو خەڵکە هی وایان تێدا بوو، کە لە ئایندەدا دەبووە هاوەڵ، بەڵام بۆ ئەو ڕۆژە هێشتا بەرچاویان ڕوون نەببوویەوە. پێی وتن: ئەگەر دڵتان پێوەیە لێمگەڕێن تا دوو ڕەکعەت نوێژ بکەم. وتیان باشە نوێژ بکە. ئەویش دوو ڕەکعەت نوێژی ڕێکوپێك و جوانی بەجێهێنا. پاشان هات بۆ لای خەڵکەکەوە و وتی: (بەخوا لەبەر ئەوە نەبوایە ئێوە وا بزانن لە ترسی کوشتن درێژە بە نوێژ ئەدەم، نوێژی زۆرم دەکرد)[1]. پاشان سەریان خستە سەر سێدارەکە. کاتی دواهەمین بە خوا سپاردن هاتە بەرەوە. حەربەکەی ئاڕاستەکرا. بەڵام خوبەیب هەرخەریك بوو چاوی بە دەوریدا دەگێڕا، بەڵکو کەسێکی دەست بکەوێ و تەبلیغی بکات. بە دوای کەسێکدا نەئەگەڕا لە مردن ڕزگاری بکات، بەڵکو دەیویست کەسێك بدۆزێتەوە تا هەوڵی لەگەڵدا بدا و ژیانی هەتا هەتایی ڕزگار بکات، ئەگەرچی لە دواساتەکانی ژیانیشیدا بوایە. ئای خوایە گیان! مردن بە لای شەیدایانی تەبلیغکردنی بانگی خواوە

(١) سەیری : إبن کثیر، البدایة : ٤ / ٦٥، بکە .

چەندە هیوابڕە، کاتێك، کە دەسەڵاتیان لە دەستدا نابێ، ئەو کارەیان پێ ئەنجام نادرێ!
لەو کاتەدا خوبەیب، بەبێ ئەوەی بە تەمابێ، هەلێکی بۆ هەڵکەوت. ئەوەبوو یەکێ لە گەورە موشریکانی قوڕەیش پرسیاری لێکرد. جا ڕواڵەتی پرسیارەکە ئەوەندەی ئەو وەڵامەی، کە پڕیەتی لە حیکمەت و، ئەوەندەش، کە دەبێتە هەل بۆ بەجێهێنانی فەرمانبەریی ئیرشاد، گرنگ نیە. لەوانەشە پریشکێك لە بیرێکەوە، لە ئاییندەدا ببێتە هۆی هەڵگیرسانی ئیمان لە دڵی کەسانێکی زۆردا. پرسیارەکەش ئەمە بوو: ((ئایا پێت خۆشە ئێستا موحەممەد لەم شوێنەی تۆدا بێ و لەملی بدەین و تۆیش لە ناو کەس وکارتدا بیت؟)).
بێگومان ئەم پرسیارە لە هیچ موسڵمانێك ناکرێت، ئەی چۆن لە ((خوبەیب))، ئەو هاوەڵە مەزنە، دەکرێت؟ ئەویش چاوەڕوانی هەل بوو تا بۆی هەڵ بکەوێ و دوای پرسیارەکە تەبلیغی خۆی بکات. ئەوەبوو هەڵچوونی ویژدانی لە نێوان شادمانییەکی یەکجار زۆردا و، بێزارییەکی جەرگبڕدا سەری کرد و، بەڕادەیەك، کە هیچی پێ نەدەکرا. بۆیە هەوڵیدا شتێك بڵێ، ئەگەرچی وەك ئەو نوێژە کورت بێ، کە بەجێیهێنا. بگرە پێویست بوو بەیەك ڕستە هەموو ژیان بگرێتەوە، بە شێوەیەك، کە مێژوو بێدەنگ بکات و گوێ لەو ڕستەیە بگرێ و، گوێچکەی زەمانەش پێی بزرنگێتەوە. هەروایش بوو.
وتی: (بەخوا، حەز ناکەم ئێستە موحەممەد لەو شوێنەیدا کە وا تیایدا دڕکێکی پیا بچەقێ و ئازاری بدات و منیش لە ناو کەس و کارمدا دانیشتبم).[1]

---

(١) إبن كثير، البداية : ٤ / ٦٥ .

ئای لەو وەفایە! دە ئەی ڕۆحی پاکوخاوێن بەرز بەرزی بکەرەوە.
دوای ئەوەی، کە ئەم وتەیەی لە دەم دەرچوو، هەرچی ناڕەحەتیەك خوبەیب هەستی پێ دەکرد، بە بۆنەی بەجێنەهێنانی ئەرکی تەبلیغ کردنەوە، هەمووی ڕەوییەوە. بۆیە وەك پەڕ، هەستی بە سووك و سۆڵی دەکرد. ئیتر هیچ کارێکی نەما جگە لە سڵاوی ماڵئاوایی بۆ پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) و پاشان ڕۆیشتن بۆ بەهەشت. هەرگیز بیریشی لەوە نەدەکردەوە، کە ئایا دەگونجێ لە مەککەوە سەلامەکەی بگاتە مەدینە یان نا، چونکە ئەیزانی ئەو سەلام بۆ پێغەمبەرێکی مەزن ئەنێرێ..
دوا وتەیەك، کە لەسەر سێدارەکە بە دەمیا هات بریتیی بوو لە (السلام علیك یا رسول الله). پێغەمبەریش (صلی الله علیه وسلم) لە مەدینە لە نێو هاوەڵانیدا دانیشتبوو. خێرا هەستایە سەر پێ و فەرمووی: (وعلیکم السلام یا خبیب)[1].
بەڵێ لەسەر هەموو خاوەن بانگێك پێویستە لە شەیدایی و تاسەمەندیی تەبلیغدا بگاتە ئەو پلەیەی، کە خوبەیبی پێگەیشت، تا بتوانێ بە ڕەوتی مێژووی نەیار بڵێ: بوەستە! ئەمەش تا بتوانێ واز لە تەوژمە نەیار و دژەکانی زەمانە بهێنێ و، زەمانەش بگێڕێتەوە سەر ڕێبازی ڕاستەقینەی خۆی، تا حەقیقەتی فەرمانبەریی خەلیفەی خوای لەسەر زەوییدا جێبەجێ کردبێ.

(١) ابن کثیر، البدایة : ٤ / ٦٦، ٦٩ .

٩

خاوێنیی دڵ و ناسکیی ڕۆح

بانگەوازکار پێویستە لە کاتی تەبلیغکردنی بانگەکەیدا لەوپەڕی دڵ خاوێنیی و ڕۆح ناسکییدا بێ، واتە لەسەری پێویستە خاوەنی دڵێکی وەها خاوێن بێ وەك خاوێنیی و گەشاوەیی بانگەکەی، چونکە بە پێچەوانەی ئەوەوە پەیوەندیی ئەو لەگەڵ خوای پاك و بێگەرددا، لێڵ دەبێت بە ڕێژەی لێڵیی جیهانی ڕۆحیی ئەو کەسە. بەمە کاریگەریی وتەکانی نامێنێ. دەشتوانین بەم شێوەی خوارەوە ئەوە دەرببڕین:
تەبلیغکار کاتێك کە تەبلیغ دەکات جگە لە ڕەزامەندیی خوای پاك و باڵادەست چاوەڕوانی هیچ شتێك نییە. هەتا ئەوەش ڕەوشتی بێت، دەبینێ وا خوای لەگەڵ دایە و، هەست دەکا کە ڕۆحیانەتی پێغەمبەری بەڕێز(صلی الله علیه وسلم) و هیممەتی گەورە پیاوانی ئیسلامیش کۆمەکیەتی. ئەمەش هیچ کەس گومانی لێ ناکات، چونکە ئەگەر لەو دەنکە تۆوەی، کە دەخرێتە ناو گڵەوە چاوەڕوانیی بکرێ ببێتە هەزار تۆو، ئەوا پێویستە تەنها پاڵ بە هێزی خوای مەزن و باڵادەستەوە بدرێ. چونکە بە تەمابوونی دەرگایانی تر تەنها زیانی ئاشکرای بە دواوەیە. لە ڕاستییشدا تێگەیشتنمان لە تەوحید پێویست بەوە دەکات. چونکە هەروەك خوای پاك و بێگەرد لە زاتیدا شەریکی نییە، هەروەها لە کردارەکانیشیدا شەریکی نییە. کەواتە تەنها خۆی هیدایەت و گومڕایی بەدیی ئەهێنێ. خۆی خاوەنی

موڵك و دەسەڵاتە و بە ویستی خۆیەتی موڵك بە كێ دەبەخشێ و لە كێیشی ئەسێنێتەوە و، كێ عەزیز و كێیش زەلیل دەكات.

بەڵێ، موجاهەدەی مرۆڤ لەگەڵ دەروونی خۆیدا بۆ گەیشتن بە چڵەپۆپە لە خاوێنیی دڵ و ناسكیی ڕۆحدا كارێكی قورس و نارەحەتە، بەڵام گەیشتن بە ئامانج، ئەویش لە چڵەپۆپەدا، شانسێكی چاك و بەختیارییەكی گەورەیە.

سەیری ئەبوحەنیفە نوعمان بكەن، ئەوەتا بۆ پارێزگاریی لە خاوێنی دڵ و ناسكیی ڕۆحی فەرمانبەریی (قضاء) دەداتە دواوە و، لە ژێر قامچیی زاڵماندا سزا ئەدرێ، بەڵام چۆن سزادانێك، كەچی ئەوەی، كە بە داو و تەڵەی ئەژمارد بۆ ڕۆحی گلی نەدەدایەوە[1].

هەروەها ئیمام شافیعییش، ئەوپەڕی هەوڵیدا تا لە وێنەی ئەو كارە نەخرێتە ئەستۆی،[2] بەڵكو ڕازیی بوو وەك خەڵكانی تر ژیانی كەفاف بداتە سەر و، هەر پلەوپایەیەكیش كە لە ژێر فشاری توندی دەوڵەتدا پێی ئەسپێررا، بداتە دواوە. ئەوەبوو ئەو ژیانەی بەلاوە چاك بوو لەوەی، كە فەرمانبەریی دەوڵەت قبووڵ بكات و، وایشی بە چاك زانیی كە شوێنی نەزانرێ و هەوڵیشیدا ئەوەی نەیەتە ڕێ، كە هاتە ڕێی ئەبوحەنیفە نوعمان.

جیهادی ئیمام ئەحمەدی كوڕی حەنبەلیش لە پێناوی قورئاندا لە مێشكی مێژوودا بە هیچ شێوەیەك ناسڕێتەوە. ئەوەبوو وتی: ((قورئان مەخلووق نیە)) و، بە درێژایی تەمەنی لەسەر ئەم وتەیەی

---

(١) سەیری : الذهبي، تذكره الحفاظ : ١ / ١٦٨، إبن خلكان، وفيات الأعيان: ٥ / ٤٠٧، الخطيب البغدادي، تأريخ بغداد : ١٣ / ٣٢٦، ٣٢٨، بكە .

(٢) سەیری : إبن حجر، طوالع التأسيس : ٧٧ / ٨٤، عبد الغنى الدقر، الإمام الشافعى : ٣٨٠، ٣٨١، بكە .

سوور بوو[١]. بە مەرجێ دەیتوانی بە ئاسانیی بە (تعریض) خۆی لێ دەرباز بکات، کەچی ئەوەی نەویست.

لە یەکێ لە یادەوەرییەکانیدا ئەمەمان بۆ دەگێڕێتەوە:

(بەیهەقیی لە (ڕەبیع)ەوە ڕیوایەتی کردووە، کە وتوویە: شافیعیی لە میصرەوە نامەیەکی پێمدا نارد بۆ ئەحمەدی کوڕی حەنبەل. کە گەیشتمە لای تازە لە نوێژی فەجر ببوویەوە، منیش نامەکەم دایە دەستی. وتی: خوێندووتەتەوە؟ وتم: نەخێر. وەریگرت و خوێندیەوە و، فرمێسك بە هەردوو چاویا هات. وتم: باوکی عەبدوڵڵا! چی تیایە؟ وتی: باسی ئەوە دەکات، کە لە خەویدا پێغەمبەری خوای (صلی الله علیه وسلم) دیوە و فەرموویە: نامە بۆ ئەحمەدی کوڕی حەنبەل بنووسە و سەلامی منیشی پێ بگەیەنە و پێیشی بڵێ: تۆ تاقیی دەکرێتیتەوە و، داوات لێدەکرێت بڵێی قورئان مەخلووقە، بە گوێیان نەکەیت. خوای گەورە هەتا ڕۆژی قیامەت ئالآیەکت بۆ هەڵدەکات. ڕەبیع دەڵێ: وتم: مژدەم بدەرێ. ئەویش ئەو کراسەی، کە بەسەر گۆشتدا لەبەری کردبوو دایکەند و دایپێم. کاتێك گەڕامەوە لای شافیعیی هەواڵەکەم دایە. وتی: دڵم نایە لێت بسێنم، بەڵام لە ئاوی هەڵبکێشە و بیدە پێم هەتا بۆ موبارەکیی بەکاری بهێنم).

---

(١) سەیری : الذهبي، سير أعلام النبلاء : ١١ / ٢٣٩، ٢٤٠، أبو نعيم، الحلیە: ٩ / ٢٠٦، بکە .

کاکڵەی باس

بە پوختەیەکی ئەوەی باسمان کرد دەربارەی بنچینەکانی تەبلیغ لە ئیسلامدا لە شێوەی چەند خاڵێکدا کۆتایی بە کتێبەکە ئەهێنین:

١ تەبلیغ و ئیرشاد پیرۆزترین فەرمانبەرییە لە نێو فەرمانبەرییەکانی موسڵماندا. خوای پاك و بێگەردیش پیاوچاکە هەڵبژاردەکانی، کە پێغەمبەرانن -سەلامیان لێبێ- بەم فەرمانبەرییە ڕەوانەکردووە.

٢ هەرچەندە لە بارودۆخی ئاساییدا کاری تەبلیغکردن فەرزی کیفایەیە، ئەوا لەم ڕۆژەدا، چونکە تەبلیغ بۆتە مەسەلەیەکی پشتگوێخراو، جێی فەرزترین فەرزی گرتۆتەوە و، بە هیچ شێوەیەك نابێ پشتگوێ بخرێ .

٣ هەرکەسێ ئەم فەرمانبەرییەی پشتگوێ خستبێ و بمرێ، مەترسیی نیفاقی لێدەکرێت، چونکە وازی لە فەرمانبەرییەکی مەزن هێناوە، کە لە فەرزە شەخسییەکان گرنگترە و، لەوانیش پاداشتی زیاترە.

٤ ئەو کۆمەڵگەیەی، کە کاری تەبلیغی تێدا ئەنجام ئەدرێ، دەرهەق بە بەڵا ئاسمانیی و زەمینییەکان وا لە پەنای خوادا، ئەگەرچیی ئەوانەی کە ئەم فەرمانبەرییە پیرۆزە ئەنجام دەدەن چەند کەسێکیش بن. بە پێچەوانەشەوە ئەنجامەکەی پێچەوانە دەبێتەوە. واتە لەوانەیە خوا قەومێك لەسەر ئەوە لە ناو بەرێت، کە ئەم فەرمانبەرییە مەزنەیان لە ناودا ئەنجام نەدرێت. خۆ تیاچوونی چەندین قەوم لێمانەوە دوور نیە.

٥ ئەم فەرمانبەرییە پیرۆزە لە ناو پرۆگرامی تاکەکان و ئوممەتەکان و دەوڵەتەکان دا بەجێ ئەهێنرێ، چونکە موسڵمان توخمێکی بنچینەییە لە یاسای جیهاندا. جا هەروەك هەر جیهانێك موسڵمانی تێدا نەبێ یاسای تێدا نییە، هەروەها لەو شوێنانەدا کە موسڵمانی تێدایە نە تۆقاندن و نە ئاژاوەی تێدا نییە. ئەمەش بەستراوە بەوەوە کە موسڵمان فەرمانبەرییەکەی جێبەجێ بکات و، بە جوانی ئەنجامی بدات.

٦ بەجێهێنانی فەرماندان بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە دروشمی ئیمانە و، دابڕینی ئەم فەرمانبەرییەش لە ئیمان بە هیچ شێوەیەك نەهاتووە. قورئانی پیرۆزیش ئیمانداارانی بە پشت و کۆمەکی یەکتر ژماردووە، بەوەی، کە ئاماژە بۆ ئەو پایە بنەڕەتییە دەکات، کە دەبێتە مایەی بەردەوامیی ئەم پشتگیرییە. کەچی مونافیقەکان کۆمەك و پشتیوانی یەکتریی نین. ئەوان ڕێگری لە چاکە دەکەن و فەرمان بە خراپە دەدەن.

٧ خوای گەورە پەیمانی پاراستنی دینەکەی خۆی داوە. بەڵام ئەم پاراستنە خواییە بەستراوە بە هیممەتی ئیماندارەکانەوە بە ژن و بە پیاوەوە هەر هەموویان و، خۆبەخشینی هەندێکیشیان بۆ سەرخستنی دین. ئاماژەی ڕوون و دیاریش بۆ ئەم سەرخستنە بەجێهێنانی فەرمانبەریی تەبلیغ بە چاکی.

٨ زانست و کارکردن و تەبلیغکردن سێ دیون بۆ یەك حەقیقەت، کە ناکرێ یەکێکیان لەوی تر جوێ بکرێتەوە. کەواتە زانست مەرجێکی بنەڕەتییە بۆ تەبلیغکردن و کارکردنیش ژیانیەتی.

٩ پێویستە تەبلیغکار بە جوانی شارەزای حەقیقەتەکانی ئیسلام، هەروەها شارەزای ئەو چەرخەش بێت کە تیایدا ئەژیی. چونکە هەرکەس شارەزای ئەو چەرخە نەبێت، کە تیایدا ئەژیی، ئەوا ژیانی لە ڕاڕەوێکی درێژدا بەسەر دەبات و هەوڵیش دەدا کەسانی تر، بە نیازی تێگەیاندنیان، ڕابکێشێ بۆ ناوی، کە ئەمەش غیرەتێکی کلۆڵە.

١٠ کێشانە و پێوانەی دڵی تەبلیغکار بە پێی قورئانی پیرۆز ڕێك بخرێت، چونکە هەرکەسێ دڵی لەگەڵ قورئاندا ڕێك نەخات، کارێکی گرانە ئەو بە ناوی ئیسلامەوە قسە بکات. بەڵام تێگەیاندنی حەقیقەتەکانی ئەوە هەر نەگونجاوە.

١١ ئەو ڕێگایەی، کە تەبلیغکار دەیگرێتە بەر پێویستە شەرعیی بێ. چونکە گەیشتن بە ئامانجی شەرعیی تەنها بەگرتنەبەری ڕێگای شەرعیی دەبێت. ئەمەش ڕێبازی پێغەمبەری خوایە(صلی الله علیه وسلم)، نەك ئەو ڕێگایانەی کە ئەو ڕێکخراوانەی پاکانە بۆ هەموو هۆ و ڕێگایەك دەکەن بۆ گەیشتن بە مەبەست، دەیان گرنەبەر. کەواتە پێویستە لەم سەردەمەدا تەبلیغکارەکان ڕێبازی هاوەڵە بەڕێزەکان بگرنە بەر، بەوەی، کە پەنا بۆ هیچ ڕێگایەك نەبەن ئەگەر لە هەموو بەشێك لە بەشەکانیدا شەرعیی نەبێت. ئا ئەوانە ئەوانەن، کە دین سەرئەخەن و لە وڵاتاندا بڵاوی دەکەنەوە.

١٢ تەبلیغکار ئەوەی، کە ئەیڵێ پێی ئەژیی. ئیتر پێچەوانەی ئەوە ئەو نیفاقەیە، کە ئیماندار زۆر لێی کەنار دەگرێ. کەواتە وتەکانی تەبلیغکار یەکەمجار لە ژیانی خۆیدا ڕەنگ دەدەنەوە، ئەگینا وەك پووش و پەڵاشی وشکەوەبوو گڕدەگرێ، لە پاشاندا ئەمرکێتەوە و خێرا ئەکوژێتەوە.

١٣ تەبلیغکار خۆ بەکەم زانین و خۆنەویستنی خۆی دەپارێزێ، کە ئەمە ڕەفتاری نەجیبە ڕەسەنەکانە. ئەی گوایا ئیمان خۆی لە خۆی دا بریتیی نیە لە ڕەسەنایەتیی و نەجیبیی؟ لەبەر ئەوە تەبلیغکار هەڵسوکەوتی ڕەسەنانە دەکات، وەك هەر ئیماندارێکی ڕاستگۆ، هەتا ئەو ڕەوشتانە، کە ڕەوشتی پێغەمبەرن (صلی الله علیه وسلم) بکاتە خوو و بەهرەی خۆی.

١٤ تەبلیغکار، جگە لە فەرمانبەریی تەبلیغ و ئیرشاد، هیچ پەیوەندییەکی نییە بە دەسەڵاتدارانی دەوڵەتەوە، یان بەوانەوە کە پێیان دەڵێن چینی ئۆرستۆکراتی. ئەو لەمەدا، لەبەر پاراستنی ڕێز و شکۆداریی خۆی، یەکجار هەستیارە.

١٥ تەبلیغکار لەسەر کاری تەبلیغی خۆی سوورە. ئەمەش دەربڕینیٔ ڕێزگرتنی بانگەوازەکەی دەگەیەنێ. لەبەرئەوە هەر مەسەلەیەك بەلای خواوە گەورە بێ ئەویش بە گەورەی رادەگرێ، ئەگینا لە وتەکانیدا بە درۆزن دەرئەچێ..

١٦ تەبلیغکار دژایەتیی یاساکانی فیطرەت ناکات و، هەمیشە بە چاوساغییەوە هەڵسوکەوت دەکات. هەرگیز چاوپۆشیی کردنیش لەو لایەنە لاواز و ئارەزووییانە ڕاست نییە، کە لە مرۆڤدا هەن، بگرە پێویستتر وەهایە ڕێڕەوی ئەو لایەنانە بەرەو جوانتر و چاکتر بگۆڕرێت.

١٧ چەرمەسەریی بەشی تەبلیغکارە و، ئاڵوگۆڕی بۆ نییە. بۆیە لەسەری پێویستە لە سەرەتای ڕێگەوە ڕەزامەندیی دەربخات.

١٨ تەبلیغکار مرۆڤی سۆز و شەفەقەتە و، هەرگیز بە زەینیدا نایەت بۆ چەسپاندنی حەق پەنا بۆ دەست وەشاندن و هێزبەکارهێنان بەرێت.

١٩ خۆبەخت کردن گرنگترین تایبەت مەندیی تەبلیغکارە بۆیە لە سەری پێویستە سیفەتەکانی حەوارییەکانی تێدا بن، بگرە هەر کەس لە منداڵییەوە لە سەر سیفەتی حەوارییەکان نەژیا بێ، بە وێنەی تەبلیغکاری چاك ئەم ژیانە بەجێناهێڵێ. ئەمەش پێش هەموو شتێك پێویستی بە خۆبەختکردن هەیە.

٢٠ تەبلیغکار مرۆڤێکە بەو دوعایە کامڵ دەبێت، کە بنچینەی ئیخلاصە.

٢١ تەبلیغکار مرۆڤێکی مەنطیقیی و واقیعییە، کە بە ئەندازەی کارکردنی بە بنچینەکانی مەنطیق لە کارەکانیدا سەرکەوتوو دەبێ.

٢٢ تەبلیغکار بەرانبەر بە ئیمانی خەڵك زۆر هەستیارە، بۆیە کە ڕووداوی کوفرکردن و پاشگەزبوونەوە دەبینێ خەریکە جەرگی لەت لەت دەبێ .

٢٣ تەبلیغکار فەرمانبەرییەکەی لەچوارچێوەی تاسە و شەیداییدا بەرێوەدەبات. بۆیە ئەگەر شەیدای تەبلیغکردن و بۆی بە تاسەوە نەبێ، سەرکەوتوو نابێ.

٢٤ ئیمانی قووڵ، واتە: قووڵیی جیهانی ڕۆحیی، سیفەتێکە لە تەبلیغکار جیانابێتەوە. ئەمەش مانای وایە بگاتە پلەی یەقین. خۆ هەرکەسێکیش گەیشتە پلەی یەقین ئەوە بە هەر هەموو ڕەوشتە بەرزەکان خۆی سازداوە ..

٣٥ کاتێك تەبلیغکار فەرمانبەرییەکەی ئەنجامدەدا، لە سەری پێویستە هەڵگری دڵێکی ساغ و سەلیم و، ڕۆحێکی ناسك و پاك بێت. جا بۆ ئەوەی خوا و پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) لە کارەکەیدا پشت گیریی لێ بکەن، پێویستە بەلایەنی کەمەوە ژیانی بە وێنەی ڕوونی بانگەوازەکەی ڕوون بێت. ئەمەش بە پاك و خاوێنیی ژیان و گوزەران دێتە دیی.

نـــاوەڕۆك

کورتەیەك لە ژیانی دانەر..٥
ســەرەتــا..١١
پێشـەکی..١٨
بەشی یەکەم (شیکردنەوەی تەبلیغ)
١- تەبلیغ مەبەستی بوونمانە..٢٥
٢- پێویستیی بە تەبلیغ و دەست کەوتەکانی..٣٩
٣- تەبلیغ بەنرخ ترین دیارییە..٥٨
٤- تەبلیغ پێویستیی بە بەردەوامییە..٦٤
٥- لایەنەکانی تەبلیغ کە ڕوو لە خوای پاك و بێگەرد و، لە بەدیی هێنراوان ئەکەن..٧٥
٦- تەبلیغ و پەیوەندیی نێوان تاك و کۆمەڵگا..٨٤
٧- ئیرشاد و ئیمان و نیفاق..١٠٢
٨- ئیرشاد و لەناوچوون لە ڕوانگەی ڕووداوە مێژووییەکانەوە..........................١١٧
٩- تەبلیغ و ئیرشاد پێوەرە بۆ سەرخستنی دین...١٣٢
بەشی دووهەم (چەند بنچینەیەك و یاسایەك لە تەبلیغ دا)
١- پەیوەندیی نێوان عیلم و ئیرشاد..١٤٤
٢- ڕاستییە ئیسلامییەکان و ناسینی سەردەمی هاوچەرخ..............................١٥٥
٣- پەیوەندیی قورئان بە دڵەوە..١٥٨
٤- بەکارهێنانی هۆ و ڕێگای شـەرعیی..١٦٢
٥- کرێ و داواکـردنـی..١٦٤

٦- ناسینی دوێنراو و شێوازی لە یەکتریی گەیشتن........................ ١٧٥
٧- لە گۆشەی : ئیمان - تەبلیغ - کارکردنەوە................................ ٢٠١
٨- پاکیی و ئیخلاص.. ٢٣٣
٩- چەند هاوسەنگییەك دەربارەی پەیوەندیی بە پیاوانی دەوڵەت و دەوڵەمەندانەوە.. ٢٤١
١٠- کــۆڵ نــەدان.. ٢٤٤
١١- بە پێویست بوونی بەرچاوڕوونی و، بەرهەڵستیی نەکردنی یاساکانی فیطرەت.. ٢٤٨

بەشی سێهەم (وێنەکێشانێکی ڕۆحی تەبلیغ کار)

١- شـــەفـەقـەت.. ٢٦٤
٢- خـــۆبـەخـت کـردن.. ٢٧٣
٣- دوعـــــا... ٢٧٦
٤- مـەنتیـق و واقـیعـییـەت... ٢٧٩
٥- لــێ بـــووردن... ٢٨٢
٦- هــەسـت نــاسـکـیی... ٢٨٣
٧- قووڵیی جیهانی ڕۆحی.. ٢٨٦
٨- تــاسە و ئــارەزووکردن... ٢٩١
٩- خـاوێنـیی دڵ و نــاسـکـیی ڕۆح... ٢٩٥
کــاکڵەی بــاس... ٢٩٨



محمد فتح الله گولەن

ئیرشاد و تەبلیغ

* هەتا دڵت لە تاسە و، ڕۆحت لە سزا و، مێشکت لە خەفەت دا گڕ نەگرن قسە مەکە، ئەگینا کەس گوێت بۆ ناگرێ.

* کاتێکیش کە هەست بە لێپرسراویی ناکەیت بۆ ڕزگارکردنی ئیمان لەو مەترسییە گەورەی کە لە هەموو جیهاندا دەورەی داوە، ئیتر کەواتە چۆن ئەتەوێ ئەو جیهانە گوێت لێ ڕابگرێ؟!

* کاتێکیش قسەکانت تێکەڵ بە دڵسوتان و سۆز نەبن بەرانبەر بەوانەی کە لە ڕۆح و ناخدا نەخۆشن، ئەوا قسەکردنت لەگەڵیاندا لەو چەنەبازییە زیاتر نابێت کە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر هیچ کەس نەبێت.

* ئەگەر ئەو نەفسەبێت، کە تەنگت پێهەڵ ئەچنێ و سزات دەدا، فڕێی نەدەیت و لە خۆتی دوور نەخەیتەوە، چۆن قسەت پاك و، کردەوەت بێگەرد دەبێت؟!

* ئەگەر لە پێشەوە کاروباری دەروونی خۆت ڕێك و پێك نەکەیت، چۆن ئەتوانیی کاروباری دەروونی کەسانی تر ڕێك و پێك بکەیت ؟!

* ئەگەر دەروونی خۆت جوان نەبێت، چۆن ئەتوانیی دەروونی کەسانی تر جوان بکەیت؟!

* ئەگەر خۆری بەقینی سەرکەوتنیش لە ئاسمانی بوونتدا هەڵ نەیەت، چۆن قسەت گەرم و، دەنگت بەهێز دەبێت؟!

نوسینگەی تەفسیر
بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن
هەولێر - شەقامی دادگا - ژێر هوتێلی شیرین باڵاس
+964 750 818 08 66
www.al-tafseer.com
tafseeroffice@yahoo.com
/TafseerOffice
trizone ARCHITECTURE COVER DESIGN
سۆز کتێبخانەی
التفسير
4000 دینار